وەرزنامەی

# ئایینناسی

ژمارە/ ١٢ /ساڵی سێیەم، تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

- بەسیاسیکردنی ئایین: ناساندنی تیۆری و نموونە پراکتیکییەکانی.
- ڕۆڵ و کارایی ئایین لە ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا.
- پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت لەسەردەمی جیهانگیریدا.
- شێخ عیزەدینی حوسەینی، دیدی جیاواز لە ئاینداریدا.
- کاروانی ئایینی مەسیحی لە کوردستاندا.

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.


ژمارە (١٢)، ساڵی سێیەم، تشرینی دووەمی ٢٠٢٥



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی

بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.سالار تاوگۆزی
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
ئلیاس تاهیر محمدامین
د.فاروق عبدول مەولود

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان ئەحمەد



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

ئایینناسی

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەھەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك

سەروتار


- تەوزیفی سیاسییانەی ئایین؛ لە میراتی تەواوکارییەوە بۆ وێناکردنەوەی چەپانەی ئیسلام..............د. هەردی مەهدی میکە | ٥


توێژینەوە


- بەسیاسیکردنی ئایین: ناساندنی تیۆری و نموونە پراکتیکییەکانی..............................................................د. عابد خالد ڕەسول | ١١
- ڕۆڵ و کارایی ئایین لە ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا........................................................................ ئلیاس تاهیر | ٣٧
- گوتاری دینیی ڕەوتە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان............................................................................ زیرەك ئەحمەد ڕەحمان | ٥٣
- پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت لە جیهانی ئیسلامی و کوردستاندا........................................... د. سالار تاوگۆزی | ٦٥


وەرگێڕان


- پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت لەسەردەمی جیهانگیریدا..........................................................وەرگێڕان: عەزیز ڕەئووف | ٨٧


گفتوگۆ


- د. محەممەد ڕەئوف: دەقێکی قورئانی، یان فەرموودەی چەسپێنـــراو و یەکلاکەرەوە نییە لەسەر سیستەمـــی حوکمڕانـــی و ناوی سیستەمەکە.........................................................................................................سازدانی: ئیدریس سیوەیلی | ١٠٣


بیرمەندان


- شێخ عیزەدینی حوسەینی، دیدی جیاواز لە ئاییندا ریدا................................................................................نووسینی:ڕابەر سیوەیلی | ١١٧


ئایین و ئایینزاکانی کوردستان


- کاروانی ئایینی مەسیحی لە کوردستاندا (سەرهەڵدان، گەشەکردن، کارلێککردن لەگەڵ ئیسلام)........................د. یاسین تەها | ١٣١


ڕانانی کتێب


- کتێبی ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦ - ١٩٩١.......................................................... ڕانانی: د. فاروق عەبدول | ١٤٩


زاراوەناسی


- ئیسلامی سیاسی.................................................................................................... ئامادەکردنی: ئایینناسی | ١٦٥

## سەروتار



# تەوزیفی سیاسییانەی ئایین؛ لە میراتی تەواوکارییەوە بۆ وێناکردنەوەی چەپانەی ئیسلام

د. هەردی مەهدی میکە

لەگەڵ ئەوەدا کە شەپۆلی سەربەخۆیی کایەی سیاسەت و ئایین و کۆمەڵگە بە ڕاڤەی جیاواز چەند سەدەیەکە لە بوارە هزری و سیاسی و کایە گشتییەکاندا کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام لە سەدەی ڕابردوو شاهێدی وەرچەرخانێکی دیار و کاریگەرن لە بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئایین و پەیوەندیدار بە سیاسەت و کۆمەڵگە و بەکارهێنانەکانی ئایینەوە. بەشێکی ئەم ڕەوتە بارگاوی بوو بەو دۆخەی کە زۆرینەی ڕەهای جوگرافیای موسڵماننشین لەلایەن ناموسڵمانەکانەوە داگیرکرا و بەشێکیش هی ئەوەبوو چەندین ڕەوت لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئایینەوە دەرکەوتن، کە سەرجەمیان ئامانجییان ڕزگاری بوو لە دۆخی داگیرکاری و خراپ بەڕێوەبردن و پەتا کۆمەڵایەتییەکان، وەک کەسایەتی و بزاڤە ڕاستڕەو (نەتەوەیی و پارێزکار و بناژۆخوازەکان)، لیبراڵ و چەپەکان، کە هەموویان بە جۆرێک بوونە بەشێک لەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەی دنیای کۆڵۆنیالیزەکراو. بەمەش بۆشاییەک بۆ ڕۆڵی خودی ئایین و ڕەوت و ڕێچکە دینییەکان (ئیسلامییەکان) دروستبوو، ئەی ئایین و خودی ئەمانە چ ڕۆڵێکیان دەبێت؟ هەر چەپ و ڕاستەکان خۆیان دروشم و پەیامەکانیان بە شێوەی بژێرەیی (ئینتیقایی) بۆ ئامادەسازی و هاندانی کۆمەڵگە بەکارهێنایەوە.

لە دنیای ئیسلامدا (دنیای زۆرینە موسڵمان و کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان) بەر دەرکەوتنی کۆڵۆنیالیزم و کاریگەریی بەو قەبارە گەورەیە، بەکارهێنانی ئایین هەر لەو ڕاڤانەدا دەخولایەوە، کە لە میراتی کولتووری سیاسیی ئیسلام بەجێهێشتبوو، بە

هاتنی داگیرکاریی نوێ و بە تایبەت پاش جەنگی یەکەمی گێتی، ئیتر بانگەشەی بزاوت و ڕەوتە ئیسلامییە هزری و سیاسییەکانیش وەرچەرخانی قوڵ لە تێڕوانینەوەیان بۆ میرات ڕوودەدات، جا چ دانی پێدا بنێن وەک ئەو هێزانەی، کە خۆیان لە چێوەی ڕیفۆرمی ئایینیدا دەبینیەوە، یان دانی پێدانەنێن وەک ڕەوتە بناژۆخوازەکان (فەندەمێنتاڵەکان)، دیسانەوە هەر بارگاوین بەو وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕانەی، کە دنیای سیاسەت و لێکەوتەکانی کۆڵۆنیالیزم و کولتووری سیاسیی سەدەی ڕابردوو بەرهەمیهێنا. لە قۆناغی یەکەمدا دژی دەوڵەتە داگیرکارەکان هەڵگەڕانەوە و پاشان کە نەتوانرا وەک نەتەوەیی و چەپەکان و بزووتنەوەکانی جیهانی سێ ببنە بەدیل، ئەوسا بزووتنەوە جیهادییە ئیسلامییەکان پێکهاتن، بەڵام ئەمجارە دژی دەوڵەتە موسڵمانەکان کەوتنە سەنگەرەوە، ئەمەش تەوزیفکردنەوەی جیاوازی ئایین بوو.

گەرچی بەر لە هاتنی داگیرکاریی و هەبوونی دەوڵەتە نەخۆشەکانی موسڵمانان لە ڕۆژهەڵاتدا، دنیای ئیسلام بەر لەچەند سەدەیەک هەر دنیایەکی بریندار و دواکەتوو و خراپدۆخ لە بەڕێوەبردن و دنیابینی و بەرهەمی مەعریفی بوو، بۆیە چەندین ڕەوت و کەسایەتیی ئایینی و هزری و کۆمەڵایەتی دەرکەوتن، کە پرسی سەرەکییان بریتی بوو لەوەی ڕۆڵی ئیسلام وەک پەیام و وەک لێکەوتە و پیادەکاریی چییە لەم بیابانە وشکەی خراپ بەڕێوەبردن و پەتا کۆمەڵایەتییانە؟ ئایا دەبێت ئیسلام چ ڕۆڵێکی پێبدرێت و چی لێبسەنرێتەوە و چۆن بەکاربهێنرێتەوە؟

لە وەرچەرخانی هاوچەرخانەی بەکارهێنانی ئاییندا، جۆرێکی دیکەی بەکارهێنان خودی ڕەوت و کەسایەتیە ئایینییەکان بوون لە سیاسەت و کۆمەڵگەدا کە ئایینیان بەکارهێنایەوە بۆ هاندان و کردنی ئیسلام بە بەشێک لە جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکە و ڕەوتی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتە تازە دامەزرێنراوەکانی دنیای ئیسلام، کە وڵاتانی کۆڵۆنیالیزمی وەک بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ...تاد هێنابوونیانە کایەوە. بەڵام کێشەکە لەوەدابوو، کە ئیسلام و میراتەکەی بەشی ئەوەی تێدا نەبوو کە ئۆپۆزسیۆن بە مانا هاوچەرخەکەی بە بێ گەڕانەوە بۆ ئیستیعارەکردنی دنیای چەپ و ڕاستی نائیسلامی ئەو ڕەوتە دابمەزرێت و ئۆرگانیزە بکرێت. بۆیە ڕەوتی نوێی ئیسلامی و بەکارهێنانی دین بە چەمک و دنیابینیی چەپ و هەندێجار ڕاستی نەتەوەیی (کە هەردوو دەرکەوتەی دنیای تازەی سیاسەت و دەوڵەتداریی مۆدێرن بوون) گروپ و جووڵانەوەی تازەیان ڕێکخست، بەڵام بە فۆڕمی ئایینی و بە پەیکەربەندی و کرۆکی شۆڕشگێڕانە (چەپ و مارکسیزم) و یاخیبوونەوە بەرامبەر دەوڵەت و سیاسییە نێوخۆییەکان، کە باوەڕیان وابوو ئەمانە لە ڕاستەڕێی ئایین و کۆمەڵگە لایانداوە، بەمجۆرە جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی تازەی سیاسی هاتەکایەوە کە بەرامبەر دەوڵەت هەڵگەڕایەوە، ئەم دەرکەوتەیە بەتایبەت بۆ دنیای

سوننەمەزهەب نوێ بوو.کە ئایین جۆرێکی دیکە بەکارهاتەوە.
ڕەنگە پرسیارێک بێتەپێشەوە و بوترێت ئەی لە میراتی ئیسلامییدا ئەو هەموو بزووتنەوە هەڵگەڕاوە و "شۆڕشگێڕانە" بەڕووی دەسەڵاتدا مەگەر چیبوون؟ ئایا ئەوە بەکارهێنانی سیاسیيانەی ئایین نییە؟ ڕاستییەکەی گەر وردبینەوە هیچ یەک لەوانە وەک ئۆپۆزسیۆن بە واتا هاوچەرخەکەی ئەمڕۆ نەهاتوون و هەموویان لە هەناوی پەیامە ئایینی و باوەکانی خۆیانەوە هەڵقوڵاون، چەند خاڵ جیاکەرەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی هاوچەرخ و بزووتنەوە یاخییەکانی پێشووی دنیای ئیسلامە:
١. ئۆپۆزسیۆن دەبێت لەنێو سیستەم و شیرازەی سیاسییدا ڕۆڵبگێڕێت و کارابێت، نەک هەڵیبگێڕێتەوە، بەڵام ئەو بزوتنەوانە چ لای دەسەڵاتی ئیسلامی و چ لای خۆشیان و دەقە مێژوویيە هاوسەردەمەکانیان وەک بزووتنەوەی "یاخی" ناسێنراون. هەر بزووتنەوەیەک گرووپی بێت، یان ئۆرگانیزە کرابێت و سیاسی و دژە حکومەتەکان بووبێت گەر بێچەکیش بووبێت ئەوا بە یاخی دراوەتە قەڵەم و کار بۆ لەنێوبردنی کراوە.
٢. بۆ مەسەلەی شۆڕشگێڕی و هەڵگەڕانەوەی چەکداری و بەدیلی دەسەڵاتیش تەنانەت تا جەنگی یەکەمی جیهانی، هەموو بزووتنەوە هەڵگەڕاوە سیاسییەکان بە خەواریج لانی زۆر (گەر خاتریان گیرابێت) هەر لە دەقە مێژوويیە ئیسلامییەکاندا هەر پێیان وتراوە خروج-یان کردووە، واتە دەرچوون لە سکە و ڕاستەڕێ، تەنانەت ئەمە بۆ هەڵگەڕانەوەی حسەینی کوڕی عەلی-یش بەکارهاتووە. چەمکی شۆڕش و شۆڕشگێڕ و کودەتاچی سەرجەم بەرهەمی هزری چەپ و بزووتنەوە نەتەوەییە ڕزگاریخوازەکانن. وەک نێوەڕۆک و فۆرم بەرهەمی خودی دنیای ئیسلام نین و بەکارهێنراونەتەوە و میراتی ڕابردوو نەک تەئصیلی بۆ نەکردوون، بگرە وەک ئاشوب و نەرێنی وەسفکراون.
٣. سەبارەت بە جۆری بەکارهێنانی ئیسلام، تا ئەو کاتەی حکومەت خۆماڵی بووە و جوگرافیای دەوڵەتە زۆرینە موسڵمانەکان بەر شاڵاوی داگیرکاریی دەرەکی و کۆڵۆنیالیزم نەکەوتبوون، کەسایەتیی دینی و سیاسیی دنیای ئیسلام، ئیسلامیان لەسەر ئاستی هەرەمە باڵاکە لە سیاسەتدا بەکارهێناوە و وەک سەردەمی هاوچەرخ گرووپی سیاسیی نەیاریان لێپێکنەهێناوە بە ڕێچکەی چەکداری، یان ئۆپۆزسیۆنی دژەسیستەم و دەوڵەت، کە بیانەوێت حکومەت بگۆڕن، یان دژبەری بکەن، بەڵکو موسڵێحە موسڵمانەکان و زانایان و بگرە سیاسەتوانەکانیش وەک "ناصح امین" و ئیرشادکەر ڕاستەوخۆ بەردەنگیان لوتکەی دەسەڵات و دەربار و والییەکان بوون (وەک جەمالەدین ئەفغانی)، نەک ئەوەی خەڵک کۆبکەنەوە و ئامادەی بکەن بۆ "شۆڕش"، گەر ئەمە کرابێت ئەوا وەک مونحەریف، یان خروجکردن و خەواریج لەقەڵەمدراون.
٤. زۆرێک لە گێڕانەوە هاوچەرخەکانیش بۆ پاڵەوانە جیاوازەکان لە سەدەی بیستەمدا

بە جۆرێک وێناکراونەتەوە گوایە ئەمانە "شۆڕشگێڕ" و "ئۆپۆزسیۆن" و "دژەدەوڵەت" بوون، لەوانە ئەبوزەڕی غەفاری، حسەینی کوڕی عەلی، ئەبوموسلیمی خۆراسانی، سەڵاحەدینی ئەیوبی و تاد. ڕاستییەکەی ئەمانە کە ئێستا وەک چەپی نێومیراتی ئیسلامی لەقەڵەمدەدرێن، لە بنچینەدا هەر بەشێکی سیستەمەکە بوون و بە وەرگرتنەوەی مێژووی وردیی بابەتیانەیان، بە ئەنجامگەلی پێچەوانەی وێنا شۆڕشگێڕییەکەیان دەستدەخرێتەوە، کە لێرەدا بوار نییە یەک یەک ئەو ڕووداوانە دووبارە بهێنرێنەوە گۆ. بەڵام هەر بۆ نموونە صەڵاحەدین کە وا وێنادەکرێت دژە سیستەم و شۆڕشگێڕ بووە و تەنانەت چ گیڤارا سەردانی گۆڕەکەی کردووە! ئەمە وێنای چەپ و ئیسلامیزمی نوێیە و بەکارهێنانی تازەیە بۆ صەڵاحەدین، نەک وێنەی ڕاستەقینەی صەڵاحەدین، چونکە ئەو دژی دەوڵەتی ئیسلامی خۆماڵی (بەغدا و قاهیرە) نەجەنگا و بگرە (وەک هاوکاری و تەواوکاریی ئەرکی ئەوان) دژی داگیرکاریی خاچدروشمە مەسیحییەکان لە قودس جەنگا، نەک ئەوەی وەک شۆڕشگێڕێکی ئۆپۆزسیۆن هەڵگەڕابێتەوە، ئەم خواستنە لە وێناکردنەوە و بەکارهێنانەوەی صەڵاحەدین، خواستنەوەیەکی چەپڕەوانە بوو، کارکردن بوو لە وەبەرهێنانەوەی سیمبولە مێژووییەکان لە میانەی تازەدا، هەروەک چۆن گەلگامێش و سپارتاکۆس و ئەبوزەڕ ئاوا وێناکراونەوە. پاشتریش بزووتنەوە ئیسلامییەکان زیاتر لە چەپەکان هەر بەو تەفسیرە چەپیانە خاوەندارێتی زیاتریان کرد، لەکاتێکدا وێنە گشتی و کەتوارییەکە ئەمە نییە.

ئەمانە سەرجەم ئەو پێدراوانەن دەکرێت بەکارهێنانەوەی ئایین بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو کایە گشتییە کە تێیدا ئایین لەبری ئەوەی دنەی ئامادەسازیی جەماوەری بۆ شۆڕش و گرووپێک و جەمسەرێکی کۆمەڵگە بدات، هی هەمووان بێت و جارێکی دیکە وەک ناصحون ئەمین و نەصیحەت و ئیرشاد خۆی بنوێنێتەوە.

# توێژینەوەکان

ئایینناسی

# بەسیاسیکردنی ئایین: ناساندنی تیۆری و نموونە پراکتیکییەکانی

د. عابد خالد ڕەسول

**پێشەکی:**

ئاشکرایە کە سەرەتای سەدەی بیست و یەک، لە سەرانسەری جیهاندا، شایەتی سەرهەڵدانەوەی بەرچاوی ئایین بووە لە ژیانی گشتی و سیاسیدا، ئەمەش پەرەسەندنێکە تەحەدای گریمانە لە مێژینەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنە دەکات، گوایە سەرکەوتنی مۆدێرنە، بەپێی گوتاری باوی مۆدێرنە خۆی، واتای کۆتایهاتنی شتە تەقلیدیی و کۆنباوەکان لە ناویشیاندا ئایین. ئەم دیاردەیە سەرهەڵدانەوەی ئایین و گەڕانەوەی بۆ کاریگەریی دانان لەسەر کایە سیاسییەکان، زۆرجار بە پرۆسەی (بەسیاسیکردنی ئایین) ناودەبرێت، کە تێیدا کاریگەریی ئایین لەسەر ڕەفتاری تاکەکەسەکان، یان نۆرمەکانی کولتوور تێدەپەڕێت؛ بۆ بانگەوازکردن و تێکەڵکردنی بە ئەنقەست وستراتیجی توخمە ئایینییەکان لە گوتاری سیاسی و دامەزراوە سیاسییەکان و حوکمڕانیدا(١). ئەم بابەتەی لەبەردەستە بەدواداچوونێکە بۆ ناساندنە تیۆرییەکانی ئەم دیاردە ئاڵۆزە و ئامرازەکانی پیادەکردنی و شێوازەکانی دەرکەوتنی لە سەرانسەری نەریتە ئایینییە جۆراوجۆرەکانی جیهاند، لەگەڵ شرۆڤەکردنی کاریگەرییە قووڵەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر کۆمەڵگا و گرووپەکانی و پەیوەندی نێوانیان.

**یەکەم: ناساندنی تیۆری بەسیاسیکردنی ئایین:**

بەر لە ناساندنی تیۆرییانەی ئەم دیاردەیە، پێویستە سەرەتا تێگەیشتنێکی گشتی دەربارەی چەمکی بەسیاسیکردن بخەینەڕوو، ئەمجا چەمکی بەسیاسیکردنی ئایین دەناسێنین، بەم شێوەیە:

**١- چەمکی (بەسیاسیکردن - Politicisation):**

بەپێی زۆربەی فەرهەنگە بەناوبانگەکان لە جیهاندا، ئەم چەمکە لە ڕووی زمانییەوە، ئاماژەیە بۆ "کردەی ڕوپۆشکردنی شتێک بە ڕووکارێکی سیاسی"، یان "پێدانی سروشتێکی سیاسی بە شتێک"(١). بەڵام لەسەرووی ئەم پێناسە فەرهەنگییە سادەیەوە، چەمکی بەسیاسیکردن لە ڕووی زانستییەوە پەیوەستە بە خودی چەمکی (سیاسەت)ەوە، جا ئەگەر سیاسەت بە واتا تەقلیدییەکی بریتیی بێت لە هونەری حوکمڕانیکردنی دەوڵەت، یان بە واتا نوێیەکەی بریتي بێت لە کردەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات (هەوڵدان بۆ دەسەڵات و ململانێکردن لەسەر دەسەڵات و بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵات)(٢)، ئەوا بەسیاسیکردن بریتییە لە بارگاویکردنی هەر ئایدیا و پرس و دامەزراوەیەکی ناسیاسی بە کردەکانی حوکمڕانیکردنی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە. بۆ نموونە بابەتگەلێکی بەسروشت ناسیاسی وەك (تەندروستی، وەرزش، هونەر، زانست، ئایین، کەشوهەوا و ژینگە...) ببنە جێی دەستێوەردانی دەوڵەت، یان تێکەڵ بە ململانێکانی دەسەڵاتی سیاسی بکرێن، ئەوا دەبنە بابەتگەلی (بەسیاسیکراو)، هاوکات پرۆسەی تێوەگلاندنی ئەم بابەتانەش بە سیاسەت و شتە سیاسییەکان (دەوڵەت و دەسەڵات) پێی دەوترێت (بەسیاسیکردن). لێرەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لە بەسیاسیکردن بکرێت:

- یەکەمیان؛ دەرئەنجامی گەشەسەندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی مۆدێرن و فراوانبونی ئەرکەکانی دەوڵەتە، لە ئەرکە سیاسییەکانەوە بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابوورییەکان، هاوکات لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی وەک مۆدێلێکی خوازراوی حوکمڕانی و کارلێکی دامەزراوەیی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن، کە لە سایەی ئەم دوو هۆکارەدا، بەنزیکەیی ڕەنگە هەموو پرسە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابوورییەکان وەك کێشەی سیاسی لێکبدرێنەوە، بەشێوەیەك کە پێویست بەدەستێوەردانی دەوڵەت و بەدەنگەوەچوونی حکومەت بۆ چارەسەرکردنیان بکات(٣).
- دووەمیان؛ بریتییە لە پرۆسەی وەرگۆڕاندنی هەر ئایدیایەك، پرسێك، یان دامەزراوەیەکی بەسروشت ناسیاسی بۆ بابەتێکی پەیوەست بە سیاسەت و تێوەگلاندنی لە مشتومڕی سیاسی و کردنی بەجێی ململانێی سیاسی. یاخوود بەکارهێنانی هەر شتێکی ناسیاسی (ئایدیایەك، چالاکییەك، دامەزراوەیەك) بۆ وەدیهێنانی دەستکەوتی سیاسی و گەیشتن بە دەسەڵات و ململانێکردن لەسەری. بۆیە هەندێك لە چاودێران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم جۆرەی دووەمی بەسیاسیکردن، هەندێك جار

لەگەڵ هەندێك دیاردەتری وەك پۆپۆلیزم (الشعبوية) و قاڵکردنی جەماوەری (التعبئة الجماهيرية) تێکەڵدەبێت(٤)، بەهەرحاڵ ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا جێی بایەخمانە زیاتر ئەم جۆرەی دووەمی بەسیاسیکردنە، هەرچەندە خۆمان لەسوود وەرگرتن لە ڕەهەندەکانی جۆری یەکەمیان بەدوور ناگرین.

**٢- چەمکی (بەسیاسیکردنی ئایین - Politicisation of Religion):**

لەنێو توێژەراندا پێناسەی زۆری بۆ ئەم چەمکە کراوە. بەڕای مێژوونووسی بەریتانی (کارین ئارمسترۆنگ) بەسیاسیکردنی ئایین ساتی یەکتربڕینی ئایینە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا، کاتێك کە نوخبەی سیاسی و حکومەتەکان هێما و چەمکە ئایینییەکان بۆ سوودی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن، یان دووبارە دایانبڕێژنەوە بۆ شەرعیەتدان بە بەکارهێنانی توندوتیژی و پتەوکردنی باڵادەستییان و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگاکانی بندەستیان. بەڕای کۆمەڵناسی ئەمریکی (مارک یۆرگنسمایەر) بەسیاسیکردنی ئایین بریتییە لە هاوتاکردنی سیستەمی ئایینی لەگەڵ سیستەمی سیاسی، بەشێوەیەك کە ئایین بکرێتە هێزێکی پاساودەر بۆ دەسەڵات، ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە و قاڵکردنی جەماوەر، مەرجەعێکی نۆرماتیف بۆ حوکمڕانی و تەنانەت توندوتیژیش. بەڕای (غيضان السيد علي) بەسیاسیکردنی ئایین واتای وەرگەڕاندنی ئایینە لە ئامانجە بێگەرد و باڵاکانی خۆی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە سیاسییە تایبەتییەکانی هەندێک گرووپ، و گۆڕینی ئایین بۆ ئامرازی بەدەستهێنانی دەستکەوت و تەماعە تائیفیەکان، بەئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات و شکۆ و سەروەت و سامان، یان شتە دونیاییە ئاساییەکان بەرزبکرێنەوە بۆ پلەی پیرۆزی و گومان هەڵنگری و پرسیار لەسەر نەکردنیان. بەڕای (بسام طيبي) بەسیاسیکردنی ئایین بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازیيانەی ئایین، بە گۆڕینی بۆ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، لەڕێگەی پڕوپاگەندە و قاڵکردنەوە، بە ئامانجی شەرعیەتدان بە دەسەڵاتێکی سیاسی(٥). کەواتە بەگشتی بەسیاسیکردنی ئایین ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە بیروباوەڕ و دامەزراوە و فیگەرە ئایینییەکان ڕادەکێشرێنە ناو گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە، چ وەک ئامراز بۆ ململانێکردن لەسەر دەسەڵات و بەدەستهێنانی، یان وەك سەرچاوەیەك بۆ وەرگرتنی شەرعیەت، یان بۆ کۆکردنەوە پشتگیری جەماوەری. بەڵام لێرەدا گرنگە جیاوازی لە نێوان چەمکی سنوورداری (بەسیاسیکردنی ئایین) و چەمکی بەرفراوانتری (کاریگەری ئایین لە ژیانی گشتیدا) بکرێت. لە کاتێکدا کە بەپێی ئەمەی دووەمیان ئایین لە مێژوودا

هێزێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و کولتووری بووە، بەها مرۆیی و ئەخلاقییەکانی دارشتووە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئاراستەکردووە، بەڵام ئەوەی یەکەمیان (بەسیاسیکردنی ئایین) بە تایبەتی ئاماژەیە بۆ تەوزیفکردنی چالاکانەی هێما و ریوایەت و دامەزراوە ئایینییەکان لەناو گوتاری سیاسیدا، کە زۆربەی جار لەلایەن ئەکتەرە سیاسییەکانەوە ئەنجامدەدرێت، هاوکات ئەمەش جیاوازە لە (بەئایینیکردنی سیاسەت) کە ئاماژەیە بۆ کاریگەریی بەرفراوانی ئایین لەسەر ژیانی سیاسی(٦). کەواتە لەڕوانگەی ئەم جیاوازیکردنەوە، بەسیاسیکردنی ئایین ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی ئامرازییانەی توخمە ئاینییەکان لەلایەن دەزگا و کەسایەتییە سیاسی یان هێز و بزووتنەوە سیاسیەکانەوە.

لەڕاستیشدا پەیوەندی مێژوویی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە تێکئاڵۆزکاو، و زۆرجاریش مشتومڕاوی بووە، وەک سیستەمی دوو دەسەڵاتی لەلای ئیسلامی سوننە، کە لە سەردەمی عەباسی و دواتریش لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بە ڕوونی دیار بووە و دەسەڵاتی فیقهی (زانا و فەقیهەکان) تارادەیەک لە دەسەڵاتی سیاسی (خەلیفە، سوڵتان، ئەمیرەکان) سەربەخۆ بووە، بەڵام ئەم پەیوەندییە لە ئایینی مەسیحییدا زەقتربووە، کە لە ئەورووپای پێش مۆدێرنەدا، لە نێوان کەنیسە و دەوڵەتدا باوبووە(٧). هەرچەندە ئەم پاشخانە مێژوویە، ڕێخۆشکەربووە بۆ بەسیاسیکردنی ئایین لە سەردەمی هاوچەرخدا، بەڵام تەواو هاوشێوەی یەکدی نین.

ئەم بەردەوامبوونەی ڕۆڵی ئایین لە کایەی سیاسیدا، ڕاستەوخۆ دژی تێزی (عەلمانیەت - Secularism)ە، کە وەك تیۆرێکی دیاری کۆمەڵایەتی، گریمانەی پاشەکشێکردنی بایەخی گشتی ئایینی دەکرد لەگەڵ بەمۆدێرنیزکردن و بەعەقلانیکردن و پیشەسازیکردنی کۆمەڵگاکاندا(٨). ئەم تیۆرییە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئایین تابێت لە کایەی تایبەتدا قەتیس دەبێت. بەڵام دیمەنی ئێستای جیهان ئەوە نیشان دەدات کە هێشتا ئایین لەسەر ئەنجامدانی ڕۆڵی سیاسی کارای خۆی بەردەوامە، تەنانەت لە ناوچە هەرە عەلمانییەکانی جیهانیشدا. ئەم بەردەوامییەی ڕۆڵی ئایین پێویستی بەدووبارە پێداچوونەوەی تیۆرییەکانی مۆدێرنە و نوێگەری هەیە، بەشێوەیەك کە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە پەرەسەندنی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ و خۆکردانە نابێتە هۆی (بەتایبەتیکردن - خصخصة)ی ئایین یان کەمبوونەوەی ڕۆڵی باوەڕداری. لەجێی ئەوە، پشکنینی تیۆری نوێ پێویستە، لەپێناو تێگەیشتن لەم کاریگەرییە بەردەوام و پەرەسەندووەی ئایین، کە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نمایش دەکات، بۆنموونە دەرکەوتنی تۆڕە

ئایینییە سنووربڕە نێودەوڵەتییەکان، یان ڕێکخراوە ناحکومییە جیهانییە پێکهاتووەکان لەسەر بنەمای باوەڕداری، یان گرووپە تائیفییە نا-دەوڵەتییەکان(٩).

دووەم: میکانیزمەکانی بەسیاسیکردنی ئایین:

بۆ بەسیاسیکردنی ئایین، میکانیزمی جۆراوجۆر و ئاڵۆز دەگیرێتەبەر، هەر لە وەرگۆڕاندنی ئایینەوە بۆ ئایدۆلۆژیای سیاسی و ناسنامەی نەتەوەیی، تا بەکارهێنانی بۆ ڕێکخستنی سیاسی و کاری حزبایەتی و ئاڕاستەکردنی دەوڵەت و ڕژێمی حوکمڕانی، کە لەخوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١- ئایدیۆلۆجیای ئایینی:

یەکەمین هەنگاو بۆ بەسیاسیکردنی ئایین بریتییە لە وەرگۆڕاندنی بۆ ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی، بەتایبەت کە دەتوانێت بەناوی ئایینەوە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەجێندا سیاسییە بنەڕەتییەکان دەمامک بکات و لەناو جەماوەری گشتیدا زیاتر قبوڵکراو یان شەرعیداریان بکات. ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و چاندنی نۆرمەکان لای لاوان و نەوە نوێیەکان(١٠)، هەر لەبەرئەمەشە کە زۆربەی جار ڕێکخراوە ئایینییەکان لەڕێگای پەروەردە و چالاکییە مەدەنییەکانەوە ئەم توێژانە دەکەنە ئامانج، بۆ نموونە زۆربەی بزافە ئیسلامییانەی لە کاری بانگخوازیدا کار بەم شێوازە دەکەن، پارتە مەسیحییەکانیش لە ئەوروپا زیاتر بایەخ بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان و ڕەوشت دەدەن(١١).

**بەسیاسیکردن بریتییە لە بارگاویکردنی هەرئایدیا و پرس و دامەزراوەیەکی ناسیاسی بە کردەکانی حوکمڕانیکردنی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە**

هەر لەم چوارچێوەیەدا، ڕەنگە دیارترین نموونەی بەسیاسیکردنی ئایین وەك ئایدیۆلۆجیا، بریتیبێت لە (ناسیۆنالیزمی ئایینی)، کە تێیدا ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی بە قووڵی تێکەڵ بەیەکتری بکرێن، بەشێوەیەك کە جەخت لەوە بکرێتەوە کە نەتەوەیەك لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ئایینێکی دیاریکراو دامەزراوە، یان پابەندبوون بە باوەڕێکی ئایینی باڵادەست بۆ ئینتیمانی نیشتمانیی زۆر بە گرنگ دابنرێت(١٢). ئەم میکانیزمە زۆرجار لەلایەن گرووپێکی باڵادەستەوە، یان لەلایەن زۆرینەیەکەوە دەگیرێتەبەر، بۆ دروستکردنی گێڕانەوەی هەڵبەستراو کە شەرعیەت دەداتە دەسەڵاتی دەوڵەت و کەمینەکان دەکاتە ئامانج. چەندین نموونەی جیهانی بۆ ئەمە هەن لەوانە: (زایۆنیزم) کە خۆی وەك بزووتنەوەیەکی

ناسیۆنالیستی عەلمانی نمایش دەکات، بەڵام بەپێی گێڕانەوەیەکی تەوراتی کار بۆ دامەزرادنی (ئیسرائیل) وەکو دەوڵەتی نەتەوەیی گەلی جولەکە لە فەلەستین دەکات، لەپاڵ بێبەشکردنی دامەزراوەیی هاوولاتییانی دیکەی ئەم وڵاتە. (هندۆتڤا) نموونەیەکی تری ئایدۆلۆژیا و ناسیۆنالیزمی ئایینیە، کە خوازیارە (هیندستان) وەک وڵاتێکی یەك نەتەوەیی هیندۆسی جێگیر بکات و کەمینە ئایینییەکانی دی، بەتایبەت موسڵمان و مەسیحییەکان، وەک هەڕەشە لە ناسنامەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە وێنابکات. هەروەها (ناسیۆنالیزمی بودایی) لە هەردوو وڵاتی (میانمار) و (سریلانکا) وەك جۆری دیکەی ناسیۆنالیزمی ئاینی دەرکەوتوون، بۆ بەرگریکردن لە ئایینی بودا لە بەرامبەر هەڕەشەی هەستپێکراوی کەمینە موسڵمانەکان لە (میانمار)، یان بۆ پاراستنی سینهالییەکان و ئایینی بودا لە هەڕەشەی موسڵمان و مەسیحییەکان لە (سریلانکا). لە هەردوو وڵاتیشدا پەرەپێدانی ئەم ئایدۆلۆژیا ناسیۆنالیستە ئایینییە بووەتە هۆی زیادبوونی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و توندوتیژی سیاسی.

**٢- پارتی ئایینی:**

پارتە سیاسییە ئایینییەکان میکانیزمی زێدە کاران بۆ بەسیەسیکردنی ئایین، چ ڕاستەوخۆ لەڕێگەی بەرنامە ئایینییە ئاشکراکانی خۆیانەوە، یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی هەوڵەکانی لۆبیکردن و تێکەڵکردنی بەها ئاینییەکان لەگەڵ ئەجێندای ئەو حکومەتانەدا کە بە هاوپەیمانی بەشداری تیادەکەن. (حزبە کاسۆلیکییەکان) لە هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا و (حزبە ئیسلامییەکان) لە بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونەی بەرچاون، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر هاتوو جۆرێك لە ئازادی کاری حزبی و پەرلەمانی و هەڵبژاردن لەم وڵاتانەی دواییدا (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) هەبێت، ئەگەر نا ئەوا بەشێك لە حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان پەنایان بۆ چەك و کاری توندوتیژی بردووە، تا بە ئامانجەکانیان بگەن، هەریەك لە (قاعیدە و داعش) دوو نموونەی دیاری ئەم حاڵەتەن.

**بەڕای مێژوونووسی بەریتانی (کارین ئارمسترۆنگ) بەسیاسیکردنی ئایین ساتی یەکتربڕینی ئایینە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا**

**٣- دەوڵەتی ئایینی:**

پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایین هەر تەنیا دووانەییەکی سادە نییە، لە نێوان عەلمانی بوون یان ئایینی بووندا، بەڵکو لێکۆڵینەوە بەراوردییەکان مۆدێلی جیاوازی بەشداری و کاریگەری

لەنێوانیاندا دەخەنەڕوو، ئەگەر هەریەك لە (ڤاتیکان، ئێران، سعودیە) لە ئێستادا مۆدێلی (دەوڵەتی تەواو ئایینی) بن، ئەوا هەریەك لە (چین، کوبا، ڤێتنام، کۆریای باکوور) مۆدێلی (دەوڵەتی تەواو دژە ئایینی)ن. لەم نێوەندەشدا چەندین مۆدێلی دیکە هەیە، وەك مۆدێلی (دەوڵەتی پابەند بە کەنیسەیەك یان ئایینێکی فەرمی)، هەریەك لە (ئینگلتەرا) بە کەنیسەی ئەنگلیکان، (یۆنان) بە مەسیحیەتی ئۆرتۆدۆکس، (دانیمارك، نەرویج، ئایسلەندا) بە کەنیسەی لۆسەری پابەندن، لە نموونەی ئەم مۆدێلەن، کە تێیدا کەنیسە پشتگیری و پارێزگاری لە دەوڵەت وەردەگرێت، ئەگەریش هەیە مامەڵە و ئیمتیازاتی هەڵاوێردی پێبدات. هاوکات وڵاتانی وەك (بوتان، کەمبۆدیا، میانمار، سریلانکا) کە پابەندن بە ئایینی بودا، و (توڤالو) کە پابەندە بە کەنیسەی کالڤنی نموونەی دیکەی ئەم مۆدێلەن. هەروەها بەڕای هەندێك دەشێت (ئیسرائیل) لەم مۆدێلە دابنرێت، هەرچەندە بەڕای هەندێکي تر دەبێت لە مۆدێلی یەکەم (دەوڵەتی تەواو دینی) دابنرێت کە ئایینی جولەکەی بە ئایینی فەرمی دەوڵەت ناساندووە. دوای ئەوانە مۆدێلی (جیابوونەوەی هاوکارانە) هەیە، کە تێیدا هەرچەندە جیابوونەوەی فەرمی لەنێوان دەوڵەت و ئاییندا هەیە، بەڵام لە هەندێک بواردا دەوڵەت وەك هاوکاریی، باج بۆ ئایینە دانپێدانراوەکان کۆدەکاتەوە، یان بودجە بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان یان پەروەردەی ئایینی بە مەرجی دیاریکراو دابین دەکات، (ئەڵمانیا) نموونەی ئەم مۆدێلەیە. ئەمجا مۆدێلی (جیابوونەوەی توند) هەیە کە ئامانجی وەدیهێنانی بێلایەنی تەواوەتی دەوڵەتە بەرامبەر بە ئایین، لەسایەیدا حکومەت نە پشتیوانی لە ئایین دەکات و نە ڕێگریشی دەکات، بەڵکو جەخت لەسەر ئازادی ویژدانی تاکەکەسی دەکاتەوە، (فەرەنسا، و ئەمریکا) دوو نموونەی ئەم مۆدێلەن(١٣). لەگەڵ ئەوەشدا لادانی بەرچاو لەم مۆدێلەی کۆتاییدا هەیە، کە وێڕای عەلمانییەتی فەرمی، پلەی جیاوازی لە کاریگەری ئایینی یان کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر کاروباری ئایینیدا هەیە. بۆ نموونە، لە (فەرەنسا) حکومەت بە پاساوی پارستنی بێلایەنی بەتوندی بەکارهێنانی هێما ئاینییەکانی لە پەروەردەی گشتیدا قەدەغەکردووە، لە (ئەمریکا) کاریگەری گرووپە ئینجیلییەکان لەسەر هەندێك لە پارتە باڵادەستەکان (پارتی کۆماری) لە هەندێك قۆناغی مێژوویدا و بەتایبەتیش لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا جێی ئاماژە بۆ کردنە، هەروەها لە (تورکیا) کە بە دەوڵەتێکی لایك دادەنرێت، بەڵام هەر لەسەرەتاوە حکومەت ڕۆڵی بەرچاوی لەسەر دانانی ئیمامی مزگەوتەکان هەبووە. ئەم نموونانە یارمەتیمان دەدات بۆ دوورکەوتنەوە لە گشتاندنی زۆر و تێگەیشتن لە هەر وڵات و مۆدێلێك لە

ڕەوشی تایبەت بەخۆیدا.

**٤- ڕژێمی ئایینی:**

ئەم میکانیزمە، تەواو پەیوەستە بە بەرقەرابوونی میکانیزمی پێشووەوە (دەوڵەتی ئایینی)، کە ئاماژەیە بۆ هاوجووتبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ دەسەڵاتی دامەزراوەی ئایینیدا، یاخود لانی کەم یاسای ئایینی (وەك: شەریعەت) بکرێتە بنەمای حوکمڕانی وڵات، هاوکات لەم سیستەمەدا پیاوانی ئایینی یان دەسەڵاتدارانی ئایینی دەسەڵاتی سیاسی بەرچاویان هەیە. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆیکرد (ڤاتیکان، ئێران، سعودیە) لە ئێستادا کار بەم میکانیزمە دەکەن، لەگەڵ هەریەك لە (ئەفغانستان، مۆریتانیا، یەمەن). بەڵام لە چەندیدن وڵاتی دیکەدا کار بە بنەمای (ئایینی فەرمی دەوڵەت) یان (کەنیسەی فەرمی دەوڵەت) دەکرێت. بۆ نموونە لە کۆی وڵاتانی جیهان، (٨٣) وڵات لە دەستوورەکانیاندا ئایینێکی فەرمییان بۆ دەوڵەت دیاریکردووە، یاخود ئایینێکی دیاریکراویان پێ باشترە. بە دیاریکراوی (٤٣) وڵاتیان ئایینی فەرمییان هەیە، لەناویاندا (٢٧) وڵات ئایینی ئیسلام بەگشتی یان مەزهەبێکی دیاریکراوی ئیسلامیان بە فەرمی داناوە، (١٣) وڵات ئایینی مەسیحی یان کەنیسەیەکی دیارکراویان بە فەرمی داناوە، (٢) وڵات ئایینی بودایی و (١) وڵاتیش ئایینی جولەکەی بەفەرمی داناوە(١٤). هەرچەندە دیاریکردنی ئایینی فەرمی بۆ دەوڵەت واتای دروستکردنی (ڕژێمی ئایینی) نییە، بەڵام ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی ئەو ئایینە فەرمییە بکرێتە سەرچاوەی یاسادانان و مەرجێکی دانانی حوکمڕانەکان، بۆ نموونە لە کۆی ئەو وڵاتانەی کە ئایینی ئیسلامیان بە ئایینی فەرمی دەوڵەت دیاریکردووە، (٢٥) وڵاتیان ئەم ئایینەی بە سەرچاوەی یاسادانان یان سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان داناوە، لەو (١٣) وڵاتەش کە ئایینی مەسیحییان بە ئایینی فەرمی دەوڵەت ناساندووە، هەرچەندە بە دیاریکراوی دان بەوەدا نەنراوە کە دەبێت ئەو ئایینە بکرێتە سەرچاوەی یاساکان، بەڵام دەشێت بنەما و ڕێنماییەکانی ئەم ئایینە لە یاساکانی باری کەسێتی و پەروەردە و ئەخلاقدا پشتی پێببەسترێت. لە (ئیسرائیل) دەبێت بۆ باری کەسێتی تەنیا یاسای جولەکە (هالاخا) پەیرەو بکرێت. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا بەدیاریکراوی لە (٣٠) وڵاتی جیهاندا مەرجە کە سەرۆکی وڵات (سەرۆك کۆمار یان پاشا) سەربە ئایینی فەرمی دەوڵەت بێت(١٥).

بەگشتی بەبڕوای هەندێك لە ڕوانگەی یاسایی بەراوردکارییەوە، ڕژێمی ئایینی بەهەموو ڕوکارەکانییەوە، میکانیزمێکی ناتەبایە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و سەروەری یاسادا(١٦)، بەڵام کە لە کۆمەڵگایەکدا ئایین خۆی و باوەڕی

ئاینی بەگشتی پێکهێنەرێکی سەرەکی ئەوە بێت کە پێی دەوترێت (بیرۆکەی یاسایی باو – الفكرة القانونية السائدة)، ئیدی زەحمەتە ڕێگری لەوەبکرێت کە پرۆسەی بەسیاسیکردنی ئایین بەرەو سیستمی یاسایی وڵات و ڕژێمی حوکمڕانی نەڕوات.

**بەگشتی بەسیاسیکردنی ئایین ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە بیروباوەڕو دامەزراوە و فیگەرە ئایینییەکان ڕادەکێشرێنە ناو گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە**

## سێیەم: نموونە پراکتیکییەکانکانی بەسیاسیکردنی ئایین:

بەسیاسیکردنی ئایین، دیاردەیەکە تەنیا پەیوەست نییە بە یەك ئایینی دیاریکراوەوە، بەڵکو زۆربەی ئایینەکان لە وڵاتانی جیاجیای جیهان ڕووبەڕوی ئەم مامەڵەیە بوونەتەوە، بەڵام بە شێوازی جیاواز و بەپێی یەکێك یان زیاتر لەو میکانیزمانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆیانکرد، هەڵبەت هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بونیادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری وڵاتان و جیاوازی ئەو پرسانەش کە دەرگیریان هاتوون، وێڕای جیاوزی نێوان سروشتی ئایینەکان خۆیان و ڕادەی شیاویان بۆ بەسیاسیکردن. بۆ ئەمەش لەخوارەوە نموونەی بەسیاسیکردنی چەند ئایینێك دەخەینەڕوو:

### ١- بەسیاسیکردنی ئایینی جولەکە (ئایینی یەهودی):

ناسیۆنالیزمی ئایینی جوولەکە لە ئیسرائیل کە بەرجەستەی زایۆنیزمە، لە ئێستادا باوترین شێوازی بەسیاسیکردنی ئەم ئایینەیە، هاوکات (ئیسرائیل) خۆشی دیارترین ئامرازی بەسیاسیکردنی ئەم ئایینەیە. تێکەڵکردنی بەهێزی شوناسی ئایینی و نەتەوەیی نیشان دەدات. هەرچەندە زایۆنیزم سەرەتا تا ڕادەیەکی زۆر بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی عەلمانی بوو، بەڵام لە ڕووی ستراتیجییەوە ئایینی یەهودی وەک پێکهاتەیەکی دانەبڕاوی ناسیۆنالیزمی جوولەکە جێگیر کرد. ئەم تێکەڵکردنە بۆ شەرعیەتدان بە دەوڵەت زۆر گرنگ بووە، لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی تەوراتییەوە بۆ بەڵێنی گەڕانەوە بۆ وڵاتی دایك یان (زەوی بەڵێندراو - الارض الموعودة)، کە دواتر دەسەڵاتێکی بەرچاوی بە دادگا حاخامییە ئۆرتۆدۆکسەکان بەخشی لەکاتی لە پێدانی ناسنامەی جوولەکایەتی بەهەر کەسێك، لەسەر بنەمای ڕەچەڵەکی دایکی، یان گۆڕینی ئایینەکەی بەچوونە سەر ئایینی جولەکە. ئاشکراشە کە دامەزراوەی (حاخامیەت – الحاخامية) دەزگای ناوەندیی بەڕێوەبردنی کاروباری ئایینی فەرمی جولەکەکانە لە ئیسرائیلدا

و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە بەسیاسیکردنی ئاییندا، کە دەسەڵاتێکی یاسایی بەرفراوانی بەسەر لایەنەکانی ژیانی هاوڵاتیاندا پێدراوە. دیارترین شێوازەکانی ئەم بەسیاسیکردنە بریتین لە تێکەڵکردنی ڕەمز و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی جولەکە بە پەیکەری دەوڵەت، وەک (شابات) دانانی ڕۆژی شەممە بە پشووی هەفتانە، و (کەشروت) کە تایبەتە بە دیاریکردن خواردنە حەڵاڵەکان لە ئایینی جولەکەدا. هەروەها (یاسای گەڕانەوە) کە هانی گەڕانەوەی جولەکەکان لە سەرانسەری جیهانەوە و نیشتەجێکردنەوەیان لە فەڵەستین دەدات، ئەمە وێڕای پرۆسەی "بەعیبریکردن"ی عەرەبەکان لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ئیسرائیل، بەمەبەستی دوورخستنەوەیان لە فەلەستینییە عەرەبییەکان. هەروەها (یاسای دەوڵەتی نەتەوەیی جوولەکە لەساڵی ٢٠١٨) پێناسەی ئیسرائیلی وەک دەوڵەتی نەتەوەیی گەلی جولەکە زیاتر بەهێزکرد، و سیاسەتی جیاکاری دژی هاووڵاتیانی ناجولەکەی زیاتر بەیاساییکرد. کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی هاوپەیمانییەکی پەرەسەندووە لەنێوان پارتە سیاسییە ڕاستڕەوەکان و ئەو بزووتنەوە ئایینییان کە لە ئۆردوگاکانی بەزۆرنیشتجێبوانی جولەکە باڵادەستن(١٧).

لەڕووی مێژوییشەوە ڕووداوەکانی توندوتیژی دژی جولەکە، لە سەردەمانی کۆندا (وەک سەرکوتکردنی جولەکەکان و قەدەغەکردنی ئایینەکەیان لەلایەن یۆنانییە سلوقییەکانەوە لە ١٦٨پ.ز، هەروەها بەکۆمەڵکوشتنی جولەکەکان دوای ڕاپەرینی ئەسکەندەریە لە ساڵانی ١١٥-١١٧ز و سەرەتاکانی سەردەمی بێزەنتی ڕۆمانی) شێوازی دیکەی بەسیاسیکردنی ئایینی جولەکەن، بەڵام لەدژی جولەکە خۆی، بۆنموونە یۆنانیەکان جولەکەکانیان بە دژە کۆمەڵایەتی و خراپەکار یان مرۆڤخۆر تۆمەتبار دەکرد، وەک قۆچی قوربانی بۆ سەرنج لادان لەسەر ئیمپریالیزمی ڕۆمانی بەکاریان دەهێنان. یان وێناکردنی ڕوخاندنی (هەیکەلی دووەم) لە قودس لەلایەن ڕۆمانەکانەوە لە ساڵی ٧٠ز بە نیشانەی بڕیاردانی خودا لەسەر دانانی ئایینی مەسیحی وەك بەدیلی ئایینی جولەکە. لەدوای شەرعییەتپێدانی ئایینی مەسیحییش، کەنیسەی کاسۆلیکی گرووپە مەسیحییە ڕکابەرەکان و ئەمجا جولەکەکانی دوچاری چەوساندنەوەی فراوان کرد، هەروەها بەیاسا مافی جولەکەکانی سنووردارکرد، کە ئامانجی ملپێکەچکردنی زیاتریان بوو.

ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، بەهەزاران ڕووداوی دەرکردنی بەکۆمەڵی جولەکەی لە شارە جیاوازەکان بەخۆیەوە بینیووە، کە زۆرجار پەیوەندی بە قەیرانە ئابوورییەکانەوە هەبووە و وەک قوربانی بەکارهێنراون. هاواتا لەگەڵ ئەم ستەم و بەکارهێنانە سیاسییانەی جولەکەدا،

وردە وردە لە سەدەکانی ١٤ و ١٥دا چەمکی (یەهودی) یان (جوولەکە) لە ناسنامەیەکی ئایینیەوە گۆڕدرا بۆ ناسنامەیەکی نەتەوەیی-ڕەگەزپەرستی، بەشێوەیەك کە وایکرد دژایەتیکردنی جوولەکە کە ناسراوەیە بە (دژایەتی سامی - معاداة السامیة) تەنانەت لە غیابی جوولەکە خۆشیدا هەر بەردەوام بێت، کە ئەمە وەك ئایدیۆلۆجیایەك بۆ بەسیاسیکردنی ئایینی جولەکە بەسوود بوو(١٨)، بەتایبەت کە لە سەردەمی هاوچەرخدا، ئەم ئایدیۆلۆجیایە وەک ئامرازێکی سیاسی لەلایەن ئەکتەرە جیاوازەکانی وڵاتانەوە بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە لە ئەمریکا دیموکراتەکان و کۆمارییەکان یەکتری بە تێوەگلان لە دژایەتی سامی تۆمەتبار دەکەن. هەروەها هەر لە وڵاتەدا، ئەو یاسایانەی دەسەڵاتی فیدراڵی و ویلایەتەکان، کە تایبەتن بە ڕێگریکردن لە دژایەتی سامی، بۆ بەئامانجگرتنی چالاکییەکانی خوێندکارانی زانکۆ بەکاردەهێنرێن، وەک بەشێک لە هێرشی ڕەوتە کۆنەپەرستەکان بۆ سەر ئایدیا پێشکەوتنخوازکان لە بواری پەروەردەی ئەم وڵاتەدا. نموونەی تری، بریتییە لە بەکارهێنانی سیاسی لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە، وەك بەکارهێنانی گوتاری (دوو وەلائی – الولاء المزدوج) لەلایەن (دۆناڵد ترەمپ)، لەگەڵ بەکارهێنانی قەوانە باوەکان سەبارەت بە جولەکە و ماڵوسامانیان و پەیوەندییان

بە سپی پێستە توندڕەوەکانەوە، هەروەها بەکارهێنانی گوتاری هاوشێوە لەلایەن (ئیلهان عومەر)ەوە سەبارەت بە (چڵێسی جولەکە) و (دوو وەلائیان). دژایەتی سامی ئامرازێکی ئایدیۆلۆجی چارەنووسسازە بۆ برەوپێدانی ناسیۆنالیزمی سپی پێستە توندڕەوەکان و یەکخستنیان، بەشێوەیەك کە (تیۆری جێگرەوەی گەورە) و تیۆرەکانی (پیلانگێڕی) سەبارەت بە هەژموونی جوولەکە بەسەر جیهاندا، گرووپە جیاوازەکانی ئەم ڕەوتە بەیەکەوە دەبەستنەوە(١٩).

**دیاریکردنی ئایینی فەرمی بۆ دەوڵەت و اتای دروستکردنی (ڕژێمی ئایینی) نییە، بەڵام ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی ئەو ئایینە فەرمییە بکرێتە سەرچاوەی یاسادانان و مەرجێکی دانانی حوکمڕانەکان**

وەك دەبینین، بەسیاسیکردنی ئایینی جوولەکە زۆربەی جار بەشێوازی ئیستغلالکردنی دەرەکی لەلایەن گرووپی ترەوە ئەنجامدراوە (وەک یۆنانیەکان، ڕۆمانییەکان، مەسیحییەکان، سیاسەتمەدارانی هاوچەرخ و ڕاسیستە سپیپێستەکان) وەک قۆچی قوربانی، یان ئامرازێکی سیاسی. ئەمە ئاماژەیە بۆ

تایبەتمەندییەکی ناوازە کە ناسنامەی ئایینی وەک چەکێک دژی گرووپەکە خۆی بەکاردەهێنرێت، لەجیاتی ئەوەی بە پلەی یەکەم لەلایەن گرووپەکەوە خۆیەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و دەسەڵاتی ناوخۆیی بەکاربهێنرێت. ئەمەش ئەو دەگەیەنێت کە بەسیاسیکردنی ئایین هەمیشە پرۆسەیەکی ناوخۆیی نییە بۆ گرووپێك یان پێکهاتەیەکی ئایینی کە بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت. بەڵکو دەشێت پرۆسەیەکی دەرەکی ناشیرینکردن و بەشەیتانکردنیش بێت، کە ناسنامەی گرووپێکی ئایینی لەلایەن ئەکتەری سیاسیی دەرەکییەوە بقۆزرێتەوە و بشێوێنرێت و بۆ مەرامی سیاسیی و حزبی تایبەت، یان بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی جەماوەری، یان بۆ بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگا، یان پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتێکی جیاکاری بەکاربهێنرێت. ئەمەش ئاماژە بۆ مەترسییەکی قووڵ دەکات، کاتێك کە ڕێگە بدرێت دەستکاری ناسنامەی ئایینی پێکهاتەیەک بکرێت بۆ قازانجی سیاسی، چونکە دەتوانێت ببێتە هۆی پێشێلکردنی جددی مافەکانی مرۆڤ و هەڵاواردنی سیستماتیک دژی پێکهاتەکە خۆی یان بەکاربردنی بۆ قازانجی پێکهاتە و گرووپی دی .

**٢- بەسیاسیکردنی ئایینی مەسیحی:**

لە مێژوودا، پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان دەسەڵاتی ڕۆحی و دونیایی، لاهوتگەرایی سیاسی مەسیحی دەرگیری ململانێیەکی قووڵکردووە. شاکارەکەی (سانت ئۆگستین) بە ناوی (شاری خودا) وەڵامێکی تالانییەکانی ڕۆما بوو لە ساڵی ٤١٠ز، ئەمەش بە داڕشتنی فەلسەفەیەک، کە جیاوازیی دەکرد لە نێوان (شاری خودا: کە تەرکیزی لەسەر ڕاستی خودایی و ڕزگاری هەمیشەییە) لەگەڵ (شاری مرۆڤ: کە پەیوەستە بە کاروباری زەمەنییەوە). ئەم چوارچێوە فەلسەفییە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەکانی دواتری ڕۆژئاوا هەبوو سەبارەت بە کایە جیاوازەکانی نێوان (کەنیسە و دەوڵەت)، گەرچی هەندێکجار تێکەڵ بەیەککتربووبن. وەك عەقیدەی (دوو شانشینی) لای (مارتن لۆسەر) کە بەهەمان شێوە دوو ڕێگەی تەواوکەری یەکدی خستەڕوو کە خودا حوکمڕانیان پێدەکات: (شانشینی ڕۆحی: کە ئیمانی ناوەوە بەڕێوەدەبات) و (شانشینی زەمەنی: کە کاروباری دەرەوە لە ڕێگەی یاسا و حکومەتەوە بەڕێوەدەبات). هەروەها، (جۆن کالڤن) لە کاتێکدا کە جەختی لەسەر گوێڕایەڵی مەسیحییەکان بۆ دەسەڵاتی مەدەنی دەکردەوە، هاوکات جەختی لەسەر پێویستی دەسەڵاتی عەلمانی بۆ کۆتکردنی خراپەکارییەکانی مرۆڤ دەکردەوە(٢٠). ئەم ڕوانگە لاهوتییانە تیشک دەخەنە سەر لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات لەناو ئایینی مەسیحیدا و

مشتومڕە بەردەوامەکان سەبارەت بە سنووره ڕەواکانی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و عەلمانی.

لەسەردەمی هاوچەرخیشدا، (ناسیۆنالیزمی مەسیحی) کە بە تایبەت لە ئەمریکادا گەشەیسەندووە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی بەها مەسیحییەکانەوە ناسنامەی نەتەوەیی پێناسە بکات، و زۆرجار بانگەشە بۆ فشارکردن و کاریگەریی دانانی ڕاستەوخۆی بیروباوەڕی ئایینی لەسەر یاساکان و سەرکردە سیاسییەکان دەکات. ئەم ئایدۆلۆژیا سیاسییە هەوڵدەدات توخمەکانی (ڕەگەزپەرستی، قوربانیدان، دیدگاکانی قیامەتناسی) بۆ وێناکردنی نۆستالژییانەی ڕابردوویەک لەخۆبگرێت، کە گوایە ئومەی ئەمریکی لەلایەن سپی پێستە مەسیحییەکانەوە حوکمکراوە(٢١). ئەم بزووتنەوانە بەسیاسیکردنی ڕوونی ئایینی مەسیحی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان نیشان دەدەن.

ڕیشەی ناسیۆنالیزمی مەسیحی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئەم ئایینە لە دامەزراندنی هەندێک لە کۆڵۆنییەکانی ئەمریکا (وەک پیوریتانییەکان کە لە ستەم هەڵهاتبوون)، کە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر شۆڕشی ئەمریکا مشتومڕی لەسەرە. هەندێک لە باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا مەیلی (الربوبیة - Deism )یان هەبووە (وەك: جێفرسۆن، فرانكلین، واشنتۆن) هەندێكی تریان پرۆتستانتی چالاکبوون. پرۆتستانتیزم کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر مێژوو و کولتوری ئەمریکا هەبووە، ئەمریکییە ئەفریقییەکان چالاکانە کەنیسەی پرۆتستانتی تایبەت بەخۆیان پێکهێناوە، بۆئەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی ئەخلاقی و سیاسی بگرنە ئەستۆ. هەروەها وەك (ماکس ڤیبەر) دەڵێت ئەخلاقی کارکردنی پرۆتستانتی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشەسەندنی سەرمایەداری هەبووە(٢٢).

**ناسیۆنالیزمی ئایینی جوولەکە لە ئیسرائیل کە بەرجەستەی زایۆنیزمە، لە ئێستادا باوترین شێوازی بەسیاسیکردنی ئەم ئایینەیە**

لە ساڵانی شەستەکاندا دژایەتیکردنی عەلمانیەت و لەباربردن و ڕێکارەکانی جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەت (وەک قەدەغەکردنی نوێژ لە قوتابخانەکاندا) وزەی بە ڕاستڕەوە ئایینییەکان بەخشی، لە هەشتاکانیشدا چالاکی بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی کۆمارییەکانی (وەك: ڕیگان و بۆش) دابوو. زۆرجار بیروباوەڕی کەسی کاندیدە سیاسییەکان بە توندی کاریگەری لەسەر پێگەی جەماوەرییان هەبووە (وەک دییزمی جێفرسۆن لە

١٨٠٠، مۆرمۆنیزمی میت ڕۆمنی لە ٢٠١٢، و گوتارە لاهوتییە ڕزگاریگەراییەکانی جێریمیا ڕایت لە ٢٠٠٨). هەروەها شەپۆلە بەرفراوانەکانی کۆچی کاسۆلیکەکان بۆ ئەمریکا، بەتایبەت کۆچبەرانی ئێرلەندی، ئەڵمانی و ئیتاڵی لە سەدەی ١٩ وسەرەتای سەدەی ٢٠دا، سەرچاوەی دژایەتی پرۆتستانت بووە بەرامبەر بە کاسۆلیک بەهۆی چۆنێتی وێناکردنی وەلائیان بۆ پاپا(٢٣).

لە شەڕە ناوخۆییەکانی یوگۆسلاڤیادا، (سلۆبۆدان میلۆسێڤیچ) هەرچەندە هۆگری ئایین نەبوو، بەڵام باوەڕی مەسیحیەتی ئۆرتۆدۆکسی سرپیای قۆستەوە بۆ برەوپێدانی ناسیۆنالیزمی توندڕەو، و عەقیدەی دروستکردنی (سرپیای گەورە). کە (ئەفسانەی کۆسۆڤۆ)ی زیندووکردەوە و کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی سرپیای بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی جەماوەری بەکارهێنا، ململانێکانی خۆی وەک (دۆزێکی پیرۆز) نیشان دەدا و شوێنە ئاینییەکانی دەکردە ئامانج(٢٤).

لە ئەفریقا، توندڕەوی ئایینی هۆکاری نانەوەی توندوتیژی بووە، وەك: توندوتیژی تائیفی لەنێوان مەسیحییەکان و موسڵمانان لە (کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست)، هەروەها بەکارهێنانی وێنەی مەسیح لەلایەن (سوپای موقاوەمەی پەروەردگار) لە (ئۆگاندا) بۆ پاساودانی کارە درندانەییەکانیان. هاوکات ڕەگەزپەرستی ئایینی لە (نەیجیریا) بووەتە هۆکاری ململانێی کوشندە لە نێوان مەسیحییەکان و موسڵمانان(٢٥).

**بەسیاسیکردنی ئایین هەمیشە پرۆسەیەکی ناوخۆیی نییە بۆ گرووپێك، یان پێکهاتەیەکی ئایینی کە بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت. بەڵکو دەشێت پرۆسەیەکی دەرەکی ناشیرینکردن و بەشەیتانکردنیش بێت**

کەواتە بەسیاسیکردنی ئایینی مەسیحی لە کاریگەری کولتووری و ئایدیۆلۆجی ورد و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی پشتیوانی جەماوەرییەوە دەست پێدەکات (لە ئەمریکا) تا دەگاتە ئیستغلالکردنی ڕاستەوخۆی ئایین بۆ برەوپێدانی توندوتیژی ئێتنۆ-ناسیونالیستی (لە یوگۆسلاڤیا و بەشێک لە ئەفریقا). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەکرێت ناناوەندێتی ئایین، یان پەیوەندی مێژوویی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتدا، چۆنێتی ئامراز و شێوازەکانی بەسیاسیکردنەکەی لە قاڵب بدات. ئەو نموونانەی خرانەڕوو ڕشتێك لە بەسیاسیکردن نیشان دەدەن. لە ئەمریکا زۆرجار پەیوەندی بە ئیستغلالکردنی بەها کولتوورییەکان و کۆکردنەوەی دەنگی چەند توێژێکی تایبەت

لە دەنگدەران هەیە، بەرێکارگەلێکی وەك (پشکنینی ئەخلاقی کاری پرۆتستانتێتی، ڕاسترەوی ئایینی، لێکۆڵینەوە لە باوەڕی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردن). هەرچی سەبارەت بە یوگۆسلاڤیا و بەشێک لە ئەفریقایە، ئەوا دۆخەکە بەرەو بەکارهێنانی ئامرازیانەی ڕاستەوخۆی ئایین بۆ ململانێ و توندوتیژییە ئێتنۆ-ناسیۆنالیستیەکان ڕویشتووە، سەرکردەکان چالاکانە یاریان بە ئەفسانە و دامەزراوە ئاینییەکان کردووە (وەك: میلۆسێڤیچ و ئەفسانەی کۆسۆڤۆ و سوپای موقاوەمەی پەروەردگار). ئەم نموونە جۆراوجۆرانە ئەوە پیشان دەدەن کە ڕەوشی باوی وڵات (وەك، ڕژێمە دیموکراسیەکان بەرامبەر بە ڕژێمە ستەمکارەکان، گرژییە نەتەوەییە مێژووییەکان، میراتی کۆلۆنیالیزم) بە شێوەیەکی بەرچاو چۆنیەتی بە سیاسیکردنی ئایینی مەسیحیەت و توندی ئاکامەکانی لە قاڵب داوە. ئەمەش واتای ئەویە کە (بەسیاسیکردنی ئایین) دیاردەیەکی یەکپارچە نییە، بەڵکو دەرکەوتەکانی بە قووڵی ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوو و سیستەمی سیاسی و بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتوری باودا هەیە. بەم شێوەیە دەشێت هەمان نەریتی ئایینی بۆ مەبەستی سیاسی زۆر جیاواز بەکاربهێنرێت، لە بانگەشەکردن بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە تا پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژی جەماوەری.

**٣- بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلام:**

لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لاهوتی سیاسی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای (السیادة الإلهیة) بەواتای ئەوەی کە حوکم تەنیا بۆ خودایە، بەجەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕەها لە هەموو کاروبارەکاندا، چ سروشتی و چ یاسایی، دەگەڕێتەوە بۆ خودا. ئەم باوەڕە بنەڕەتییە، لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ)، بووە هۆی وروژاندنی پرسیارێکی چارەنووسساز سەبارەت بەوەی کە: کێ لە دوای پێغەمبەر (د.خ) سەرکردایەتی سیاسی وەردەگرێت؟ زۆرینەی سوننە بە شێوەیەکی نەریتی جەختیان لەسەر ڕۆڵی (ئومەت - کۆمەڵگەی ئیمانداران) کردووەتەوە لە هەڵبژاردنی خەلیفەدا، خیلافەتیان وەک ئەرکێکی ئایینی بۆ حوکمڕانی بە یاسای خودایی (شەریعەت) سەیرکردووە نەک پێویستییەکی فریادڕەس. لە بەرامبەردا شیعە جەخت لەسەر چەمکی (ئیمامە بێ هەڵەکان) لە نەوەی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) دەکاتەوە، کە پێیان وایە خاوەنی زانستی باتنی و مافی حەسری سەرکردایەتکردنی سیاسین(٢٦). ئەم لێکدانەوە جیاوازانە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە ناو ئیسلامدا، ئەوە دەخەنەڕوو کە شەرعیەتی ئایینی دەسەڵات زۆر وابەستەی ڕەوشی سیاسی باو بووە و بەتوندی کەوتۆتە ژێر فشاری کێبڕکێ ناوخۆییە لاهوتی و مێژووییەکانەوە.

بەڕای بەشێك لە توێژەران، ئیسلام هەر لەبناغەوە ئایینێکی سیاسی بووە، بۆیە پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت لە ئیسلامدا بۆ سەرەتای هاتنی ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە، کاتێك پێغەمبەر (د.خ) دەوڵەتێکی لە مەدینە دامەزراند و سەرەتای تێکەڵاوکردنێکی ناوازەی ئەو دوو کایەیەی دارشت. بەتایبەت کە جارنامەی مەدینە (صحيفة المدينة) بناغەی بۆ قەوارەیەکی سیاسی فرەئایینی، لەژێر سەرکردایەتی ئەودا، دانا و بە خێرایی لە ڕێگەی فتوحاتەکانی سەرەتای ئیسلامەوە ڕووی لەفراوانبوون کرد. بەڵام دواتر دامەزراوەی (خیلافەت)، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆیکرد، بووە تەوەری یەکەمی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلام، کاتێك بووە هۆکاری دابەشبوونی تائیفی (سوننە، شیعە) و دروستبوونی ململانێی سیاسی و کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ئایینی. هەرچەندە زۆرجار مشتومڕ لەسەر بەکارهێنانی چەمکی (شورا) بۆ حوکمڕانی کراوە، بەڵام هەندێکجار لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی تاکڕەو پەراوێزخراوە، هەروەک چۆن سەردەمی ئومەوییەکان، چەمکی (القدر)ی پێشوەختەیان بۆ ڕەوایەتیدان بە حوکمڕانی خۆیان بەکارهێناوە و هەموو یاخیبوونێکیان لە دەسەڵاتیان بە گوناح لە قەڵەمداوە.

ئیسلامیی سیاسی، کە نموونەیەکی مۆدێرنی بە سیاسیکردنی ئایینی ئیسلامە، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەریهەڵدا. کەسایەتییە دیارەکانی وەک (حەسەن ئەلبەنا) دامەزرێنەری ئیخوان موسلیمین و (سەید قوتب) و (ئەبو ئەعلای مەودودی) بانگەشەیان بۆ هێزی موسڵمانان ویەکگرتنیان لەژێر دەسەڵاتی شەریعەتدا دەکرد، زۆرجار لە بەرژەوەندی لێکدانەوەکانی خۆیان بۆ (شورا) دیموکراسی ڕۆژئاوایان ڕەتدەکردەوە. لەم چوارچێوەیەشدا چەمکی (السيادة الإلهية)، کە پێشتر لەلایەن عەلی کوڕی ئەبو تالیب بەکارهێنراوە، لەلایەن (مەودودی و قوتب)ەوە سەرلەنوێ لە سەدەی بیستەمدا بەسیاسیکرایەوە، وەك پاساوهێنانەوەیەك بۆ بەدەستهێننی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی(٢٧). شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩، بە ڕێبەرایەتی (خومەینی)، وەرچەرخانێکی گەورەی مەزهەبی (شیعەی دوانزە ئیمامی) بوو بەرەو بەسیاسیکردنی ئیسلام. کاتێك خومەینی ڕایگەیاند کە "ئیسلام بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ئایینی سیاسەتە". بەبڕوای خۆی تیۆرەکەی سەبارەت بە (ویلایەتی فەقێ) بنەمای (السيادة الإلهية) بەرجەستە دەکات، کاتێك کە فەقیهێکی ساڵحی شیعە بەپێی شەریعەت دەوڵەت و کۆمەڵگا بەڕێوەببات، ئەمەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ تیۆری (سەروەری دیموکراسی)

دژیەکە، تەنانەت لەناو ئیسلامیشدا هەندێکجار لەگەڵ چەمکی (شوراو) و (ولایەتی ئومەت) ناکۆکە.

## لە مێژوودا، پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان دەسەڵاتی ڕۆحی و دونیایی، لاهوتگەرایی سیاسی مەسیحی دەرگیری ململانێیەکی قووڵ کردووە

بەگشتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی و جێبەجێکردنی شەریعەت لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلامن لەسەردەمی هاوچەرخدا، لە دیارترین نموونەکانی وەك: (ئێران) کە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ ڕژێمێکی تیۆکراسیی دامەزراندووە و فەقێ شیعەکان ڕۆڵی یاسادانەر لە زۆربەی کایەکانیدا دەبینن. هەروەها (سعودیە) کە شەریعەتی ئیسلامی کردووەتە یاسای وڵات و بەگشتی بەپێی مەزهەبی حەنبەلی پەیڕەویدەکات. لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیشدا، بەکارهێنانی ئایین بۆ پاڵنان و ئاڕاستەکردنی هەندێك لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان نموونەیەکی دیکەی مۆدێرنی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلامن، کە زۆرجار لە دوای نوێژی هەینییەوە دەستیان پێکراوە و لەلایەن حیزب و هێزە ئیسلامییە ڕێکخراوەکانەوە بۆ بەدیهێنانی ئەجێندای حزبی ئیستیغلالکراون، لەهەندێك حاڵەتیشدا بووەنەتە هۆی ململانێی توند و جەمسەرگیری کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەڵگیرسانی شەڕی ئەهلیش(٢٨). هەڵبەت لێرەدا قسە لەسەر ڕەوایەتی ئەو شۆڕش و خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییانە نییە، کە زۆربەی کات دژی ڕژێمگەلێکی عەرەبی سەرکوتکار و نادیموکراتی بوون، بەڵام مەبەست ئاماژە کردنە بۆ حاڵەتەکانی ئیستیغلالکردنی هەندێك لەو خۆپیشاندانانە لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامییەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی حزبی و سیاسی نائایینی وەك نموونەی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلام. سەرەڕای ئەمەش پەرەسەندنی هەندێك حیزب و بزاوتی هەژمارکراو لەسەر ئیسلامی سیاسی بۆ گرووپ و ڕێکخراوی چەکداری لەچوارچێوەی ئەوەی بە (سەلەفییەتی جیهادی) ناسراوە، وەك (قاعیدە، داعش) نموونەی دیکەی هاوچەرخی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلامن.

گەشەسەندنی مێژوویی ئیسلامی سیاسی، نیشاندەری هەوڵێکی بەردەوامە بۆ سازاندنی نێوان عەقیدەی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی، کە زۆرجار لەڕێگەی دووبارە لێکدانەوەی دەق و چەمکە بنەڕەتییەکانی (وەك: شورا، قەدەر و حاکمییەت)ەوە بووە.

سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی مۆدێرن وەڵامێکی ڕاستەوخۆیە بۆ گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکیەکان (هاتنی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی، ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، پشتیوانی هەندێك لە زلهێزە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەمریکا بۆ بەشێك لە ڕژێمە ستەمکارەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی). هەموو ئەمە تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی ئایین وەک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی کە توانای سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوە و خۆ گونجاندنی لەگەڵ ئاڵنگارییە هاوچەرخەکاندا هەبێت. بۆیە تێگەیشتن لە ئیسلامی سیاسی، وەك جۆرێکی مۆدێرنی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلام، تەنیا بە شرۆڤەکردنی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی نابێت، بەڵکو دەبێت شیکاری ورد بۆ ئەو لێکدانەوە ستراتیجییانەش بکرێت کە بۆ شەرعیەتدان بەو ئامانجانە بەکاردەهێنرێن. لێرەدا مشتومڕ و لێکدانەوە ناوخۆییە جۆراوجۆرەکانی ناو بیری سیاسی ئیسلامی وەک (عەقڵگەراییەکان) بەرامبەر بە (دەقگەراییەکان) زۆر گرنگن، چونکە سروشتی جێیناکۆکی دەسەڵاتی ئایینی و بوونی هەوڵی بەردەوام بۆ سەپاندنی هەژموونی ئایدیۆلۆجی بەناوی ئایینەوە ئاشکرا دەکەن، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر نموونەکانی بەسیاسیکردنی ئایینی ئیسلامی لە ئێستادا هەیە.

**٤- بەسیاسیکردنی ئایینی بودایی:**

هەرچەندە ئایینی بودایی (البوذیة) جەخت لەسەر بەزەیی و ناتوندوتیژی (ئەهیمسا) دەکاتەوە، بەڵام نموونەی مێژوویی و هاوچەرخ لەسەر بەکارهێنانی بۆ پاساودانی توندوتیژی هەیە، وەك نموونەی بەسیاسیکردنی ئەم ئایینە، کە زۆرجار لەلایەن هێزە سیاسی و ناسیۆنالیستییەکانەوە ئەنجامدراون. هاوکات هەندێک لە دەقەکانی (مەهایانا) پاساو بۆ (کوشتن لەپێناو ڕزگارکردنی ژیان) دەهێننەوە. لەسەردمی شانشینە بوداییەکانی سەربە مەزهەبی (تێراڤادا)، کە لە کۆنترین مەزهەبە سەرەکییەکانی ئایینی بودایە، پاشاکان بە شێوەیەکی نەریتی بەرگریکار و پارێزەری ئایینی بودایی بوون، بەتایبەت لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ڕووخانی ئەم شانشینانە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا بووە هۆی ئەوەی کە باوەڕدارانی بودایی بەقووڵی هەستی دروستبوونی مەترسی لەسەر ئایینەکەیانیان لەلا دروستببێت، بەشێوەیەك کە هانیدان پەرە بە ناسیۆنالیزمی بودایی بدەن(٢٩). بەتایبەت لە هەندێك لەو وڵاتانەی کە لەسەردەمی هاوچەرخدا لەم ناوچانە دروستبوون و ئایینی بودایان بە ئایینی فەرمی خۆیان ناساندووە و پشتیوانی و پاراستنی دەوڵەتیان بۆ دابینکردووە، وەك (بوتان، کەمبۆدیا، میانمار، سریلانکا...). لە میانمار (بورما) ڕژێمی سەربازی

(ئەنجوومەنی ئاشتی و گەشەپێدانی دەوڵەت) لەساڵانی ١٩٨٨-٢٠١١ بۆ شەرعیەتدان بە حوکمڕانیەکەی، ناسیۆنالیزمی بودایی بۆرمای بەرەوپێش برد و هانی گۆڕینی زۆرەملێی ناسنامەی ئایینی کەمینەکانی دا. لە ئێستاشدا زۆربەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە میانمار لەسەر بنەمای نەتەوەیی و بەناوی ئایینی بوداییەوە ئەنجام دەدرێن، و ڕاهیبەکانی ئەم ئایینە پاڵنەریانن. (بزووتنەوەی ٩٦٩) و (ماباتا) و ڕاهیبە بوداییەکانی وەک (ویراتوو) بە ئاشکرا هانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکانی دژە موسڵمانان دەدەن. کە ئەمە تەواو ناکۆکە لەگەڵ پرۆسەی بەناو گواستنەوەی دیموکراسی لە میانمار. لە وڵاتی سریلانکا، تۆمارە مێژوویەکانی (مەهاڤامسا) سەرچاوەی بەرەوپێشچوونی ناسیۆنالیزمی بودایی سینهالیی بوون، کە سریلانکایان وەک (دوورگەیەکی بودایی) نیشان دەدا و ڕەوایەتییان بە توندوتیژی دژی تامیلەکان دەدا (وەك: گێڕانەوەکانی شا دوتوگامۆنو). دوای سەربەخۆیی، سیاسەتی جیاکاری و بەشداریکردنی ڕاهیبە بوداییەکان لە سیاسەتدا، بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی و توندوتیژی دژی تامیلەکان و موسڵمانەکان. گرووپەکانی وەک (بۆدو بالا سێنا - BBS) هانی کاری ئاژاوەگێری دژە موسڵمانەکان دەدەن. لە تایلەند، نوێنەرایەتیکردنی دەوڵەت بۆ ئایینی بودایی وەک ئایینی فەرمی دیفاکتۆ، بووەتە هۆی گرژی لەگەڵ پەیڕەوکەرانی ئایینەکانی تر. لە ژاپۆن لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا، ئەدەبیاتی بودایی ژاپۆنی پشتگیری لە هەوڵەکانی جەنگ و کاری خۆکوژیی دژی دوژمنان دەکرد، ڕەوایەتی بەو وتەیە دەدا "یەکێک بکوژە تا زۆر کەس بژین" لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاشتی. بە نزیکەیی سەرجەم پەرستگا بوداییەکان لەوکاتەدا لەگەڵ ڕەوتی بەسەربازیکردنی ژاپۆندابوون(٣٠).

## ڕیشەی ناسیۆنالیزمی مەسیحی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئەم ئایینە لە دامەزراندنی هەندێک لە کۆڵۆنییەکانی ئەمریکا

بە سیاسیکردنی ئایینی بودایی، بە تایبەتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، شێوازێك لە بەسیاسیکردنی ئایین ئاشکرا دەکات، کە تێیدا ئایینێکی نەریتی و ناتوندوتیژ بەشێوەیەك لێکدەدرێتەوە کە پاساو بۆ ئەجێندای ناسیۆنالیستی و توندوتیژی دژی کەمینەکان بهێنێتەوە. زۆرجار ئەمە کاتێک ڕوویداوە کە گرووپێکی ئایینی باڵادەست ناسنامەی خۆی یان خاکە پیرۆزەکەی وەک (جێی مەترسی) هەست پێکردبێت، بەمەش لەناو باوەڕدارانیدا بەرەوی بە دەمارگیری داوە بەتایبەت بۆ

عەقیدەکانی وەك (پیرۆزکردنی ڕەچەڵەکی پاك) و (پاوانکردنی خاکی زیاتر). ئەمە ئەو دەگەیەنێت کە هیچ ئایینێک لە بنەڕەتدا لەبەردەم بەسیاسیکردن یان ئیستغلالکردن بۆ مەبەستی توندوتیژی سیاسی پارێزراو نییە. زۆرجار پرۆسەکە پێناسەکردنەوەی سنووری (پیرۆزییەکان) و وێناکردنەوەی ناسنامەی (دوژمن) لەخۆدەگرێت، کە تێیدا (ئەوی دی) لە مرۆڤ بوون دەخرێت تاکوو پاساو بۆ شەڕانگێزی لەدژی بهێنرێتەوە. ئەم دیاردەیە بە تایبەتی کاتێک جێی نیگەرانییە کە ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پاکتاوی ئەتنی. ئەمەش ئاماژەیە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی گێڕانەوە ئایینییەکان لە گوتارە سیاسییەکاندا، وەك ئامرازێکی گرنگی بەسیاسیکردنی ئایین.

**٥- بەسیاسیکردنی ئایینی هیندۆسی:**

دیارترین شێوازی بەسیاسیکردنی ئەم ئایینە بریتییە لە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی هیندۆسی (هیندۆتڤا)، کە وەك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی هەوڵدەدات هیندستان بکاتە نەتەوەیەکی تەواو هیندۆسی (هیندوس ڕاشترا). ئەم ئایدۆلۆژیایە لەسەر ئایدیای (خۆدێکی هیندۆسی یەکپارچە) و (گۆڕینی کەمینە ئایینییەکانی دی بۆ هندۆسی) بەتایبەت کەمینە موسڵمانان و مەسیحییەکان بنیات نراوە، کە زۆرجار ئەم کەمینانە وەک هەڕەشە بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی هندۆسی وێنا دەکات(٣١).

ڕەگ و ڕیشەی (هیندۆتڤا) دەگەڕێتەوە بۆ هەریەك لە لێکەوتەکانی فاشیزمی ئەوروپی سەردەمی کۆڵۆنیالیزم، و بزووتنەوە فەندەمینتاڵیزمەکانی بوژاندنەوەی هیندۆسی، و پەرەپێدانە هزرییەکانی چەمکی هیندۆسی لەلایەن چەند بیرمەندێکی وەك (ڤیناياك دامۆدار ساڤارکار)ەوە. کە بەهۆی هەموو ئەمانەوە لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-ئایینییەوە بۆ هێزێکی سیاسی پەرەیسەند. لە ئێستادا ئایدیۆلۆجیای سیاسی دامەزرێنەر و بزوێنەری پارتی (بەهاراتیا جاناتا - BJP)یە. کە ئێستا گەورەترین پارتی سیاسی هیندستانە، و بە سەرۆکایەتی نارێندرا مودی سەرۆک وەزیران لەم وڵاتەدا پارتی دەسەڵاتدارە. زیادبوونی پێگەی جەماوەری ئەم پارتە لەم ساڵانەی دوایدا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشەکشێکردنی پێگەی پارتی (کۆنگرێسی هندی) و داخورانی ڕێکارە دیموکراسییەکان، کە بۆشایی بۆ بەرژەوەندی برەوسەندنی ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی هیندۆسی فەراهەمکرد. (هیندوتڤا) پێڕەوە عەلمانییە دامەزراوەییەکانی لە هیندستان قۆستۆتەوە، بەتایبەت ئەوەی پێی دەوترێت سیاسەتی دەستێوەردان و یاسای مەدەنی یەکگرتوو، بۆ وروژاندنی نیگەرانییەکان سەبارەت بە هاووڵاتیبوون لە هندستان. ئەم پارتە زۆر بە وردی کار

لەسەر بە سیاسیکردنی ناسنامەی هیندۆسی دەکات، بە ئیستغلالکردنی بیرۆکەی هەبوونی (هەڕەشە) لەسەر ئەو ناسنامەیە، گوایە سەرچاوەی ئەم هەڕەشەیە سیاسەتەکانی (عەلمانییەتی ساختە)یە کە نازی زۆر بە (کەمینەکان) دەدات. هاوکات ناسیۆنالیزمی هیندۆسی زۆر بە وردی خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا گونجاندووە، لەڕێگای بەکارهێنانی میدیای گشتی (ڤیدیۆ، شریتی دەنگی، تەلەفزیۆنی حکومی) بۆ بڵاوکردنەوەی بنەما ئایدۆلۆژییەکەی و بەنیشتیمانیکردنی پرسە هیندۆسییە خۆجێییەکان (وەک: کێشەی پەرستگای ئەیۆدیا). هەروەها بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئاروزووی بەکاربەری و فراوانبوونی بازاڕەکان دەکات(٣٢).

## لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لاهوتی سیاسی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای (السیادة الإلهیة) بەو اتای ئەوەی کە حوکم تەنیا بۆ خودایە

ناسیۆنالیزمی هیندۆسی لە سەردەمی (نارێندرا مودی)دا بە سەردەمی (یاساکانی جیم کرۆو) لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ١٩ لە ئەمریکا بەراورد دەکرێت، کە ئامانجی پەراوێزخستنی موسڵمانانی هیندستانە لەسەر بنەمای ئایین، هاوشێوەی پەراوێزخستنی ئەمریکییە ڕەشپێستەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز(٣٣). شێوازەکانی پەراوێزخستن بریتین لە یاساکانی هەڵاوێردن (وەک: یاسای زەوتکردنی ئۆتۆنۆمی کشمیر، یاسای هەمووارکردنەوەی مافی هاووڵاتیبوون کە موسڵمانەکان لەم مافە بەدەر دەکات، یاساکانی ڕێگریکردن لە جیهادی خۆشەویستی و هاوسەرگیری بۆمەبەستی گۆڕینی ئایین)، لەگەڵ هاندانی توندوتیژی میللی (وەک لەسێدارەدانی موسڵمانەکان لەدەرەوەی یاسا و لەناوبردنی موڵک و ماڵ بە فەرمانی دەوڵەت). ئەمە وێڕای بەگەڕخستنی گوتارێکی زۆر بەرفراوان لە دژایەتیکردنی موسڵمان و مەسیحییەکان، و بەکارهێنانی چەند ئەفسانەیەکی وەک "ڕێزگرتن لە مانگا" بۆ دژایەتی کەمینەکان و پشتیوانی هیندۆسەکان و لادانی سەرنج لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییە هەنووکەییەکان. جگە لەوەش ڕێکخراوە باوەڕدارەکانی هیندوتڤا، کە هەندێکیان لەسەر بنەمای نیمچە سەربازیی ڕێکخراون، ڕێکارە دیموکراسییەکان پشتگوێ دەخەن و هەندێکیان داوای دووبارە نووسینەوەی دەستووری هیندستان لەسەر بنەمای دەقە نەریتییەکانی هیندۆسی دەکەن(٣٤)، هاوکات لە چەندین کاری ئاژاوەگێڕی و توندوتیژی تائیفی تێوەگلاون، کە کاریگەریی قووڵی لە تێکدانی یەکانگیری

کۆمەڵایەتی لە هیندستاندا هەیە(٣٥). بەگشتی هەردوو سەردەمی یاساکانی جیم کرۆو لە ئەمریکا و نارێندرا مودی لە هیندستانی ئێستادا، زۆربەی جار دەسەڵاتی دادوەری لە پاراستنی مافی کەمینەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی زۆرینە و پێشێلکارییەکانیدا دەستەوسان بووە.
بەسیاسیکردنی ئایینی هیندۆسی ئەوە دەردەخات کە چۆن دەکرێت ناسنامەیەکی ئایینی باڵادەست بەگەڕبخرێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بەپێی ناسنامەی نەتەوەیی- ئایینی زۆرینە، کە دەبێتە هۆی جیاکاری سیستماتیک و توندوتیژی دژی کەمینەکان. هاوتەریبی ئەم ئەزموونە لەگەڵ ئەزموونی یاساکانی جیم کرۆو تیشک دەخاتە سەر نەخشێکی جیهانیی لە چۆنێتی بەکارهێنانی ناسنامە (ئاینی یان ئیتنی) بۆ دروستکردنی هاووڵاتی پلە دوو، تەنانەت لە چوارچێوەی دیموکراسیشدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ کاتێک کە بەسیاسیکردنی ئایین لەگەڵ حوکمڕانی زۆرینەدا یەکدەگرێتەوە، مەترسییەکی بەرچاو لەسەر بەها لیبڕاڵی و دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی دروستدەکات. ئەوەش نیشان دەدات کە چۆن دەشێت پرۆسەی دیموکراسی بۆ بەدامەزراوەییکردنی جیاکاری و هەڵاواردن بڕووخێنرێت، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ناسکی مافەکانی کەمینە ئایینییەکان، کاتێک ناسنامەی ئایینی زۆرینە وەک چەکێکی کۆنترۆڵکردنی سیاسی بەکاربهێنرێت. هەموو ئەمانش لێکەوتەی مەترسیداری بەسیاسیکردنی ئایینن جا لەهەر کوێیەك بێت.

**کۆتایی و دەرئەنجام:**

بەسیاسیکردنی ئایین، دیاردەیەکی جیهانی ئاڵۆز و بەردەوامە، کە گەلێك جار تێگەیشتنە ئاساییەکانی مۆدێرنەی ئاوەژووکردووەتەوە. ئەم دیاردەیە تەنیا کاریگەرییەکی بێگەردی ئیمان نییە لەسەر ژیانی گشتی؛ بەڵکو زۆربەیجار دەستکاریکردنی ستراتیجی و بە ئەنقەستی بیروباوەڕ و دامەزراوە و ناسنامە ئاینییەکانە بۆ بەدەستهێنان مەرامی تایبەتی و چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی.
کارلێکی مێژوویی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی، لەگەڵ چەمکە مۆدێرنەکانی وەک (چەکدارکردنی ئایین) و (ئاینی سیاسی)، جەخت لەسەر پێویستییەکی قووڵی مرۆڤایەتی بۆ مانا و ڕزگاری دەکاتەوە، کە دەشێت لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە بقۆزرێتەوە و بۆ مەرامی دیکەی نائایینی و سیاسی ئاڕاستە بکرێتەوە، لەڕێگای چەند ئامرازگەلێکی وەك ئایدیۆلۆجیای ئایینی و پارتی ئایینی و دەوڵەتی ئایینی و ڕژێمی ئایینییەوە.
پیادەکردنە جۆراوجۆرەکانی ئەم دیاردەیە بەسەر زۆربەی ئایینەکاندا (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام، هیندۆسی و بودایی)، خاڵە لەیەکچووە

هاوبەشەکان لەسەر ئەم دیاردەیە دەخەنەڕوو؛ وەک بەکارهێنانی هێما و چەمکە ئایینییەکان بۆ سوودی سیاسی و کۆکردنەوەی پشتیوانی جەماوەری و گەیشتن بە دەسەڵات و شەرعیەتپێدانی، و پاساودانی توندوتیژی، و پتەوکردنی باڵادەستی زۆرینەیەك دژی کەمینەیەك و... بەڵام هاوکات خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ئەو دیاردەیەش دەخاتەڕوو، بەشێوەیەك کە بەسیاسیکردنی ئەوە دەسەلمێنێت کە پرۆسەی بەسیاسیکردنی هەر ئایینێك تەواو کاریگەرە بە ڕەوشی سیاسی وئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریی ئەو ناوچە و وڵاتەی کە ئەم پرۆسەیەی تیا پیادە دەکرێت، بەهۆی جیاوازی میراتی مێژوو و سیستەمی سیاسی و داینامیکە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی وڵاتانەوە.

**بەڕای بەشێك لە توێژەران، ئیسلام هەر لەبناغەوە ئایینێکی سیاسی بووە، بۆیە پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت لە ئیسلامدا بۆ سەرەتای هاتنی ئەم ئایینە دەگەڕێتەوە**

لەسایەی نموونە پراکتیکییەکانەوە، بۆمان دەرکەوت کە بەسیاسیکردنی ئایین سروشتێکی پارادۆکسئامێزی هەیە، چونکە لە کاتێکدا کە دەتوانێت بزوێنەرێکی سەرەکی توندوتیژی و جەمسەرگیری و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پاشەکشێکردنی دیموکراسی بێت، لەهەمان کاتدا لە هەندێک بارودۆخدا دەتوانێت هێزێک بێت بۆ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی ئەخلاقی و بەرەنگاربوونەوەی نادادپەروەری و ستەمی سیاسی، بەڵام زۆربەی جار دەرئەنجامە نەرێنییەکانی لە دەرئەنجامە ئەرێنییەکانی زیاتر بووە.

دەرئەنجامە قووڵە کەلتوری و کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکانی بەسیاسیکردنی ئایین، هەر لە هاندانی گوتاری توندوتیژییەوە تا ململانێی بەربڵاو و جیاکاری و هەڵاواردن، تەحەددای بنەڕەتین بۆ پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، پێویستی بە تێگەیشتنی ورد و مامەڵە لەگەڵکردنی وریایانەیە. کاتێک ئایین وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاردەهێنرێت، دەتوانرێت توانا سروشتییەکەی بۆ یەکگرتنی کۆمەڵایەتی، وەرگێڕنرێت بۆ پەرەپێدانی دابەشبوون و پەراوێزخستن و توندوتیژی. لەم دیمەنە ئاڵۆزەدا، دەشێت برەودان بە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکانی وەك مافی مرۆڤ و بەدیهێنانی عەدالەتی جیهانی، و پەروەردەکردنی کۆمەڵگا لەسەر بەهاکانی یەکدی قبوڵکردن و لێبوردەیی، و سازدانی گفتوگۆی بەردەوامی نێوان پێکهاتە ئاینییەکان و دامەزراوە سیاسییەکان

و کۆمەڵگەی مەدەنی، دەشێت هەموو ئەمانە کاریگەریان بۆ کەمکردنەوەی لایەنە نەرێنییەکانی بەسیاسیکردنی ئایین هەبێت، لەپێناو هێشتنەوەی ئایین وەك مۆتیڤی بەدیهێنانی ئاشتی و دادپەروەری، نەک ئامرازی نانەوەی ململانێ و ستەمکردن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

(١) سەبارەت بە زاراوەی (بە سیاسیکردن) لەڕووی زمانییەوە بڕوانە ئەم فەرهەنگانە لەم بەستەرانە:

Politicization noun - Definition، pictures، pronunciation and usage notes، Oxford Advanced Learner's Dictionary، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٤) at:
https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/politicization

Politicization Definition & Meaning، Merriam-Webster، accessed on (٢٠٢٥/٨/١٤) at: https://www.merriam-webster.com/dictionary/politicizations

Politicization، definition in the Cambridge English Dictionary، accessed on (٢٠٢٥/٨/١٤) at: https://dictionary.cambridge.org/us/dictionary/english/politicize

(٢) د.عابد خالید ڕەسول، دەروازەیەک بۆ زانستی سیاسەت، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل ١٦-٢١.

(٣) Claudia Wiesner (ed.)، Rethinking Politicisation in Politics، Sociology and International Relations، Trento & Copenhagen: Palgrave Studies in European Political Sociology، (٢٠٢١)، p ٤٣.

(٤) Claudia Wiesner، Politicisation and Democracy: The Consequences of Contingency، (Cogitatio Press: Politics and Governance - Open Access Journal، Vol. ١٣، ٢٠٢٥)، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٤) at:
https://www.cogitatiopress.com/politicsandgovernance/article/view/٩٧٢٣

(٥) سەبارەت بە ئەم پێناسانە بڕوانە: منال جرود، مفهوم تسييس الدين، موقع الموسوعة السياسيّة كتبت في ٢٠٢٥/٧/١٩، تأريخ الزيارة في (٢٠٢٥/٩/٢٦)، على الرابط الآتي:
https://political-encyclopedia.org/dictionary/مفهوم٪٢٠تسييس٪٢٠الدين

(٦) Carolina Ivanescu (٢٠١٠): Politicised religion and the religionisation of politics، Culture and Religion: An Interdisciplinary Journal، Vol. ١١، No. ٤، December ٢٠١٠، pp ٣٠٩-٣١٠.

(٧) Scott W. Hibbard، Religion، Politics، and Nationalisms، Berkley Forum، March ٣٠، ٢٠٢٢، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٤) at:
https://berkleycenter.georgetown.edu/responses/religion-politics-and-nationalisms

(٨) Kathryn Echele، Weaponization of Religion: The Manipulation of Religion in the Pursuit of Political Power in Yugoslavia and Syria، Senior Theses، International Studies، Fordham Research Commons، Fordham University، Spring ٢٠٢٣، pp ١٣-١٤.

(٩) Prof. Anastasia Mitrofanova & Prof. Sharyl Cross، Politicization of Religion from a Global Perspective، A special issue of Religions، ١ October ٢٠٢١، accessed

at: https://www.mdpi. ،(٢٠٢٥/٩/٢٥) on com/journal/religions/special_issues/ politi_rel

(١٠) Kathryn Echele، Op. Cit.، p ١٥.

(١١) Luca Ozzano، Religious fundamentalism and democracy، Politics and Religion Journal، Vol ٣، No.١، June ٢٠٠٩، pp ١٢٨-١٢٩.

(١٢) Tamás Nyirkos، Patriotism as a Political Religion: Its History، Its Ambiguities، and the Case of Hungary، Religions - open access journal، Vol ١٤، issue ١، January ٢٠٢٣، pp ٢-٣.

(١٣) Pew Research Center، Many Countries Favor Specific Religions، Officially or Unofficially، accessed on (٢٠٢٥/٨/١٦)، at: https://www.pewresearch.org/religion/٢٠١٧/١٠/٠٣/many-countries-favor-specific-religions-officially-or-unofficially/

(١٤) م.د. محمد علي محمد بحر العلوم، التنظيم الدستوري لمكانة الدين في الدولة - دراسة مقارنة، مجلة كلية القانون والعلوم السياسية في الجامعة العراقية، العدد (١٣)، كانون الثاني ٢٠٢٤، ص ٢٥٠.

(١٥) Angelina E. Theodorou، In ٣٠ countries، heads of state must belong to a certain religion، Pew Research Center، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٥)، at: https://www.pewresearch.org/short-reads/٢٠١٤/٠٧/٢٢/in-٣٠-countries-heads-of-state-must-belong-to-a-certain-religion/

(١٦) Aernout J. Nieuwenhuis، State and religion، a multidimensional relationship: Some comparative law remarks Free، International Journal of Constitutional Law، Vol ١٠، Issue ١، January ٢٠١٢، p ١٥٧.

(١٧) Nadeem Karkabi، Jewish Religious Nationalism in Israel and the Racist Exclusion of Palestinians، Berkley Forum، August ٦، ٢٠٢١، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٦)، at: https://berkleycenter.georgetown.edu/responses/jewish-religious-nationalism-in-israel-and-the-racist-exclusion-of-palestinians

(١٨) Mika Ahuvia، Judaism، Jewish history، and anti-Jewish prejudice: An overview، The Stroum Center for Jewish Studies، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٦) at: https://jewishstudies.washington.edu/about-us/

(١٩) Lili Levi، Politicizing Antisemitism amidst Today's Educational Culture Wars، Lewis & Clark L. Review، Vol ٢٧,٤، ٢٠٢٤، pp ١١٩٠-١١٩٥.

(٢٠) چورج سباين، تطور الفكر السياسي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الكتاب الثاني، ص ص ٨٨-٩١، والكتاب الثالث، ص ص ٦٠-٧٠.

(٢١) Laura Silver، Comparing Levels of Religious Nationalism Around the World، Pew Research Center، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٦) at: https://www.pewresearch.org/global/٢٠٢٥/٠١/٢٨/comparing-levels-of-religious-nationalism-around-the-world/

(٢٢) ماكس فيبر، الأخلاق البروتستانتية وروح الرأسمالية، ت: محمد علي مقلد، مركز الانماء القومي، بيروت، ص ص ٥- ١٤.

(٢٣) منال جرود، المصدر السابق.

(٢٤) Kathryn Echele، Op. Cit.، pp

(٢٥) أ. د. حمدي عبد الرحمن حسن، نحو اقترابات آمنة: جدلية دور الدين في بناء السلام في أفريقيا، مركز الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، تأريخ في (٢٠٢٥/٩/٢٦)، على الرابط الآتي:
https://acpss.ahram.org.eg/News/١٧٨١٠.aspx
(٢٦) رجب البنا، الشيعة والسنة واختلاف الفقه والفكر والتاريخ، دار المعارف، القاهره، ٢٠٠٥، ص ص ١١-١٤.
(٢٧) د. محمد جميح، تسييس المقدس وتقديس المسيس، مؤسسة مؤمنون بلا حدود، تأريخ الزيارة في (٢٠٢٥/٩/٢٦)، على الرابط الآتي:
https://www.mominoun.com/articles/تسييس-المقدس-وتقديس-المسيس-في-التاريخ-الإسلامي-A-٥٤٢٦
(٢٨) الزواوي بغورة، تسييس الدين والثورات في الحاضر الإسلامي، مجلة التفاهم، المجلد (١٤) العدد (٥١)، سلطنة عمان، ٢٠١٦، ص ص ٦٩-٧٤ .
(٢٩) Eva Chappus، Buddhist Nationalism: Rising Religious Violence in South Asia، University of Denver - Undergraduate Research Journal، Volume ٢، Issue ٤، ٢٠٢٣ .
(٣٠) Andrew Bartles-Smith and Others، Buddhism and International Humanitarian Law، Taylor & Francis، London & New York، ٢٠٢٤، pp ٣٦-٣٨.
(٣١) د. ظفرالإسلام خان، حركة القومية الهندوسية.. وكيف غيرت الحياة السياسية الهندية وهمّشت المسلمين، منصة إدراك المعرفية، أوراق معرفية، ٢٠٢٢ ، ص ص ٣٨ - ٤١.
(٣٢) Anuja Bose، Hindutva and the Politicization of Religious Identity in India ، Journal of Peace، Conflict and Development، Issue ١٣، February ٢٠٠٩، pp .
(٣٣) Ashutosh Varshney and Connor Staggs، Hindu Nationalism and the New Jim Crow، accessed on (٢٠٢٥/٩/٢٨) at:
https://www.journalofdemocracy.org/articles/hindu-nationalism-and-the-new-jim-crow/
(٣٤) Khalid Ansari، Hindu Nationalism in Theory and Practice، Project of Master، submitted in the Graduate School of Duke University، ٢٠١٦، p. ٨٧.
(٣٥) راجيب نيوبان، صعود القومية الهندوسية: الأسباب والمآلات، ت: حسين محمد نعيم الحق ، مؤسسة وعي: تأريخ الزيارة في (٢٠٢٥/٩/٢٨)، على الرابط الآتي:
https://wa٣efoundation.net/Post/article/hindus

# ڕۆڵ و کارایی ئایین

# لە ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا

ئلیاس تاهیر

**پێشەکی:**

کۆمەڵگە مرۆییەکان لە سەرەتای مێژووەوە بۆ بەردەوامبوون و پێشکەوتن پشتیان بە چەند ڕەگەزێك بەستووە، هەرچەندە جۆر و شێوازی ئەم ڕەگەزانە لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و کاتێك بۆ کاتێکی تر جیاوازن، بەڵام هەندێك لەم ڕەگەزانە هەر لە سەرەتاوە هەتا سەردەمی ئێستاش بەردەوام ڕۆڵیان لەسەر لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە وەك ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ....هتد ماوە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ناو کۆمەڵگەوە هەیە. ئایین یەکێك لە دیارترین و گرنگترین ئەم ڕەگەزانەیە که کاریگەری و ڕۆڵی دیاری هەیە لەناو کۆمەڵگە، بەتایبەت لە بواری دروستکردنی ڕای گشتی و کۆکردنەوەی دەنگ لە کاتی هەڵبژاردن.

ئایینی ئیسلامیش وەك یەکێك لە گەورەترین و کاریگەرترین ئایینە ئاسمانییەکانی ئەم جیهانە ڕۆڵ و کاریگەری ڕوون و ئاشکرای لەسەر گۆڕانکاری و شێوازی ژیان و بڕیاردان هەبووە لە نێو کۆمەڵگە مرۆییەکان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئایینی ئیسلام ئایینی زۆرینەی خەڵکی ئەم ناوچانەیە و دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەش زۆر کات پەنایان بۆ ئایینی ئیسلام بردووە بۆ بەدەستهێنانی ڕای گشتی و پشتگیری جەماوەری، یاخود بەکاریان هێناوە وەك پاڵپشت بۆ هەنگاوە یاسایی و سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکان. لە بەرامبەر ئەمەشدا هەندێك جار لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەم وڵاتانە پەنایان بۆ ئایین بردووە وەك پاڵپشت و هۆکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و لێدان لە هەر هەنگاو بڕیارێك کە بەرهەم دێت.

هەرێمی کوردستانیش کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی کوردن و هەڵگری بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامن، ڕۆڵ و کاریگەری ئەم ئایینەی زۆر بە ڕوونی پێوە دیارە. بە زۆرینەی

لایەن و گرووپ و پارتە سیاسییەکانەوە و زۆر کات پەنا بۆ ئایین دەبرێت و وەك ئامرازی پاڵپشت بۆ سیاسەتەکان بەکاردێت .

لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە بیرو باوەڕێکی جیاواز هەیە لەنێولایەن و گرووپە ئیسلامییەکان و هەریەك بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی تایبەت بە خۆی ئاراستەیەکی جیاوازی دروست کردووە و هەوڵی بەدەستهێنانی ڕابەرایەتی ئایینی ئیسلام دەدات و لە وێشەوە کۆکردنەوەی لایەنگرو ئەندام و دۆست بۆ بەهێزکردنی ئەم ئاراستەیە، بە پێویستی دەزانم لەم نووسینەدا ڕۆڵ و کاریگەریی ئایینی ئیسلام لە ڕوانگەی ئەم گرووپ و لایەنانە و کاریگەری لەسەر ڕای گشتی بڕیار و هەنگاوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان شیبکەمەوە.

لەکاتی ئێستا دا لەهەرێمی کوردستان چەندین تەوژم ڕەوت و گرووپی، ئیسلامی بوونیان هەیە، هەر چەندە لە بنەڕەتدا یەک سەرچاوەیان وەک بەرنامە هەیە، بەڵام لە چەندین خەسڵەت و دیدی تێڕوانینی جیاوازی ڕوون و ئاشکرایان هەیە ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان دەرئەنجام و هەڵقوڵاوی داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردییە و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە کاریگەری دەرەکیش کارتێکردنی لەسەری هەبووە.

کەواتە لێرەدا دەبێت ئەوە ڕوونبکەمەوە کە بە گشتی سێ ئاراستەی سەرەکی هەیە، کە تایبەتن بە پەیوەندی ئایین بە ژیان و دواتر بە تایبەت کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، یەکەمیان ئاراستەی زاڵبونی ڕەهای ئایینە بەسەر سیاسەت و هەموو لایەن و بوارەکانی ژیان بە کایەی سیاسیشەوە. دووەمیان ئایین دەبەستێتەوە بە پەیوەندی تاك بە خودای خۆی و دوورە لە تێکەڵبوونی سیاسەت و کۆمەڵگە، سێهەم ئاراستەی تێکەڵکردنی ئایین بە ژیانی گشتی کۆمەڵگە و دەرخستنی ڕۆڵی کاریگەری ئایین بەڕوونی لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵام بە خۆپاراستن لە تێکەڵبوونی کاری سیاسی.

خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت لەم باسەدا جێگەی تێڕوانین و وردبینی بێت ئەویش ئەوەیە کە مەبەست لە پەیوەندیی ئایین و سیاسەت تەنیا لایەن و پارتی سیاسی و گرووپەکان نییە، کە لە کاری ڕۆژانە و پەیڕەوی نێو خۆیاندا دەربکەوێت، بەڵکو ئەم پەیوەندییە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیش دەگرێتەوە وەك یەکەی ئیداری خاوەن سەروەری و ڕێکخەر و جێبەجێکاری یاسا.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین کە چۆنێتی و شێوازی سوود وەرگرتن لە ئایینی ئیسلام لەلایەن پارت و گرووپەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاو و بڕیارەکانیان بکۆڵینەوە و ئەوە دەربخەین کە ئایا هەتا چەند ئەم پارت و لایەنانە توانیویانە ئایین وەك سەرچاوە و ئامراز بەکاربهێنن بۆ بەدەستخستنی سوودی

سیاسی و ئابووری؟ ئایا ئەم هەوڵانە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت ڕاست و دروست بوون؟ یاخود گرفت و کێشەی دروستکردووە؟ وە ئایا تا چەند تاکی کوردی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری ئەم شێوازەی سیاسەتکردنی پێوە دیارە و کاریگەر بووە؟ یاخود بڵێن ئایا کاریگەری ئەرێنی هەبووە؟ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارانە و وەرگرتنی وەڵامی دروست باسەکەمان دەکەین بە چوار خاڵی سەرەکی و دەرئەنجامێك.

**باسی یەکەم: ڕەوتە سۆفیەکان:**

سۆفیگەری و ئەهلی تەسەوف لە کوردستاندا ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە و زۆر بەباشی ناسراوە، وشەی تەسەوف و دەروێشیش ئاماژەیە بۆ کەسانێك کە زیاتر پەیوەستن بە خودا پەرستی و زیکرکردن و گرنگی زۆر دەدەن بە ڕۆح و بەهاکان و ڕێزیان بۆ پیاو چاکان زۆرە بە تایبەت خاوەن تەریقەت و شێخەکانیان. سۆفییەکان لە کوردستان بە ئاسانی جێگای خۆیان لە دڵی خەڵکدا کردووەتەوە بە هۆی ئەوەی کە دوورن لە هەموو کردەوەیەکی توندوتیژ و تەنیا حەزیان بەکاری چاکە و ئامۆژگارییە و هیچ دژیەك بوون و ڕووبەڕووبوونەوەیەك دروست ناکەن، هەروەها لە ڕووی جێبەجێکردنی شەریعەتەوە مەزهەبی ئیمامی شافیعی پەیڕەو دەکەن و دەمارگیریان نییە بۆ بابەتە جیاوازەکانی شەریعەتی ئیسلامی.

ڕەوتی سۆفیگەری لە کوردستان بە گشتی دابەش دەبن بۆ دوو بەش، تەریقەتی نەقشبەندی و قادری، کە بریتین لە تەریقەتی شێخانی بیارە کە زیاتر پەیوەستن بە مزگەوت و خزمەتکردنی مزگەوتەکان و دانانی حوجرەی فەقێ و پێگەیاندنی مامۆستای ئایینی بە بیرو هزری سۆفیگەری و کەمتر کۆڕی زیکری گشتی دروست دەکەن و لایەنی زانستی و ڕۆحی بەباشی بەیەکەوە گرێدەدەن. بە شێکی تری تەریقەت لە کوردستان زۆرتر تەکیەی تەریقەتیان هەیە و گرنگی بە کۆکردنەوەی دەروێش و لایەنگرانی تەریقەت و شێخ دەدەن و کۆڕی زیکری گەورە دروست دەکەن و وەك عیبادەتێکی گرنگ تەماشای دەکەن و سیمایەکی دیاری دەرخستنی تەریقەت و بیروباوەڕەکەیانە.

ئامانجی سەرەکی سۆفیگەری دروستکردنی مرۆڤی عاریفە، واتە مرۆڤی خاوەن ئەخلاق کە دەتوانێت بە دروستی مامەڵە لەگەڵ خودا و خەڵکدا بکات، بتوانێت ئەخلاق خودایی بێت و بتوانێت خۆی بڕازێنێتەوە بە خزمەت و هاوکاری مرۆڤەکانی تر و قبوڵی هەموان بکات. بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەهلی تەسەوف خزمەتێکی گەورەیان بە هزری ئیسلامی کردووە و لەم بوارەدا شێوازێکی نوێ و جیاوازیان دروستکردووە، کە تێڕوانینی کەسی موسڵمان بۆ ژیان بە گشتی تێڕوانینێکی مرۆڤانەی دروستە.

سەبارەت بە ڕۆڵی سۆفیگەری لەسەر لایەنی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کەلە قۆناغەکانی مێژووی شۆڕشی کوردستاندا ڕۆڵ و کاریگەری تەواویان هەبووە و پاش میرو خانزاد و سەرکردەکانی هۆزەکان، شێخ و مەلاو ئەهلی تەسەوفی زۆرمان هەیە کە سەرکردایەتی شۆڕشیان کردووە و لەم ناوەندەدا جێگەی دەستیان بەباشی دیارە.

بەڵام لە واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ڕاستەوخۆ هیچ بەشداریەکیان نییە و هیچ کات هەوڵی ئەوەیان نەداوە وەك گرووپ پارت و ڕێکخراوی سیاسی دەربکەون و بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لە ئاستەکانی تردا هیچ ڕۆڵیان نەبێت، بەڵکو هەندێك کات دەرکەوتنی کەسی یەکەمی تەریقەت لە کاتێکی هەستیاری سیاسی، یاخود هەڵبژاردن لە شوێنێکی تایبەت، یاخود لەگەڵ سەرکردەی پارت و لایەنێکی سیاسی، دەکرێت خوێندنەوەی ئەوەی بۆ بکرێت کە وەك نامەیەك، یاخود پەیامێك وایە بۆ شوێنکەوتوان و لایەنگرانی بۆ پشتگیری ئەم پارت، یاخود لایەنە، یان دەرکەوتنی شێخانی تەریقەت و پێدانی ئامۆژگاری بە شوێنکەوتوانی هەندێك جار پەیامە و خزمەتێك دەکات کە بە شێکی سیاسییە و دەبێتە خاڵێکی تەواو کەر بۆ سیاسەتی گشتی ناوچەکە.

هەرچەندە ئەوەی گرنگە ڕوونبکرێتەوە ئەوەیە کە سۆفیگەری و ئەهلی تەسەوف ڕاستەوخۆ هیچ هەنگا و مەیلێکی سیاسیان نییە و بەژداری لە هیچ کایەیەکی سیاسیدا ناکەن و تەنیا لایەنی ڕۆحی و ئەخلاق مرۆڤەکان ئامانجە و کاری لەسەر دەکرێت. بەڵام جارێکی تر دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت لە دەرئەنجامدا تاکی سۆفی بەهۆی پەروەردەی ڕۆحی و ئەخلاقی و مرۆڤ دۆستانەی و پشت بە ستن بە ئایینی ئیسلام و نواندنی گەورەی بەرامبەر مرۆڤەکانی تر، کاریگەردەبن بەهەر هەنگاو سیاسەتێك کە باکگراوندێکی ئیسلامی هەبێت، یاخود بۆی دروست بکرێت و زیاتر لایەنگری و هاوسۆزی ئەهلی تەسەوف بەدەست دەهێنێت بەتایبەتتر لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت ئەهلی تەسەوف لە کوردستان بە هەردوو تەریقەتی گەورە و بەناوبانگ و هەموو مورید و دەروێش و شوێنکەوتوانی بەهیچ جۆرێك بەژداری سیاسی ناکەن و کاری سەرەکیان لە دونیا بریتییە لە زیکر و پەیوەندی لەگەڵ خودا و یارمەتی و خزمەتی مرۆڤەکان لەسەر زەوی.

**<u>باسی دووەم :- ڕەوتە سەلەفییەکان:</u>**

زاراوەی سەلەف بە مانای پێشین دێت و لە ڕووی مانای تایبەتیەوە بریتییە لە خەڵکانی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) کە هاوەڵانن و شوێنکەوتوانی ئەوان ،کە بە

تێگەیشتنی زانایانی ئایینی ئیسلام باشترین ئومەتی ئیسلامین و دەبێت پەیڕەوی لە هزر و کارو کردەوەیان بکرێت.
تا ئێرە سەلەفییەکان هاوڕا و کۆکن، بەڵام کاتێك قسە دێتەسەر ئەوەی تێگەیشتنی پێشین بۆ قورئان و سوننەت کامەیە؟ ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێت و هەریەکەیان تێگەیشتن، دونیابینی و مومارەسەی ئاییندارییانەی خۆی بە دروست دەزانێت، سەلەفییەت چەندین خەسڵەتی هەیە، یەکێك لەو خەسڵەتانە تێگەیشتنی ڕووکەشیانە لە ئایین و گرنگیدانی زۆر بە پەرستش و ڕەفتارە ڕووکەشییەکان، بۆیە هەندێکجار بە سەلەفی ڕووکەشی ناودەبرێن.

**مەبەست لە پەیوەندیی ئایین و سیاسەت تەنیا لایەن و پارتی سیاسی و گرووپەکان نییە، کە لە کاری ڕۆژانە و پەیڕەوی نێو خۆیاندا دەربکەوێت، بەڵکو ئەم پەیوەندییە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیش دەگرێتەوە وەك یەکەی ئیداری خاوەن سەروەری و ڕێکخەرو جێبەجێکاری یاسا**

هەندێک کات زاراوەی ئوسوڵی-یان بۆبەکاردێت کە ئاماژەیە بۆ گرووپێك، یاخود کە سانێك کە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن و دەگەڕێنەوە سەر بابەتە ئەسڵی و بنەڕەتیەکانی ئەم ئایینە. بەگشتی سەلەفییەکان بە هەموو ڕەوت و بۆچوونە جیاوازەکانەوە دەگەڕێنەوە سەر (شێخ ربیع هادی المدخلی) کە بە دامەزرێنەر و پێشڕەوی گشتی سەلەفییەکانی جیهان دا دەنرێت و پاش مردنی هێشتا نووسراو و فەتواکانی هەر بەرنامە و سەرچاوەن بۆ سەلەفییەکان لە هەموو وڵاتانی جیهان و شانشینی عەرەبی سعودیش زۆر بەهێزەوە پشتیوانی ئەم گرووپە دەکات.

**گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە فیکری سەلەفییەتی لەسەردامەزراوە ئەمانەن:**

١- گرنگیدانی تەواوەتی بە شوێن کەوتن و پەیڕەویکردن لە هەموو پاشماوە ئایینییەکانی وەك وتە و کردەوە کەلە پێشینانی ساڵح بە جێماوە و جێبەجێکردنی وەك خۆی. هەر بەم هۆکارەشە زۆرێك پێیان دەڵێن شوێن کەوتەی دەق، چونکە زۆر بە وردی دەقەکان وەك خۆی جێبەجێ دەکەن و مەجالی لێکدانەوە و تێکەڵکردنی واقیع بەکەمی نەبیت ناهێڵێتەوە.

٢- ڕەخنەگرتن و خۆپاراستن لە (بدعە) داهێنراوەکان لە ئاییندا و دژایەتی کردنی و خوێندنەوەی وەك گومڕایی و لەڕێ لادان.

٣- گوێڕایەڵی (ولی الامر) کاربەدەستان کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و ڕێگە نەدان بە دژایەتی کردنیان.

٤- ڕەتکردنەوەی ڕەهای هەموو بیرو بۆچوون و گرووپ و لایەنەکانی تر کە جیاوازن لە تێڕوانینی ئایینی لەگەڵ سەلەفییەکان.

٥- دژایەتی کردنی دەرچوون لە فەرمانی دەسەڵاتدارو ڕەتکردنەوەی شۆڕش و دروستکردنی کێشە و گرفتی سیاسی.

٦- گرنگیدان بەلایەنی بیروباوەڕ و ئاداب و ئاکاری ئیسلامی و جێبەجێکردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا.

**لەگەڵ ئەمانەشدا چەند ڕەخنەیەك ڕووبەرروی سەلەفییەکان دەبێتەوە کە لەم خاڵانەدا کورتی دەکەینەوە:**

١- تۆمەتی حیزبایەتی، هەرچەندە سەلەفییەکان بنەمایەکی زۆر گرنگی بیروباوەریان بریتییە لە دژایەتی حزب و سیاسەت و خۆیان زۆر بەدوور دەزانن لەم بابەتە، بەڵام زۆرێك لەوانەی کە بەدواداچوون بۆ شێوازی کاری سەلەفییەکان دەکەن پێیان وایە زۆر ڕێکخراو و گوێڕایەڵ و تۆکمەن، کە نەك هیچی لە حیزب کەمتر نییە، بەڵکو کەم لە پارتە سیاسییەکان هەیە بەم شێوەیە کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

٢- تۆمەتی دەمارگیری، سەلەفییەکان زۆر بەدەمارگیر و توندرەو بۆ بیروباوەڕو ئەندامانی خۆیان دەژمێردرێن و کەمترین لێبوردنیان بۆ کەسانەی بەرامبەر و جیاواز هەیە لە فیکرو بۆچووندا، تەنانەت لە زۆر کاتدا بەرامبەر بەتەواوەتی ڕەت دەکەنەوە.

٣- تۆمەتی پاساو هێنانەوە بۆ دەسەڵاتدار لە کاتێکدا کە ئەو دەسەڵاتە مافی گەل و هاووڵاتییانی پێشێل دەکات و بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی دەبەزێنێت.

٤- سەلەفییەکان بە نزیکەیی بە تەنیا شیخ ڕەبیع هادی مەدخەلی بە زانا دەزانن و زیادەی ڕۆی لە گرنگیدان بە فەتوا و بیرو بۆچوونەکانی دەکەن.

هەرچەندە مەلا حەمدی سەلەفی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بیری سەلەفییەت لە کوردستان، بە تایبەت لە دەڤەری دهۆك و موسڵ و چەند شوینێکی تر، ئەمیش لە ڕێگەی وانەوتنەوەوە، دواتر بە هەوڵ و کۆششی مەلا حەمدی و چەند کەسایەتییەکی تر دوای ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) کۆلێژی شەریعە و قوتابخانەیەکی زانستە شەرعییەکان لە دهۆك دروست دەکرێت، ئەمەش یەکەمین کۆلێژە لەو سنوورە کرابێتەوە کە زۆربەی مامۆستاکانی سەلەفیی بوون و پاڵپشتییەکی زۆریشی لە لایەن سعودیەوە لێ دەکرا.

دوای ئەمە دەتوانین بڵێین سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی فیکری سەلەفییەت لە کوردستان دەگەڕێتەوە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە یەکەم قوتابخانە بە پێشەوایەتی (عمر سەلەفی) دەمەزرا بەناوی قوتابخانەی عومەری کوری خەتاب و لەم قوتابخانەیەدا فیکرو

بەرنامەی سەلەفییەت دەخوێندرا و پەرەی پێدرا.
بەڵام دەرکەوتنی فیکری ڕاستەقینەی سەلەفییەکان لە هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بووە و دواتر لە سەرەتای ساڵانی دوو هەزارەوە بە تەواوەتی وەك گرووپ دەرکەوتن و بڵاوەیان کرد، لە پاش ساڵی (٢٠٠٠) قۆناغێکی تازە بۆ سەلەفییەکانی کوردستان هاتە پێش، دەموچاوی تازەی کەسایەتی سەلەفیی وردە وردە دەرکەوتن و سیماکانی مەدخەلی زاڵبوون، لە سەرەتای سەدەی بیستویەك خۆری کەسایەتییەکانی دیکە وردە وردە ئاوابوو. ئەمەش بە دەرکەوتنی د. عەبدوللەتیف ئەحمەد مستەفا (عەبدوللەتیف سەلەفی) مەدخەلییەکان دیدێکی تایبەتیان بۆ کۆمەڵگە هەیە، بە تێڕوانینی مەدخەلییەکان کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر ئەم سێ چینەدا: هەڵگرانی مەنهەجی سەلەفییەت کە مەبەستیان (مەدخەلییەت)ە، موبتەدیع کە مەبەستیان حزب، ڕەوت و ڕێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامییەکانە، کافر کە مەبەستیان ڕێباز و هەڵگرانی ئایینەکانی ترە، لەسەر ئەم بنەمایەش مامەڵە دەکەن، بەڵام ڕەوتەکەی تری سەلەفیەکان کە حەلەبییەکانن لەو دابەشکارییەدا هاوڕایانن، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە خۆیان بە سەلەفیی ڕاستەقینە دەزانن و مامەڵەشیان لەگەل حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان نەرمە و هێندەی مەدخەلییەکان توند نین.
کە دەتوانین بڵێین لاوازبوونی فیکری سۆفیگەری لەلایەك و گەڕانەوە و پاشەکشەی لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان هۆکاری دیاری زیادبوون و بڵاوبوونەوەی فیکری سەلەفییەت بوون.
سەلەفییەکان هەر زوو پاش دەرکەوتن و بڵاوبوونەوە یان وەك گرووپێکی خاوەن هزری ئیسلامی دابەشبوون جیاوازی ڕوون لە نێوانیاندا دەرکەوت کە بوە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند گرووپێکی خاوەن ڕاقەی جیاواز بۆ بنەماکانی ئایینی ئیسلام ، بەتایبەت بابەتەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕی ئیسلامی و ئەم جیاوازیانەش سیمای جیاوازیان بەخشی بە هەریەك لەم گرووپانە.

**سۆفییەکان لە کوردستان بە ئاسانی جێگای خۆیان لە دڵی خەڵکدا کردووەتەوە بە هۆی ئەوەی کە دوورن لە هەموو کردەوەیەکی توندوتیژ و تەنیا حەزیان بەکاری چاکە و ئامۆژگارییە و هیچ دژیەك بوون و ڕووبەڕووبوونەوەیەك دروست ناکەن**

لێرەیدا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە مەبەست لە گرووپ و تێڕوانینی جیاوازی سەلەفییەکان گرووپە

سەلەفییە جیهادییەکان نییە، چونکە هەندێك پێیان وایە کە گرووپە چەکدار و جیهادییەکانیش سەرچاوەیان لە سەلەفییەکانەوە هاتووە و کاتێك باسی گرووپی سەلەفی دەکرێت دابەشی دەکەن بۆ سەلەفی مەدخەلی و سەلەفی جیهادی، بە ووردبوونەوە لە مێژووی سەرهەڵدان و تێڕوانینی هزری هەریەك لەم دوو گرووپە دەردەکەوێت زۆر دوورن لە یەکتر و بە بۆچوونی من هیچ خاڵێکی هاوبەش بەیەکیانەوە نابەستێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت بنەمای سەرەکی فیکرو هزریان دەگەڕێننەوە بۆ ئایینی ئیسلام.

سەلەفییەکانی کوردستان هەرچەندە لە ڕووی دابەشبوونی پەیوەست بوون (گرووپی) زۆر ورد بوونەتەوە و هەندێك جار مزگەوتێك بە تەنیا بۆ خۆی گرووپێکە و مامۆستای وتاربێژوو پێش نوێژ سەرکردەیە،لەبەر ئەمە ناتوانرێت بە وردی تێڕوانینی هەموو ئەم وردە گرووپانەش سەبارەت بە واقیعی سیاسی و ئیدارەی دەسەڵات ڕوونبکرێتەوە.

دەتوانین بە گشتی سەرنج بخەینە سەر سێ ڕەوتی سەرەکی کە لەکوردستاندا دیارن و لایەنگر و شوێنکەوتەی زۆریان هەیە و هەندێکیان خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندنی بینراو یاخود بیستراون و بەگشتی بە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاوبنەتەوە.

گەورەترین و بڵاوترین ڕەوتی سەلەفی لە کوردستان ئاماژەی بۆ بکەین ڕەوتی دکتور عەبدوڵڵەتیفە لەمزگەوتی بەهەشت کە خاوەنی شوێنکەوتوی زۆرە و کەناڵی ئاسمانی و ڕادیۆ و بڵاوکراوەشیان هەیە و دەرکەوتنیان زۆرترە لە هەموو سەلەفییەکانی تر.

ئەم ڕەوتە هەرچەندە ڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکان بە سیاسەت و ئیدارەدانی دەسەڵاتی سیاسی نییە و ئەمەش لە هزر و بیرو باوەڕیاندا چەسپاوە و پێیان وایە حیزبایەتی بە تایبەت بە باکگراوندی ئیسلامی گومڕاییە و نابێت بە هیچ شێوەیەك هەبێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کەوەك بنەماکانی پارتی سیاسی ئەم ڕەوتە هەموو بنەما سەرەکی و گرنگەکانی پارتی سیاسیان هەیە، تەنیا ئەوە نەبێت بەشداری سیاسی ناکەن، واتا تەنیا یەك بڕیار و ئاڵایەکیان پێویستە یەکسەر دەبنە پارتی سیاسی و بەشداری هەڵبژاردنیش دەکەن، باشترین نمونەش سەلەفییەکانی وڵاتی میسرە کە لەسەردەمی دەسەڵاتی حوسنی موبارەك تەنیا ڕەوتێکی ئایینی بوون و هیچ بەشدارییەکی سیاسیان نەبوو، بەڵام پاش شۆڕش و دەستپێکردنی قۆناغی نوێ یەکسەر بەیەك بڕیارو دانانی ئاڵایەك بوونە پارتێکی سیاسی و ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبوو لە پشتگیری سەرۆکی ئێستای میسر و نزیکەی چواریەکی کورسییەکانی پەرلەمانی میسریان برد.

هەردوو ڕەوتەکەی تری سەلەفییەتیش

کە بڕیتین لەڕەوتی مزگەوتی ئیمان بە پێشەوایەتی مەلا عبدالکریم و ڕەوتی شوێنەکەوتوانی محمدی مەلا فائیق شارەزووری، هەمان بیروبۆچوونی ڕەوتی یەکەمیان هەیە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی و بەشداری هەڵبژاردن، بەڵام جیاوازییەکانیان زیاتر پەیوەندی بە لایەنی بیروباوەڕو لێکدانەوەی دەقەکانە.

سەلەفییەکان زۆر بە کورتی و پوختی دەرگای کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەیان سەبارەت بە سیاسەت داخستووە ئەویش بە بنەمایەکی فیکریان کە بریتییە لەوەی هەر کەسێك بەهەر شێوەیەك ببێتە سەرکردە و کار بەدەستی وڵات ئەوە وەلی ئەمرە و لادان لە فەرمانی و دژایەتیکردنی نادروستە و سەردەکێشێت بۆ گومڕایی، هەرچەندە ئەم سەرکردەیە خراپیش بێت.

بەڵام بە تێڕوانینی ئێمە سەلەفییەکان بە چەند شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەشداری سیاسی دەکەن، یاخود بڵێین بە شێکن لە واقیعی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵیان هەیە لە شێوازی ئیدارەدانی دەسەڵاتی سیاسی لەم هەرێمەدا.

زۆری ئەندام و شوێنکەوتوانی سەلەفییەکان کە لەکاتی ئێستادا بەشێکی دیاری کۆمەڵگەن بە هۆی ڕەفتاری دوور لە کێشە و خراپەکاریان بوونەتە هۆکارێکی گرنگی ئارامی و چەسپاوی ئەمنی و ئاسایش و بەرقەراربوونی یاسا و بەهێزی بواری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، کەئەمە خاڵێکی گرنگ و باش بەڕێوەچونی کاروباری دەسەڵاتی سیاسییە.

لەلایەکی ترەوە بەهۆی دژایەتیان بۆ بەشداری سیاسی و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان وا دەکات بەشێکی زۆری ئەم کۆمەڵگەیە بەشداری سیاسی نەکات،کە لە ئەنجامدا بە سوودی دەسەڵاتێکی سیاسییە کە مەبەستی مانەوە و درێژەدان بێت بەم شێوازەی بەڕێوەبردن.

**سەلەفییەت چەندین خەسڵەتی هەیە، یەکێك لەو خەسڵەتانە تێگەیشتنی ڕووکەشیانە لە ئایین و گرنگیدانی زۆر بە پەرستش و ڕەفتارە ڕووکەشییەکان، بۆیە هەندێکجار بە سەلەفی ڕووکەشی ناودەبرێن**

بەهەمان شێوە بە هۆی ئەوەی کە پێیان وایە خاوەن دەسەڵاتەکان وەلی ئەمرن و دەرچوون لە فەرمان و شۆڕش دژیان نادروستە و هەندێك جار دەبێتە کوفر ، وە لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر لە هاووڵاتییان بە هۆی فیکری ئیسلامی و کاریگەری ئەم ئایینە گوێڕایەڵی ئەم ڕەوتە سەلەفیانە دەکەن و لە پرۆسەی هەڵبژاردندا زۆری دەنگەکان دەچنە

گیرفانی دەسەڵاتداران.
هەروەها بەهۆی ڕێگەنەدان بە دژایەتی و شۆڕش و خۆپیشاندانیش دژی دەسەڵات ، جارێکی تر سەلەفییەکان دەبنەوە هۆکاری کەم بوونەوەی ئەم کارانە و کاڵبوونەوەی لای زۆرینەی خەڵك و لایەنەکانی تر ناتوانن ئەم کارانە وەك ئامراز بەکاربهێنن دژی دەسەڵات ، هەموو ئەمانەش ڕۆژانە و هەفتانە لە مزگەوتەکانەوە بە گوێی خەڵکدا دەدرێت.
لەلایەکی ترەوە سەلەفییەکان دەبنەوە هۆکاری بە هێزی دەسەڵات و لاسەنگی دەسەڵاتدارێتی بەلای دەسەڵاتداران ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی هەندێك لە سەرکردەی ئەم ڕەوتانە لەگەڵ سەرکردەی لایەنەکانی تر لە سەروبەندی هەڵبژاردن یاخود هەر گۆڕانکارییەك کە لە وڵات دێتە پێش ،کە ئەمەش وا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە پشتگیری ناڕاستەوخۆیە و لەکەناڵەکان ڕەواجی پێ دەدرێت.
بەگشتی سەلەفییەکان بە هەموو ڕەوت و گرووپ و بیروبۆچوونە جیاوازەکانیان بە هۆی بەفەرززانینی گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا لە وڵاتدا و ڕێگە نەدان بۆ دژایەتیکردنیان دەبنە هۆکاری ئارامی سیاسی و بەهێزبوونی دەسەڵات دژی هەموو لایەنەکانی تری ئۆپۆزسیۆن.

**سێیەم:- ڕەوتە ئیسلامییە جیهادییەکان:**
مەبەست لەم ڕەوتانە ئەو لایەن و گرووپە ئیسلامیانەن کە خاوەنی بیروباوەڕێکی جیاوازن لەگەڵ سەلەفییەکان و پێیان وایە بە شێکی گرنگی بیروباوەر ئەوەیە کە دەبێت هەڵوێست هەبێت بەرامبەر هەموو بوار و لایەنەکانی ژیان بە تایبەت سیاسەت و دەسەڵات و لە کاتی پێویستدا دژایەتی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی ئەگەر پێویست بە توند و تیژیش بکات.
بەڵام ئەم ڕەوتانەش دابەشبوونیان هەیە لەڕووی تێڕوانین بۆ ئەو شێوازەی کە پێویستە بگرێتە بەر بۆ ڕووبەروو بوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی کاتێك لە ماف و ئازادییەکان لایدا و ئایین و دابوونەریتی هاووڵاتییانی خستە مەترسیەوە، بەشێك پێیان وایە پێویستە تەنیا ڕێگا یاسایی و کارگێرییەکان بەکاربهێندرێت و بە هیچ شێوەیەك پەنا بۆ هێز نەبرێت، بەڵام بەشێکی تر پێچەوانەی ئەم بۆ چونەن و پێیان وایە پاش ئەوەی ڕێگا یاسایی و ڕێگە پێدراوەکان سوودی نەبوو یاخود کاریگەری نەبوو، پێویستە پەنا بۆ هێز ببرێت.
بانگەشەکردن بۆ فەرمانڕەوایەتی ئیسلام و جێبەجێکردنی حوکمی شەریعەت لەلایەن حزبە ئیسلامییەکانەوە، بووەتە بەشێك لە ناسنامە و دونیابینی ئەوان، ئەمەش زۆرتر ئەوەی تێدا دەخوێندرێتەوە کە ئەو حزبانە بڕوایان بە یەکجۆر بیرکردنەوە و یەك مۆدێلی حوکمڕانی هەیە و دەستاودەستکردنی

دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، بە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی حزبە ئیسلامییەکان ئەم بابەتە بۆ خوێنەر ڕۆشنتر دەبێتەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا ئەم دوو ڕەوتە لە سێ پارتی سیاسیدا دەرکەوتووە، کە بریتین لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی دادگەری کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان.

**زۆرێك لەوانەی کە بەدواداچون بۆ شێوازی کاری سەلەفییەکان دەکەن پێیان وایە زۆر ڕێکخراو و گوێڕایەڵ و تۆکمەن، کە نەك هیچی لە حیزب کەمتر نییە، بەڵکو کەم لە پارتە سیاسییەکان هەیە بەم شێوەیە کاری خۆیان ئەنجام بدەن.**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پارتێکی سیاسی ئیسلامییە کە بنەمای سەرەکی هزر و تیۆریان لە حەسەن بەنا وەرگرتووە، کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی ڕابردوو لە وڵاتی میسر ژیاوە و بە خاوەنی بیرۆکەی سەرەکی برایانی موسڵمان (ئیخوان مسلمین) دادەنرێت و پاش ماوەیەکی کەم ئەم تیۆرەی حەسەن بەنا بە خێرایی لە وڵاتانی ئیسلامی بڵاوەی کرد و لە زۆرینەی ئەم وڵاتانە وەك پارت و گرووپ دەرکەوتن.

بیروباوەڕی سەرەکی برایانی موسڵمان بریتییە لە تێکۆشان بۆ زیندووکردنەوە و گەیاندنی ئیسلام بە هەموو تاکێکی ئەم جیهانە بە هەموو شێوازێکی شیاو و گونجاو تەنانەت ئەگەر پێویست بە دروستکردنی پارتی سیاسیش بکات، چونکە بە شێکی گرنگی هزری برایانی موسڵمان بریتییە لە چاکسازی لە دەسەڵاتی سیاسی و هەوڵی گۆڕین و وەرگرتنی دەسەڵات دەدات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێیان وایە ناتوانرێت خزمەتی هاووڵاتی بکرێت و شەریعەت بچەسپێت ئەگەر دەسەڵاتت بە دەستەوە نەبێت.

بیرۆکەی ئیخوان موسلمین پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە دەرکەوتنی حەسەن بەنا لە وڵاتی میسر کاتێك محمد محمود سەواف سەردانی وڵاتی میسری کردوو چاوی بە حەسەن بەنا کەوت لە ساڵی ١٩٤٤ گەرایەوە وڵاتی عێراق و ئەم ڕەوتەی دامەزراند بەناوی (گرووپی برایانی موسڵمان) کە شێخ أمجد زوهاویش هاوکاری بووە و پاش ئەو سەرکردایەتی ئەم ڕەوتەی وەرگرت و بەردەوام بوون هەتا دواتر و لە ساڵی ١٩٥٤ کەوتنە بەر ڕاوەدونان و داخستنی شوێن و بارەگاکانیان، بەڵام ئەم ڕەوتە زیاتر برەویان بەکاریان داوبڵاوەیان کرد بۆ هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە. لە هەرێمی کوردستان ئەم ڕەوتە دەستیان بەکاری نهێنی و ڕێکخستن کرد و لە زۆربەی ناوچەکان زۆرێك مامۆستای ئایینی و کەسایەتی ناوداریان بۆ لای خۆیان

ڕاکێشاو ئەم کارە بە نهێنی مایەوە هەتا دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستان و پاش زەمینەسازی لە ساڵی ١٩٩٤ بە فەرمی وەك پارتێکی سیاسی دەرکەوتن.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان جگە لە هەوڵدان بۆ پەنا بردن بۆ هێز هەموو شێواز و ڕێگایەکی مەدەنیانەی گرتوەتە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کە لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەردەکەوێت کە بریتین لە بانگەوازی خەڵك بۆ ئایینی ئیسلام و گەیشتن بە دەسەڵات.

بە درێژایی تەمەنی سیاسیی، یەکگرتوو هەوڵیداوە لە ئەدەبیاتی خۆیدا وەك حزبێکی کوردستانی خۆی نمایش بکات، بۆیە لە پەیڕەوی ناوخۆدا بە سادەیی و ناڕاستەوخۆ باس لە بابەتی خیلافەت و ئوممەتی ئیسلام دەکات، لە بنەما گشتییەکانی کاری یەکگرتوودا لە بڕگەی چوارەم هاتووە کە "گەلی کورد بەشێکە لە ئوممەتی ئیسلام و مافی خۆیەتی خاوەنی گشت مافە ڕەواکانی بێت وەك هەموو گەلانی تری موسڵمان

لایەنێکی گرنگی سیاسەتی یەکگرتووی ئیسلامی بریتییە لە گرینگیدان بە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان، کە خزمەتی هاووڵاتییان دەکەن بێ بەرامبەر و بەشێك لە ژێر خانی ئابووری زیندوو دەکەنەوە لە ڕێگەی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.....هتد

هەروەها ڕۆڵ و کاریگەریان لە واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بە ڕوونی دیارە بە هۆی هەبوونی لایەنگری زۆر و بە دەستهێنانی ڕێژەیەك کە بوونیان لە پەرمان بسەپێنێت و چەند جارێك وەرگرتنی پۆستی وزاری و بەشداری لە حکومەت بوەتە هۆی هەبوونی ڕۆڵیان لە چەسپاندنی هزری ئیسلامی وەك باکگراوندێك لە هەندێک یاسا و بڕیاردا کە حکومەت دەری دەکات. بە گشتی ڕۆڵی لەسەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان هەبووە.

هەردوو پارتە ئیسلامییەکەی تری کوردستان لە بنەڕەتدا یەك پارتی سیاسی بوون کەلە ساڵی ١٩٨٧ لەسەر دەستی مامۆستا شیخ عبداللطیف و مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیز و چەند زانا و ناودارێکی کورد دامەزرا وەك بزووتنەوەیەکی دژ بەرژێمی بەعس بە تێڕوانین و بنەمای فیکری ئایینی ئیسلام ، ئەم پارتە بەردەوام بوو هەتا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە وەك هێزێکی سیاسی چەکدار دەرکەوتن و بەشداری یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیان کرد، بزووتنەوەی ئیسلامی وەك هێزێکی سیاسی مایەوە لە هەرێمی کوردستان هەتا بەهۆی هەندێك ناکۆکی ناوخۆیی و پاشان دروستکردنی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی، دواتر پارتێکی سیاسی لێ جیابوەوە بە ناوی کۆمەڵی دادگەری کوردستان و هەتا کاتی ئێستاش هەردوو پارتەکە لەکاری سیاسیان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامن.

لـە سـەرتـای دروسـتبـوونـی ئـەم پـارتـە ئیسلامییەوە بنەمای فیکریان بەروون و ئاشکرایی لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەدا چەسپاندووە، کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی شەریعەت و دامەزراندنی دەوڵـەت، یـاخـود دەسـەڵاتـێك لـەسـەر بنەمای ئایینی ئیسلام و هێزی چەکداریش وەك زەرورەتێکی گەیشتن بەئەم ئامانجە لەکاتی پێویست تەماشا کراوە.

**سەلەفییەکان زۆر بەدەمارگیرو توندڕەو بۆ بیروباوەڕو ئەندامانی خۆیان دەژمێردرێن و کەمترین لێبوردنیان بۆ کەسانەی بەرامبەرو جیاواز هەیە لە فیکرو بۆچووندا، تەنانەت لە زۆرکاتدا بەرامبەر بەتەواوەتی ڕەت دەکەنەوە**

هـەرچـەنـدە وەك بـنـەمـای فـیـکـری لـەنێو پەیڕەوی ئەم دوو پارتە بە ئاشکرایی باسی هێزی چەکدار نەماوە، بەڵام بەروونی ئەوە دیـارە کـە بیروبـاوەڕی جیهـاد و تێکۆشـان دژی زوڵـم وسـتـەم ئـەگـەر بـەهێزیش بێت هێشتا لـە هـزرو فـیـکـریان ڕەنگدانـەوەی هـەیـە و بـە هـۆی گـۆڕانـکـاری نـاوخـۆی و هـەرێمی لـەکاتی ئێـسـتـادا دەسـتـبـەرداری ئەم هەنگاوە بوون.

دەتوانین ڕوونتر ئەوە بڵێین کە بزووتنەوە ئیسلامییەکانی هـەرێمی کـوردسـتـان بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانکارییە ناوخۆی و هەرێمییەکان زۆرێك لە بیروبـاوەڕ بنەما فیکرییەکانیان گۆڕیوە، یاخود هەمواریان کـردووەتـەوە، یـان هـەڵـیـان پـەسـاردوە، ئـەمـەش ئـەوە دەگـەیـەنێت بـە تـەماشا کردنی ئەزموونی ساڵانی ڕابردووی خەباتی ئەم هێزانە دەردەکەوێت کە هەر چەندە قـورسـیـش بـوو بێـت تـوانـای خـۆڕاگـری و خۆگونجاندنیان هەیە بۆ ژینگەی جیاواز و بـەرامـبـەر فـشـارەکان هێزی مانـەوەیان هەیە.

لـە واقـیـعی سـیـاسی هـەرێمی کوردسـتـاندا ئیسلامییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوە بە بەشداری بەهێزیان لە پەرلەمان و پاشان لـە حکومـەت و دەسـتـکـردن بـە خـزمـەت وەك هـەمـوو پـارتـەکـانـی تـر بـە تـایـبـەت دەسـەڵاتی سیاسی، بەڵام ئەوەی کە زۆر گـرنگـە بـەلای سـیـاسییە ئیسلامییەکان ئەوەیە بە توندی بانگەشەی ئەوە دەکەن کـە ئـەوان بـەشـێك نین لـە هـەمـوو ئـەم کارەسـات و گەندەڵی و کێشەو گرفتەی کە دەسـەڵاتی سـیـاسی هـەرێمی کوردسـتـاندا هەیەو ئەمان هیچ بەرپرسیاریەتیەك لە ئەستۆ ناگرن،بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر هـەوڵی ئیسلامییـەکان بـە تـەنیـا یاخـود لـەگـەڵ پـارتـە کـانـی تـریـشـدا هـەبـوە بۆ چـاکسـازی ،بـەڵام وەڵام نـەدراوەتـەوەو ئەنجامی نەبوە.

هـەرچـەنـدە پـارتـە ئـیسلامییەکان هـەتا ئێـسـتـا لـەکـاری سـیـاسـی مـاون و ڕۆڵـیـان هـەیـە،بـەڵام ئیسلامیـیـەکـان خـۆیـان و

نەیارەکانیشیان پێیان وایە کە ئەم پارتانە پێویستیان بە پێداچونەوەی ڕاستەقینە هەیە بەکارو بەرنامەیان هەتا بتوانن لە واقیعی سیاسی هەرێمدا ڕۆڵی بەرچاوترو بگێڕن و نزیکتربن لە شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسەت و هەڵبژاردن.

**چوارم: پارتە سیاسییە عالمانییەکان:-**

بە گشتی وەك پلەبەندی هەموو ئەو پارتانەی کە ڕاستەوخۆ لە پەیڕەوی ناوخۆیاندا تەنیا سەرچاوەی هزر و کاریان ئایینی ئیسلام نەبێت و ئامانجیان چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام نەبێت بە تەنیا، ئەم پارتانە وەك پارتی سیاسی عەلمانی وەسف دەکرێن کە زیاتر هەڵگری بیروباوەڕی سوشیال و دیموکراتن و کار لەسەر ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا دەکەن.

هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی زۆرینەی ڕەهای خەڵکەکەی هەڵگری ئایینی ئیسلامن، ئەگەر ئەندام و لایەنگری ڕەوتە ئیسلامییەکانیش نەبن، ئەمە وایکردوە ئەم پارتە سیاسیانەش هەر ئیسلام وەك بنەمایەك لەکارو پەیڕەویان سەیر بکەن و لە ژێر کاریگەری گشتی داب و نەریتی کۆمەڵگەدا بن، هەر لەبەر ئەمە هەندێ کات پەنا بۆ ئایینی ئیسلام دەبەن بۆ ساغکردنەوەی سیاسەتێك یاخود ڕازیکردنی میللەت لە کاتی پێویست و بەدەسهێنانی ڕای گشتی، هەروەها زۆر کات بۆ وەڵامدانەوە و بەرەنگاری پارتە ئیسلامییەکان پێویستیان بە ئەمە دەبێت.

بۆ ئەم مەبەستەش زۆر ڕێگا دەگرنەبەر، وەك گرنگی دان بە هەندێك مامۆستای ئایینی و شێخ و کەسایەتی ئیسلامی گەورە و دەرخستنیان لەکاتی پێویست و هەندێك کات پێدانی پلەوپایەش لە پارتەکاندا یاخود لە حکومەت.

هەروەها لە ڕێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە زۆر کات ئامانج و مەبەستێك بڵاو دەکرێتەوە کە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی هەبێت و ئایینی ئیسلام وەك ڕێزلێگراو موقەدەس سەیربکرێت.

بەهەمان شێوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەرچەندە کەمیش بێت بەرنامەی ئایین و موناجات و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتی ئایینی و یادکردنەوەی بۆنە ئایینییەکان بەشێکی تری ئەم گرینگیدان و دەرخستنی نزیکیانە لە ئایینی ئیسلام .

لەلایەنی پەیوەندییە سیاسییەکانیشەوە بەردەوام هەوڵ دەدەن پەیوەندی باش و ڕێکەوتنیان لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکاندا هەبێت و وەك یەك هەڵوێست و بەرنامە دەربکەون.

جگە لەمانەش ئەم پارتانە چەند ڕێکخراوێکی خێرخوازیان دروستکردوە کە هاوکاری کەم دەرامەت و هەژاران و لێقەومان دەکات و بەمەش هەست و سۆزی هاووڵاتییان ڕادەکێشێت و سۆزیان بە دەست دەهێنێت کە ئەم هەنگاوە وەك

کارێکی ئایینی سەیر دەکرێت.
کەواتە پارتە سیاسییە عەلمانییەکان زۆر کات هەوڵ دەدەن و بەرنامەڕێژیی دەکەن کە بتوانن بە شێك بن لە ڕای گشتی هاووڵاتییان بە دروستکردنی پردێکی پتەو بنەما لەسەر ئایینی ئیسلام ، کە دواتر دەبێتە هۆکارێکی دیار بۆ نزیکیان لە ئایینی ئیسلام و وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە بە دژ یاخود نەیاری ئایین وەسفیان دەکەن.

**دەرئەنجام**

١- ئایین کاریگەری ڕوونی هەیە لەسەر هەموو کایەکانی سیاسەت لە هەرێمی کوردستان و هۆکارە بۆ زۆرێك لە ڕووداو و هەنگاو و هەڵوێستەکان.
٢- ڕەوتە ئیسلامیەکان بە زۆر قۆناغی جیاوازی یەکگرتن و لێکترازان و بە ڕز و نزمی تێپەڕیون، بەڵام هەر بەشێك بوون لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکان ڕۆڵیان هەبووە .
٣- ڕەوتی سۆفیگەری هەر چەندە بنچینەی مێژووی هەیە لە هەرێمی کوردستان و خاوەن پێگە و مورید و تەکیە و تەریقەتن، بەڵام لە مەیدانی سیاسەتدا ڕۆڵێکی زۆر کەم و لاوازیان هەیە ناگاتە ئاستی کاریگەری و گۆڕانکاری دروستکردن.
٤- سەلەفییەکان بەهەموو دیدو تێڕوانینی جیاوازەوە لە کاتی ئێستادا لە هەرێمی کوردستان زۆرینەیەکی ئیسلامی پێکدەهێنن و لە زۆرلایەنی ژیانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵیان دیارە، سیاسەتیش وەك بوارێکی گرنگ سەلەفییەکانی لە خۆی نزیك کردووەتەوە و ناراستەوخۆ ڕۆڵیان لەم مەیدانەدا دەرکەوتووە.

**سەلەفییەکان زۆر بە کورتی و پوختی دەرگای کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەیان سەبارەت بە سیاسەت داخستووە ئەویش بە بنەمایەکی فیکریان کە بریتییە لەوەی هەرکەسێك بەهەر شێوەیەك ببێتە سەرکردە و کار بەدەستی وڵات ئەوە وەلی ئەمرە و لادان لە فەرمانی و دژ ایەتیکردنی نادروستە و سەردەکێشێت بۆ گومڕایی**

٥- ڕەوتە جیهادییەکان وەك پارتی سیاسی کاریان ئەنجام دەدەن لە هەرێمی کوردستان و هەوڵیان بۆ بەشداریکردنە لە بواری سیاسەت و دەسەڵات، ڕۆڵیان دیارە و بە هۆی بەشداریان لە پەرلەمان و حکومەت و ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی نێوان پارتە سیاسییەکان بوونیان لە سیاسەت و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بە ڕوونی دیارە و لە زۆر کاتدا هۆکاری گۆڕانکاری، یاخود چاکسازی بوون.

٦- پارتە سیاسییە عالمانییەکانیش کە خاوەن ڕۆڵی سەرەکین لە سیاسەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی باڵابوونی ئایینی ئیسلام لەم هەرێمە زۆربەی کات پشت بە ئایین دەبەستن و بەکاری دەهێنن وەك هۆکاری پاڵپشت بۆ بڕیارو یاسا و سیاسەتەکانیان.

## سەرچاوەکان

١- أحمد خميس و محمد الطيار ،إستخدام الدين في الحياه السياسيه،من الانترنيت
.http://journals.ekb.eg

٢- ياسر الزعاتره ، إستخدام الدين فيى الحياه السياسيه أم السياسيه للدين؟من ألانترنيت
https://www.aljazeera.net/
.٢٠١٤/opinions

٣- محمد ابوبكر،الاسلاميون في كوردستان التحديات والتطلعات ،انترنيت.

٤- د. محسن عبدالحميد ، الاخوان المسلمون في العراق (١٩٤٥-٢٠٠٣) دار الأمون للنشر والتوزيع ،الطبعه الاولى ،٢٠١١

٥- إيمان عبدالحميد الدباغ ،نشأه حركه الاخوان في العراق(١٩٥٩-١٩٧١) رساله دكتوراه ، دار الأمون للطباعه والنشر،الطبعه الاولى ،٢٠١١

٦- إيمان الدباغ ،إنجازات الاخوان المسلمين في العراق التربويه،مجله جامعه كركوك ،م٧ ،العدد٣ ، سنه ٢٠١٢.

٧- د.خديجه النبراوى، موسوعه اصول الفكر السياسى و الاجتماعى والاقتصادى من نبع السنه الشريفه و هدى الخلفاء الراشدين، دار السلام للطباعه والنشرو التوزيع والترجمه ، الطبعه الاولى،٢٠٠٤.

٨- محمد عابد الجابرى ، الدين والدوله و تطبيق الشريعه، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت ، الطبعه الثانييه،٢٠٠٤

٩- أبوبكرعلی،ئیسلام وتەوژمی ئیسلامی لەبەردەم جەنگی شێواندنی وێنەکاندا،چاپی یەکەم،٢٠٠٣.

١٠- د.قحطان عبدالرحمن،بیروباوەری ئیسلامی و مەزهەبەکانی،وەرگێڕانی:زێبارعزیزخان مهاجر،نوسینگەی تەفسیر، هەولێر،چاپی یەکەم، ٢٠١٥

١١- ئیدریس سیوەیلی، ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٦٤-١٩٩١ چاپی دووەم، ٢٠٠٩.

١٢- ئیدریس سیوەیلی، سەلەفییەت لە باشووری کوردستان مێژوو قەبارە و دونیا بینی ، وەرزنامەی ئاییناسی ، سەنتەری لێکوڵینەوەی ئاییندەیی ژمارە / ٤ ، ساڵی یە کە م، تشرین یەکەم / ٢٠٢٣ .

١٣- مەولود باوە مراد ، حزب و کۆمەڵە کە سیاسییە ئیسلامیەکان و پرسی نوێگیری، وەرزنامە یا ئاییناسی، ژمارە /٩، ساڵی سێهەم ، کانونی دووە م، ٢٠٢٥ .

١٤- ئیدریس سیوەیلی، لە دەوڵەتی خیلافەتەوە بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات دیدگای حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان ، وەرزنامەی ئاییناسی، ژمارە (٧) ساڵی دورەم ، تەمموزی ٢٠٢٤

١٥- لقمان محمد قادر ، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەڵەبجەو هەورامان (١٩١٨-١٩٥٨) نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، بەشی مێژوو ٢٠٢٣،

# گوتاری دینیی ڕەوتە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ئەم میراتە دینییەی کە هەیە، زۆرینەی خەڵك پابەندی دینێکی میللی بوون، گەر نەڵێین هەمووی، تا ئەو ساتەی کۆمەڵێك بزاوتی ئیسلامی جۆراوجۆر دەرکەوتن، لەوێوە ئەم شێوازەی بیرکردنەوەی دینی و دینداریيەی ناو خەڵك شێوازی جۆراوجۆری تێکەوت. بێگومان هەر جۆرێك لە جۆرەکانی بیرکردنەوەی بزاوتە جیاوازەکان بەش بە حاڵی خۆی هەواداری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، ئەم بزاوتانەش خاوەن گوتاری تایبەت بە خۆیان بوون، ئاسان جیاکراونەتەوە لەگەڵ هەر بزاوتێکی تر. ئەڵبەت هەندێك لەم بزاوتانە و گوتارەکانیان، جاروبار بەریەك کەوتوون تا ئاستی یەکتر خستنە دەرەوەی بازنەی ئیسلام و ئیمان، هەموو ئەم بابەتانەش کەم تا زۆر کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و کایەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە و بەردەوامیشە. هەر گوتار و هەر ڕەوتێکیش لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر، گوتاری گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە گوێرەی ئەو سیاسەتەی ئەم ڕەوتە بەڕێوە دەبات.

**یەکەم: ئیسلامی میللی**

لەناو زۆربەی گەلان کاتێك هەر دینێك دێت، ڕەنگە سەرەتا پیت بە پیتی ئەو دینە وەك خۆی بگات، بەڵام دواتر نەوە دوای نەوە و دوای سەدان ساڵ مەحاڵە پیادەکردنی ئەم دینە وەك خۆی بمێنێتەوە، بێگومان ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و کولتوور و ناسنامەی ناوخۆیی ئاڵوگۆڕ دەکات لەگەڵ دین. ئەمە جگە لەوەی هەر خودی دینە داخۆ ڕێك پیت بە پیتی وەك خۆی گەیشتووە، یا ئەوەتا دوای نەوەی یەکەم و دووەمی دینەکە بە دەستی دوو و سێ و زیاتری گەیشتووە بە کۆمەڵگەی کوردی. بە ڕای هەندێکی لێکۆڵەرانی دین، ئیسلامی میللی: بریتییە لەو نەریتە دینیانەی زۆر پشت بە دەقەکانی

دین لە قورئان و حەدیس نابەستێت، وەك ئیسلامی ڕەسمی کە وەستاوە[1] لەسەر دەقەکانی قورئان و حەدیس. ئەمە ڕەنگە قورس بێت بۆ ئیسلامی میللی کە کاتێك تاکی کۆمەڵگەی کوردی پابەندی زۆربەی تێگەیشتنەکانی دینی ئیسلام بووە بە تێگەیشتنێکی خۆماڵی، بە تایبەت ئەرکەکانی ئیسلام و ئیمان. بۆیە بەرامبەر ئەم تێگەیشتنە ڕوانینێکی تر هەیە پێی وایە ئیسلامی میللی و ڕەسمی چاکترە بە ئیسلامی واقیعی و ئیسلامی دەق وەسف بکرێت[2] ، بەمەش دەق لە واقیعی کۆمەڵگە دابڕێت، ئەستەمە دین بمێنێتەوە، دەقیش وابەستەی واقیع بێت، ئەوا ئۆتۆماتیکی دین خۆی دەبێتە چەند نوسخەیەکی ناوخۆیی بە گوێرەی کۆمەڵگەکە. بەو پێیەشی ئیسلامی میللی زۆربەی جار لە چوارچێوەی ئامۆژگاری مەلاکانی حوجرە و شێخانی تەسەوفەوە بوونە، ئەوانیش بە ئەندازەی خۆیان ئاگاداری دەقەکانی ئیسلام بوونە، بۆیە لە بواری ئەکادیمیدا هەندێك جار ئەم جۆرە لە دینداری ناونراوە ئیسلامی گونجاو، یا گونجێنراو، یاخود ئیسلامی کولتوورکراو[3] . بۆیە بە شێوەیەکی گشتی بەم تێگەیشتنانە گوتاری ئیسلامی میللی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، زیاتر چڕ دەبێتەوە لە ئەنجامدانی مەراسیمەکانی خواپەرستی وەك میراتێکی دینی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە، زۆر تێکەڵاوی بابەتەکانی ئایدیۆلۆژیا و فیکری نییە بە قووڵی، پتر زادەی حوجرە کۆنەکانە. بە جۆرێکی گشتی دین دەکەوێتە بەشێکی ژیانی ئەم تاکانەی ئەم جۆرە دینداریە دەکەن. ئەم جۆرە لە دینداری لە پاشەکشەیە، چونکە هەرچی ڕەوتی تری ئیسلامی هاتووە لەسەر حسێبی ئەم جۆرەی دینداریە، بۆیە تەنانەت ئەم ڕەوت و ئایدیۆلۆژیا و ئاڕاستانەی هاتوون تەنانەت دزەیان کردووەتە ناو حوجرەکان و کەم تا زۆر کاریگەریان لەسەریان هەیە. لە کۆمەڵگەی کوردی گوتاری ئیسلامی میللی پتر خۆی دەبینیەوە لە ئەنجامدانی نوێژەکان، دانی زەکات، سەرفترە، حەجکردن، مەولودنامە، شەوبەرات، یەك شەوی لەیلەتولقەدر، سەردانی گۆڕستان و گۆڕی پیر و پیاوچاکان، نەخواردنی ماڵی هەتیوان، دانی میرات، حەرامیی شیربایی و ڕیباخۆری و دووربوون لە داوێنپیسی...هتد، زۆربەی گوتاری مەلاکانیش لەم خولگەیەدا بوون و لە ئاستێکی باڵاتری دینی میللی پتر ڕەوتێکی سۆفیگەری و عیرفانی بووە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا. لەبەرئەوە لە قۆناغی پێش دەرکەوتنی خوێندنی ڕەسمی، زۆربەی هەرە زۆری سیاسی و شاعیر و کەسایەتییە خوێندەوارەکانی کورد دەرچووی ئەم حوجرانە بوون کە لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان هەبوون. بۆیە میراتگری دیوە ڕەسمییەکەی ئەم جۆرە نوسخەی ئیسلام لە کوردستان پتر یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامە، لە

دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا سەرۆکەکانی دەرچووی ئەم حوجرانەن، بە دەگمەن تێکەڵاوی ئیسلامی تر نین.

**دووەم: ئیسلامی سیاسی**

ئەم دەستەواژەیە چەندان پێناسەی جیاجیای هەیە، هەر لە ناوخۆی ئەم بزووتنەوانە تا نەیاران و پێناسەی دەرەکیی بۆیان، بە گشتی ئیسلامی سیاسی بەم حزبە ئیسلامییانە دەگوترێت کەوا دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی دروستبوون بە ئامانجی بنیادنانی دەوڵەتێك، کە شەریعەت حوکمی بکات و بەرەنگاری هێزە نەتەوەیی و ڕۆژئاواییەکان ببنەوە، یا ئەم هێزانەن هەوڵی گێڕانەوەی حوکمی خیلافەت، یا هاوشێوەی خیلافەت دەدەن، یا هەوڵێکی سیاسییە بۆ چاکسازیی کۆمەڵگەی موسڵمانان بۆ بەرەنگاری هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکان، ئەویش بە ئیسلامیزەکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە وەك بیری ئیسلامی و هونەری ئیسلامی و ئابووری ئیسلامی و بانکی ئیسلامی...هتد[٤] . ئیسلامی سیاسی لە جیهانی عەرەبی کە سەری هەڵدا و دواتر پەلی هاویشە وڵاتانی تر، بە گشتی گوتاری ئەم ڕەوتە بە گشت ئاراستەکانیانەوە، بەو ئاراستە بووە کە خەڵك بگێڕێتەوە سەر ڕێگەی دین و ئیسلامکردنەوەیان، یاخود سەروەری حوکمی دین. بەڵام بە گوێرەی ئاراستە و حزبەکانیان میکانیزم و کارکردنیان جیاواز بووە، ئەمەش وای کردووە دواجار ئەم ئامانجانەی لە پێناویدا دروست بووە و واقعی کاردنیان بە ئاراستەی جیاوازدا بچێت.

**١. بزووتنەوەی ئیسلامی**

هەرچەند ئەم حزبە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی بوونێکی وای نەماوە بە تایبەت دوای هەڵبژاردنی (٢٠٢٤) کە نەیانتوانی هیچ کورسیی پەرلەمانی لە هیچ شارێك بەدەست بهێنن، بەڵام بە هۆی بوونی مێژوویەکی درێژ بەم ناوە، لەم توێژینەوە لایی لێ کراوەتەوە. ئەم حزبە لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە شاخ و تا چەند گەڕێکی شەڕی ناوخۆی دوای ڕاپەڕین، زیاتر خاوەنی گوتارێکی جیهادی و حەماسی بووە، کەمتر بەلای گوتاری نەتەوەییدا چووە، کاریگەرییەکی زۆری سەردەمی جیهادی ئەفغان و وڵاتانی قەوقاز بەسەر هەوادارانی ئەم حزبەدا هەبووە لە کۆندا. دوای یەکگرتنی ساڵی (١٩٩٩) لەگەڵ بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لەژێر ناوی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی[٥]، ئەم گوتارە حەماسییە زیاتر هەڵکشا وەك تێکەڵەیەك لە گوتاری بانگەواز و جیهاد بە یەکەوە. بەڵام ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو، دوای دوو ساڵ لە (٢٠٠١) بە هۆی ناکۆکی لەسەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و بوونی چەندان بیرکردنەوەی جیاواز، ئەم یەکبوونە چەند پارچە بوو[٦] . پاشماوەیەك لە کۆنە کادیر و خەڵکی

نزیك بنەماڵەی مەلا عەلی هەڵەبجە، بە دەوری ئەم حزبە مانەوە. لە دوای ئەمەش سەرەڕای کۆمەڵێك هەوڵدان بۆ خۆڕێکخستنەوە و بەهێزبوونەوە، بە هۆی زاڵبوونی بنەماڵەی مەلا عەلی بەسەر ئەم حزبە دوای ناکۆکی لەسەر ڕێك نەکەوتن لەسەر ڕابەری ئەم حزبە لەنێوان کامیل حاجی عەلی و عیرفانی مەلا عەلی، جارێکی تر ئەم حزبە دابەش بوو بۆ بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی[٧]. گوتاری بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕووی دینییەوە، زیاتر گوتارێکی سۆزداری میراتی سەردەمی خەباتی چەکداری ئەم حزبەیە، زیاتر خۆبەستنەوەیە بە ڕووداوەکانی وڵاتانی دەوروبەر کە پەیوەندییان بە پرسی ئیسلامی سیاسییەوە هەبێت، لە چەشنی فەڵەستین و تورکیا و ئەفغانستان و بابەتی تر[٨]. لە ڕووی بوون و کاریگەریيان بەسەر دیندارانی موسڵمان لە هەرێم کاریگەرییەکی وایان نییە، بە هەمان شێوە بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی بە حوکمی ناونانی ئەم باڵەی حزب بەو ناوە پتر خۆبەستنەوەیە بە ناوێکی حزبێکی سیاسی لەناو ئەدەبیاتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان. گوتاری دینی لەم حزبەش هەر لەم چوارچێوەدا دەخولێتەوە. هیچ یەکێك لەم دوو باڵە لەگەڵ ئیسلامی میللی تەریب نین، بەڵکو سەرەتاکانی بەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی میللی پتر لە بزووتنەوە بوو. بە هۆی ئەوەشی کە حزبەکانی تر، مامەڵەیەکی ڕوونیان نەبوو لەگەڵ پرسی دین، ئەم گۆڕەپانە بۆ ئیسلامییەکان جێ مابوو.

**بە ڕای هەندێکی لێکۆڵەرانی دین، ئیسلامی میللی: بریتییە لەو نەریتە دینیانەی زۆرپشت بە دەقەکانی دین لە قورئان و حەدیس نابەستێت**

### ٢. یەکگرتووی ئیسلامی

ئەم حزبە لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لە کوردستان، بەڵام نەك بە ناوی یەکگرتوو، پتر بە خەتی یەکی ئیخوان ناسرابوون، ڕەنگە سەرکردەی زۆربەی حزبە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان سەروکاریان لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ئیخوان هەبووبێت[٩]. ئەم حزبە لە ساڵی (١٩٩٤) بە ناوی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان خۆی ئیعلان کرد[١٠]. ئەم دەستەواژەی ئیعلانکردن ڕوونە کە جیایە لەگەڵ دامەزراندن، مانای وایە دەمێك بووە دامەزراون، بەڵام خۆڕاگەیاندن بەم ناوە تازە بابەت بوو لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان. تا پێش ڕاگەیاندنەکە بە گشتی هەر بە ئیخوان ناسرابوون جموجۆڵیان لەو مزگەوتانە بوو کە پێشنوێژ و وتارخوێنەکانیان لە کۆنەوە سەر بە ڕێکخستنەکانی ئیخوانی

عێراقی بوون. بە گشتی گوتاری یەکگرتوو دەگمەن وایە لە چوارچێوەی مەنهەجی ئیخوان دەربچێت، نە لە فیقهەوە نە لە بیروباوەڕەوە، ئەم حزبە ئاراستەیەکی دیاری نییە، پتر وابەستەی پیاوانی دینی نزیکی مەکتەبی ئیرشادی ئەم حزبەیە لە وێنەی قەرزاوی و قەرەداغی و حەوا و ئەوانی تر. بۆیە گوتاری دینی یەکگرتوو لە بنەڕەتەوە گوتارێکی بانگخوازی (دەعەوی) و پەروەردەیی بووە بۆ تاکەکانی دەوروبەری. لەبەرئەوە دەبینرێت لەو کۆمەڵگانەی ئیخوان جووڵەی زۆری تێدان، زۆرترین کاریگەریی ئایدیۆلۆژی ئیخوانی و کەمترین ئامادەیی سیاسیی ئیخوان تێیاندا بەدی دەکرێت. ئیخوان لە هەرێم هەوڵی بەرزکردنەوەی ڕێژەی حیجاب دەدات لە ڕێگەی ڤیستڤاڵەکانی تاجی زێڕین[١١] و چالاکی جۆراوجۆری وەك پڕۆژەی بەختەوەری و رابیتە هەم خێرخوازی و هەم بانگەوازی[١٢]، تەنانەت لە نوێترین چالاکی کۆکردنەوەی یارمەتی و پیتاك بۆ غەززە تونراوە بە میلۆنان دۆلار کۆبکرێتەوە لە خەڵکی هەرێم، بەڵام لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا ئەم حزبە نەبووەتە خاوەنی چواریەکی دەنگی خەڵکی ئەم وڵاتە کە زۆرینەی هەر زۆری موسڵمانە. هەروەها دیوێکی تری گوتاری ئەم حزبە وەك دەنگی کوردی ئەم ڕووداوانەیە کەوا ئیخوانی جیهانی جاڕیان بۆ دەدات، وەك غەززە و بۆرما و تورکیا و قەتەڕ. کەم تا زۆر بووە لەناو ئەم حزبە کەسانێك دەنگێکی نەتەوەییان هەبێت وەك ئەبوبەکر هەڵەدنی، یا دەنگێکی دیموکراسیانەی وەك ئەبوبەکر کاروانی، یا هەر دەنگێکی تری سۆفیگەری و .. هی تر. بەڵام دواجار دەنگە زاڵەکە گوتارە ئیخوانییەکەیە و پاشەکشە بە هەر دەنگێکی تری ناو ئەم حزبە دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە جۆرێکی تری بیری ئیسلامی تورکی کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر ئەم حزبە، ئەویش ئەردۆگانیزمە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ڕۆڵی سیاسیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کاریگەریی بەهێزی هەیە لەسەر ئیخوانی جیهانی، بە هۆی ئەوەی دوای کودەتای عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی ئێستای میسر بەسەر سەرۆکی پێشووی میسر محەمەد مورسی، بەشێکی زۆری سەرکردەکانی ئیخوان زیندانیکران و ئەوانی تریش پەرگەندەی وڵاتان بوون، تورکیا وەك پەناگەیەکی لێ هات بۆیان، بۆیە جووڵەکانی تورکیا هەمیشە ئاراستەکاری ئیخوان و پێکهاتە جیاجیاکانی بووە[١٣] ، ئەم کاریگەرییە هەر تەنیا لە قۆناغی شکستی ئیخواندا نییە، بەڵکو لە ماوەی حوکمی ئیخوان لە میسر لە ستایشی ئەردۆگان کتێب چاپ کراون و بە زەعیم ناونراوە[١٥]، نەك هەر ئەمە، بەڵکو بانگخوازێکی دیاری وەك ڕاغب سەرجانی چوار جار کتێبێکی (٣٥٠) لاپەڕەیی چاپ کردووە تا هەمان ساڵ بە ناوی (قصة أردوجان) کتێبێکە پڕیەتی لە پێدا هەڵدان و

پاساوهێنانەوە بۆ ئەم سیاسەتانەی کە بە دڵیان نییە، لە توندترین هەڵوێست وەك ئامۆژگارێکی سەردەمی خیلافەت بۆ خەلیفەیەك دەردەکەوێت و دەیچوێنێت بە نورەدینی زەنگی و سەلاحەدینی ئەیوبی و سەیفەدین قوتز و زاهیر بیبریس[١٥]. ئەمە گەر مەکتەبی ئیرشادی ئیخوان وا هەڵسوڕێنێت، زۆر ئاسایی لقە بچووکەکانی ئیخوان یاخود هەوادارانی ئیخوانیش دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گوتاری دینی ئەم حزبە بووە، مەلا و بانگخوازانیان وەسفی بکەن بە ڕۆڵەیەکی عوسمانی دەست بە دەستنوێژ. جیاوازتر لەم گوتارە ئیخوانییەی ساڵانی زووی هەی بوو، پتر کاریگەر بوو بە بانگخواز و سەرکردە ئیخوانییەکانی دنیای عەرەبی.

### ٣. کۆمەڵ

ئەم حزبە لە هەناوی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامییەوە دەرچوو لە ساڵی (٢٠٠١) دوای قبوڵ نەکردنی ئەنجامەکانی کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی یەکبوون لە لایەن مەلا عەلی هەڵەبجەی ڕابەرییەوە، سەرەتا بە ناوی کۆمەڵی ئیسلامی دامەزران و خۆیان وەك میراتگری بزووتنەوە دانا بە ئەمیرایەتی عەلی باپیر، دواتر ساڵی (٢٠٢١) لە کۆنگرەی چوارەمی حزبەکە ناوی گۆڕا بۆ کۆمەڵی دادگەری و پۆستی ئەمیر کرایە سەرۆك[١٦]. بەو پێیەی بزووتنەوەی یەکبوون کە پێکهاتبوو لە بزووتنەوەی ئیسلامی و ڕاپەڕینی ئیسلامی، کە لە ڕووی بیرەوە ئەم حزبە تێکەڵەیەك بوو لە جیهادی و سەلەفی و پاشخانی کاریگەر بە شۆڕشی ئیسلامی و ئیخوان. بۆیە کۆمەڵی ئیسلامیش بە هەمان شێوە کاتێك بزووتنەوەی یەکبوون چەند کەرت دەبێت، ئەوە نییە هەر ئاراستەیەك لەمانە بە تەنیا ببێتە حزبێك، بەڵکو چەند باڵێکی لێبووەوە، لەناو هەر باڵێکیان ڕێژەیەك لەم بیر و بۆچوونانەیان تێدا بوو. بۆیە کۆمەڵیش، بە هەمان شێوە ئاراستەیەکی سەلەفی تێدایە، بەڵام جیاواز لە سەلەفیەتی مەدخەلی و حەڵەبی و ئەوانی تر. مەیلی جیهاد لەناو کۆمەڵ وەك میراتێکی سۆزداری لێ هاتووە، بۆیە هەودارانی کۆمەڵ هەر ڕەوتێکی ئیسلامی لە جیهاندا جموجۆڵێکی چەکداری بکات، ئاسان ئەمە لە سۆشیاڵ میدیا و گوتاریاندا هەستی پێ دەکرێت. بۆیە کاریگەریی ڕووداوەکانی وەك غەززە لەسەر کۆمەڵ جیاوازە تا یەکگرتوو، چونکە دیوە جیهادییەکەی حەماس کاریگەرترە لەسەر کۆمەڵ، وەك ئەوەی یەکگرتوو دیوە ئیخوانییەکەی حەماس کاریگەریی هەیە. ئەمەش بە ئاشکرا لە گوتاریان ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها بە هەمان شێوەی یەکگرتوو گوتاری کۆمەڵ جگە لەمە گوتارێکی خێرخوازیی هەیە پتر لە دەزگای

خێرخوازی بەخشین ڕەنگ دەداتەوە[١٧]، ئەم دەزگایە خێرخوازییە ناسراوە بە پیتاك و یارمەتیدانی هەژاران، هەروەها بە هەمان شێوەی دەزگا خێرخوازییەکانی نزیك یەکگرتوو، هاوکاری لێقەوماوانی غەززەی کردووە، نەخۆشخانەیەکی هەیە لە شاری سلێمانی.

**گوتاری ئیسلامی میللی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، زیاتر چڕ دەبێتەوە لە ئەنجامدانی مەراسیمەکانی خواپەرستی وەك میراتێکی دینی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە، زۆر تێکەڵاوی بابەتەکانی ئایدیۆلۆژیا و فیکری نییە بە قووڵی**

هەروەها گوتارێکی تری کۆمەڵ زیاتر جەختکردنەوەیە لەسەر بابەتە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە ئەمە هەمان گوتار لای یەکگرتوو و ئیسلامیەکانی تریش هەیە، بەتایبەت بابەتەکانی پەیوەست بە ئافرەت و سێکس، ئەمە زۆر جار لە کاتی هەڵبژاردنەکان زیاتر تۆخ دەبنەوە، وەك کەرەستەیەکی لێدان لە هێزەکانی دەسەڵات. ئەمە جگە لەوەی گوتاری یەکگرتوو و کۆمەڵ بە هۆی ئەوەی زیاتر لە پێگەی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی هەرێمدا بوونە، گوتارێك بووە بەو ئاڕاستەی دین هۆکاری ئەم گەندەڵی و خراپی ئیدارەدانی هەرێمە وەك ئەوەی ئەم هێزانە هۆکاری گەندەڵییان دووریان بێت لە دینەوە. ئەم شێوە گوتارەی ئیسلامی سیاسی بە گشتی و ئەم دوو حزبە ئاسان کاریگەرییان لەسەر موسڵمانی ئاسایی هەیە، بۆیە لای خەڵکێکی دینداری ناڕازی لە بەڕێوەبردنی وڵات، ئاسان دەبنە جێگرەوەی ئیسلامی میللی.

**سێیەم: ئیسلامی سەلەفی**

سەرەتای سەلەفیەت لە هەرێمی کوردستاندا ساڵانی شەستەکان بوو لە ڕێگەی مەلا حەمدی عەبدولمەجید سەلەفی بوو، کە ناوبراو یەکێکە لە قوتابییە یەکەمینەکانی محەمەد ناسر ئەلبانی ، ئەلبانی یەکێکە لە جەمسەرە هەرە باڵاکانی سەلەفیەت، هەرچەند ئەلبانی لەسەر شەقامی عەرەبی کاریگەری بەهێز بوو، بە تایبەت لە وڵاتی سعوودیە، بەڵام مەلا حەمدی ئەو کاریگەرییەی لەسەر شەقامی کوردی نەبوو. دواتر لە هەشتاکان تا نەوەتەکان نەوەی دووەمی سەلەفییەکان هاتنە گۆڕەپانەکە، ئەمیش بە دوو ئاڕاستە، ئاراستەیەکیان درێژەدەری ڕەوتەکەی حەمدی سەلەفی بوو ناسراوترینی ئەم ڕەوتە مەلا عومەر سەلەفی (چنگیانی) بوو[١٩] . ڕەوتەکەی تر کە تێکەڵەیەکی سەلەفی حزبی و جیهادی بوون، بە کاریگەری بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوساکە ناسرابوون بە سەلەفیی جیهادی کە ناسراوترینیان مەلا

کرێکار بوو[٢٠] . هەرچەند ڕەوتی یەکەم لە هەندێ سەرچاوە بە سەلەفیی عیلمی ناسراون، بەڵام ئەوساکە لە کوردستان بە لاجەماعی ناسرابوون، هەرچەند کەسایەتی مەلا حەمدی کەسێکی زۆر نزیکی بارزانی بوو لە شەستەکان، بەڵام ڕەوتی لاجەماعی بە گشتی وا ناسرابوون کە نزیکی پرسە سیاسییەکان نەبوون بە ئەرێنی و نەرێنییەوە، بۆیە گوتاری سیاسییان لاچەپ بوون.

لە بەرامبەریشدا لە هەناوی سەلەفیی لاجەماعی، کۆمەڵێك لە ژێر کاریگەریی بانگخوازیی سعوودی ڕەبیع مەدخەلی و ئەفریقی ئەمانوڵلا جامی دەرکەوتن، کە خۆیان بە میراتگری ڕاستەقینەی سەلەفیەت دەزانن. بەڵام دەرکەوتەی ڕاگەیاندنیان لە سۆشیاڵ میدیا و کەناڵی ئامۆژگاری و سایتی بەهەشت هەیە. گەورەی دیارترینی ئاڕاستەی ئەم گرووپە کەسایەتی عەبدوڵڵەتیف ئەحمەدە. هەرچەند ئەم ئاڕاستەیە زادەی چەندان ترازانی ناو ماڵی سەلەفیەتە، بەڵام لە ئێستا ئەم ئاڕاستەیە پتر بوونەتە ڕووخساری دەرکەوتەی (واجیهەی) سەلەفیەت. لەم باسەدا لە هەر شوێنێك باسی سەلەفیەت کرا، مەبەست لەم ئاڕاستەیە.

ئەڵبەت ئەم ئاڕاستەی سەلەفی کە مەدخەلی ناسراون، ئەمە دەشێت بە هەڵەیەکی میتۆدی دابنرێت، چونکە ڕەوتی سەلەفی و لق و پۆپەکانی بەردەوام گەمەی ترازان و پارچەبوون دەکەوێتە نێوانیان، گەرچی کەسایەتی عەبدوڵڵەتیف ئەحمەد لە سەرەتای دەرکەوتنی خۆری کەسێتیی، پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ ڕەبیع مەدخەلی هەبوو، چەندان سەردانی کردووە و تەزکیەی مەدخەلی وەك پشتگیریی مەنهەجی و عەقائیدی هەبووە و بە کەسایەتییەکی گەورە و بەیداخی سەلەفی سەرانسەری عێراق وەسفی دەکات[٢١] . بەڵام ئەم ڕەوتە وەك باوە بێ نەیار ناژیت، بۆیە ئاسایی لەناو خۆیاندا ئاسان دەکەونە بەربەرەکانی و نەیاری یەکتر، ئەم هەموو تەزکیەی ڕەبیع مەدخەلی درێژە ناکێشێت، مەدخەلی تەبەرا دەکات لێی بە گومڕا و بێ کەرامەت ناوی دەبات. ئەم ڕەوتەی ئامۆژگاری، ناچار بە دوای مورشیدێکی تر کەوتنە گەڕان، ئەویش کۆنە دۆستێکی تری پێشووی ڕەبیع مەدخەلی و نەیاری ئێستایەتی، عەلی حەلەبی. بۆیە ئەم ئاڕاستەیە لە پۆلێنکردنی لق و پۆپەکانی سەلەفیەت ئێستا لەسەر حەلەبیەکان دەژمێردرێن[٢٢]. ئەمە لەگەڵ مانەوەی ئەم ئاڕاستەی تا ئێستاش هەر بە مەدخەلی ناسراون.

بۆیە دەتوانین سەلەفییەکان بۆ ئەم ئاڕاستانە پۆلێن بکەین:

١. **دژە دەسەڵات:** ئەمانە پتر لە کۆنە جیهادییەکانی ناو ئیسلامییەکان و ئەوانەی دژایەتی تیۆری پیرۆزی وەلی ئەمر دەکەن، لەلایەن نەیارانیان بە تەکفیری

دەناسێنرێن. لە پاڵ بابەتەکانی تەوحید و بیدعە و..هتد زۆر پێداگیرن لەسەر بابەتی حاکمیەت و حوکمداریی شەرعی.

**٢. نادژ:** ئەمانە خۆیان دەبیننەوە لە مەدخەلییەکان کە تۆزێك پەرشن لە ئێستادا، هەروەها حەڵەبییەکان کە ئاراستەی کەناڵی بەهەشتن. ئەمانە نەك دژی دەسەڵات نین، بەڵکو پشتیوانین. ڕیشەی ئەم پرسەش دەگێڕنەوە پێشینە چاکەکانی ئەم ڕەوتە بۆ ملکەچبوون بۆ حاکمانی وڵاتان.

**گوتاری بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕووی دینییەوە، زیاتر گوتارێکی سۆزداری میراتی سەردەمی خەباتی چەکداری ئەم حزبەیە**

لەنێوان ئەم دوو ئاراستەیەش ئاراستەیەکی خۆڵەمێشی تێکەڵ هەیە، لە بێدەنگبوون بەرامبەر سیاسەت، تاکو ڕەخنەگرتنێکی شەرمنانە.

بە شێوەیەکی گشتی کۆی گوتاری سەلەفی بە هەموو ئاراستەکانییەوە زۆر پێداگیرە لەسەر بابەتی تەوحید و ئیمان و شیرك و بچووکترین بابەتی لەم جۆرە لە باوەڕی باوی خەڵك دەکەوتە جێی سەرنجی ئەم ئاراستەیە، بۆیەشە سەلەفییەکان پتر لە ئیسلامییەکان دەکەونە بەریەك لەگەڵ ئیسلامی میللی. لەلایەکی ترەوە هەردوو ڕەوتی مەدخەلی و حەڵەبی، بە هۆی ملکەچییان بۆ تاعەتی وەلی ئەمر، دەسەڵات لەم ڕووەوە لەسەر حسێبی ئیسلامی میللی و مەلاکانی دەیانهێنێتە پێش. ئەمە زۆر جار دەسەڵات دەخاتە کێشەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوو بەرەی وا دژ. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، بایەخدان بە کۆی ڕەوتەکانی سەلەفییەت زیاتری کەوتووەتە زۆنی سەوز، زۆنی زەرد لە ڕێگەی یەکێتی زانایانەوە، زیاتر بایەخ بە دینی میللی و حوجرەی ئەم جۆرەی دینداری دەدات لە ڕێگەی مەلاکان و هەندێك لە خانەقا و تەکیەکانەوە.

**ئەنجام**

١. بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان زیاد لە جۆرێکی ئیسلامەتی هەیە و زۆربەی جۆرەکانیش کاریگەرن بە جۆری ئیسلامەتی لە وڵاتانی ترەوە، بە هۆی هاوردەکردنی ئیسلامی میسری و خەلیجی و تورکی...هتد.

٢. ئیسلامی میللی زادەی تێگەیشتنی ناوخۆیی کۆمەڵگەی کوردییە بۆ دینی ئیسلام، بە شێوەیەکی گشتی خۆی دەبینێتەوە لە فێرکاری دینی مەلاکانی حوجرە کۆنەکان و ئەم بیر و ڕایە باوە کولتووریانەی لەناو کۆمەڵگەدا باون.

٣. گوتاری ئەم جۆرانەی ئیسلامەتی لە خاڵی یەکەم هاتوون بەردەوام بەریەك دەکەون لەگەڵ گوتاری ئیسلامی میللی.

زۆربەی جارانیش ئەم گوتارانە لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی و گەمە و ململانێیە سیاسییەکاندان.

٤. نەك تەنیا ئیسلامی میللی و کولتووری، بەڵکو ئیسلامی سیاسی لە ناوەخۆیدا بەردەوام بەریەکتر دەکەون و ململانێی سیاسی و دینی تێکەڵ بە یەك دەیان گەیەنێتە یەکتر خستنە دەرەوەی بازنەی دینەوە.

٥. بە هەمان شێوەی ئیسلامی سیاسی، ئیسلامی سەلەفی کە بەردەوام خۆی بە گرۆهە ڕاستەکەی ناو ئیسلام دەزانێت، لە ناوخۆیشیدا ئەم بیرکردنەوەیە بەردەوام دەیانخاتە ململانێی توند و گوتاری یەکتر تەبدیع تا تەکفیر دەڕوات.

---

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کوردییەکان:

١.باخەوان، هاوڕێ و ئەوانیتر (٢٠١٦) کورتەی ڕەگوڕیشەی سەلەفیی جیهادی لە کوردستان: کتێبی کوردستان و پۆست – داعش. چ:٢. کوردستان: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو.

٢.سیوەیلی، ئیدریس (٢٠١٧) بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی، ١٩٩٢-١٩٩٩ توێژینەوەیەکی مێژووی بەڵگەنامەییە، چ١، سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان.

٣.عالای، عەبدوڵلا فایق (٢٠١٥) سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردیی. زنجیرەی ئایین ناسی- کتێبی دووەم. هەولێر: ماڵی وەفایی.

٤.ابراهیم، عبدالله، ٢٠٢٤، دەیەمین فیستڤاڵی تاجی زێڕین، هەولێر: سایتی کوردیو، ماڵپەڕی هەوڵی یەکگرتوو، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: https://
٥٤٩٠٠٤/www.kurdiu.org/ku/b

٥.بەختەوەری (٢٠٢٣) حاجی کاروان بانگخواز، هەرێمی کوردستان: ڕێکخراوی بەختەوەری، ماڵپەڕی فەرمی ڕێکخراوی خێرخوازی بەختەوەری، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: /https://bextewery.org /hajikarwan

٦.بەخشین (٢٠٠٩) دەربارەی دەزگای خێرخوازی بەخشین، سلێمانی: دەزگای خێرخوازی بەخشین، ماڵپەڕی ڕەسمی، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: //:https #bakhshin.org/about

٧.چەلەبی، ڕێبوار (٢٠٢٣) ئیسلامی سیاسی بەرەو کوێ مل دەنێ، توێژینەوە و شیکاری، هەرێمی کوردستان: میدیای شارپرێس، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٠) بەستەری بابەت: https://www.sharpress.net/all-detail. ٢١٩٤٨٨=aspx?Jimare

٨.دەربارەی یەکگرتوو (٢٠٢٥) هەرێمی کوردستان: سایتی ڕەسمیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٢) بەستەری بابەت:.https://www.yakgrtw /١٠٠/net/y

٩.ڕزگار، محەمەد (٢٠٢١) کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، هەرێمی کوردستان: پەیجی زانیاری، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: /https://zaniary.com ٦٠f١٧٢٠cd٧ef١/blog

١٠.عثمان، دیدار (٢٠١٨) ئەو نامەی چارەنووسی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان دیاری کرد، هەرێمی کوردستان: ماڵپەڕی مێژووی کورد، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٢) بەستەری بابەت: .https://www.historyofkurd /٢٥/٠٢/٢٠١٨/com

١١.عەبدوڵلا، بێباك (٢٠١٧) ڕەوتی مەدخەلی و حەلەبی و ڕەنگدانەوەی لەسەر سەلەفیەکانی کوردستان. سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیران. (مێژووی

سەردانیکردن: (٢٠٢١/٢/٢٤) https:// www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=٥٢٠٦

١٢.کەریم، سنوور (٢٠٢٣) ناکۆکییەکانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا، بەشی کوردی، ماڵپەڕی ڕەسمی، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٠)، بەستەری بابەت: https://www.dengiamerika.com/a/٧٢٩٤٦٩٢.html

### دووەم: عەرەبییەکان

١٣.أحمد، سامي عويد (ب.ت) المطالب العالية في تزكية الإمام ربيع للشيخ عبداللطيف الكردي وصده عدوان البغاة. ح:١. موقع الامام الاجري.

١٤.الأيوبي، نزيه (٢٠٢٠) الاسلام السياسي الدين والسياسة في العالم العربي، ت. محمد كمال، بيروت: مركز نهاء للبحوث والدراسات.

١٥.بسلي، حسين و أوزباي، عمر (٢٠١٢) رجب طيب أردوغان (قصة زعيم)، مصر: دار البشير للثقافة والعلوم.

١٦.التلاوي، أحمد (٢٠١٦) الإخوان تركيا ونقاش حول تنقاقضات استراتيجية، مصر: مؤسسة نبوست

١٧.السرجاني، راغب (٢٠١٢) قصة أردوجان، مصر: دار الكتب المصرية، ط٤.

١٨.سيويلي، إدريس(٢٠١٧) السلفية في إقليم كردستان العراق: تيارات وشخصيات، كتاب السلفية في كردستان، تحرير محمد حريري، الامارات: مركز المسبار للدراسات والبحوث.

١٩.هي، الشفق (٢٠٠٩) الإسلام الشعبي، أندنوسيا: JOURNAL OF INDONESIAN ISLAM، Volume ٠٣، Number ٠١، June.

### سێیەم: ئینگلیزییەکان

٢٠.Moller، Andre (٢٠٠٥) Ramadan In Jawa The Joy and Jihad of Ritual Fasting، Indonesia، Jakarta: Lund Studies In History Of Religions،volume٢٠.

٢١.Vrijhof، Pieter H. & Waardenburg، Jacqoues (١٩٧٩) Official And Popular Religion، Analysis of a Theme for Religion Studies، Paris & New York: Mouton Publishers.

---

1-Vrijhof، Pieter H. & Waardenburg، Jacqoues (1979) Official And Popular Religion، Analysis of a Theme for Religion Studies، Paris & New York: Mouton Publishers. Pp. 340-341.

2-Moller، Andre (2005) Ramadan In Jawa The Joy and Jihad of Ritual Fasting، Indonesia، Jakarta: Lund Studies In History Of Religions،volume20، p41.

٣-الشفق، هي (٢٠٠٩) الإسلام الشعبي، أندنوسيا: JOURNAL OF INDONESIAN ISLAM، Volume ٠٣، Number ٠١، June ص٢٠١-٢٠٢

٤-الأيوبي، نزيه (٢٠٢٠) الاسلام السياسي الدين والسياسة في العالم العربي، ت. محمد كمال، بيروت: مركز نهاء للبحوث والدراسات ص ١٨-٢٣.

٥-سیویلی، ئیدریس (٢٠١٧) بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی، ١٩٩٢-١٩٩٩ توێژینەوەیەکی مێژووی بەڵگەنامەییە، چ١، سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ل٥٦.

٦-چەلەبی، ڕێبوار (٢٠٢٣) ئیسلامی سیاسی بەرەو کوێ مل دەنێ، توێژینەوە و شیکاری، هەرێمی کوردستان: میدیای شارپرێس، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٠) بەستەری بابەت: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=٢١٩٤٨٨

٧-کەریم، سنوور (٢٠٢٣) ناکۆکییەکانی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی، وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا: ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا، بەشی کوردی، ماڵپەڕی ڕەسمی، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٠)، بەستەری بابەت: https://www.dengiamerika.com/a/٧٢٩٤٦٩٢.html

٨-چەلەبی، ڕێبوار (٢٠٢٣) سەرچاوەی پێشوو.

٩-عثمان، دیدار (٢٠١٨) ئەو نامەی چارەنووسی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان دیاری کرد، هەرێمی کوردستان: ماڵپەڕی مێژووی کورد، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٢) بەستەری بابەت: https://www.historyofkurd.com/٢٠١٨/٠٢/٢٥/

١٠-دەربارەی یەکگرتوو (٢٠٢٥) هەرێمی کوردستان: سایتی ڕەسمیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٢) بەستەری بابەت:.https://www.yakgrtw.net/y/١٠٠/

١١-ابراهیم، عبدالله، ٢٠٢٤، دەیەمین ڤیستڤاڵی تاجی زێڕین، هەولێر: سایتی کوردیو، ماڵپەڕی هەوڵی یەکگرتوو، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: https://www.kurdiu.org/ku/b٥٤٩٠٠٤/

١٢-بەختەوەری (٢٠٢٣) حاجی کاروان بانگخواز، هەرێمی کوردستان: ڕێکخراوی بەختەوەری، ماڵپەڕی فەرمی ڕێکخراوی خێرخوازی بەختەوەری، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: https://bextewery.org/hajikarwan/

١٣-التلاوي، أحمد (٢٠١٦) الإخوان تركيا ونقاش حول تنقاقضات استراتيجية، مصر: مؤسسة نبوست، ص٣-٤.

١٤-بسلي، حسين و أوزباي، عمر (٢٠١٢) رجب طيب أردوغان (قصة زعيم)، مصر: دار البشير للثقافة والعلوم.

١٥-السرجاني، راغب (٢٠١٢) قصة أردوجان، مصر: دار الكتب المصرية، ط٤، ص٢١١-٢١٧.

١٦-ڕزگار، محەمەد (٢٠٢١) کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، هەرێمی کوردستان: پەیجی زانیاری، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: https://zaniary.com/blog/٦٠f١٧٢٠cd٧ef١

١٧-بەخشین (٢٠٠٩) دەربارەی دەزگای خێرخوازی بەخشین، سلێمانی: دەزگای خێرخوازی بەخشین، ماڵپەڕی ڕەسمی، مێژووی سەردانی (٢٠٢٥/٩/٢٣) بەستەری بابەت: https://bakhshin.org/about#

١٨-عالایی، عەبدوڵڵا فایق (٢٠١٥) سەلەفییەت و کۆمەڵگەی کوردیی. زنجیرەی ئایین ناسی- کتێبی دووەم. هەولێر: ماڵی وەفایی. ل٧٧.

١٩-سيويلي، إدريس(٢٠١٧) السلفية في إقليم كردستان العراق: تيارات وشخصيات، كتاب السلفية في كردستان، تحرير محمد حريري، الامارات: مركز المسبار للدراسات والبحوث. ص٣٧-٣٨.

٢٠-باخەوان، هاوڕێ و ئەوانیتر (٢٠١٦) کورتەی ڕەگوڕیشەی سەلەفیی جیهادی لە کوردستان: کتێبی کوردستان و پۆست – داعش. چ:٢. کوردستان: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو. ل٢٩.

٢١-أحمد، سامي عويد (ب.ت) المطالب العالية في تزكية الإمام ربيع للشيخ عبداللطيف الكردي وصده عدوان البغاة. ح:١. موقع الامام الاجري. ص٣.

٢٢-عەبدوڵڵا، بێباك (٢٠١٧) ڕەوتی مەدخەلی و حەلەبی و ڕەنگدانەوەی لەسەر سەلەفیەکانی کوردستان. سلێمانی: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیران. (مێژووی سەردانیکردن: ٢٠٢١/٢/٢٤) https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=٥٢٠٦

# پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت لە جیهانی ئیسلامی و کوردستاندا

د. سالار تاوگۆزی

**پێشەکی**

سۆفیگەری تەنیا ڕێبازێکی ئاینی ڕۆحی نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیشی لە کایەی سیاسیدا هەیە، هەر ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: (پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت لە جیهانی ئیسلامی و کوردستاندا) . گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە ئاوڕ لە ڕەهەندێکی کەمباسکراوی سۆفیگەری - بەتایبەتی لە کوردستاندا – دەداتەوە کە تێیدا توێژەر دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانەش بداتەوە:

-سۆفیگەریی ئیسلامی چییە و کەی لەجیهانی ئیسلامی و کوردستاندا سەریهەڵداوە؟

-پەیوەندیی نێوان سیاسەت و سۆفیگەری لەجیهانی ئیسلامی و کوردستاندا چۆنە؟

-هەڵوێستی سۆفیگەری لە بەرانبەر دەسەڵاتی سیاسیدا چی بووە؟

-خاڵی لێکچوون و جیاوازی ئیسلامی سیاسی و سۆفیگەری سیاسی چییە؟

کێشەی توێژینەوەکە ئاڵۆزی پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت و سۆفیگەریی سیاسی و ئیسلامی سیاسییە کە دەمانەوێت ڕوونیان بکەینەوە و دەستنیشانیان بکەین.

توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی مێژوویی و شیکاری بەستووە. لە پێشەکییەک و کورتەیەک سەبارەت بە پێناسەی سۆفیگەری و مێژووی سەرهەڵدانی و پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت پێکدێت، ئەمە جگە لە دیاریکردنی خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان ئیسلامی سیاسی و سۆفیگەری سیاسی.

کۆتایی توێژینەوەکەش بۆ ئەنجامەکان تەرخان کراوە کە دیارترینیان ئەوەیە، بەپێچەوانەی بۆچوونە باوەکان، گەیشتووین بەوەی هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی سۆفیگەریی ئیسلامی کاردانەوە بووە بەرانبەر ستەمی سیاسەتمەداران، نەک

کاریگەربوون بە سەرچاوەی دەرەکی وەک فەلسەفەی یۆنانی و ئایینی بوودایی و جوولەکە و مەسیحی، یان کاریگەربوون بە سەرچاوەی ناوخۆیی وەک قورئان و سوننەت. هەروەها پەیوەندیی سۆفیگەریی ئیسلامی و سیاسەت بەپێی شوێنکات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە چوار حاڵەتدا بەرجەستە دەبێت کە بریتین لە ( بێلایەنی و دوورەپەرێزی، هاوکاری و پشتیوانی، بەرەنگاری، دەسەڵات گرتنە دەست).

**کورتەیەک سەبارەت بە پێناسەی سۆفیگەری و مێژووی سەرهەڵدانی**

سۆفیگەری (التصوف) ڕێبازێکی خودا پەرستییە و ڕیشەی لەناو زۆربەی ئایینەکانی وەک بودایی و جوولەکە و کریستیان و ئیسلامدا هەیە. بەڵام ئەو سۆفیگەرییەی ئێمە لەسەر ڕادەوەستین (سۆفیگەریی ئیسلامی)یە کە پێناسەیەکی دیاریکراو و کۆنکرێتی نییە، بەڵام زۆربەی پێناسەکان سۆفیگەری لە ڕوو لە خوداکردن و ناخپاکی و ئاکار و لایەنی ڕۆحی و پەروەردەیی و دەروونیدا کۆدەکەنەوە، لە پێناسەیەکدا گوتراوە: سۆفیگەری ناسینی خودای گەورەیە لە ڕێگەی دڵەوە. پێناسەیەکی دیکە دەڵێت: قوتابخانەیەکی مەعنەوییە بۆ پەروەردەکردنی دەروونی مرۆڤ و خاوێنکردنەوەی دڵ لەسەر دەستی پەروەردەکارانی ڕاستەقینە و میراتگرانی پێغەمبەران سەلامی خودایان لێبێت (١).

لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە کە سۆفیگەری بریتییە لە چەشتن (التذوق) و هەڵهاتن و درەوشانەوە (إشراق)ی نوری خوداوەند لە ناو دڵاندا(٢). هەروەها (ئەبو عەباس ئەحمەدی بورنوسی) لەباسی پێناسەی سۆفیگەریدا دەڵێت: "سۆفیگەری لە دوو هەزار ڕووەوە دیاریکراوە و وێنەی کێشراوە و لێکدراوەتەوە، مەرجیعی هەموو ئەمانەش یەک شتە، ئەویش ڕووکرنە خودایە"(٣). ئامانجی سەرەکی سۆفیگەریش ئەوەیە خەڵک بە خودناسیی (معرفة الله) بگەیەنێت، جگە لەمەش گشت ئامانجەکانی دیکەی لاوەکین(٤). ئامانجە سەرەکییەکەی سۆفیگەری ش لە گەڵ ئەو ئایەتەی قورئاندا یەک دەگرێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ (٥) کە بەپێی لێکدانەوەی (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود) مەبەست لێی ئەوەیە خودا جنۆکە و مرۆڤی بۆ ئەوە دروست کردووە، کە بیناسن(٦).

مێژووی پەیدابوونی سۆفیگەری ئیسلامیش وەک پێناسەکەی جێی مشتومڕە، هەندێک ڕیشەکەی بۆ (أهل الصُّفَّة)ی دەگەڕێننەوە کە لە کۆمەڵێک هاوەڵی هەژار و بێدەرەتانی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) پێکهاتوون کە لە مزگەوتدا دەمانەوە. هەندێکی دیکە بۆ دەوروبەی ساڵانی (٢٠٠ک) دەگەڕێنێتەوە کە ئەوکات مسوڵمانان

بەسەر چەند کۆمەڵە و تاقمێکدا دابەش ببوون و هەریەکەو بانگەشەی ئەوی دەکرد کە زوهد و خواپەرستی لەناو کۆمەڵەکەی ئەواندا زیاترە. لەناو ئەو کۆمەڵانەشدا، خەڵکانێک دەرکەوتن کە ناوی (صوفیة)، یان (متصوفة) یان لە خۆیان نا. هەروەها بڕێک لە توێژەران هەندێک لێکچوونیان لەنێوان سۆفیگەریی ئیسلامی و فەلسەفەی یۆنانی و ڕەهبانییەتی مەسیحیدا دیاری کردووە، هەیشیانە پێیوایە سەرچاوەی سۆفیگەری بیروباوەڕی ئایینی (بودایی) یە، ئەم بۆچوونە سۆفیگەریی ئیسلامی بە سەرچاوەی دەرەکییەوە دەبەستێتەوە، بەڵام بۆچوونی پێچەوانەش هەیە کە بوونی هەر سەرچاوەیەکی دەرەکی ڕەتدەکاتەوە و سۆفیگەری بەسەرچاوەی ناوخۆیی دەبەستێتەوە، بۆ نموونە: ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزیی ڕینۆڵدز ئەلین نیکڵسن (Reynold Alleyne Nicholson) کە پسپۆڕی سۆفیگەرییە و لویس ماسینیۆن (Louis Massignon) کە ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە و بایەخی بە نووسین و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئیسلام و سۆفیگەری داوە، پەیدابوونی سۆفیگەریی ئیسلامی لە ژێر کاریگەریی هەر فاکتەرێکی دەرەوەی ئیسلام ڕەتدەکەنەوە، توێژینەوەکانی ئەمانیش زیاتر لەسەر بنەمای بۆچوونی مسوڵماننناسە کۆنەکان سەرچاوەی گرتووە. بە بۆچوونی نیکڵسن، عیرفانی سۆفیگەریی ئیسلامی شوێنکەوتەو تەواوکەری ئەو ڕێبازی زاهیدانەیە کە لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا لەناو مسوڵماناندا سەریهەڵدا. هەروەها ماسینیۆنیش پێیوایە کە سۆفیگەریی ئیسلامی بەتەواوەتی لە ناخی ئیسلامدا پەیدا بووە. ئاماژەیش بەچەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزیش دەکات کە باس لە زوهد و عیرفان دەکەن(٧).

سۆفیگەریی ئیسلامی بەسەر چەند گروپ و ڕێباز(طریقة)ێکدا دابەش بووە، لەوانە: (سوهرەوەردی، مەولەوی، کوبرەوی، چەشتی، قادری و نەقشبەندیی) ئەم ڕێبازانەش هەریەکەیان لە زەمان و زەمینێکدا پەیدابوون. ئەوکەسەش لەسەر یەکێک لە ئەم ڕێبازانەیە بەزمانی کوردی پێی دەگوترێت (سۆفی). بەزمانی عەرەبیش بە (صوفي) ناوزەد دەکرێت کە بەواتای (خوریپۆش) دێت و کاتی خۆی بە ئەو کەسانە دەگوترا کە وازیان لە دنیا هێنابوو، پۆشاکێکیان لەبەر دەکرد کە لە خوری ئاژەڵ (صوف) دروستکرا بوو، کە زبر و قورس بوو. ئامانجیان لەوەش ئەوە بوو خورییە کە زبر و قورسەکە جەستەیان ئازار بدات نەهێڵێت بحەوێتەوە تاوەکو هەمیشە مژوڵی یادی خودابن(٨). بەگوێرەی بۆچوونی (خەتیبی بەغدادی) و (هنری کۆربین) یەکەمین کەس لە ئاستی تاکەکەسیدا بە سۆفی ناسرا بێت(عەبدەکی سۆفی) بووە، کە کەسێکی خوریپۆش بووەو گۆشتیشی

نەخواردووە. وەلێ مامۆستاو گەورەی ڕۆژهەڵاتناسەکان (ماسینۆن) پێیوایە یەکەمین سۆفی (جابری کوڕی حەیان)ە. ڕایەکی دیکەش هەیە (ئەبو هاشمی کوفی) بە یەکەم سۆفی لەقەڵەم دەدات، بەڵام ئەم ناوانە کە بەیەکەم سۆفی دانراون، هەموویان خەڵکی کوفەن (٩).

## سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە کوردستاندا

لەبەر ئەوەی کوردستان زۆربەی دانیشتووانەکەی مسوڵمانە، بەدەر نەبووە لە شەپۆلی ئەو گروپ و ڕێباز و ڕەوت و قوتابخانە سۆفیگەری و فیکری و سیاسییانەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا سەریانهەڵداوە، بۆیە کە سۆفیگەریی ئیسلامی پەیدا بوو، وردە وردە گەشەی کرد، لە ڕێگەی تەریقەتەکانەوە پەلوپۆیشی بۆ کوردستان هاویشت. لەباریی ژینگەی کوردستان وەهای کرد سۆفیگەری لە قۆناغێکی زووتردا هەر لە سەدەی نۆیەمی زایینییەوە، ڕۆڵی ئایینی و کۆمەڵایەتیی گرنگی لە پانتاییە کوردییەکەدا هەبێت و وەک گرنگترین کایەی ئایینی و نزیکترین دەرکەوتەی ئیسلام لە کۆزەینی کورددا جێگەی خۆی بکاتەوە و ببێت بە بنەمایەک بۆ تێگەیشتنی کورد لە ئیسلام، بەجۆرێک زۆر لە ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئیسلام لەسەر بنەمای باوەڕی سۆفییانە دامەزراوە (١٠).

بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە یەکەم ڕێبازی سۆفیگەری لە کوردستاندا هەیە ، بۆچوونێک دەڵێت: یەکەم ڕێبازی سۆفیگەری لە وڵاتی کوردانددا (سوهرەوەردی) بووە کە دواتر جێگەکەی خۆی بە (ڕێبازی نووربەخشی) داوە(١١). بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە پێیوایە نووربەخشی یەکەم ڕێباز بووە کە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (سەیید محمد نووربەخش)ەوە لە ناو کورداندا بڵاوکراوەتەوە، ئەم کەسەش برای (شێخ عیسا) و (شێخ موسا)ی بەرزنجی بووە و لەگەڵ باوکیاندا کە (بابا عەلی هەمەدانی) بووە لە ساڵی (٨٦٠) هیجری مانگیی هاتوونەتە بەرزنجە (١٢).

**بە بۆچوونی نیکڵسن، عیرفانی سۆفیگەریی ئیسلامی شوێنکەوتە و تەواوکەری ئەو ڕێبازی زاهیدانەیە کە لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا لەناو مسوڵماناندا سەریهەڵدا**

تەریقەتی نووربەخشی تا سەردەمی بابا ڕەسوڵ (١٠٥٦ک/ ١٦٤٦ز کۆچی دوایی کردووە) بەردەوام بووە. بابا ڕەسوڵ ڕێبازی (العلویة) کە بەشێک بووە لە ڕێبازی (الخلوتیة)ی تێکەڵ بە نووربەخشی کردووە، تەریقەتەکەش

لەناو ساداتی بەرزنجەدا برەوی پەیدا کرد و لەڕێگەی ئەوانەوە بەگشت کوردستاندا بڵاو بوویەوە.

بارودۆخی ئەم ڕێبازە سۆفیگەرییە تا سەردەمی (شێخ موحەممەدی نۆدێی) بەردەوام بوو، پاشان کوڕەکەی جێگەی گرتەوە کەناوی (سەیید ئیسماعیل قازانقایی) بوو، کە لە هەندێک سەرچاوەدا بە (ئیسماعیل ولیانی)ش ناوی هاتووە. ئەمیش گەشتێک بۆ بەغداد دەکات و لەوێ (ڕێبازی قادری) لە سەردەستی (شێخ ئەحمەد ئەحسانی) وەردەگرێت، ئەم ڕێبازەش دەبرێتەوە سەر (شێخ عەبدولقادری گەیلانی). سەیید ئیسماعیل پاش گەڕانەوەی لە گوندی (قازانقایە) نیشتەجێ دەبێت و خەڵکانێکی زۆر لە گشت ناوچەکانەوە ڕووی تێدەکەن و بەیعەتی پێدەدەن، ئەویش چوار لە کوڕو براکانی خۆی دەکات بە خەلیفە، ئیتر لەوساتەوە تا ئەمڕۆ ڕێبازی قادری بەکوردستاندا بەردەوام بڵاو دەبێتەوە، لەوەشدا شێخ و سەییدەکانی بەرزنجە ڕۆڵی دیاریان هەبووەو (١٣) لەپاڵ ئەوانیشدا بنەماڵەکانی (تاڵەبانی، سۆڵەیی، بریفکانی، کەسنەزانی و شێخەکانی نەهری) لەگرنگترین ئەو بنەماڵانەن کە ڕۆڵی گەورەیان لە بڵاوبوونەوەی ڕێبازی قادری لە ناو کورداندا هەبووە و (١٤) بەهۆی ئەوانەوە ڕێبازی قادری تا ئەمڕۆ یەکێکە لە ڕێبازە گەورە و بەربڵاوەکانی سۆفیگەری لە کوردستاندا. لەدوای ئەویش (ڕێبازی نەقشبەندی) دێت کە لەلایەن (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) یەوە هێنراوەتە کوردستان، هەرچەندە قسەوباس سەبارەت بەوەش هەیە کە پێش مەولانا ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستاندا هەبووە، بەڵام لاواز بووە. مەولانا ڕێبازی نەقشبەندی لە هیندستان لە سەر دەستی (شاعەبدوڵڵای دەهلەوی) وەرگرتووە، بنەوانگەی ئەم ڕێبازەش بۆ (عەبدولخالق غەجدەوانی) دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای ئەو شێخ بەهائوددین موحەممەدی کوڕی موحەممەدی بوخاری ناسراو بەشاهی نەقشبەند یان بەهائوددین نەقشبەند (٧١٧–٧٩١ک) بەزیادکرنی هەندێک ڕێسا ڕێبازەکەی پێکهێنا و گەشەی پێدا(١٥).

## -پەیوەندیی نێوان سۆفیگەریی ئیسلامی و سیاسەت

هەرچەندە سۆفیگەریی ئیسلامی بانگەشە بۆ وازهێنان لە دونیاویستی دەکات و سیاسەتیش خۆی بە کاروباری دونیاییەوە سەرقاڵ دەکات، بەڵام سۆفیگەری لە سیاسەت بەدوور نەبووە و دوور و نزیک سەروکاری لەتەکیدا هەبووە.

سۆفیگەریی ئیسلامی لەدوای سەرهەڵدانیەوە، هەمیشە یەکێک بووە لە قوتابخانە کاریگەرەکانی ئیسلام، کە تەنیا ڕۆڵی لە لایەنی ئایینی و ڕۆحی و

جیهادی دەروونی و باشکردنی ئاکاردا نەبینەوە، بەڵکو کاریگەریی دیاریشی لە کایەی سیاسیدا هەبووە، تەنانەت هەندێکجار بانگەشەی جیهادی مەیدانیشی کردووە و سەرکردایەتی چەندین جوڵانەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداریی کردووە و لەهەندێک وڵاتیش توانیویەتی دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەمەش بووە بەهۆی دروستبوونی (سۆفیگەری سیاسیی) کە لەپاڵ ئەرکە ڕۆحییەکەیدا، ئەرکی دونیاییشی جێبەجێ کردووە. هەندێک جاریش سۆفیگەری خۆی لە سیاسەت بەدوور گرتووە یان هەر هیچ نەبێ بێلایەن بووە.

سۆفیگەریی ئیسلامی لە بنەڕەتدا، لەدوای شەهیدکردنی خەلیفەی مسوڵمانان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبەوە لە ساڵی (٦٦١ک)دا چەکەرەی کرد، ئاخر شەهیدکردنی ئەو خەلیفەیە، بوو بەهۆی دەرکەوتنی ڕەوتی جۆراوجۆر، یەکێک لە ئەو ڕەوتانە سۆفیگەری بوو کە سەرەتا بە دوورکەوتنەوەی زاهیدەکان لە دونیا، بەتایبەتی لە دونیای سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە دەستیپێکرد کە تێیدا بەنو ئومەییە باڵادەست بوون و لە دونیاپەرستیدا ڕۆچوون و لە خوداپەرستی دوور کەوتنەوە، ئەمەش بوو بەهۆی دورستبوونی ڕەوتی سۆفیگەری - کە بەپێچەوانەی ئومەوییەکانەوە- بانگەشەیان بۆ خوداپەرستی و دوورکەوتنەوە لە حەز و ئارەزووەکانی دونیا دەکردەوە و ڕەخنەیان لە دەسەڵاتداران دەگرت (١٦) بەتایبەتی لە شاری کوفەو بەسرەدا کە ژینگەیەکی لەباریان بۆ لە دایکبوونی سۆفیگەریی ئیسلامی هەبوو. سۆفییەکان سەرەتا بە زوهد و گۆشەگیری و بیرکردنەوە و خۆپارێزی لە ئارەزووبازی دونیایی و نزیکبوونەوە لە خوداو خۆئامادەکردن بووە بۆ دیداری خودایی لە دوای مردن دەستیانپێکرد، چونکە زوهد لە بنچینەدا بریتییە لە بزووتنەوەی گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە دنیا و ڕووکردنە خواپەرستییەکی بەردەوام (١٧).

لەو سەردەمانەدا، کوفە جگە لەوەی تایبەتمەندیی کولتووریی خۆی هەبوو، ناوەندێکی بوو بەرەنگاریی سیاسیش بوو، خەڵکە ناڕازییەکەی دژ بە دەسەڵاتی ئومەوی و عەباسییەکان وەستانەوە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین: سەرەتای پەیدابوونی سۆفیگەریی ئیسلامی ئەم هەڵوێستە بووە بەرانبەر بە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەوا، ئەمەش ڕایەکەو (د.حەسەن حەنەفی) پشتگیری دەکات و گشت ئەو بۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە کە سەرەتای پەیدابوونی سۆفیگەریی ئیسلامی بەسەرچاوەی فەلسەفی و بودایی و هیندی و یۆنانی و فارسی و مەسیحی و شیعی و سوننی تەنانەت قورئانیشەوە دەبەستنەوە. حەنەفی پێیوایە سۆفیگەریی ئیسلامی وەک ئاراستەیەک بەرەو ڕۆژی دوایی

و کاردانەوەیەک لە دژی دونیاویستی و شەڕوشۆڕ لەسەر دەسەڵات و خوێنڕژان لە میانی ململانێ سیاسییەکان لەسەر خیلافەت لەسەردەمی فیتنەی گەورەدا، پەیدا بووە.(١٨)

هەروەها لە کوردستانیشدا، سیاسەت فاکتەرێکی بەهێزی دەرکەوتنی سۆفیگەری بووە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا، سۆفیگەری کوردییش کاردانەوە بووە بەرانبەر سیاسەت و خراپبوونی بارودۆخی کۆمەڵگەی ئیسلامی و کوردستانی و دوورکەوتنەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە ڕۆحی ئایینی ئیسلام و گەندەڵیکردنی فەرمانڕەواکان و چەندین کاری نابەجێ و ناشەرعی دیکە (١٩).

**لەباری ژینگەی کوردستان وەهای کرد سۆفیگەری لە قۆناغێکی زووتردا هەر لە سەدەی نۆیەمی زاینییەوە، ڕۆڵی ئایینی و کۆمەڵایەتیی گرنگی لە پانتاییە کوردییەکەدا هەبێت و وەک گرنگترین کایەی ئایینی و نزیکترین دەرکەوتەی ئیسلام لە کۆزەینی کورددا جێگەی خۆی بکاتەوە**

لەسەردەمی نوێشدا، چیرۆکی پەیوەندیی سۆفیگەری و سیاسەت ئاڵۆزترە و شوێنی سەرسامیی زیاترە و هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینوە، بۆیە سۆفیگەری لە ناو سیاسەتدا بەچەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت، لەکاتێکدا گروپە سۆفییەکان لە هەندێک وڵاتی دراوسێکدا لەگەڵ دەسەڵاتە داگیرکەر و گەندەڵەکاندا دۆستە، لە هەندێک وڵاتی دیکەی وەک باکووری ئەفریقا دژ بە دەسەڵاتی داگیرکەرو ستەمکاران خەبات دەکات و لە پێناو دادپەروەریی و ئازادیدا تێدەکۆشێت (٢٠) .

بەگشتی دەتوانین بڵێین: پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت ناجێگیر و ئاڵۆزە، بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی ئەو ئاڵۆزییەش، لە خوارەوە پەیوەندییەکە لە ئەم چوار حاڵەتەی خوارەوەدا بەرجەستە دەکەین:

**١- بێلایەنی و دوورەپەرێزیی**

سۆفیگەری لە بنەڕەتدا زوهد و دوورکەوتنەوەیە لە دونیا بە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسیشەوە، بۆیە زۆرێک لە سۆفییەکان بێلایەنانە لە ململانێ سیاسییەکانیان ڕوانیوە، هەشیانە کە بەیەکجاریی لە سیاسەت دوورە پەرێز بووە، ئەم تایپە لە سۆفییەکان پێیانوایە سیاسەت سەرچاوەی گەندەڵی و خراپەکارییە و لە خودا دووریان دەخاتەوە. ئەمانە هیچکات ڕێگەیان نەداوە سیاسەت پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان لەبەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت، خۆیشیان هیچ نیازێکیان بە سیاسەت نەبووە وەک: (جونەیدی بەغدادی،

ئەبو یەزیدی بەستامی و عەبدولقادری گەیلانی) بەڵام هەندێک لەوانە کە لە دونیاو سیاسەت دوور کەوتوونەتەوە لە ژیانی گشتیی خەڵکی دابڕاو نەبوون، بۆ نموونە شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧ - ١١٦٦ز) هەوڵی چاکسازی میللی لە کۆمەڵگەدا داوە و قسەکانیشی ڕێزیان لێگیراوە، بەجۆرێک لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عەباسییەکاندا کاریگەرترین کەسێتی بووە، کاتێک لە لە دنیا دەرچوو، تەواوی خەڵکی بەغداد بۆی خرۆشان و بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی کرد(٢١).

هەندێک لە شێخ و کەسایەتیی و مورید و مەنسوبەکانی سۆفیگەری ، لەگەڵ ئەوەدا کە دوورە پەرێز بوون لە سیاسەت، هەندێک جار بەشێوەیەکی نەرم ئامۆژکاری دەسەڵاتدارانیان کردووە وەک (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) و ئامۆژگارییەکانی بۆ فەرمانڕەوا بابانییەکان. جاریواش هەبووە بەشێوەیەکی ڕاشکاو تاڕادەیەکیش ڕەق ڕەخنەیان لە دەسەڵاتداران گردووە و قسەیان لەگەڵدا کردوون، یەکێک لە ئەو کەسایەتییانە (ئیمامی غەزالی) یە کە وەک زانایەکی ئایینی تەسەوف درێخی لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی زاڵم و کاربەدەستان نەکردووە، پێیوابووە هۆکاری سەرەکیی لەڕاستەڕێ لادانی ستەمکاران و دەسەڵاتداران گەندەڵیی دارایيانە. ئەو بەڕوون و ئاشکرا گوتوویەتی کە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سوڵتانە ستەمکارەکان حەرامە، زۆر بە توندیش ڕەخنەی لە ئەو زانایانە گرتووە کە لە فەرمانڕەواکان نزیک بوون. هەڵسوکەوتیشی لەتەک ئەو دادوەرانەدا قەدەغە کردووە کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارە زاڵمەکانەوە هەبووە. بە حەرامیشی داناوە سوود لە ئەو دامەزراوانە ببینرێت کە بە ماڵی حەرام دروستکراون. ئەمە جگە لە نامەکانی بۆ میرو سوڵتانەکان کە پڕن لە ڕەخنەی بوێرانەی تفت و تاڵ و ڕەق، وەک نامەکانی بۆ (فخر الملك) و ( مجبر الدين) کە بە توندی ڕەخنە لە ستەمکارییەکەیان دەگرێت (٢٢).

**هەرچەندە سۆفیگەریی ئیسلامی بانگەشە بۆوازهێنان لە دونیاویستی دەکات و سیاسەتیش خۆی بە کاروباری دونیاییەوە سەرقاڵ دەکات، بەڵام سۆفیگەری لە سیاسەت بەدوورنەبووە و دوورو نزیک سەروکاری لەتەکیدا هەبووە**

لە کوردستانیشدا لە هەندێک کات و سەردەمدا سۆفیگەری دوور بووە لە سیاسەت وەک سەردەمی دەسەڵاتی میرە کوردەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین: بەگشتی ئەو قۆناغە قۆناغی جەختکردنەوەی

شێخەکان بووە لە دەسەڵاتی ڕۆحی خۆیان و زیاتر بە کاروبارەی تەریقەتەکانی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون و نەبوون بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەسەڵات. هەروەها ئاراستەی گشتی شێخەکانی بیارەش هەر دوورەپەرێزی بووە لە سیاسەت، بۆ نموونە هەندێک شێخی وەک شێخ (عوسمانی سیراجەدینی دووەم) داوای ئەوەیان کردووە ڕێبەرانی ئایین خۆیان لە سیاسەت بەدوور بگرن، ئەگەر نا دەبنە ڕێبەری دونایی. هەر لەبەر ئەوەیشە ڕۆڵی ئەم شێخانە لەناو بزاوتە سیاسییەکاندا کەمتر دیارە، کەمتریش بوون بە مایەی سەرئێشە بۆ بەرپرسە سیاسییەکان، بۆیە زۆربەی کات لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا تەبا بوون (٢٣).

**٢. هاوکاری و پشتیوانیی**

زۆر جار پەیوەندیی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت دووسەرە بووە و لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دامەزراوە، بەو مانایەی دەسەڵاتدارو سیاسەتمەداران پێگەی ئایینی و سیاسی شێخ و کەسایەتییە سۆفییەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە تاوەکو پشتیوانییان بکەن و شەرعیەتی ڕۆحی بەدەسەڵاتەکەیان بدەن، لەبەرانبەریشدا هاوکاریی شێخ و سۆفییەکانیان کردووە، بۆ نموونە خەلیفەی عەباسی (الناصر لدین الله) کاتێک زانی شێخی ڕێبازی سوهرەوەردیی تەسەوف (شێخ شهابەددینی باوکی حەفس عومەری سوهرەوەردەی بەغدادی شافیعی) چ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی هەیە، لەخۆی نزیک کردەوە و زۆر ڕێزی لێگرت، تەنانەت کردیشی بە نوێنەری خۆی. هەروەها خەلیفە کاروانسەرایەکی تایبەت بە سۆفییەکانی دامەزراند و شوێنێکی تایبەتیشی بۆ شێخ دابینکرد کە باخ و خانووی تێدا بوو. ئەم شێخە هەرچەندە کەڵکی لە سیاسەت وەرگرتووە، بەڵام زۆر دونیا ویست نەبووە، بەبەڵگەی ئەوەی پێش کۆچی دوایکردنی هەموو موڵک و ماڵی بەسەر هەژاراندا دابەش کردووە (٢٤).

هەروەها سوڵتانی ئیسلامی بە ڕەگەز کورد (سەلاحەدینی ئەیووبی) نێوانی لەگەڵ سۆفییەکاندا باش بووە، بەشێوەیەک کاتێک لە دیمەشقەوە بەرەو میسر بەڕێکەوت، خانووەکەی خۆی لە دیمەش کردە خانەقا بۆ سۆفییەکان. کە گەشتە قاهیرەش پەیوەندیی لەگەڵ ئەهلی تەسەوفدا نەبچڕا، ڕەنگە یەکەمین فەرمانڕەواش بوو بێت کە لە قاهیرەدا خانەقای بۆ سۆفییەکان بەناوی (خانەقای سەلاحیە) داناوە. سۆفییەکانی ناو خانەقاکەش بە زیرەکی و چاکیی ناسران و چاوەڕوانی بەرەکەتیان لێدەکرا. خانەقای سۆفییەکان لە میسر توانی خزمەت بە کۆمەڵگەو دەسەڵاتی ئەیوبییەکان بکات، لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییان دەبینی، خودی

سەلاحەددینیش ڕاوێژی پێدەکردن (٢٥) . لە کوردستانیش کاتێک مەولانا خالیدی نەقشبەندی گەڕایەوە سلێمانی (مەحموود پاشای بابان) خزمەتێکی زۆری کرد، خانەقایەکی بۆ کردەوە و هەندێک موڵکی باشیشی وەک گوندی (کەماڵان) و چەند گوندێکی دیکەی لەسەر خانەقاکە وەقفکرد (٢٦) .

مەولانا ویستی ئەم نێوانخۆشییەی لەگەڵ میرانی باباندا بخاتە خزمەت پرۆژە چاکسازییەکەوە و ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیش بەرقەرار بکات، بەڵام پرۆژە کەی بەهۆی دژایەتیکردنی لەلایەن هەندێک مەلا و دەسەتدار و شێخی دیکەی وەک (شێخ مارفی نۆدێ) شکستی هێنا، مەولاناش لە دەسەڵاتدارانی بابان دوور کەوتەوە. ئاخر ئەو کات شێخ مارف خۆیشی شێخی تەریقەتی قادری بوو، لە دەسەڵاتدارانی بابانییەکان و عوسمانییەکان نزیک بوو، بۆیە بوونی شێخێکی دیکەو تەریقەتێکی دیکەی وەک نەقشبەندیی لە نزیک پادشای بابانەکان بە مەترسی بۆ سەر خۆی و ڕێبازەکەی دەزانی، تا کار گەیشتە ئەوەی نامیلکەیەک دەربکات و مەولانا کافر بکات. تەنانەت لە ئەو سەردەمەدا هەوڵی تیرۆرکردنی مەولاناش درا و ئەوەندەی دژایەتی کرا، ناچار بۆ یەکجاریی کوردستانی بەجێهێشت کە ئەمەش زیانێکی گەورە بوو بۆ کورد؛ چونکە " زۆربەی ئەوانەی لەڕوی سیاسییەوە لە مەولانا خالیدیان ڕوانیوە، بڕوایان وایە: ئەگەر دەسەڵاتی بابانەکان بەربەستیان لەبەردەم بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی دا دروست نەکردایە، یارمەتییان بدایە، شێخ مارفی نۆدێ و هەندێ مەلای تری کوردستان بەو شێوە زەقە دژایەتییان نەکردایە، مەولانا خالید ڕۆڵێکی گەورەی دەبینی بۆ ئایندەی کوردو بناغەی قەوارەیەکی گەورەی بۆ کوردستان بنیات دەناو پارێزگاری لە ڕوخانی بابانەکان دەکرد و فەرمانڕەواییان پتر پەرەی دەسەند، بە تایبەتی: کە ئەو کاتە دەوڵەتی عوسمانی نەخۆش کەوتبوو، دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی وڵاتانی ژێردەستەی نەما بوو"(٢٧) .

## سۆفیگەری کوردییش کاردانەوە بووە بەرانبەر سیاسەت و خراپبوونی بارودۆخی کۆمەڵگەی ئیسلامی و کوردستانی و دوورکەوتنەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە ڕۆحی ئایینی ئیسلام

کە مەولاناش لە دونیا دەرچوو، لە وڵاتی غەریبیدا ئەسپەردەی خاک کرا، هەندێک لە ئەو خەلیفانەی کە پێشتر لە ئەستەمبوڵ نیشتەجێ بوو بوون، بەشێوەیەکی خێرا و دوور لە چاودێری و کۆمەکی دارایی عوسمانییەکان لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستان و ڕێبازی

نەقشبەندییان زیاتر بڵاو کردەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی خواستی (سوڵتان مەحموود)ی عوسمانیی بوو، کە لەسەرەتاوە هەوڵیدا تاوەکو ڕێگا لە بڵاوبونەوەی ڕێبازەکە بگرێت و لەتەک خۆیاندا بیانسازێنێت، ئەوە بوو هەندێک لە شوێنکەوتووانی مەولانا بە پلەو پۆست فریو دران و پێگەیان پێدرا (٢٨) . بەڵام سەرباری دوورکەوتنەوەی مەولانا خالید، ڕێبازەکەی لە کوردستاندا هۆشیارییەکی سیاسی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا دروست کرد، هەندێک لە شێخ و خەلیفە و مەلاکانی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بوون بە سەرکردەو کاریگەرییان لە ڕەوتی ڕووداوەکان کرد. لەبەرانبەردا هەندێک لە سۆفییە نەقشبەندییە خالیدییەکان پەیوەندیی خۆیان لەتەک عوسمانییەکاندا نەبچڕاند، بۆ نموونە: پەیوەندیی نێوان عوسمانییەکانی و شێخەکانی هەورامان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بەردەوام بووو. جگە لەوەش، شێخەکانی هەورامان پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی قاجاری و پەهلەویدا هەبووە بەتایبەتی دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ئەردەڵان و هەوڵەکانی دەوڵەتی قاجار بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی بندەستی ئەردەڵانییەکان و ناردنی فەرهاد میرزای ناسراو بە موعتەمیدوددەولە (١٨١٨-ر١٨٨٨ز) بۆ فەرمانڕەوایی سنەو ناوچەکانی کوردستان. ڕۆڵی سیاسی شێخەکان لە ڕووداو وپێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکەدا لە نیوەی دووەمی شانشینی قاجارەوە کە دەکاتە سەردەمی ناسرییەکان زیاتر بوو، لە ئەو مێژووەوە بەدواوە پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی شێخانی نەقشبەندیی هەورامان و بەرپرسانی دەوڵەتی قاجار دەستپێدەکات (٢٩).

کە دەسەڵاتی عوسمانییەکان ڕووخا و وڵاتی عێراق دروستکرا، هەمیشە دەسەڵاتدارانی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان ئەو وڵاتە هەوڵی ئەوەیان داوە ڕێبازەکانی سۆفیگەری لە کوردستان لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هیچ شێخ و دەروێش و موریدو مەنسووب و مەلایەکی سەر بە ڕێبازەکانی قادری و نەقشبەندی نە بووبێت کە بەرەنگاریی ڕژێمە عێراقییەکانی کردبێت، یان مزگەوت و خانەقاو تەکیەکانیان نەبووبێت بە پەناگەی پێشمەرگە، بۆ نموونە لەسەردەمی خەباتی شاخدا (تەکیەی هیران) کە هی تەریقەتی قادرییە و نێوانیشی لەگەڵ نەقشبەندیدا خۆشە، بوو بوو بە پەناگەی پێشمەرگە، بەو هۆیەیشەوە باجی داوە و بۆمباران کراوەو پەرتووکخانەکەی سووتاوە کە چەندین دەستنووسی بەنرخی تیادا بووە (٣٠).

لەدوای ڕاپەڕینەکەی ئاداری (١٩٩١ز) یشەوە، دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سۆفیگەری بەرەنگاریی

دەسەڵاتی نەکردووە؛ چونکە ئەم دەسەڵاتەی بە دەسەڵاتێکی کوردیی خۆماڵی زانیوە و خۆشی بەخاوەنی ئەو دەسەڵاتە زانیوە کە لە خەباتکردن بۆ بەدیهێنانیدا بەشدارییەکی چالاکی کردووە، بەپێچەوانەی ئیسلامی سیاسییەوە کە چ لە ڕێگەی خەباتی چەکداریی و جیهادەوە بێت یان خەباتی مەدەنیی هەوڵیداوە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بڕوخێنێت و خۆی ببێتە شوێنگرەوەی.

لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سۆفییەکان یان هاوکار و پشتیوان بوون، یان بێلایەنانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سیاسەتدا کردووە. بەڵام لەهەمان کاتدا بەهەمانشێوەی فەرمانڕەوایانی هەرێم کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تەکفیرکردنی ئیسلامی سیاسی توندڕەوە، ئەمەش هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان سۆفییەکان و دەسەڵاتدا زیاد کردووە و هەردووکیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش مامەڵەیان کردووە، دەسەڵات ویستوویەتی سۆفییەکان بۆ پێدانی شەرعیەتی ڕۆحی و بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی هەندێک حیزب و گروپ و کەسایەتی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی لەخۆی نزیک بکاتەوە، سۆفییەکانیش ویستوویانە بۆ پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندیی ماددی لە دەسەڵات نزیک ببنەوە.

**٣. بەرەنگاریی**

یەکێک لە ئەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵ سۆفییەکان ئەوەیە لە هەمبەر داگیرکەران و هێرشکاراندا بێدەنگییان هەڵبژاردووە و هیچ بەرەنگارییەکیان نەکردووە و خۆیان داوەتەوە دەست قەزاو قەدەر، وەلێ ئەگەر سەرچاوە مێژوویەکان بپشکنین ناڕاستی ئەم تۆمەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن شێخ و مورید و مەنسوبەکانیان لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیدا ڕۆڵی پێشەنگیان نواندووە و خەباتیان لە دژی داگیرکەران کردووە، نموونەی ئەمانەش زۆرن وەک: (شێخ نەجمەدینی کوبرەوی، شێخ شامیلی داغستانی، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران) ئەمە جگە لە شێخانی هەورامان کە وابەستەییان بە دەوڵەتی عوسمانی وایکرد لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دژ بە ڕووسەکان جاڕی جیهاد بدەن(٣١).

جگە لەوەش، سۆفییەکان لە چەندین شوێن و کاتی جیاوازدا لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا ڕۆڵی بەرەنگارییان لە کایەی سیاسیدا دژ بە دەسەڵاتی سەرکوتکار و داگیرکەر بینیوە و مزگەوت و خانەقاو تەکیەکانی خۆیان وەک پەناگەیەک بۆ شۆڕشگێڕان و ناوەندێکی کۆکردنەوە و هاندانی جەماوەری بەکارهێناوە کە ڕەنگە یەکێک لە دیارترینیان لە ئەفریقا بوو

بێت کە لەوێ (ڕێبازی سەنوسیی) کە بۆ شێخ موحەممەدی کوڕی عەلی سەنوسی (١٧٨٧- ١٨٥٩ز) دەگەڕێتەوە، شوێنکەوتووانی خۆی لەسەر بنەمای مەنهەجێکی پەروەردەیی ڕاهێنا و خانەقاکانیشی کرد بە مەڵبەندی سیستمی بزووتنەوەیەکی سیاسی کە بەشێوەیەکی زانستی فیکرەکانی شێخی تەریقەتەکەی تیادا جێبەجێ دەکرا، بەمەش ڕێبازی سەنوسی بناغەیەکی تۆکمەی دامەزراند و سیاسەتی کرد بە یەکێک لە ڕەهەندەکانی خۆی (٣٢) .

یەکێک لە پیاوە گەورەکان و کەسایەتییە بوێرەکانی ڕێبازی سەنوسیی (عومەر موختار) بوو کە تا دوا هەناسەی ژیانی و لەسێدارەدانی بەشێوەیەکی شێرانە بەرەنگاری کۆڵۆنیاڵی ئیتالیی بوویەوە (٣٣). ڕۆڵی سیاسی سەنووسییەکان بە شەهیدکردنی عومەر موختار و ئەو چورتمانەی ڕووبەڕوویان بوونەوە کۆتایی نەهات، ئەوان بەبێ کۆڵدان بەردەوامبوون تا گەیشتن بە دەسەڵات و دەوڵەتی (شانشینی لیبیا)یان دامەزراند، یەکەم پادشاش موحەممەد ئیدریسی کوڕی موحەمەد مەهدی سەنوسیی (١٨٩٠- ١٩٨٣ز) بوو، ئەو لە گوتارێکیدا کە لە (٢٤)ی دیسەمبەری ساڵی (١٩٥١ز) پێشکەش کرد، سەبارەت بە سەربەخۆیی لیبیای ڕاگەیاند (٣٤).

هەروەها شێخ (عەبدولقادری جەزائیری) یەکێکە لە ئەو شێخە سۆفییانەی کە لە (٢٧- ١١- ١٨٣٧ز) بوو بە میری بەرەنگاریی میللی جەزائیر و دژ بە داگیرکاریی فەرەنسییەکان جەنگا و بوو بە جێی سەرسامی دۆست و نەیارەکانیشی (٣٥) . ئەو جگە لەوەی بەرگریکارێکی جەربەزە و سەرکردەیەکی سەربازی و دامەزرێنەری دەوڵەتی جەزائیری نوێ بوو، شاعیرێکی گەورەو بیرمەندێکی بەتوانا و شوێنکەوتەیەکی ڕێبازی قادری بوو، کە سایەتییەکی ڕۆشنبیر بوو کە خوێندنەوەیەکی فراوانی لە بواری فەلسەفە و ژیربێژی و مێژوو جوگرافیاو زمانی و لایەنی دیکە هەبوو، هەروەها لەلایەن باوکییەوە پەروەردەیەکی باش کرابوو. گەشەی بە بواری پەروەردە و فێرکردنیش لە وڵاتەکەی دا و مووچەیشی بۆ مامۆستایان بڕییەوە(٣٦).

**خانەقای سۆفییەکان لە میسر توانی خزمەت بە کۆمەڵگە و دەسەڵاتی ئەیوبییەکان بکات، لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووریان دەبینی، خودی سەلاحەددینیش ڕاوێژی پێدەکردن**

هەروەها لە سودانیش، ڕێبازی (سەمانی) کە ناوەکەی لە شێخ موحەممەد عەبدولکەریم سەمان (١٧١٨- ١٧٧٥ز) وەرگیراوە، ڕۆڵی لە چاکسازی لە

ولایەتەکانی باشووری دەوڵەتی عوسمانی هەبوو (٣٧).

لە عێراقیش، لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە (سوپاسی پیاوانی نەقشبەندی) کە لە سۆفییە نەقشبەندییە عەرەبە سونییەکان پێکهاتبوو، بەرەنگاری سوپای ئەمەریکا بوویەوە. کاتێکیش داعش بەشێکی زۆر لە ناوچە سوننە نشینەکانی داگیر کرد، جارێکی دیکە سوپای نەقشبەندی لە پێشەوەی گۆڕەپانی سیاسییدا دەرکەوتەوە و پێکدادان لەنێوان ئەوان و داعشدا ڕوویدا (٣٨).

لە کوردستانیش شێخ و سۆفییەکان دیرۆکێکی کۆنیان لە بەرهەڵستکردنی داگیرکەران و ستەمی دەسەڵاتدارانی زۆردار هەیە، بۆ نموونە : "لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا شێخەکانی نەقشبەندی لە نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزان و شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ سەعیدی پیران، لە نێو پرۆسەی سیاسی و کۆمەلایەتیی و مێژوویی ئەوکاتەدا، لە سەرکردایەتی جوڵانەوەی سیاسی و ڕاپەڕینەکانی کورددا دژ بە ستەم و بێدادی دەسەڵاتە جیاوازەکانی ناوچەکە... ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان هەبووە" (٣٩) . نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە زۆرێک لە ئەو سەرکردەو ڕۆشنبیرانەی خەباتیان لە پێناو ڕزگاریی و ئازادی و سەربەخۆییدا کردووە، یان سەر بە ڕێبازەکانی سۆفیگەری بوون، یان پێیان کاریگەر بوون، یانیش خۆیان نەوەی شێخێک لە شێخەکانی ڕێبازی سۆفیگەری بوون بەتایبەتی ڕێبازی قادری و نەقشبەندیی.

### ٤. دەسەڵات گرتنەدەست

هەندێکجار خەباتی سیاسی سۆفییەکان بووە بەهۆی ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست، ئەویش بەڕابەرایەتی کەسایەتیی و شێخانی تەریقەت کە خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمی بوون، ئەمەش وایلێکردوون کە ببنە سروشبەخشی خەباتکاران و هێزێکی گەورەش لە دەوری خۆیان کۆبکنەوە و لەگەڵ هێزە ڕۆحییەکەیاندا یەکانگیری بکەن و چاونەترسانە بەگژ گەورەترین هێزی داگیرکەردا بچنەوە، باشترین نموونەش شێخ و سۆفییەکانی سەر بە ڕێبازی سەنوسییە کە پێشتر باسمان کردن.

**سەرباری دوورکەوتنەوەی مەولانا خالید، ڕێبازەکەی لە کوردستاندا هۆشیارییەکی سیاسی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا دروست کرد**

هەروەها لە سودانیش بزووتنەوەیەکی سۆفیگەری بەناوی بزووتنەوەی مەهدییە (١٨٨١- ١٨٩٩ز) دەرکەوت کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری سیاسەتدا

بینی. بزووتنەوەکە پشتی بە خانەقاو خەڵوەتگا وەک بنکەی پەروەردەی ڕۆحی و ئایینی دەبەست و بانگەشەی بۆ پاککردنەوەی ئیسلام لە بیدعەو کاری پێچەوانەی شەریعەت دەکرد و جەختی لە جێبەجێکردنی لە دادپەروەری و شەریعەت و چاکسازیش لە کۆمەڵگەدا دەکردەوە. ڕابەری بزووتنەوەکەش کەسێک بوو بەناوی موحەممەد ئەحمەد عەبدوڵلا (١٨٤٤- ١٨٨٥) کە خۆی بە مەهدی چاوەڕوانکراو (المهدي المنتظر) ناساند بوو، موریدی ڕێبازی سەمانی بوو، دواتر بوو بەشێخی ڕێبازەکەش و سوپایەکی کۆکردەوە و لە دژی حکومەت و سوپای میسر و تورکیا و بەریتانیا لە وڵاتەکەی جەنگا و دەسەڵاتێکی سەربەخۆیشی دامەزراند و دواتر خەلیفەکانی درێژەیان بە ڕێبازەکەیدا. مەهدی لە سودان دژ بە داگیرکاری تورکی و میسری و پاشان بەریتانی جەنگا و هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی سەربەخۆی لە ژێر سایەی سەرکردایەتی خۆی دا. دەوڵەتەکەشی بەکردەیی لە ساڵی (١٨٨٥ز) دامەزراند و تا کۆچی دوایی کرد سەرکردایەتی بزووتنەوەی مەهدییەی کرد، لەماوەی خەباتی سیاسیدا توانی هۆزە سودانییە جیاوازەکان لە ژێر ئاڵای ئایین و جیهاددا کۆبکاتەوە و میراتێکی سیاسی و ئایینی دوور مەودایشی لە سودان بەجێهێشت (٤٠).

لە عێراق و کوردستانیش هەرچەندە سۆفیگەری نەیتوانیوە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست، بەڵام شانبەشانی دەسەڵاتی خۆماڵیی کاریان کردووە و لە خێروبێری دەسەڵات بێبەش نەبوون. ئەگەر هەندێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە دەبینین لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا کە کۆتایی بە دەسەڵاتی میرە کوردەکان هات، شێخە سۆفییەکان توانییان ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕ بکەنەوە. ئەوان ئەگەر لەسەرەوەختی دەسەڵاتی میرە کوردەکاندا زیاتر خۆیان بە دیوە ڕۆحانییەکەی ئایین سەرقاڵ کردبێت، دوای نەمانی میرەکان وەک هێزێکی کاریگەر و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێز لە ڕووی سیاسی و ئۆرگانیزەکردنی خێڵە کوردییەکان، دەرکەوتن(٤١). کە ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١ز)یش لە باشووری کوردستاندا ڕوویدا، دوو حیزبی سەرەکیی کە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون بەشداربوون، ئەم دوو حیزبە هەرچەند نەتەوەیین، بەڵام مێژووی خەباتی سیاسییان لە کاریگەریی سۆفیگەری دابڕاو نییە، دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (مام جەلال)ە کە نەوەی شێخانی تاڵەبانییەو لەسەر ڕێبازی قادری ئەژمار دەکرێن. هەروەها سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش (مەسعود بارزانی)یە کە لە بنەماڵەیەکی نەقشبەندییە.

**- ئیسلامی سیاسی و سۆفیگەری سیاسی**

گەیشتنی هەندێک لە ڕێباز و کەسانی سەر بە سۆفیگەری بەدەسەڵات، پرسیارێک دەوروژێنێت ئەویش ئەوەیە: جیاوازی لەنێوان ئیسلامی سیاسی وسۆفیگەری سیاسیدا چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بێگومان سۆفیگەری سیاسی بەتەواوەتی لە ئیسلامی سیاسی ناچێت، بەڵام چەند خاڵێکی لێکچوون و جیاوازی لەتەکیدا هەیە کە لەخوارەوە دەیانخەینە ڕوو. بەڵام سەرەتا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین (ئیسلامی سیاسی) زاراوەیەکی تازەیەو لەناو فەزای میدیاوە هاتووەتە ناو فەزاسی سیاسەت، زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو بزووتنەوە فیکری و سیاسییانە دەکات کە لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی سەراپاگیر بۆ ژیانی مرۆڤ کاری سیاسی دەکەن، دەیشیانەوێت ئەو ژیانە بەشێوەیەک دابڕێژنەوە کە لەگەڵ ئاراستەکانی ئیسلامدا بگونجێت و لە چوارچێوەی وڵاتێک یان حیزبێک یان هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکی بخەن (٤٢) . هەروەها ئیسلامی سیاسی بە ئەرکی خۆی دەزانێت بەرەنگاری دەسەڵاتی ستەمکار و داگیرکەر ببێتەوە. ئەو پێیوایە ئیسلام تەنیا ئایینێک نییە کە لەپەیوەندیی نێوان تاک و خودا و هەندێک ڕێوڕەسم و خوداپەرستیدا کورتی بکەینەوە، بەڵکو سیستمێکی گشتگیری ژیانە کە سیاسەت و دەسەڵات و یاساو بەها کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە. بۆیە دەشێت هەر حیزب و گروپ و ڕێبازێک کە سەر بە قوتابخانەی (ئیخوان) و (سەلەفی) و (سۆفی)بن کار بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە بکەن، بە ئیسلامی سیاسی ناو ببەین. هەرچەندیشە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامی ئامانجی هەندێک لە قوتابیانی ئەو سێ قوتابخانە ئیسلامییە بێت، بەڵام هیچکات ئەوان بەتەواوەتی یەکتریان قەبوڵ نییە و هەریەکەو بەپێی تێگەیشتنی خۆی لە ئیسلام دەسەڵاتداری دەکات. بەگشتی دەتوانین هەندێک خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان ئیسلامی سیاسی و سۆفیگەری سیاسی دەستنیشان بکەین کە ئەمانەن:

**خاڵی لێکچوون:**

• مەرجیعی هەردوکیان ئیسلامە و دەیانەوێت ئەو ئایینە لە فەزای گشتی و سیاسیدا بەکاربهێنن و تەنیا لە خوداپەرستی تاکەکانی کۆمەڵگەدا کورتی نەکەنەوە.

•هەردووکیان خودان مەرجیعێکی ئایینی سیاسین.

•بەرگری و جیهاد لە دژی دەسەڵاتی ستەمکارو داگیرکەران دوو ڕێگەن کە هەریەک لە ئیسلامی سیاسی و سۆفیگەری سیاسی پشتیان پێدەبەستن.

•ئیسلامی سیاسی لە هەندێک وڵاتدا وەک

میسرو تونس گەیشتووەتە دەسەڵات، هەروەها سۆفیگەری سیاسیش وەک بزووتنەوەی مەهدییە لە سودان و سنوسییە لە لیبیا گەیشتووەتە دەسەڵات.

**کە دەسەڵاتی عوسمانییەکان رووخا وولاتی عێراق دروستکرا، هەمیشە دەسەڵاتدارانی رژێمە یەک لەدوای یەکەکان ئەوولاتە هەوڵی ئەوەیان داوە رێبازەکانی سۆفیگەری لە کوردستان لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن**

**خاڵی جیاواز:**

•سۆفیگەری سیاسی پشت بە ئەزموونی رۆحی و شێخ و خانەقاو تەکیەکان دەبەستێت. بەڵام ئیسلامی سیاسی وەک ئیخوان و بزووتنەوە سەلەفییەکان پشت بە دەقە شەرعییە راستەوخۆکان و فیقهی سیاسی دەبەستن.

•هەڵوێستی سۆفیگەری ، لەدەسەڵاتدا بەرانبەر بە ئەوی دیکەی جیاواز نەرمترو لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی سەیری ئەوی دیکە دەکات. بەڵام ئیسلامی سیاسی لەسەر بنەمای (الولاء) و (البراء) سەیری دەکات و مامەڵەیەکی توندی لەتەکدا دەکات.

•سۆفیگەری هەوڵی چاکسازی لە دەروونی تاکەکان و کۆمەڵگەدا لە رێگەی زوهد و زیکرو پەروەردەی رۆحییەوە دەدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی لە رێگەی جێبەجێکردنی دەقاودەقی شەریعەتەوە ئەم کارە دەکات.

•گوتاری سۆفیگەری سیاسی رۆحی و جیهادییە، بەڵام گوتاری ئیسلامی سیاسی یاسایی و ئیدارییەو جەخت لە دەوڵەت و دەستووری ئیسلامی و شەریعەت دەکات.

•سۆفیگەری سیاسی زیاتر لە رۆحی کۆمەڵگەی ئیسلامی نزیکە. کەچی ئیسلامی سیاسی لە دەستەبژێری کۆمەڵگە نزیکە.

## کۆتایی

١. هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی سۆفیگەریی ئیسلامی کاردانەوە بووە بەرانبەر ستەم و گەندەڵی و خۆشگوزەرانی لە رادەبەدەری دەسەڵاتداران و سیاسەتی نادادپەروەرانەیان بەرانبەر بە خەڵک، نەک کاریگەربوون بە سەرچاوەی دەرەکی یان سەرچاوەی ناوخۆیی وەک قورئان و سوننەت.

٢. هەرچەندە سۆفیگەری بانگەشەی دووركەوتنەوە لە دونیای کردووە و سیاسەتیش خۆی بەکاروباری دونیاوە مژۆڵ دەکات، بەڵام مێژووی سۆفیگەری لە تێکەڵاوبوون بە سیاسەت خاڵی نییە.

٣. پەیوەندیی سۆفیگەریی ئیسلامی و سیاسەت بەپێی زەمان و زەمینی جیاواز و بارودۆخی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بەڵام

بەگشتی پەیوەندییەکە لە چوار حاڵەتدا بەرجەستە دەبێت کە بریتین لە (بێلایەنی و دوورەپەرێزی، هاوکاری و پشتیوانیی، بەرەنگاریی، دەسەڵات گرتنە دەست).

٤. لە نێوان سۆفیگەری سیاسی و ئیسلامی سیاسییدا خاڵی هاوبەش و جیاواز هەیە.

٥. هیچکاتێک سۆفیگەری سیاسی لەکوردستاندا خەونی ڕووخاندنی دەسەڵاتی کوردیی نەبووە، چونکە بە هی خۆی زانیوە، بەڵام ئیسلامی سیاسی بەردەوام خەونی ڕووخاندنی دەسەڵاتی کوردیی هەبووە، لە ئەو پێناوەشدا خەباتی مەدەنیی و تەنانەت جیهاد یان خەباتی چەکداری کردووە.

٦. سۆفیگەری لە کوردستاندا تەنیا ئەزموونێکی ڕۆحی یاخود ڕەوتێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بووە کە کاریگەریی لە دروستبوونی هۆشیاریی دەستەجەمعی و ئاراستەی ڕووداوەکان کردووە، لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی میرەکوردەکانیش بۆ شایی سیاسی پڕ کردووەتەوە.

٧. هەندێک جار دەسەڵاتی سیاسی بێگانە، لە پێناو بەرژەوەندیی خۆی، سۆفیگەری لە کوردستاندا بەکارهێناوە، بەڵام جاریواش هەبووە هەندێک لە شێخ و سۆفییە کوردەکان نەچوونەتە ژێرباری سیاسەتی بێگانە و بگرە سۆفیگەری ان بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر و ستەمکاران بەکارهێناوە.

---

**-لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان :**

(١) عوسمان نووری تووباش، ٢٠٢١، تەسەووف کۆششکردنی موسڵمانە لەگەڵ نەفسی خۆیدا، هەولێر: ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ل ٢٨.

(٢) ئەمین شێخ علاء الدين نەقشبەندی ، ٢٠١٥، تەصەووف چی یە؟ چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا، ل ٦٠، ٧٠.

(٣) أبو العباس أحمد بن احمد بن محمد بن عيسى زروق الفاسي البرنسي ، ٢٠٠٥، قواعد التصوف، تقديم وتحقيق: عبد المجيد خيالي، ط٢، ، بيروت: دار الكتب العلمية، ل ٢١.

(٤) شێخ موحسین موفتی، ٢٠٢٤، زانستی تەصەوف و ئاداب و ڕێبازی نەقشبەندی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل١٦.

(٥) الذاريات: ٥٦.

(٦) موفتی، شێخ موحسین، ٢٠٢٤، زانستی تەصەوف و ئاداب و ڕێبازی نەقشبەندی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل١٦.

(٧) محەمەد ڕەئووف تەوەککولی، ، ٢٠٢٥، مێژووی تەسەوف لە کوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ل: ٤١-٤٢، ٥٤، ٥٦، ٦٣.

(٨) بوشرا کەسنەزانی، سەباح بەرزنجی ، ٢٠٢٣، فەرهەنگی پیران سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفان، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، ل ١١.

(٩) جەمال حسێن، ئایینی خۆشەویستی دەروازەیەکی گشتی، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس، ل ٥٨.

(١٠) حەیدەر لەشکری، ٢٠٢٥، کورد و بەجیهانیکردنی تەسەوفی ئیسلامی چەند سەرنجێک لەسەر مێژوویەکی جیهانگەرای نـەگێڕدراوە، گۆڤاری ئایینناسی، ساڵی سێیەم، ژمارە ١١، ل ١٣.
(١١) کەیومەرس عەزیمی، ٢٠١٧، مێژووی شیعەکەری لە کوردستاندا، سلێمانی: ماڵی سوهرەوەردی، ل ٣٨٨.
(١٢) محەمەد رەئووف، تەوەککولی، ، ٢٠٢٥، مێژووی تەسەوف لە کوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ل: ١٦٦- ١٦٧.
(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل: ١٠٦.
(١٤) کەیومەرس عەزیمی، ٢٠١٧، مێژووی شیعەکەری لە کوردستاندا، سلێمانی: ماڵی سوهرەوەردی، ل ٣٩١.
(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٢.
(١٦) آنا ماري شيمل، ، الأبعاد الصوفية في الإسلام وتاريخ التصوف، ترجمة: محمد إسماعل السيد، رضا حامد قطب، كولونيا: منشورات الجمل، ل ٣٨.
(١٧) جەمال حسێن، ٢٠٢٠، ئایینی خۆشەویستی دەروازەیەکی گشتی، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس، ل ٥٤، ٥٩- ٦٠.
(١٨) حسن حنفي ، ٢٠٠٩، من الفناء إلى البقاء: محاولة لإعادة بناء علوم التصوف، بيروت: دار المدار الإسلامي، ل ٢٨- ٣١.
(١٩) حسام الدين علي غالب النقشبندي، ٢٠١١، الكرد في لرستان الصغرى (الشمالية) وشهرزور خلال العصر الوسيط (٣٤٨- ١١هـ/ ٩٥٩-١١١٧م) دراسة سياسية وحضارية، السليمانية: مكتبة شفان، ل ٣٤٣.
(٢٠) سبحانی، محمدتقی،٢/ ١٠/ ٢٠١٨، فرقه های صوفی با دنیای سیاست یک ساز نبوده اند/ چهره چندگانه تصوف، /https://www.mehrnews.com/news ٨٢٪D٩٪B١٪D٨٪٨١٪D٩٪/٤٤١٢٥١٠ ٪D٩٪٨٦٪٪D٪٨٧٪D٩٪-٨٧٪D٩٪- (قابل دسترسی:١٩/ ٩/ ٢٠٢٥).
(٢١)Marwan Al-Jubouri، (٢ March ٢٠٢٤)، "The Dervish and the Sultan": The Relationship between Sufism and Politics in Iraq، https://nirij.org/en/٢٠٢٤/٠٣/٠٢/the-dervish-and-the-sultan-the-relationship-between-sufism-and-politics-in-iraq، (accessed: ١٩-٠٩-٢٠٢٥)./
(٢٢) شێخ موحسین موفقی ، ٢٠٢٤، زانستی تەصەوف و ئاداب و ڕێبازی نەقشبەندی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات ل ٤٤.
(٢٣) لقمان محمد، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە (١٩١٨- ١٩٥٨)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی، ل ٦٢.
(٢٤) محەمەد رەئووف، تەوەککولی، ، ٢٠٢٥، مێژووی تەسەوف لە کوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ل: ١٠٦. هەروەها بڕوانە: حلوتهم جمال جمعه فليفل، ٢٠٢٤، اهتمام الخليفة الناصر لدين الله العباسي (٥٧٥- ٦٢٢هـ / ١١٨٠/١٢٢٥م) بالعمارة الدينية (رباط الأخلاطية والمرزبانية أنموذجا)، جامعة الأزهر، كلية التربية بأسيوط، المجلة العلمية، الجزء الثاني، العدد ٤٣.ل: ١٧٨٤،
(٢٥) عەبدوڵڵا قەرەداغی، سۆفیگەری و لێبوردەیی سەلاحەددینی ئەییوبی بە نموونە، ٢٠١٨، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٦، ل ٢٩.

(٢٦) مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس، ٢٠١١، یادری مەردان مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، ل ٣٢.
(٢٧) پیرەمێرد، ڕۆحی مەولانا خالید، ٢٠١٦، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: مەلا مەحموودی گەلاڵەیی، چاپی چوارەم، سلێمانی: کتێبخانەی ئارام، ، ل ٢١.
(٢٨) ماجید خەلیل ، سۆفیزمی کوردی لە گەمەی سێکولاری ستەمکار و سەلەفیزمی ڕادیکاڵدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٦، ل ٤٨.
(٢٩) لقمان محمد، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە (١٩١٨- ١٩٥٨)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی، ل ٦٨.
(٣٠) سالار تاوگۆزی، مێژووی خوێندن لە حوجرەی هیران و پاشخانی زانستیی صافی هیرانی، صافی هیرانی نەوای شیعر و چرای نیشتمان، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، ٢٠٢٤، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ل ١٧٥.
(٣١) لقمان محمد، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە (١٩١٨- ١٩٥٨)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی، ل ٦٤، ٦٧.
(٣٢) علي محمد الصلابي، ٢٠٠٩، تاريخ االحركة السنوسية في أفريقا، ط٣، بيروت: دار المعرفة، ل ٨٠.
(٣٣) علي محمد الصلابي ، (ب.ت)، الشيخ الجليل عمر المختار نشأته وأعماله واستشهاده، بيروت: المكتبة العصرية، ل: ١٣، ١٥.
(٣٤) علي محمد الصلابي ، ٢٠٠٩، تاريخ االحركة السنوسية في أفريقا، ط٣، بيروت: دار المعرفة، ل ٥٦٥.
(٣٥) سامية أبو عمران، ٢٠٢٤، الأمير عبد القادر الجزائري رمز المقاومة الجزائرية، جامعة الجزائر، مجلة المصادر، العدد ١١، ل ٧٣.
(٣٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.
(٣٧) عبد الجليل عبدالله صالح ، ٢٠١٩، الطريقة السمانية، المنهج- التاريخ والمستقبل دراسة وصفية تحليلة تاريخية، الراوي للنشر والتوزيع، ل ١١.
(٣٨) علي رجب، ٢٠٢٠/١٠/٣، جيش "الطريقة النقشبندية".. "الرقم المبهم في العراق"، https://www.islamist-movements.com/٢٨٧٢، (بەردەستە: ٢٠٢٥/٩/١٩).
(٣٩) جەعفەر عەلی، شوێنی سۆفیزم لە جوڵانەوەی سیاسی کورددا، ٢٠١٨، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (١٦)، ل: ٢٢.
(٤٠) حنان دباخ ، ٢٠١٣، الثورة المهدية في السودان (١٨٨١- ١٨٩٩ز))، رسالة ماجستير، جامعة محمد خيضر*بسكرة*، ، ل ٣٦، ٣٨، ٤٥، ٤٧، ٥٠.
(٤١) جەعفەر عەلی، شوێنی سۆفیزم لە جوڵانەوەی سیاسی کورددا، ٢٠١٨، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (١٦)، ل ١٩.
(٤٢) أحمد القاسمي، ٢٠٢٠ /٦/١٣، في مفهوم الإسلام السياسي.. مقاربات نظرية وتجارب عملية، https://arabi٢١.com/story/١٢٧٨٠٤٠/D٩%٨١%D٩%٨A- (بەردەستە: ١٨- ٩- ٢٠٢٥).

## وەرگێڕان

ئایینناسی

# پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت لەسەردەمی جیهانگیریدا

ئەلیزابێس کاتلین باگێت
وەرگێڕانی: عەزیز ڕەئووف

**پوختە**

ئـایین لـە سـیاسـەتی مـۆدێـرنـدا ڕۆڵـێکی گـرنگی هـەیـە و پـەیـوەنـدی نـێـوان ئـایین و سـیاسـەتیش هـەمیشـە لـە گـۆڕانـدایـە. حـوکمڕانی دەوڵـەتێـک نـاتـوانـرێت لـە بـۆچـوونـە ئایینیەکانی خەڵکەکەی جیا بکرێتەوە کە کاریگەری لەسەر سەرکردە و یاسادانەرانی وڵاتەکە هەیە. یاسا ئاوێنەی کۆمەڵگەیە. ئەم توێژینەوەیە لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە بیروباوەڕی کۆمەڵگە ئایینییەکان لەلایەن چاوەڕوانی سیاسییەکان و پێویستییەکانی نەتەوەیەکەوە لە قاڵب دەدەن، ئەمەش بە بەکارهێنانی نموونەی ئایینە گەورەکانی جیهـان. خـوێـنـەران بـە خـوێـنـدنـەوەی ئـەم تـوێـژیـنـەوەیـە سـەبـارەت بـە تێڕوانـینی هـەر ئایینێک بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت و چۆن لایەنگرانی ئایینی پشتگیریان لەو پەیوەندییە کردووە یان دژایەتیان کردووە زانیاریان دەستدەکەوێت. لەبەرئەوەی ئایین و سیاسەت هەمیشە لە گۆڕان و خۆگونجاندندان، ئایدۆلۆژیا بنەڕەتییەکانی پەیوەندی نێوان ئەم دوانە بەردەوام لەبەردەم ئاڵنگاریدان، بیریان لێدەکرێتەوە و دەستکاری دەکرێن.

**پێشەکی**

بە بۆچوونی ڕۆبەرت سویرێنگا، "مرۆڤەکان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەگوێرەی بیروبـاوەڕی خـۆیان ڕەفتار دەکـەن، بەها و ڕەوشـت و کردارەکانیان، چ لە سـەر سـندوقی دەنگدان بێت، چ لە شـوێنی کار، یان لە ماڵـەوە، دەرئەنجامی ئەو خـودایە، یان خـودایانەیە کە لـەگـەڵ خـۆیاندا هەڵیانگرتووە" (Wald ٢٠١٨: ٣٩). . سـویرێنگا بابەتێکی گرنگ دەخاتەڕوو، کە چۆن ئایین کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسـەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەیە. ئایین هێزی ئەوەی هەیە کاریگەری لەسـەر بڕیارەکانی

ڕۆژانــەی تـاکـەکان هـەبێـت، ئـەمـەش لە بـەرامبـەردا کاریگـەری لـەسـەر چـۆنـێتی مـامـەڵـەکـردنـیـان لـە ڕووی سـیـاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. سەرنجی ئەم توێژینەوەیە لەسەر پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت دەبێت. هەردوو ئایین و سیاسەت بوونێکی "زیندوو"ن، واتە وەک بـوونـەوەرێکی سـەربـەخـۆ کاردەکـەن کە خۆیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا دەگونجێنن و گـۆڕانـیـان بـەسـەردا دێـت، هـەروەک چـۆن مـرۆڤ گۆڕانی بەسـەردا دێت. ئەم دوانــە پـێـکـەوە کاریـگـەریـیـەکی زۆریـان لەسەر تاک و کۆمەڵگە وڵاتان و تەنانەت جیهانیش هەیە. ئایین و سیاسەت وەک پەیوەندییەکی هاوژیانی کاردەکەن، کە هـەردووکـیـان تـوانـای سـوودگـەیـانـدن، یـان زیـانـگـەیـانـدنـیـان بـە یـەکتر هـەیە. ئـەم تـوێـژیـنـەوەیـە حـەوت ئـاییـنی جیـهانی بەکاردەهێـنێت بۆ نیشـاندانی مێژوو و تێکەڵکردنی سـیـاسـەت بـۆ نـاو ئـاییـنی مۆدێرن.

### جێبەجێکردنی چەمکەکان

مرۆڤ پێش ئەوەی بتوانێت لە پەیوەندی نـێـوان ئــاییـن و سـیـاسـەت تێـبگـات، دەبێـت تێگەیشتنێکی هەبێت لە خودی چەمکەکان. وشەی "ئایین" و "سیاسەت" دەتوانرێت بۆ هەر تاکێک شتێکی جیاواز و نـاوازە مـانـای هـەبێـت. تێـگـەیشتن لە پـەیـوەنـدی نـێـوان ئــاییـن و سـیـاسـەت ئـاڵـنگـارییـە، بـە لـەبـەرچـاوگـرتنی ئـەوەی هەردووکیان پێناسەی دینامیکییان هەیە. بـەپێی فـەرهـەنگی کامبریج، ئـایین بریتییە لە باوەڕبـوون و پـەرستنی خـودایـەک، یان خـوداوەنـدێـک، یـان هـەر سیـسـتـمێکی بـاوەڕ و پـەرستنی لـەو جـۆرە. لـە کاتێکدا باو و ئاساییە کە ئایین بە سادەیی وەک سیستمێکی باوەڕ پێناسە بکرێت، بەڵام ئـاییـن دەتـوانین بـڵـێین لـەوە زیـاتـرە. ئـایین شێوازێکە، کە دەسەڵاتی هەیە بۆ کۆی لایەنەکانی ژیـان. ئـایین ناسێـنـەرێکە کە تاکەکان بە کۆمەڵگەی دەوروبەریانەوە دەبـەسـتێـتـەوە. بـەو قـسـەیـە مـرۆڤ دەتـوانێـت بزانێـت چـۆن ئـایین دەتـوانێـت دەستێکی وەهـا کاریگـەری لـە سیاسەتدا هـەبێـت. فـەرهـەنگی کامبریـج سیاسـەت بە چالاکییەکانی حکومەت، ئەندامانی ڕێـکـخـراوە یـاسـادانـەرەکـان، یـان ئـەو کەسانە پێناسە دەکات، کە هەوڵدەدەن کاریگەریان لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتـێـک هـەبێـت. ئـەم پێـنـاسـەیـە زۆر فـراوانترە لە پێناسە باوەکانی سیاسەت. پێـنـاسـەکـە ئـەو لـقـانـەی سـیـاسـەت دەگـرێتـەوە، کە بە تایبەتی بەشدار نین لـە حکـومـەتـدا. بـۆ نـموونـە پێـنـاسـەکە ڕێگە بە خوێنەران دەدات، کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕژێمە سەربازییەکان بخەنە ناو کردەی سیاسی ڕۆژانەوە.

### جیهانگیری سیاسی

بە تێپـەڕبوونی کات، ئـایین و سـیاسـەت گۆڕان و گونجاندنیان لـەگـەڵ دەوروبـەر

هەبووە، ئەمەش بۆ ئەوەی باشتر پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لەخۆ بگرن. مۆدێرنە و جیهانگیری ئاسانکاری سەرەکی گۆڕانی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بوون. جیهانگیری هێشتا وشەیەکی دیکەیە، کە پێناسەکردنی ئەستەمە. پێناسەیەکی فراوان بۆ جیهانگیری تۆڕێکی ئاڵۆزە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی کە ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە ئابووری و کولتووری و سیاسی و تەکنەلۆژییە جیهانییەکان چڕتر و فراوانتر دەکەن(Campbell ٢٠١٠: ٤). لە پێوەندی لەگەڵ ئاییندا، دەتوانرێت جیهانگیری باشتر بەو پرۆسەیە پێناسە بکرێت، کە مرۆڤ و بیرۆکە و کاڵاکان لە سەرانسەری جیهاندا بڵاودەبنەوە، ئەمەش هاندەری کارلێک و یەکگرتنی زیاتر لە نێوان کولتوور و حکومەت و کاروباری ئابووری دەڕەخسێنێت. لەگەڵ تێکەڵبوونی جیهانگیری و ئایین، ئایینەکان کاریگەریی خۆیان لەسەر سیستمی سیاسی، چ جیهانی و چ لۆکاڵی بێت، زیاتر کردووە. ئایینەکان کاریگەری خۆیان درێژکردووەتەوە بە بڵاوبوونەوەیان لەسەر ئاستی جیهانی، دروستکردنی چەندین شوێنی پیرۆز و دامەزراوەی ئایینی جۆراوجۆر لە سەرانسەری جیهان و بوون بە ئەکتەری جیهانی لە هەوڵەکانی ئاسانکاری بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. دەستەواژەی جیهانگیریی سیاسی دەتوانێت وەسفی فراوانبوونی دەستڕاگەیشتن بە سیستمی سیاسی بکات. جیهانگیریی سیاسی دەتوانرێت بە پێشکەوتنی سیستمێکی سیاسی بێ سنوور وەسف بکرێت. سیستمەکە بە کاریگەریی حکومەتە نیشتمانییەکان، ڕێکخراوە حوکمڕانەکانیان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی تری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە. جیهانگیریی سیاسی گرنگی ئەکتەرە جیهانییەکانی لە سیاسەتدا بەرەوپێش بردووە، نەک حوکمڕانی بۆ تاکە دەوڵەتە نەتەوەییەکان جێبهێڵێت. جگە لەو سیستمە سیاسییانەی، کە خۆیان وەک جیهانی دەناسێنن، ئێستا تاکەکان خۆیان وەک "هاووڵاتی جیهانی" دەناسێنن. هاووڵاتی جیهانی ئەو تاکانەن کە خۆیان بە خاوەنی جیهان دەزانن، نەک نەتەوەیەکی دیاریکراو. لە کتێبی "هاووڵاتی جیهانی - ئاڵنگاری و بەرپرسیارێتی لە جیهانێکی بەیەکەوە بەستراودا"، سێیلا بنهابیب دەڵێت: هاووڵاتیانی جیهانی، هاووڵاتییەکی نەرم و نیانن. لە هەمان کاتدا هاووڵاتییەکی تەواو نیشتمانین. جیهانگیریی سیاسی و هاووڵاتیانی جیهانی زیاتر کارئاسانی بۆ کارلێکی ئایینە جیهانییەکان لە سیاسەتی جیهانیدا کردووە.

**دەستنیشانکردنی مرۆڤ بۆ ئایین لە سیاسەتدا**

ئێستا کە بناغەیەک بۆ لێکدانەوە جیاوازەکانی ئایین و سیاسەت و جیهانگیری دانراوە، با سەرنجمان بگۆڕین

بۆ پەیوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت لە دنیای جیهانگیریدا. گفتوگۆکە بە بەکارهێنانی حەوت ئایینی گەورەی جیهانی وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە دینامیکییەکان نزیک دەکرێتەوە. هەشت ئایینی جیهانی وەک لەلایەن ستیڤن پرۆتێرۆ لە کتێبی "خودایەک بوونی نییە"دا دەستنیشان کراوە: هەشت ئایینی ڕکابەر، کە جیهان بە ڕێکوپێکی کاریگەری بەڕێوەدەبەن بریتین لە ئیسلام، مەسیحی، کۆنفۆشیۆس، هیندۆسی، بودا، ئایینی یۆرۆبا، جولەکە و تائۆیزم. جگە لە ئایینی یۆرۆبا، لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە هەموو ئایینەکان دەکرێت. بە گوێرەی پرۆتێرۆ هەر ئایینێک دەستنیشانکردنی تایبەتی خۆی بۆ کێشەی مرۆڤ و ڕەچەتەی تایبەتی خۆی بۆ چارەسەرکردن پێشکەش دەکات (Prothero ٢٠١٠).

لە ئیسلامدا کێشەکە شانازییە، چارەسەریش ملکەچبوونە، لە ئایینی مەسیحیدا کێشەکە گوناهە و چارەسەرەکەش ڕزگاربوونە، لە کۆنفۆشیۆسیزمدا کێشەکە ئاژاوەیە و چارەسەرەکەش ڕێکوپێکییە؛ لە ئایینی هیندۆسیدا کێشەکە سەرگەردانییە و چارەسەرەکەش دڵسۆزییە، لە ئایینی بودادا کێشەکە ئازارە، چارەسەرەکەش بەئاگابوونەوەیە (Prothero ٢٠١٠: ١٧٧)؛ لە ئایینی جولەکەدا کێشەکە دەربەدەرییە و چارەسەرەکەش گەڕانەوەیە، لە دائۆیزمدا کێشەکە بێ ژیانە و چارەسەرەکەش لە گەشەکردندایە. (Prothero ٢٠١٠) مرۆڤەکان ئەم چارەسەرانە وەک وەڵامێک بۆ کێشە زەمینییەکانیان بەکاردەهێنن. جگە لەوەش مرۆڤ چارەسەری ئەو دەستنیشانکردنە مرۆییەی کە ئایینەکەی پێشکەشی دەکات بۆ کێشەکانی ناو سیاسەت بەکاردەهێنێت. ئایین وەک ئامرازێک لە سیاسەتدا بە چەندین شێوە بەکاردێت. ئەم ڕێگایانە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە پێشکەوتنی سیاسی. بە تایبەتیتر، چوار لەو ڕێگایانە بەم شێوەیە دەڕۆن: بزووتنەوە سیاسییەکان بە ناوی ئایین، ئایین وەک سەکۆیەک بۆ پێشکەوتنی سیاسی، کاردانەوەی ئایینی بەرامبەر بە ناعەدالەتی سیاسی و سەرکوتکردنی ئایینی بە ناوی سیاسەتەوە. بە لێکۆڵینەوە لە نموونە تایبەتەکان لە حەوت ئایینی سەرەکیدا، مرۆڤ بە ڕوونی دەبینێت، کە چۆن ئایین و سیاسەت لەم جیهانە جیهانگیرییەدا بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو تێکەڵاو بوون.

### ئیسلام و ئیسلامۆفۆبیا

بە وتەی پرۆتێرۆ، ئیسلام لە هەموو ئایینەکانی جیهان کاریگەرترە. ئیسلام ئایینێکە ڕووبەڕووی مشتومڕی گەورە بووەتەوە. بۆ لایەنگرانی ئیسلام، ئایین شێوازێکی ژیانە. هەندێکی تریش ئەو

ئایینە بە مەترسیدار دەزانن. بە تایبەتیتر لەلایەن گەلی ئەمریکاوە وەک مەترسیدار سەیر دەکرێت. ئیسلام ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە سیاسەتی مۆدێرن لە ئەمریکادا، بە شێوەیەکی بەرچاو بەهۆی هێرشە تیرۆریستییەکەی نیویۆرک لە ساڵی ٢٠٠١، کە بە شێوەیەکی باو بە ١١ی سێپتەمبەر ناودەبرێت. هێرشەکە لە لایەن تیرۆریستە ئیسلامییەکانی گەلانی عەرەبەوە بووە. لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادنەوە پارەی بۆ دابینکرا. گوایە پاڵنەری هێرشەکان تۆڵەسەندنەوەی پشتیوانییەکانی ئەمریکایە لە ئیسرائیل و بەشداریکردنی لە شەڕی کەنداوی فارس و بەردەوامی بوونی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**ئایین و سیاسەت وەک پەیوەندییەکی هاوژیانی کاردەکەن، کە هەردووکیان توانای سوودگەیاندن، یان زیانگەیاندنیان بە یەکتر هەیە**

کردەوەکانی ١١ی سێپتەمبەر ترسی لە ئایینی ئیسلام لەلایەن گەلی ئەمریکا و تاکەکانی دیکەی جیهاندا چاند. ئەم توندڕەوە ئیسلامییانە ئایینیان کردە سەکۆیەک بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان لە بڕیارە سیاسییەکانی ئەمریکا. لە دوای هێرشەکەوە موسڵمانانی ئەمریکا خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بەبێ گۆشەگیری ئایینەکەیان پەیڕەو بکەن. گۆشەگیری زیاتر بەهۆی چەشنە چەقبەستووەکانی میدیا و کاردانەوەی حکومەتی ئەمریکاوە پەرەی پێدرا. وەڵامی ئەمریکییەکان بۆ هێرشەکان زیاتر بوونی ئایینی لە سیاسەتی ئەمریکادا چەسپاند.

**ئایینی مەسیحی لە دادگاکانی ئەمریکا**

دوای ئیسلام ئایینی مەسیحی بە کاریگەرترین ئایین دادەنرێت. بە درێژایی مێژوو ئایینی مەسیحی نەخشێکی بێباکی سیاسی هەبووە. بێباکی سیاسی لە جیاوازی ئایینی لە نێوان شوێنکەوتوانی مەسیحیدا سەرچاوە دەگرێت. لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ بۆ ئایینی مەسیحی و بیروباوەڕەکانی بووەتە هۆی دابەشبوونی زۆر، ئەمەش لە چۆنێتی پراکتیزەکردنی ئایینی مەسیحیدا. نموونە لەوانە ناکۆکییەکانی نێوان ڕۆمانی کاسۆلیک و ئۆرتۆدۆکسی لە سەدەکانی ناوەڕاست و پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان لە سەدەی شانزەهەمدا(Prothero ٢٠١٠). ناکۆکی ئایینی لە نێوان مەسیحییەکاندا وایکرد ئەمریکا دامەزرێت. ڕەخنەگرانی کڵێسای ئینگلتەرا بڕیاریاندا خۆیان لە "حکومەتێکی نوێنەبووەوە، کە بەردەوام بوو لە پاراستنی کڵێسایەکی گەندەڵ" جیابکەنەوە بە جێهێشتنی ئینگلتەرا و بە کەشتی بەسەر زەریای ئەتڵەسیدا

تێپەڕین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ کە بە شێوەیەکی دروست ڕێز لە خودا بگرێت (Wald ٢٠١٨: ٤٠).لە دوای ئەم ڕووداوەوە ئایینی مەسیحی ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەمریکادا گێڕاوە.

وێنە و هێما و لێدوانی ئایینی لە کولتووری سیاسی ئەمریکادا بەردەوام بەکاردەهێنرێن. ئەمەش بەڵگەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە بە ئایینی مەدەنی ناوبرێت(Wald ٢٠١٨: ٥١). پێشتر زاراوەی ئایینی مەدەنی بە لاهووتێکی گشتی، یان ئایینی سیاسی ناودەبرا. ئامانجی ئایینی مەدەنی بریتییە لە هاوتەریبکردنی بۆچوونەکانی دەوڵەتەکان لەگەڵ بۆچوونە ئایینییە تایبەتەکان، کە لەلایەن دەوڵەتەوە بە گونجاو سەیر دەکرێن. ئایینی مەدەنی بە پرۆژەکردنی مانایەکی پیرۆز بۆ میللەت، خەڵکی خاوەن باوەڕە جۆراوجۆرەکان دەتوانن بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی خۆیان تێکەڵ بکەن. (Wald ٢٠١٨) بیرۆکەی ئایینی مەدەنی لە هەمان کاتدا هەم سەرنجڕاکێشە و هەم سەرنجڕاکێش نییە. بۆ زۆرینەی ئەو تاکانەی کە باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هەیە، ڕێکخستنی کارنامەی دەوڵەتەکان لەگەڵ بۆچوونە مەسیحییەکان ڕێگە بە مەسیحییەکان دەدات باشتر پشتگیری لە کردەوەی دەوڵەت بکەن، بەڵام بۆ غەیرە مەسیحییەکان ئەم بیرۆکەیە ناهاوسەنگی لە تێڕوانینی سیاسی و ئایینییاندا دروست دەکات. ڕەخنەگران دەڵێن ئەمریکییەکان وەک بەریەککەوتنی دژە ئەخلاقییەکان سەیری سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکەن. بە ئاساییکردنەوەی سنووردارکردنی یاسایی لەسەر پرسەکانی وەک لەباربردن، دیسیپلین لە قوتابخانە، ڕەفتاری سێکسی، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و ڕۆڵی سێکس، هەندێک لە ئەمریکییەکان پێیان وایە حکومەت وازی لە بناغە مەسیحییەکانی خۆی هێناوە (Wald ٢٠١٨: ٥٩).لە کاتێکدا دەوڵەت هەنگاو بەرەو یاسای عەلمانیتر دەنێت، هێشتا ڕەگ و ڕیشەی مەسیحی لە سیاسەتی مۆدێرندا ماوەتەوە.

**بە تێپەڕبوونی کات، ئایین و سیاسەت گۆڕان و گونجاندنیان لەگەڵ دەوروبەر هەبووە، ئەمەش بۆ ئەوەی باشتر پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لەخۆ بگرن**

بوونی ئایین لە سیاسەتدا زۆرتر لە ڕێگەی چۆنێتی بەڕەوپێشبردنی دادگا و سەرۆکەکانی ئەمریکاوە دەبینرێت، کە ئەجێندا سیاسییەکانیان بەرەوپێش دەبەن. ئایینی مەدەنی بە تایبەتی لە ئەمریکا لە ڕێگەی وتار و نووسینی سەرکردە سیاسییەکانەوە دیارە (Wald ٢٠١٨: ٥١). چل و چوار سەرۆک لە وتاری دەستبەکاربوونیاندا ئاماژەیان بە خودا کردووە.

سەرۆکەکان خودا وەک سەکۆیەک بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ زیاتر لە یەک لەسەر سێ خەڵکی ئەمریکادا. تەنانەت کاندیدەکانی سەرۆکایەتیش زمان بەکاردەهێنن سەبارەت بە پەیوەندی ئەمریکا بە خوداوە بۆ "چالاککردنی هەستی وابەستەیی لەسەر بنەمای گرووپ" لە نێوان خۆیان و دەنگدەرانیاندا(Wald ٢٠١٨: ٥٧). ئامانجی بەکارهێنانی ئەم زمانە بەدەستهێنانی دەنگی مەسیحییە، کە بە شێوەیەکی گشتی بە گرووپێکی دەنگدەری زۆرینە دادەنرێت. هەڵبژاردنی ئەم دواییە لەگەڵ کاندیدەکانی هیلاری کلینتۆن و دۆناڵد ترەمپ، دەیسەلمێنێت کە نموونەی پەیڕەوکردنی ئایینی مەدەنییە. کەمێک پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦، وەزارەتەکانی کاپیتوڵ وتیان، کە دەنگی مەسیحییەکان دەبێت بۆ دۆناڵد ترەمپ کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا بێت. سایتەکە ئامۆژگاری سیاسی پێشکەش بەو مەسیحیانە دەکات، کە لە نێوان ئەو دوو کاندیدەدا بوونیان هەیە. ڕالف درۆلینگەر و فرانک سۆنتاگ لە وەزارەتەکانی کاپیتوڵ باس لەوە دەکەن، کە بۆچی دەبێت ترەمپ دەنگی مەسیحییەکان بەدەستبهێنێت. درۆلینگەر ترەمپ وەک تاکێکی دروست دەناسێنێت، چونکە "پێی وایە کە ڕەنگە خودا وەڵامی دوعاکانمان بداتەوە و کاریزمایەکی گەورە لە دۆناڵد ترەمپدا سەرهەڵبدات" (بۆچی دەبێت ترەمپ دەنگی مەسیحییەکان بەدەستبهێنێت). جگە لەوەش، درۆلینگەر هەفتانە خوێندنی کتێبی پیرۆز بۆ ترەمپ دەنێرێت، کە لە واشنتۆن دی سی وانە دەڵێتەوە و دەڵێت ترەمپ بە تێبینی نووسراو وەڵامی باشی داوەتەوە. ئەمەش زیاتر بۆچوونی ترەمپ وەک سەرکردەیەکی مەسیحی بەرەوپێش دەبات. درۆلینگەر لە کۆتاییدا بە هاندانی مەسیحییەکان بۆ دەنگدان بە ترەمپ و داوای دوعاکردن لە ڕۆژی هەڵبژاردن دەکات.

**کۆنفۆشیۆسیزم و "ئایینی مەدەنی" چینی**

دوابەدوای ئایینی ئیسلام و مەسیحی، ئایینی کۆنفۆشیۆس بە سێیەمین ئایینی کاریگەر دادەنرێت. کۆنفۆشیۆسیزم پەرە بە نەزمێکی کۆمەڵایەتی دەدات، کە ڕێزگرتن لە گەورەکان و خۆشەویستی و هاوئاهەنگی بە نرخ دەزانێت. کۆنفۆشیۆسیزم لەسەر بناغەیەکی ئایینی کۆن بنیادنراوە بۆ دامەزراندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوەکان و ئایدیاڵە زاڵەکانی کۆمەڵگەی تەقلیدی چینی. کۆنفۆشیۆسیزم هەمیشە ڕۆڵی لە کۆمەڵگەی چینیدا هەبووە، هەرچەندە لە سەردەمی ئەمڕۆدا کۆنفۆشیۆس پەیوەندییەکی ناوازەی لەگەڵ دەوڵەتی چیندا هەیە. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی چین بۆچوونی ناکۆکیان لەسەر پەیوەندی نێوان چین و کۆنفۆشیۆس

نیشانداوە، بۆ نموونە دانان و نەمانی پەیکەری کۆنفۆشیۆس و مشتومڕی کڵێسای چوفۆ. بە تێپەڕبوونی کات چین لە کۆنفۆشیۆسیزم جیابووەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی دامەزراوتر دروست بکات، بەڵام ئێستا چین کۆنفۆشیۆسیزمی لە کۆمەڵگەی چینیدا پەرەپێداوە، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆنفۆشیۆسیزم وەک ئایینێک بخاتەڕوو کە لەگەڵ ئەجێندا سیاسی و کولتوورییەکانی دەوڵەتدا هاوتەریب بێت.(Sun ٢٠١٣: ١٧٧) کۆنفۆشیۆسیزم توانای ئەوەی هەیە وەک هێمایەکی کولتووری و ئامرازێکی سیاسی خزمەت بکات، بەڵام دوورە لە هەر ڕێکخراوێکی ئایینی ڕاستەقینە، کە دەوڵەت دەبوو مامەڵەی لەگەڵدا بکات (sun ٢٠١٣). نزیکترین شت لە ڕێکخراوێکی ئایینی کۆنفۆشیۆس کە بتوانێت بە ئەگەرێکی زۆرەوە دژایەتی دەوڵەت بکات، ناسیۆنالیستە کۆنفۆشیۆسەکانن. ناسیۆنالیستە کۆنفۆشیۆسەکان هەڵوێستی خۆیان لەسەر هەردوو ڕووداوەکەی سەرەوە دەربڕیوە: دانان و نەمانی پەیکەری کۆنفۆشیۆس و مشتومڕی کڵێسای چوفۆ. جگە لەوەش کۆنفۆشیۆسیزم لە ئایینێکی تردا، کە وەک ئایینێکی مەدەنی قسەی لەسەر کراوە. پێدەچێت کۆنفۆشیۆسیزم وەک ئایینێکی مەدەنی ڕۆڵی گەورەی هەبێت بۆ "بنیاتنانەوەی ئاکاری" چین (sun ٢٠١٣: ١٧٨). حکومەتی چین لە کۆنفۆشیۆسیزم وەک فەلسەفەیەک نزیک دەبێتەوە، کە ڕێگە بە حکومەت دەدات لە چوارچێوەیەکی نائایینیدا باس لە کۆنفۆشیۆسیزم بکات. بە گرنگیدان بە کۆنفۆشیۆسی فەلسەفی، ئایین وەک هێزێکی ئەخلاقی و کولتووری و سیاسی جەختی لەسەر دەکرێتەوە. ناکۆکییەکان بەردەوام دەبن لە کاتێکدا چین بیرۆکەی قاڵبدانی کۆنفۆشیۆسیزم بۆ فۆڕمێکی "کۆنفۆشیۆسی دەوڵەتی" دەکۆڵێتەوە. سیاسەتی داهاتووی چین ئەو تاکانە دڵخۆش ناکات، کە ئاواتەخوازن کۆنفۆشیۆسیزم لە دەرەوەی حکومەت بمێنێتەوە.

**ئایین وەک ئامرازێک لە سیاسەتدا بە چەندین شێوە بەکاردێت. ئەم ڕێگایانە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە پێشکەوتنی سیاسی**

### ئایینی هیندۆسی و ناسیۆنالیزمی هیندی

ئایینی هیندۆسی لە هیندستان ماوەیەکی زۆرە سەکۆیەک بووە بۆ سیاسەت. کارەکانی سەرۆکوەزیرانی ئێستا، نارێندرا مودی نیگەرانی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی هیندۆسی دروستکردووە. ئەو بانگەشانە لە

هەوڵەکانی سەرۆکوەزیران بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩ سەرچاوە دەگـرن. مـودی کـە بەشێکە لـە پارتی بەهاراتیا جاناتا، لەم دواییانەدا بینرا کە لە پیرۆزترین شوێنی هیندۆسی هیندستان کە زیاتر لە ٢٠ هەزار پەرستگای تێدایە، بـانـگـەشـەی هـەڵبژاردنـی دەکـرد(Ray ٢٠١٩). بـڕیـاری سـەرۆکـوەزیـران بۆ بانگەشەی هـەڵبژاردن لە ڤارانـاسیـیـەوە تیشک دەخاتە سەر پرسی بەرزبوونەوەی ناسیـۆنالیزمی هیـنـدۆسی. جگە لـەوەش مودی شتێکی کەمی کردووە بۆ وەستاندنی کـردەوە تـونـدوتیژەکـانی نـاسیـۆنالیزمی هـیـنـدۆسی. دوو نـمـوونـە بـریـتین لە باندەکانی "پاراستنی مانگا" و جیاکاری لە دژی ژنان لە پەرستگاکاندا. باندەکانی "پاراستنی مانگا" بەشێکن لە هەڵمەتێکی توندوتیژ دژی بازرگانی و خواردنی ئاژەڵ. لەبەر ئەوەی مانگا لە ئایینی هیندۆسیدا وەک پیرۆز سەیر دەکرێت، ئەم باندانە ئەو تاکانەیان کوشتووە، کە بەشداری بازرگانی و خواردنی مانگا دەکەن. لە ژێر چاودێری مودیدا، باندەکان چالاکتر و ئارامتر بـوون(Ray ٢٠١٩). نموونەیەکی دیکە ئاژاوەگێڕییەکانی شوێنێکی گەورەی زیـارەتی هیـنـدۆسـەکانە کـە پەرستگای سـابریـمـالایـە. لـە سـاڵی ٢٠١٨ دادگـای باڵا قەدەغەکردنی حەوت سەد ساڵەی چـوونـە ژوورەوەی ژنـانـی بـۆ پـەرسـتـگـا هـەڵگـرت. نـوێـنـەرانی بی جێ پی بـیـنران، کە نـاڕەزایـەتیـیـان دەربـڕی بـەرامـبـەر بە بڕیارەکەی حکومەتی خۆیان. ناسیۆنالیزمی هـیـنـدۆسی لـە سیـاسـەتی هیـندستـانی ئەمڕۆدا ئامادەیە و زیـنـدووە. هـەروەها مودی بوونی خۆی لە پەرستگاکان وەک پڕوپاگەندە بۆ هەڵمەتەکە بەکارهێناوە. مودی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئایینی هیـنـدۆسی لە ویلایـەتی هیـنـدستـانـدا بە پڕۆژە جێگیر دەکات.

**ئایینی بودا و بودایی کۆمەڵایەتی**

ئـایـیـنـی بـودا ئـایـیـنـی جـیـهـانـی داهـاتـووە کە کاریگـەرییـەکی بـەرچـاوی لـەسـەر جیـهـانی ئـەمـڕۆ هـەبـووە. بـە شـێـوەیـەکی ئـاسـایی ئـایـیـنی بـودا وەک ئـایـیـنـێـک هـەسـت پـێـدەکـرێـت، کـە خـۆی لـە سـیـاسـەت دەپـارێـزێـت. ئـەم تێڕوانینـە لـەلایـەن ئیان هاریسەوە لە کتێبی ئایینی بودا لە جیهانی مۆدێرن پشتڕاستکراوەتەوە، ئایینی بودا دژایەتیکردنی ڕۆحی سیاسەت بەرەوپێش دەبـــات((McMahan ٢٠١٢. بـەڵام لە سـەردەمی نـوێدا شـوێنکەوتوانی بودایی لـە سیـاسـەتـدا هـەڵـوێستـیـان هـەیـە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیـا و تبـت. سـەرەڕای ڕەتـکـردنـەوەی عـەقـیـدەی سـیـاسـەت، ئـایـیـنـی بـودا و دامـەزرێـنـەرەکـەی کـاریـگـەریـیـەکی بەرچاویان لەسەر بیری سیاسی مۆدێرن هـەبـووە. دەوڵـەتـە مـۆدێـرنـەکـان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەوڵیان داوە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان بە مانای بودایی بخـەنـە بـەربـاس بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتی

دەوڵەتی عەلمانی لە چوارچێوەیەکی بودایدا دابنێن(McMahan ٢٠١٢: ٢١). جگە لە ڤێتنام، دەستووری هەموو دەوڵەتانی زۆرینەی بودایی لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پەیکەرێکی تایبەتی دانپێدانانیان بە ئایینی بودا بەخشیوە. پراکتیزەکردنی بودایی بەردەوامە لە بەهێزکردنی خەیاڵی داهاتووی سیاسی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. بودایییە کۆمەڵایەتییەکان پەرەیان بە بەشداریکردنی بوداییەکان لە کێشە ناوخۆییەکان داوە. کاتێک کێشە ناوخۆییەکان لە نادادپەروەری سیاسییەوە سەرچاوە دەگرن، ئایین و سیاسەت بۆ بودایییە کۆمەڵایەتییەکان یەکدەگرنەوە. ئاونگ سان سوکی کە ناسیۆنالیزمی بودایی بەرەوپێش دەبات، ڕایگەیاندووە، "بۆرمایی بوون بریتییە لە بودایی‌بوون"(McMahan٢٠١٢: ١٨٣). هاوپەیمانی سان سووکی لەگەڵ ئایینی بودا لە پارتە سیاسییەکەیدا دەبینرێت: کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ دیموکراسی. بۆ ئایینێک کە دژی توندوتیژییە، بوونی ڕۆڵی ئایینی بودا لە شەڕ و بزووتنەوە چاکسازییەکان جێی مشتومڕە.

جگە لەوەش، تەنانەت ڕێکخراوە سیاسییە بوداییەکان درووستبوون. پێناچێت ئایینی بودا بەم زووانە لە کایەی سیاسیدا کاڵ بێتەوە، چونکە زۆرێک لە هاووڵاتیانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەلایەن حکومەتەوە بە سەرکوتکراوی دەمێننەوە. ئایینی بودا بەڕاستی سەکۆیەک بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین دەکات.

### ئایینی جولەکە و دەوڵەتی نەتەوەیی ئیسرائیل

کاریگەرترین ئایینی جیهانی داهاتوو ئایینی جولەکە. ئایینی جولەکە بە یەکێک لە کۆنترین ئایینە جیهانییەکان و ڕەگی دوو گەورەترین ئایینی جیهانی ئەمڕۆ دادەنرێت: مەسیحیەت و ئیسلام . (Prothero ٢٠١٠: ٢٤٧) لە کاتێکدا ئایینی جولەکە ئامڕازی گەشەسەندنی ئایینی جیهانی مۆدێرن بووە، بەڵام شوێنکەوتووانی بەردەوامن لە جێگیربوون. باوترین جێگیربوون لەسەر ئایینی جولەکە لە سەردەمی مۆدێرن لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا هەیە.

دەوڵەتی ئیسرائیل بووەتە شوێنی زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی جولەکەی جیهان. لەم دواییانەدا دەوڵەتی ئیسرائیل بە فەرمی خۆی وەک دەوڵەتی نەتەوەیی گەلی جولەکە لە یاسایەکی دەستووریدا بە ناوی "یاسای بنەڕەتی: ئیسرائیل: دەوڵەتی نەتەوەیی گەلی جولەکە" ڕاگەیاند. یاسای دەوڵەتی نەتەوەیی جولەکەکان بە ڕاگەیاندنی ئەوە دەست پێدەکات کە "ئیسرائیل نیشتمانی مێژوویی گەلی جولەکەکانە کە دەوڵەتی ئیسرائیل تێیدا دامەزراوە، کە جولەکەکان تێیدا مافی سروشتی و ئایینی و مێژوویی

خۆیان بۆ دیاریکردنی چارەنووس بەدی دێنن"(Harkov ٢٠١٨: ٣٢) یاساکە بەردەوامە بە ڕاگەیاندنی پشووەکانی جولەکەکان وەک ڕۆژانی پشوو فەرمی و ئاماژەدان بە پابەندبوونی بەردەوامی ئیسرائیل بە پشتگیریکردنی جولەکەکان لە سەرانسەری جیهان. لە کاتێکدا یاساکە ناسیۆنالیزمی جولەکەکانی بەهێزتر کرد، گرووپە کەمینەکان لە ئیسرائیل نیگەرانی خۆیان سەبارەت بەو پرۆژە یاسایە نوێیە دەربڕی. لە چوارچێوەی پرۆژە یاساکەدا زمانی عیبری وەک زمانی فەرمی دەوڵەت ناوزەد کراوە، زمانی عەرەبیش "پێگەی تایبەتی" هەیە.

**بە درێژایی مێژوو ئایینی مەسیحی نەخشێکی بێباکی سیاسی هەبووە. بێباکی سیاسی لە جیاوازی ئایینی لە نێوان شوێنکەوتوانی مەسیحیدا سەرچاوە دەگرێت**

کردنی زمانی عیبری بە زمانی فەرمی ڕۆڵی گەلی جولەکە لە ئیسرائیل زیاتر دەکات. بەڵام ئارگیومێنتەکان باس لەوە دەکەن، کە دەوڵەت مافی گرووپە کەمینەکانی ئیسرائیل پێشێل ناکات. بە فەرمی یاساکە هیچ ئیمتیازێکی تاکەکەسی بۆ ئیسرائیلییە جولەکەکان زیاد ناکات، یان ماف لە کەمینەکان ناسەنێتەوە، بەڵام بە ڕەهایی گەلی جولەکەکان وەکو جێگەی سەرنجی ئەجێنداکانی دەوڵەت دادەنێت. گەورەترین نیگەرانی لە ئیسرائیلییە عەرەبەکانەوە دێت. بۆ هەندێک کەس ململانێیەکە ئەوەندە فراوانە کە داوای دوو چارەسەری دەکات. چارەسەری دوو دەوڵەتی بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ فەلەستینییەکان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ جولەکەکان. بەهێزترین ئارگیومێنت بۆ دوو دەوڵەتی سەربەخۆ ئەو بیرۆکەیە کە ئەگەر جولەکە و فەلەستینییەکان جیا نەبنەوە، زۆرینەی عەرەب دەستی بەسەردا دەگرێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئیسرائیل بەدیموکراسی نابێت(Harkov ٢٠١٨: ٣٥)، هێشتا ململانێ لە مرۆدا لەسەر ئەم مەسەلەیە ماوە.

### تائۆیزم و ئاسایشی جیهانی

دواجار باس لە تائۆیزم و ئاسایشی جیهانی دەکرێت. ئاسایشی جیهانی ئاماژەیە بۆ بەرەوپێشبردن و پاراستنی سەروەری دەوڵەت بە ڕێگەی سەربازی و دیپلۆماسی. ئەم لایەنە ڕۆڵی هەیە لە سیاسەتدا، بەتایبەتی کاتێک سەرباز دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکات. سەرەڕای ئەوەش، ئاسایشی جیهانی ئاماژەیە بۆ خۆشگوزەرانی تاکەکان، کۆمپانیاکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان، غەیرە سیپیێستەکان،

کرێکاران، ژنان، گەلانی ڕەسەن، هەژاران، دوای کۆلۆنیالیزمەکان و ئیکۆسیستەم لەخۆ دەگرێت(Pettman ٢٠٠٥: ٦١) . لە کاتێکدا ئاسایشی جیهانی ناتوانرێت لە چوارچێوەیەکی پیرۆزدا بخوێنرێتەوە، بەڵام تائۆیزم ڕێنماییەکان سەبارەت بە چۆنێتی جێبەجێکردنی ئاسایشی جیهانی پێشکەش دەکات. زانایانی وەک ستیڤن لوکاشێڤیچ و چاد هانسن تائۆیزم بەم شێوەیە پێناسە دەکەن کە "سیستمێکی بەرزی پێکهاتەدار بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازار" و "تاکەکان دەستیان دەگاتە ناوەوە بۆ ئەوەی هەندێک تێڕوانینێکی بنەڕەتی سەبارەت بە گەردوون وەربگرن" (Pettman ٢٠٠٥: ٦٦) . وا دەبینرێت تائۆیزم کە توانایەکی تایبەت بۆ ژیانکردن بەرەوپێش ببات. ئەو لێهاتووییە بۆ ژیان بە شێوەیەک کە وەڵامە خۆئاگاکان جێگەی ئەو وەڵامانە دەگرێتەوە کە لانیکەم هەست بە "پێکهاتەی سروشتی شتەکان" دەکەن . تائۆیزم ڕوانگەیەکی بەدیل بۆ عەقڵانیزم دەرەخسێنێت. بە پەیڕەوکردنی بیروباوەڕی تائۆیزم، سەرکردەکان بۆ باشترکردنی کایەی سیاسی دەتوانن بە شێوەیەکی سروشتی بڕیار بدەن.

**ئەنجام**

دوای لێکۆڵینەوە لە نموونە تایبەتەکان لە حەوت ئایینی سەرەکیدا، پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت لە سەردەمی جیهانگیری ئەمڕۆدا ڕوون دەبێتەوە. ئایین دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە کاریگەری لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی مرۆڤەکان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەبێت. سەرنجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە نیشان بدات کە ئایین دەتوانێت لە سیاسەتی مۆدێرندا چەندە بەهێز بێت.

**نزیکترین شت لە ڕێکخراوێکی ئایینی کۆنفۆشیۆس کە بتوانێت بە ئەگەرێکی زۆرەوە دژایەتی دەوڵەت بکات، ناسیۆنالیستە کۆنفۆشیۆسەکانن**

ئایین ناسێنەرێکە کە مرۆڤەکان بە تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەی دەوروبەریانەوە دەبەستێتەوە، مرۆڤ بە تاکەکانی دەرەوەی سنوورەکان، بە باوباپیرانیان و بە جیهانێکی خەیاڵی و بوونگەرایی دەناسێنێت. سیاسەت بریتییە لە چالاکیی حکومەت، لەوانە حکومەتە نیشتمانییەکان، ڕێکخراوە سیاسییە جیهانییەکان و هەروەها ڕژێمە سەربازییەکان و ئەکتەرە ناحکومییەکان. لە کۆتاییدا، جیهانگیری ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤ و بیرۆکە و کاڵاکان لە سەرانسەری جیهاندا بڵاودەبنەوە، ئەمەش کارلێک و یەکگرتنی زیاتر لە نێوان کولتوور و حکومەتەکانی جیهاندا

دروست دەکات. لەگەڵ تێکەڵبوونی جیهانگیری و ئایین، ئایینەکان کاریگەریان لەسەر سیستمی سیاسی، چ جیهانی و چ لۆکاڵی زیاتر کردووە. هەشت ئایینی جیهانی وەک لەلایەن ستیڤن پرۆتێرۆ لە کتێبی "خودایەک بوونی نییە" دەستنیشان کراوە: هەشت ئایینی ڕکابەر کە جیهان بە ڕێکوپێکی کاریگەری بەڕێوەدەبەن بریتین لە ئیسلام، مەسیحی، کۆنفۆشیۆس، هیندۆسی، بودا، ئایینی یۆرۆبا، جولەکە و تائۆیزم. هەموو ئەم ئایینانە جگە لە ئایینی یۆرۆبا، بۆ پیشاندانی کارلێکی نێوان ئایینە سیاسی و جیهانییەکان بەکارهێنران. بە بڕوای پرۆتێرۆ هەر ئاینێک دەستنیشانکردنی کێشەی مرۆڤ و ڕەچەتەی تایبەتی خۆی بۆ چارەسەرکردن پێشکەش دەکات. ئەم چارەسەرانە لە مانای ئایینی خۆیان دەرهێنراون و لە سیاسەتدا جێبەجێ دەکرێن بۆ ئەوەی جیهانێکی گۆڕاو باشتر بەڕێوەببەن. جیهانگیریی سیاسی و هاوولاتیانی جیهانی زیاتر کارئاسانی بۆ کارلێکی ئایینە جیهانییەکان لە سیاسەتی جیهانیدا کردووە. ئایین وەک ئامرازێک بەکاردێت نەک سیستمی بیروباوەڕ. ئامرازەکە بە چەندین شێوە بەکاردەهێنرێت لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەوە تا پێشکەوتنی سیاسی. لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئەستەمە ئایین لە سیاسەت و جیهانگیری لە ئایین جیا بکرێتەوە. پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بەردەوام دەبێت لە گۆڕانکاری لەگەڵ هاتنی سەردەمی جیهانگیری. بە گشتی جیهانگیری بۆ ئایین و سیاسەت گرنگە، چونکە ڕێگە بە گەشەکردن و ئازادی زیاتر دەدات. نموونە لە سەرانسەری حەوت ئایینی جیاوازی جیهانیدا لێدوانەکەی سویرێنگایان دوویات کردووەتەوە کە "خەڵک لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بە پێی بیروباوەڕی کۆتایی خۆیان مامەڵە دەکەن" (Wald ٢٠١٨: ٣٩).

---

## سەرچاوەکان

Aderibigbe، I. S.، & Medine، C. M. J. (2015). Contemporary Perspectives on Religions in Africa and the African Diaspora. Palgrave MacMillan.

Campbell، P. J.، et al. (2010). An Introduction to Global Studies. United Kingdom: Wiley Blackwell.

Harkov، L. (2018). The Jewish State Declares Itself a Jewish State: ...and everybody goes crazy. Commentary. Retrieved from http://search.ebscohost.com.ezproxy.mtsu.edu/login.aspx?direct=true&db=edsglr&AN=dsgcl.554042948&site=eds-live&-scope=site.

"9/11 Attacks." (2010). History.com. Retrieved from https://www.history.com/topics/21st century/9-11-attacks.

Ichikawa، A. (1979). Compassionate

Sterri، A. B. (2014). Global Citizen—Challenges and Responsibility in an Interconnected World.

Sun، A. X. D. (2013). Confucianism as a world religion. [electronic resource]: contested histories and contemporary realities. Princeton University Press.

Wald، K. D.، & Calhoun-Brown، A. (2018). Religion and politics in the United States. Rowman & Littlefield.

Why Trump Should Get the Christian Vote. (2016، November 5). Capitol Ministries. Retrieved from https://capmin.org/resources/ministry-updates/trump-get-chris- tian-vote/.

Politics: Buddhist Concepts as Political Guide. Journal of Church and State، 21(2)، 247-263.

Marranci، G. (Ed.). (2014). Studying Islam in Practice. Routledge.

McMahan، D. L. (Ed.). (2012). Buddhism in the Modern World. Routledge.

Pettman، R. (2005). Taoism and the concept of global security. International Relations of the Asia-Pacific، 5(1)، 59-83.

Prothero، S. R. (2010). God Is Not One: 7e Eight Rival Religions 7at Run the World.

HarperCollins.

Ray، S. (2019، April 30). Hindu Nationalism Is Reshaping Indian Politics. Can It Propel Modi to Another Victory? World Politics Review. Retrieved from https://www.worldpoliticsreview.com/articles/27802/hindu-nationalism-is-reshaping Indian-politics-can-it-propel-modi-to-another-victory.

Sanneh، L. O. (2008). Disciples of All Nations: Pillars of World Christianity. Oxford University Press.

Schonthal، B. (2016). Legal Battles for Buddhism. In Buddhism، Politics and the Limits of Law: 7e Pyrrhic Constitutionalism of Sri Lanka (pp. 149-187). Cambridge University Press.

# گفتوگۆ

ئایینناسی

# د. محەممەد ڕەئوف: دەقێکی قورئانی، یان فەرموودەی چەسپێنراو و یەکلاکەرەوە نییە لەسەر سیستمی حوکمڕانی و ناوی سیستمەکە

سازدانی: ئیدریس سیوەیلی

**د. محەمەد ڕەئوف**، یەکێکە لە کادیرە دێرینەکانی ئیخوان لە کوردستان و دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ئەو؛ ماوەی چەند ساڵێکە وەك سیاسەتوان و چاودێری سیاسی لە کایەی سیاسیدا کار دەکات، وەك نووسەرێك دیدگای خۆی لەمەڕ واقیعی سیاسی و ئابووری کوردستان بە گشتی و واقیعی فیکر و حاڵەتی ڕەوتە ئیسلامییەکان دەخاتەڕوو، بە دیدێکی واقیعبینانە و ڕەخنەگرانە لە ئەزموونی سەد ساڵی کارکردنی هێزە ئیسلامییەکان دەڕوانێت، لەم گفتوگۆیەدا تیشك دەخاتە سەر ڕێگوزەری ئەو ئەزموونە و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی.

**ئایینناسی:** کەم نین ئەو ڕەوتە ئیسلامییانەی بانگەشەی زیندووکردنەوەی خیلافەت دەکەن، دەکرێت بپرسین خیلافەت ئەزموونێکی مێژوویی ئیسلامیی مرۆڤکردە، یان تێزی نموونەیی ئیسلامە بۆ حوکمڕانی؟

**د. محەممەد ڕەئوف**: لەبەرئەوەی دەقێکی قورئانی، یان فەرموودەی چەسپێنراو و یەکلاکەرەوە نییە لەسەر سیستمی حوکمڕانی و ناوی سیستمەکە، بۆیە لە سەردەمی هەر چوار خەلیفەکە و دەوڵەتی مەدینەش سیستمی حوکمڕانییەکەی هیچ ناوێکی نەبوو، سەرئەنجامیش ئەوەبوو لەهەر قۆناغێکی حوکمڕانی و گۆڕانی دەسەڵاتەکاندا ناوی جیاوازی هەڵگرتووە، وەك دەوڵەتی ئەمەوی، عەباسی، ئەیووبی، عوسمانی.

بۆ وردەکاری ئەم بابەتە دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە چەمکی خیلافەی ئیسلامی لە قورئانی پیرۆزدا پێگەیەکی (وجودی) هەیە، قورئان دیاریکردووە بۆ هەموو ئادەمیزاد، قورئانیش (استخلاف) سنووردار دەکات بۆ ئوممەتە ساڵحەکان، لە سورەتی (ص)

دا چەمکی (استخلاف) بە واتای حوکمی سیاسی دێت، خیلافەت لە سیاسەتدا (شەرعیەت لە نبوەت) وەرناگرێت، بەڵکو لە کۆدەنگی (اجماع)ی کۆمەڵەوە وەردەگرێت کە بەیعەت دەدەن بە کەسێک، پێغەمبەریش (د.خ) داوای بەیعەتی کرد پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە (مەبەست بەیعەتی یەکەم و بەیعەی گەورەی دووەمە)، پێغەمبەر (د.خ) دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی دەکرد بەپێی ئەوەی لەلای کومەڵەوە بەیعەتی پێدراوە، هەروەها دەستوورێکی دانا کە لە بەها قورئانییەکانەوە بۆی گەلاڵە بوو، ئەو دەستوورەش کە بە سەحیفەی مەدینە ناوزەد کراوە و لە چەند ماددە و بڕگەیەك پێکهاتووە، گرێبەستێکە لەنێوان پێکهاتەکانی مەدینە، کەواتە ئەگەر قورئان سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی بوایە داوای بەیعەتی نەدەکرد، سەحیفەی مەدینەش نەدەنووسرا، هەروەها پاش فەتحی مەککە پێغەمبەر (د.خ ) لە شاری مەککە دەمایەوە، لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە گرێبەستێک هەیە لە نێوان پێغەمبەر و خەڵکی مەدینەدا و هەردوولا پێوەی پابەندن.

بە سەرنجدان لە مێژووی ئیسلامی، دەردەکەوێت خیلافەی ئیسلامی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەئازادانە و هەڵبژاردن بووە و بەیعەت ئازاد و مژاردەیی بووە، بەڵام لە دوای فیتنەی گەورەوە، واتە شەڕی نێوان موسڵمانان و سەرهەڵدانی یاخیبوون، ئیدی بەیعەت گۆڕا بۆ نیمچە سەپاندن، بەمەش دەردەکەوێت دەسەڵات بژاردەی کۆمەڵەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە ڕێگای ئیجتهاد و لە دەسەڵات و پێگەی دینییەوە وەرناگیرێت، هەر لەبەر ئەوەشە هەرچوار سەرمەزهەبەکە کە لە سەرەتای دەوڵەتی ئومەوییەوە دەستپێدەکەن هیچ کامیان داوای ئەوەیان نەکردووە، نە خۆیان خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بن، نە فەتوای ئەوەشیان داوە کە دەبێت دەوڵەت دینی بێت و ڕەمخێکی دینی لەسەر کورسی دەسەڵات بێت، بەڵکو تەنیا داوای دوو شتیان کردووە، یەکەمیان دادپەروەری لە حوکمرانی و دووەم یەکڕیزی لەناو ئەممەت.

**ئاییناسی:** بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، زۆرێك لە ڕەوتە ئیسلامییەکان بانگەشەی زیندوکردنەوەی خیلافەتیان وەك سیستمێکی حوکمڕانی نموونەیی ئیسلامی کردووە، دواتر ڕێژەیەکی بەرچاویان پاشەکشەیان لە تەبەنیکردنی ئەو تێزە کرد و دیموکراسی وەك چارە دەبینن، پێتوایە بانگەشەی زیندووکردنەوەی خیلافەت و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی چەند بۆ سەردەمی ئێستا گونجاوە و تا چ ڕادەیەك بەریەککەوتنی لەگەڵ دیموکراسی و پلورالیزم هەیە؟

د. محەممە ڕەئوف: پێش ئەوەی ئاماژە

بە وەڵامی پرسیارەکە بکەم، پێویستە ئاماژە بە بابەتێکی گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئایا دژایەتی خیلافەت و بەشەیتانکردنی لەبەرچی و بۆچییە؟ ئایا ڕۆژئاوا و هێزە دژە ئیسلامییەکان لەبەرئەوە دژی خیلافەتن کە هەموو ئوممەت پێکەوە گرێ دەدات بە جیاوازی نەتەوەکانییەوە؟ ئایا خیلافەت بۆیە خراپە، چونکە ئیمپراتۆریەتی شەرقی ئیسلامی بوونیاد دەنێتەوە؟ ئایا خیلافەت بۆیە خراپە، چونکە دەبێتە خاوەنی هێزێك دەتوانێت بڵێت نەخێر؟ ئایا خیلافەت بۆیە خراپە، چونکە چل پارچەی جەستەی ئوممەت دەکاتەوە بە یەك؟ لە وەڵامدا دەڵێین، بەڵێ، هەموو ئیسلامییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ڕۆژئاوا بۆیە دژی خیلافەتە، چونکە هێزی ئابووری و سیاسی و سەربازی بەرهەم دەهێنێت و بازاڕی دوو ملیاری دروست دەکات.

ڕۆژئاوا تا بتوانێت ناهێڵێت دەسەڵاتێکی گەورەی وەك سەد ساڵی یەکەمجاری ئوممەتی ئیسلامی دروست ببێت، کە توانی لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا دوو ئیمپراتۆریەتی بەهێزی ڕۆمی و فارسی بڕووخێنێت و ئیمپراتۆریەتی خۆی بوونیاد بنێت، ڕۆژئاوا ڕێگر دەبێت لەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دووبارە بێتەوە و چوارسەد ساڵ هەڕەشەیان لێ بکات و باج و سەرانەیان لێبسەنێت.

لێرەدا زۆر گرنگە بزانین، ڕۆژئاواش لەسەر شێوازی خیلافەت گەورەترین دەسەڵاتیان بوونیاد ناوە، وەك بەریتانیای گەورە بۆ ماوەی ٢٥٠ ساڵ، یەکێتی سۆڤێت ٦٩ ساڵ، ئەمریکای فیدراڵی ٢٤٩ ساڵ تا ئەمڕۆ، ئەمانە دەزانن خیلافەت و ئیمپراتۆریەت واتا و هێز و پێزە، بۆیە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەك لێیان داوە تەنانەت لە ڕووی فیکری و مێژووییشەوە موسوڵمان، یان ڕووی نایە، یان ناوێرێت باسی بکات.

لەو ڕۆژەوە لەسەردەستی کەمال ئەتاتورك خیلافەتی عوسمانی هەڵوەشێنرایەوە تا ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ئەو جەدەلە بەردەوامە دەربارەی باشترین حوکمڕانی و سیستمی حوکمڕانی و بەردەوام ئەو جەدەلە دەگۆڕێت و لە نوێبونەوەدایە و بەردەوامی هەیە و دەوترێت: ئایا شێوازی خیلافەت باشە دووبارە بێتەوە، کە سیستمێکی گشتگیرە بۆ حوکمڕانی بەپێی شەریعەت، یان نموونەی دەوڵەتی نوێ و مۆدێرنە و دەوڵەت نەتەوە و دەوڵەتی نیشتمانی جیاواز، کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و هەڵبژاردن و دیموکراسیەت دامەزراون؟

یەکەم بزووتنەوەی ئیسلامی کە گەرماوگەرم پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی هاتە کایەوە، ئیخوان موسلیمین بوو لەسەر دەستی پێشەوا و دامەزرێنەری بزووتنەوەکە حەسەن

بەننا، ئەو بزووتنەوەیە باوەڕی بە ڕاستکردنەوە و هەستانەوەی خیلافەت هەبوو، بەپێی میتۆدێکی نوێ و ڕێکخستن و دیسپلینێکی نوێ و مۆدێرن.
حەسەن بەننا کاری جیدی کرد لەسەر بەرنامەیەکی وردی پشوودرێژ بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی دایڕشتبوو، کۆمەڵێك چەمك و میکانیزمی جێگیر کرد و نزیکەی ٢٠ ساڵ کاری لەسەرکردن، نەوەیەکی تۆکمە و خوێندەواری پێگەیاند، دیارترین چەمك و میکانیزمەکانی بریتیبوون لە: چەمکی خیلافەت، چەمکی ئوممەت، چەمکی عروبە، چەمکی یەکڕیزی، چەمکی گشتگیری ئیسلام و دین و دەوڵەت، چەمکی جیهاد و ڕزگارکردنی میسر، بە سەنتەرکردنی دۆزی فەلەستین، چەمکی هاوکاری لەنێوان لایەنەکان و ... هتد، ئەم چەمکانەی وەك میتۆد و پرەنسیپ داڕشتووە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك نامیلکە و بیست بنەمادا.
بۆ ئەوەی ئەو چەمکانە جێگیر بێت، دەستیکرد بە پەروەردەکردنێکی تۆکمە و ڕێکخستنێکی بەهێزی دیسپلینکراو، کە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لە تاکەوە دەستپێدەکات، دەبێتە بنەما بۆ خێزان، خێزانی پەروەردەکراو و هۆشیار دەبێتە بنەما و ژێرخان بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەکراوی هۆشیار و دواجار حکومەتێك دێتە کایەوە.
پاش حەسەن بەننا و شەهید کردن و زیندانیکردنی کۆمەڵێک لە سەرکردە، بیرمەند، زانا و سەرکردەی دیاری بزووتنەوەکە و قەدەغەکردنی بزووتنەوەکە لە چالاکیی سیاسی و تەنانەت بانگەواز و پەروەردەش، پڕکردنی زیندانەکان لە سەرکردە و کادر و ئەندامەکان، ئیدی بزووتنەوەی برایانی موسوڵمان ، کەوتە قۆناغێکی پێشبینی نەکراو، بۆیە ئەو یەکەم چەمکەی کە لەلایەن بزووتنەوە و سەکردەکانییەوە کاری لەسەر دەکرا کە چەمکی گەڕانەوەی خیلافەت بوو، پێداچوونەوەی بۆ کرا، بەڵام پاش ئەو قۆناغە ئاڵۆز و پڕ قەیرانە، بزووتنەوەکە بە دونیای عەرەب و ئیسلام و ڕۆژئاوادا بڵاوبووەوە، ئیدی لەسەر ئەو چەمکە نەڕۆیشت و تێگەیشت ئەو پاروە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی کەوتنی هێز و پێزی ئوممەتە بە هیچ هێزێك قووت نادرێت، بۆیە وەك تێزێکی فیکری چەمکەکە مایەوە، ئیدی زیاتر کاریان لەسەر پەروەردە و ڕێکخستنی بانگەواز کردووە بە ئێستاشەوە.
پاش چەندین ساڵ کرانەوەیەک لە سەردەمی ئەنوەر سادات هاتە کایەوە، زۆربەی ئەو سەرکردانەی، کە لە زیندانەکاندا لە ژیاندا مابوون ئازاد کران، دۆخێکی نوێی سیاسی و ئازادی دەستیپێکرد، هاوکات چاودێری گشتی بزووتنەوەکە (عومەر تەلمەسانی) سەرکردەیەکی خوێندەوار، کراوە و بەتوانا بوو، توانی بە عەقڵێکی گەورەی کراوەوە بزووتنەوەکە بە باشی بخاتەوە

سەر پێ، نەک هەر کاری پەروەردە و بانگەواز بوژایەوە، بەڵکو گەیشتە قۆناغی هاوپەیمانی سیاسی لەگەڵ حزبە نەتەوەیی و نیشتمانی و عەلمانییە نەرمەکانی میسریش، بەشداری هەڵبژاردنی کرد لەناو حزبەکانی ئەواندا، بەم هەنگاوانەی تەلەماسانی ئیدی چەمکی دیموکراسی، هەڵبژاردن، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، ئازادییەکان، هاوپەیمانی، مەدەنیەت و نیشتمانپەروەری گەشەی کرد، چەمکی دەوڵەتی ئیسلامی و گەڕانەوەی خیلافەت و جێبەجێکردنی شەریعەت گۆڕانکاری بەسەردا هات، گەورە خوێندەوار و زانا و بیرمەندەکانی بزووتنەوەکە دەستیانکرد بە توێژینەوە و نووسین و شرۆڤە لەسەر شورا، دیموکراسیەت، حکومەتی مەدینە، دەستووری مەدینە و پرەنسیپەکانی، لەو سەردەمەوە تا ئەمڕۆ ئەو هەنگاوانە بەردەوامە و لە گەشەکردندایە، لەو بیرمەند و زانا گەورانەی خزمەتیان کرد لەو بوارەدا وەك د. یوسف قەرزاوی کە ١٧ هەزار لاپەڕەی نووسیوە و بەشێکی تایبەتە بەو بوارانە، هەروەها شێخ ڕاشد غەنوشی کۆمەڵێک کتێب و تێز و بابەتی زۆر ڕۆشنتر و ڕونتر و بێ گرێی نووسیوە لەسەر ئازادی، ئازادییە گشتییەکان، خیلافەت، حکومەتی مەدەنی، شورا و بەهاکانی حوکمڕانی دروست، وەک دادپەروەری، ئازادی، دیموکراسی، مەدەنیەت و کەرامەتی مرۆڤ، دەتوانین بە ڕوونی بڵێین سەنتەری تێزەکانی شێخ غەنوشی لە ئایینـدا یەکتاپەرستی و لە دونیادا ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ و دادپەروەرییە، ئەڵبەت بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بۆ هەموو ئەدیان، بۆ هەموو نەتەوە و وڵاتە جیاوازەکان، بێ هەڵاوێردن، لەهەمان کاتدا زۆر بەتوندی دەچێتەوە بەگژی توندڕەوی و پەڕگیریدا، بۆیە هەر لەسەر بنەمای ئەو تێز و بیروباوەڕانەی توانی دەستبەرداری دەسەڵاتی سیاسی و تەنانەت هەندێک لە پرەنسیپیش ببێتەوە لە حوکمڕانی تونس، بۆ وردەکاری و زانینی تەواوی زانیارییەکان خوێنەر دەتوانێت کتێبی (إرهاصات الثورة) بخوێنێتەوە.

## دەسەڵات بژاردەی کۆمەڵەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بە ڕێگای ئیجتهاد و لە دەسەڵات و پێگەی دینییەوە وەرناگیرێت

غەنوشی لە پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەڵێت: "دەوڵەتی ئیسلام دەوڵەتی خەڵکە، لە ڕێگای شورای تایبەتەوە ئیجتهاد دەکەن و دەپێکن و هەڵەش دەکەن، لە ڕێگای شورای گشتییەوە دەسەڵاتدار دادەنرێت و دەبێتە خزمەتکاری خەڵک و بریکاری خەڵک و لە ژێر چاودێری خەڵکدا دەبێت."

هەروەها دەڵێت "ئیسلامییەکان عەلمانییەکان دڵنیا دەکەنەوە کە ئیسلام لە ماف و ئازادییە تاک و دەستەجەمعییەکانیان کەم ناکاتەوە". هەروەها دەڵێت "دواجار ئیسلام و مودێرنە پێکەوە هەڵدەکەن و پرەنسیپی ئیسلام پارێزراو دەبێت و ژیانی نوێ و سەردەمیش تێکەڵ دەکات لە کایە ئابووری و سیاسی و کاروبارەکانی کۆمەڵگە."

سەبارەت بە پێکەوەژیانیش دەڵێت "ئەگەر هەڵگرانی پرۆژەی ئیسلامی نەتوانن کیانی سیاسی لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دروست بکەن و ئیسلامی، عەلمانی، نێر، مێ، سوننە، شیعە، موسڵمان، مەسیحی، عەرەب و کورد لەخۆ بگرێت، ئەوە ئیدی شیعاری "الاسلام هو الحل"، جێگای گومانە."

توێژەرێکی بنکۆڵکار دەتوانێت بە ئاسانی هەموو قۆناغەکانی بزووتنەوەی نەهزەی تونسی و ئیخوان و ڕەوتی میانەڕەوی ئیسلامی بخوێنێتەوە و شرۆڤەی وردی بۆ بکات، لە دەرەنجام و پوختەی هەموو کتێبەکانی د. قەرزاوی، شێخ غەنووشی، نوسەرەکانی مەغریب و جەزائیر و ... هتد بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئیخوان موسلمین دەمێکە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە شورا، دیموکراسیەت، دادپەروەری، ئازادی، هاووڵاتیبوون، شەفافیەت، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و چاکسازی دەبنە پایە و بنەڕەتەکانی حوکمڕانی دروست و ڕەشید.

ئیدی پاش ئیخوان موسلمین، تەنیا دوو لایەنی ئیسلامی باوەڕیان بە چەمکی خیلافەت هەیە وەک نەگۆڕ، یەکەمیان حزبی تەحریری ئیسلامییە، ئەم حزبە تەمەنێکی زۆری هەیە و لەسەر دەستی شێخ تەقیەدین نەبهانی دروست بووە و تائێستا بەردەوامە و کار و چالاکی چەکدارییان نییە، تەنیا لە ڕووی سیاسی ڕۆشنبیری و هەندێک فیکرەوە کار لەسەر چەمکەکە دەکەن. لایەنی دووەم لایەنە توندڕەوە جیهادییە چەکدارەکانن کە بە قاعیدە دەستیپێکرد و بە نوسرەدا تێپەڕی و لە داعشدا کوتایی هات.

**ئیخوان موسلمین دەمێکە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە شورا، دیموکراسیەت، دادپەروەری، ئازادی، هاووڵاتیبوون، شەفافیەت، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و چاکسازی دەبنە پایە و بنەڕەتەکانی حوکمڕانی دروست و ڕەشید**

**ئایینناسی:** لە سەد ساڵی ڕابردوو هێزە ئیسلامییەکان شێوازی جۆراوجۆری خەباتیان بۆ گەیشتنە دەسەڵات پەیڕەوکرد، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، سەرنجی تۆ لەوبارەوە چییە؟

**د. محەممەد ڕەئوف:** پاش تێپەڕبوونی

نزیکەی سەد ساڵ بەسەر دامەزراندن، گەشەکردن، هاتنەکایەی بانگەواز و سیاسەت، تەنانەت جیهادی چەکداری و ئۆپۆزسیۆنی جۆراوجۆر، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بە کوردستانیشەوە، لەو ماوەیەدا هەموو جۆرە هەوڵ و بەرخودانێک کرا، دەیان رووبەڕووبونەوە ڕوویدا. هەزارەها شەهید و زیندانی و دورخستنەوە ڕوویدا، دەیان جار بەخۆداچوونەوە و دیراسات و لێکۆڵینەوەی زانستی، فیکری، ڕۆشنبیری، کۆنگرە و کۆنفرانس ئەنجامدرا، لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری کرا، لە هەندێکیان زۆرینەیان بەدەستهێنا، لە هەندێکیان هاوپەیمانی ئیسلامی و لە هەندێکیان هاوپەیمانی عەلمانی و ئیسلامی ئەنجامدرا، دواجار کودەتای سەربازی لە جەزائیر دژیان ئەنجامدرا، لە ساڵی ٢٠٠٣ ئیسلامی شیعە و سوننە و کورد لەگەڵ لایەنە عەلمانی و نەتەوەیی و ئایینەکانی دیکە، بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەشداریان کرد لە حکومەتی نوێی عێراق و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی عێراقیان پێکهێنا، هەموو ئیسلامییەکانی عێراق و هەموو هێزە عەلمانی و نیشتمانییەکانی عێراق پێکەوە چوونەوە بە گژی داعش و توندڕەویدا، لە ٢٠١١ بەهاری عەرەبی ڕوویدا، هێزە ئیسلامییەکان تێیدا زۆرترین و دیارترین بوون، بەرنامە و داواکارییەکانیان بریتی بوو لە: ئازادی، چاکسازی، دادپەروەری، دیموکراسی، حکومەتی مەدەنی، دژە گەندەڵی و تاکڕەوی، ڕێزگرتن لە هەموو پێکهاتەکان، دروستکردنی پەیوەندیی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەوتی و دەستیان درێژ کرد بۆ هەموو لایەك، باسی حکومەتی دینی و ڕەمزی دینی و خەلیفە و سوڵتانیان نەکرد، دواجار ڕێگەدرا لە میسر بە کودەتای سەربازی و لە تونس بە کودەتا لە جۆرێکی تر.

لەدوای بەهاری عەرەبییەوە کۆمەڵێك پرسیاری زۆر گەورە و قووڵ دروستبوون، هێشتا هەندێکیان وەڵامی تەواویان نەدراوەتەوە، لە نموونەی ئەو پرسیارانە ئەوە بوو، ئایا ئیسلامییەکان بەهەڵە خۆیان کردە کاراکتەری سیاسی یەکەم؟ ئایا ئیسلامییەکان لە بنەڕەتدا خاوەنی بەهاری عەرەبی بوون، یان کەوتنە نێو تەوژمی جەماوەر و خواستی جەماوەر؟ ئایا ئیسلامییەکان سۆز و عاتیفە زاڵبوو بەسەریاندا و بازیاندا بەسەر ڕێکخستنی ئەوراقی هەرێمایەتی عەرەبی و ئیسرائیل و ڕۆژئاوادا؟ ئایا ئیسلامییەکان هەر لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە سازکراون، کە ببنە بەدیلی دەسەڵات؟!

جگە لەم پرسیارانە و هاوشێوەکانی، دەبێت ئەوەش بڵێین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەت لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا تەنیا تەوژمی ئیسلامی هەیە هێز و پێگەی ئۆپۆزسیۆن و وجودێکی ڕێکخراوەیی و جەماوەریی هەبێت، بۆیە خەڵك و دەوڵەتان هەمیشە چاویان

لەسەر ئەوانە، ئەوانیش نەخۆیان سازداوە بۆ گەیشتنە دەسەڵات و نە ڕێگەشیان پێدراوە.

**ئاینناسی:** بە سەرنجدان لەوەی خستتەڕوو، دەکرێت بپرسین ئیسلامییەکان لە گەیشتنە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی شکستخواردوو بوون، یان ئەوان جێگەی قبوڵکردن نین لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی؟

**د. محەممەد ڕەئوف:** هەرچەندە وەڵامەکە زۆر ئاوکێشە، بەڵام زۆر بەکورتی ئاماژەی پێ دەکەین: ئیسلامییەکان سێ کێشە و گرفتی سەرەکییان هەیە، یەکەمیان ئەوەیە، لەوەتەی هەن لەسەر ئایدیا و پرەنسیپەکان قسە دەکەن و دروشم دەدەن و بەدەنگی بەرز دژایەتی ڕۆژئاوا و داگیرکاران و دوژمنان دەکەن، سیاسەتیش بە پرەنسیپ و بانگەواز و دەقەنەگۆڕەکان دەکەن و فەلەستینیان کردووەتە پرسی ناوەندی و بە هیچ جۆرێک دانوستانی لەسەر ناکەن، ئەو بابەتەش بۆ ڕۆژئاوا هێڵی سوورە و دانوستانی لەسەر ناکرێت و ئیسرائیل دەبێت بمێنێت و بەهێز و بێ ڕکابەر بێت و لە هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکەش بەهێزتر و پێشکەوتووتر بێت، هەر ئەم دۆسیەش کێشەی قووڵی بۆ میسر و تونس دروستکرد. لێرەوە دابڕانی بەردەوام لەنێوان ئیسلامییەکان و ڕۆژئاوادا دروست بووە و سارێژ نابێت.

دووەمیان بریتییە لە ڕژێم و دەسەڵاتە سیاسییەکانی ناوچەکە، ئەم ڕژێم و دەسەڵاتانە بە هیچ جۆرێک باوەڕیان بە دیموکراسی و هەڵبژاردن و فرەیی سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نییە. ئەم دەسەڵاتانە خاك و خەڵك و سەروەتی وڵات بە تاپۆ و بەرکەوتەی خۆیان دەزانن و بەهیچ جۆرێک چاویان بە ئیسلامیدا هەڵنایەت، کاتێك باسی ئازادی، عەدالەت، شەفافیەت، مافی هاووڵاتی، هەڵبژاردنی پاک و دژە گەندەڵی دەکات.

ئەم دەسەڵاتانە دەوڵەتی قووڵیان دروستکردووە و هێز و چەک و پارە و ئابووری و پەیوەندییەکانیان بە تەواوی قۆرخ کردووە، هەرکەسێک سنوورێکی دیاریکراو ببەزێنێت سزای دەدەن و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادەن ئیسلامییەکان لەو وڵاتانەی هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت ٢٠٪ تێپەڕێنێت.

لەم وڵات و ڕژێمانەدا تەنیا ئیسلامییەکان هەبوون و ئۆپۆزسیۆن بوون، بۆیە هەمیشە لێدراو بوون و فرسەتیان پێنەدراوە، ئەگەر خۆپیشاندانیش بکەن بە ناوی تیرۆر و ئیرهابەوە بەتوندی لێیان دراوە و لێیان دەدرێت.

سێیەمیان ئەوەیە، ئیسلامییەکان کەمتر گرنگییان داوە بە کاری سیاسی، فیکری سیاسی، خیتابی سیاسی و فیعلی سیاسي.

لەبەرئەوەی سیاسەت و کاری سیاسی باسی دەسەڵات و بەرژەوەندی

و دەستڕۆیشتنە، ئیسلامییەکان نەیانویستووە زۆر خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن، چونکە ئەو حاڵەت و دۆخەی تێیدا ژیاون پێویسی بە وەعز و پەروەردەی ئیمانی و خۆڕاگری و بەرخودان و دونیانەویستی بووە، بۆیە هەرکات بەناچاریش بەشداریی هەڵبژاردن، یان دەسەڵات و حوکمڕانییان کردبێت پاش ماوەیەک پەشیمان بوونەتەوە، سەرزەنشتی خۆیان کردووە و کۆڵێک پاساویان بۆ خۆیان هێناوەتەوە..

لێرەوە ئیسلامی و ئیسلامییەکان لە خیتاب و تێگەیشتن و هەڵوێستدا تووشی قەیرانی بەردەوام دەبن و لە ناوخۆشدا هەمیشە دابەش دەبن. قووڵترین و سەختترین قەیرانی ئیسلامییەکان ئەوەیە کە دەڵێن ئیسلام، دین و دەوڵەت و هێز و حکومەتدارپی یەک پاکێجە و لێک جیاناکرێتەوە، بەڵگەش دەقە قورئانییەکان و چیرۆکی پێغەمبەران و حوکمڕانی ١٣٠٠ ساڵی ڕابردووە، ئەم قەناعەتە لەگەڵ خۆپاراستن لە کاری سیاسی یەکناگرێتەوە.

ئیسلامي ناتوانێت ئۆپۆزسیۆن نەبێت لە ڕووی دینی و ئیلتیزامی ئەخلاقی کۆمەڵایەتیشەوە، کەچی لەهەمان کاتدا قەناعەت بەخۆی و ڕێکخستن و جەماوەرەکەی و ڕای گشتی دەکات، کە ئەو بەدیل و ئەلتەرناتیقی دەسەڵات نییە، پاساویشی ئەوەیە کە ژینگەی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی ئیسلامی قبوڵی نییە، بۆیە نابێت نە پێ زیاتر ڕاکێشێت، نە لە گۆڕەپانێکدا یاری و شەڕ بکات کە هی ئەو نییە.

## ئیسلامییەکان کەمترگرنگییان داوە بە کاری سیاسی، فیکری سیاسی، خیتابی سیاسی و فیعلی سیاسی

بڕوام وایە، دەسەڵات و حوکمڕانی و ئارامی و سەقامگیری و گەشەپێدان و پێشکەوتن لەم ناوچەیەدا، هەرگیز نایەتە کایەوە تاوەکو بە دوو قۆناغدا تێنەپەڕێت: قۆناغی یەکەم، بریتییە لە حوکمڕانییەکی دروست و دوور لە قۆرخکاری، بە هاوبەشی ئیسلامییەکان و هێزەکانی دیکە، ئەم قۆناغە لانیکەم پێویستی بە (١٥ ) ساڵ هەیە. قۆناغی دووەم، بریتییە لە قۆناغی دیموکراسی تەواو، هەلومەرجی ڕەخساو بۆ هەموو هێزەکان وەک یەک، بە مەرجێك هیچ بوونێک نەمابێت بۆ دەوڵەتی قووڵ، نە بۆ ئیسلامی و نە بۆ هێزەکانی دیکە. تاوەکو وڵات و گەل و نیشتمانەکانی ئەم ناوچەیە بەو دوو قۆناغەدا تێنەپەڕێت هیچ گۆڕانکاریەکی ڕیشەی نایەتە کایەوە، ژێرخان و سەرخانی ئابووری دروست نابێت، دابەشبوون بەردەوام دەبێت، هاووڵاتی بێ بەش و هەراسان دەبێت،

دیموکراسی و ئازادی درۆ و دەلەسە و شۆیەکی نمایشکارانە دەبێت.

**ئایینناسی:** لەناو هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان کەسانێك بە دەنگێکی دلێر بانگەشەی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت دەکەن، ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئیسلامییەکان بانگەوازیان خستە خزمەت سیاسەت و لە ئامانجە سەرەکییەکانیان دووریخستنەوە، یان پاڵنەری دیکە هەیە بۆ ئەم بانگەشەیە؟

**د. محەممەد ڕەئوف:** جەدەلی بانگەواز و سیاسەت ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵ و باکگراوندێکی نوێی هەیە، ڕیشە مێژووییە قووڵەکەی لەوێوە دەستپێدەکات کە پێشەوا و سەرمەزهەبەکان بەتایبەت ئیمام ئەبو حەنیفە و ئیمام ئەحمەد ڕازی نەبوون، نە ڕازیبوون بە حکومەتی سەردەمی خۆیان و نە ڕازیش بوون قەزای دەوڵەت بگرنە دەست، بە پاساوی ئەوەی کە ئەوان مەرجەعی خەڵك و ئوممەتن بۆ بۆ بانگەواز و دینداری و جێبەجێکردنی شەریعەت لە ڕۆژانەی خەڵك و مامەڵەی بازاڕ و پەرستشەکاندا، دەسەڵاتی سیاسیش دادپەروەریی ڕەچاو ناکات و ڕێگە نادات دەسەڵاتدار و خەڵکی سڤیل وەك یەك بن لە بەرانبەر قەزادا، لێرەوە دەبینین بە درێژایی مێژوو ئیمام و سەرکردە گەورەکانی زانایان لە ململانێی بەردەوامدا بوون لەگەڵ سوڵتەی زەمەنیدا و هەرگیز خۆیان ڕادەست نەکردووە، بۆیە هەموویان یان شەهید کراون، یان زیندانی کراون، یان دەرکراون و دوورخراونەتەوە، ئێستاش ئەم دیاردەیە کەم و زۆر هەیە و دووبارە دەبێتەوە، ئەوانەی شەهید نەکراون، یان لە زیندانن، یان دوورخراونەتەوە.

## ئیسلامییەکان لە خیتاب و تێگەیشتن و هەڵوێستدا تووشی قەیرانی بەردەوام دەبن و لە ناوخۆشدا هەمیشە دابەش دەبن

پاشخانە نوێکەی جەدەلی بانگەواز و سیاسەتیش دەرئەنجامە زیاتر تاوەکو تێزی فیکری، هەرچەند خاڵیش نییە لە فیکریش، ئەم پاشخانەش بۆ حاڵەتی واقیعی ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە کە سەد ساڵە دەستبەکاربوون و نەگەیشتنە هیچ پێگەیەکی دەسەڵاتی جێگیر، ڕاڕا و دوودڵ و ڕاجیاوازن لەمەڕ پرۆسەی سیاسی و بانگەواز و جیاوازییان، هەندێکیان بانگەواز بە واجب و فەرز دەزانن و کاری سیاسیش بە پلە دوو دەبینن، هەندێکیان کاری سیاسی و شەڕی ئیسلاح و عەدالەت بە فەرز و واجب دەزانن و بانگەوازیش جێدەهێڵن بۆ ئەهلی تایبەتی خۆی، واتە لانیکەم هەردووکیان فەرزی کیفایەن

بۆ ئەهلی پسپۆڕی، هەندێکیش دەڵێن مادەم دەرگای گەیشتنە دەسەڵاتمان لەو قۆناغە لێداخراوە، با تواناکانمان لە بانگەواز و پەروەردە و پێگەیاندندا بەکاربهێنین، ئەم تێگەیشتن و تێڕوانینە جیاوازانە جەدەلێکی قووڵی دروستکردووە لە نێوان کاراکتەرە دەعەوی و سیاسییەکاندا و چارەسەریشی نییە، تا ئەو ڕۆژەی دەسەڵاتێکی سیاسی سەرکەوتوو دێتە کایەوە لەسەر دەستی کاراکتەرە سیاسییەکان و کاراکتەرە بانگخوازەکانیش دەبنە پشتگیر و هاوکار و ژێرخان، یان تا ئەو ڕۆژەی کە کاراکتەرە سیاسییە باکگراوند ئیسلامییەکان کۆڵدەدەن و هەموو ئیسلامییەکان یەکلادەبنەوە بۆ کاری بانگەواز و پەروەردە، دواجاریش واقیعیش حوکم دەدات و هەرجارەی بۆ لایەک یەکلایی دەکاتەوە، بەپێی هەلومەرجە ڕەخساوەکان.

**ئایینناسی:** دەوترێت هێزە ئیسلامییەکان ئایین تەوزیف دەکەن بۆ گەیشتنە دەسەڵات و مەرامی تر، تەنانەت بانگەواز و تەواوی کایەکانی تری کاریان خستووەتە خزمەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، بە نموونە ئەوەی لە سوریا دەگوزەرێت بانگەشەی هێزێکی وەك بەرەی نوسرە و ئەحمەد شەرع (ئەبو محەممەد جۆلانی پێشوو) لە قۆناغی پێشوو و ئێستادا جیاوازییەکی بەرچاوە، سەرنجی بەڕێزتان لەو ڕووەوە چییە؟

**د. محەممەد ڕەئوف:** بەدرێژایی مێژوو، هەر کەسێك، هەر گرووپێك، هەر هێزێك، هەر حکومەت و دەسەڵات و ئیمپراتۆریەتێك بۆی گونجا بێت ئایینی بەکارهێناوە بۆ دەسەڵات و مانەوەی لە دەسەڵات، مێژوو شایەتە بە ئەمڕۆشەوە، ئەم تۆمەتە دژ بە ئیسلامییەکان بۆ ئەوەیە ڕێگری بکرێت لەوەی ئیسلامی بگاتە دەسەڵات، ئەگەر ئیسلامییەك ڕازی بێت بە دیموکراسی و هەڵبژاردن و دەرئەنجامەکانی، ڕازی بێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان، ڕازی بێت بە نوێنەرایەتی دیپلۆماسی لەگەڵ هەموو دوڵەتانی جیهان دەستبهەڵگرتبێت لە چەمکی دارلکوفر و دارلئیسلام، ڕێزی هەموو ئایین و پێکهاتەکان بگرێت، چ عەیبێکی هەیە سەربەرز بێت بە پرەنسیپەکانی ئایینەکەی و بەدەنگی بەرز باسی قورئان و (رحمة للعالمین) بکات، خۆ دواجار ئەو پرنسیپانەش خزمەت بە دادگەری کۆمەڵایەتی، چاکسازی، عەدالەتخوازی و دژە گەندەڵی دەکەن.

# بیرمەندان

ئایینناسی

# شێخ عیزەدینی حوسەینی
# دیدی جیاواز لە ئاییندارییدا

نووسینی: ڕابەر سیوەیلی

**دەروازە**

ئایین بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، نەک هەر تەنیا وەک لایەنێکی باوەڕداریی، بەڵکو ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەشی بینیوە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پێکهاتە سیاسییەکان و ناسنامە کولتوورییەکاندا. هەرچەندە ئەو ڕۆڵەی ئایین لە پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەکاندا گرتوویەتییە ئەستۆ، لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەلێکدانەوەی جیاواز شێوەی گرتووە؛ ئەم لێکدانەوانەش هەندێکجار بوونەتە هۆی سازان و هەندێکجاریش لە هەردوو ئاستی تیۆلۆژیکی و سۆسیۆلۆژیدا بوونەتە هۆی مشتومڕ و ناکۆکی. بەتایبەت لە جیهانی ئیسلامیدا، مەزهەبی جیاواز و قوتابخانە فیکرییەکان و ڕێبازە ڕۆشنبیرییەکان نیشاندەری بەرجەستەی ئەم فرەییەن. لەم چوارچێوەیەدا، بابەتی (بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە ئایین)، نەک هەر تەنیا بابەتێکی تیۆرییە، بەڵکو کلیلێکی گرنگیشە بۆ تێگەیشتن لە دینامیکی فیکری و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کۆمەڵگەکان.

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەدا، باس لە کەسایەتی و دیدی ئاینیی (شێخ عیزدەینی حوسێنی) دەکەین وەکو یەکێک لە زانا ئایینییە دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، کە بەهۆی جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی و هەڵوێستە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانەوە نموونەیەکی بەرچاوی کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردووە. هەوڵی ئەو بۆ کۆکردنەوەی تێگەیشتنی کلاسیکیی لە ئیسلام لەگەڵ کێشەکانی سەردەمدا بەڕوونی دیارە! لەهەمانکاتدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێڵە فیکرییە جیاوازەکان دەتوانن پێکەوە بژین. ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی کە ناوبراو نەك تەنها وەکو زانایەکی ئایینی، بەڵکو وەک سەرکردەیەکی کۆمەڵایەتی و خاوەن ڕایەکیش بەدیار بکەوێت.

بۆچوونەکانی شێخ عزەدین حوسێنی سەبارەت بە ئایین، لە تێگەیشتنێکی تاک ڕەهەندی تێدەپەڕێت. ئەو ئایین بەتەنیا وەک بوارێکی پەرستنی تاکەکەسی وێنا ناکات، بەڵکو وەک بنەمایەکیش بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادی و گەڕان بەدوای شوناسی نەتەوایەتیدا دەبینێت. واتە (شێخ عیزەدینی حوسێنی) لەیەککاتدا گرنگی بە پاراستنی بەها ئایینییەکان داوە و هەروەها داکۆکی لەوەش کردووە کە دەکرێت ئەم بەهایانە بەشێوەیەک لێکبدرێنەوە کە وەڵامدەری پێداویستییە هاوچەرخەکانی کۆمەڵگە بن، چونکە ئایین خاوەنی پێکهاتەیەکی وەستاو نییە، بەڵکو دینامیکییە.

جێگەی باسە، ئەو سەردەمەی (شێخ عیزەدینی حوسێنی) تێیدا ژیاوە، قۆناغێک بووە کە خەباتی ناسنامەی گەلی کورد چڕتر بووەتەوە و گرژییە سیاسی و کولتوورییەکان زیادیان کردووە. لەم قۆناغەدا هەڵوێستی سەرکردە ئایینییەکان تەنیا بە پرسە ئایینییەکانەوە سنووردار نەبووە؛ بەڵکو کاریگەرییان لەسەر ورەی گەل و شێوەگرتنی هۆشیاری سیاسییش هەبووە. لە بۆچوونەکانیدا، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ناوەڕۆکی ئایین و داخوازییەکانی کۆمەڵگە بۆ دادپەروەری، یەکسانی و ئازادی هەیە. لێرەدا شێخ عیزەدین داکۆکی لەوە دەکات کە بیری ئایینی هێزێکی بنیاتنەری کۆمەڵایەتییە و نیشاندەدات کە ئایین توانای ئەوەی هەیە نەک تەنیا ڕابردوو ڕوون بکاتەوە، بەڵکو داهاتووش پێکبهێنێت. ئەم تێگەیشتنە، جگە لە قەبوڵکردنی ڕەوایی لێکدانەوە جیاوازەکانی ئایین، ڕێگەش بەوە دەدات کە وەک دەرفەتێک بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێن.

### ژیان و بنەماڵەکەی

شێخ عیزەدین، ناوی (ڕەشید)ەو ناسراوە بە (سەید عیزەدینی حوسەینی). ساڵی ١٩٢٢ لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی ئاینیی و کوردپەروەر لە دایکبووە[١]. باوکی شێخ عیزەدین ناوی (شێخ حەمە ساڵح)ە، بە (سەید ساڵح) یان (قازی شێخ ساڵح) یش ناسراوە و خۆیان بە سەید و نەوەی ساداتی بەرزنجە دەزانن[٢]. لەبنەڕەتدا لە گوندی (واژەی)ی (شارباژێر) بوون، دواتر چوونەتە بانە، باوکی شێخ عیزەدین دوو جار ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە، لە هاوسەری یەکەمی تەنها کچێکی بووە بەناوی (ئامینە)، دوای ماوەیەك هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە، پاشان لەگەڵ (حەلیمە) هاوسەرگیری کردووە، لەویش چوار کوڕ و کچێکی بووە. شێخ عیزەدین یەکەم منداڵی خانەوادەکەیان بووە، لە دوای ئەو هەریەک لە (عەبدولقادر و شێخ جەلال و زەکیە و عەزیز) لەدایکبوون.

شێخ عیزەدین لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لای باوکی دەستی بەخوێندن کردووە[٣]،

هەرچەندە پێشخۆشبووە بچێتە خوێندنگە، بەڵام شاری بانە هەتاوەکو ساڵی ١٩٣٦ خوێندنگەی هاوچەرخی لێ نەبووە، دواتریش کە لەو شارەدا خوێندنگە کرایەوە، باوکی شێخ عیزەدین ڕێگەی نەداوە منداڵەکانی بچنە خوێندنگە، چونکە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمی حوکمی ڕەزاشای وەک بانگەشەیەک بۆ دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی وێنا کردووە. ئەو سەبارەت بە حەزنەکردنی لە خوێندنی ئاینیی وتوویەتی: "من وەک هەموو کوڕە مەلایەک لە خوێندگەی ئاینیی وانەم خوێندووە، ماوەیەک حەزم لە خوێندنی ئاینیی نەبوو، حەزم دەکرد بڕۆمە خوێندنگە، بەڵام باوکم ڕێگەی نەدا! پاشان چوومە فەقێیەتی، کە چوومە ناو فەقێیان فیکرم گۆڕا، زۆر بە جددی دەستمکرد بە خوێندن و زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان گەڕام تاوەکو هەموو زانستی مەلایەتیم تەواوکرد و لەساڵی ١٩٤٦ لەسەر دەستی (مامۆستا مەلا باقری بالک) ئیجازەی مەلایەتیم وەرگرتووە[٤] ".

شێخ عیزەدین لە تەمەنێکی گەنجیدا ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ (زوڵەیخای کچی سەید بابە گەورە) پێکهێناوە و نزیکەی دوو ساڵ لە گوندی حەمامیان ماوەتەوە. بەرهەمی ئەم هاوسەرگیرییەش حەوت منداڵە بە ناوەکانی (ئایشێ، فاتیمە، شیرین، سەیران، پەروین، جەمیلە و جەمال). شێخ عیزەدینی حوسەینی لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٠ی شوباتی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی (ئەکادیمیای زانستیی) لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سوید، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی ئەسپەردەی خاک کرا.

**دیدی جیاواز لە ئایینداریدا**

شێخ عیزەدینی حوسەینی خاوەن مێژوویەکی سیاسیی بەرجەستەیە، ئەو لەلایەک مەلا بوو، لەلایەکی دیکەوە کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراو و لایەنگری بزووتنەوەیەکی چەپ بوو لە کوردستان[٥] . دوای تەواوکردنی خوێندنی ئاینیی بوو بە مامۆستای زمانی عەرەبی لە مزگەوتی سوری مەهاباد، لە فێرگەی ئاینییش وانەی زانستە ئیسلامییەکانی وتۆتەوە، پاشان بوو بە (ئیمام جومعە) ی شاری مەهاباد، لەدوای پیشەی مامۆستایی، ئەوە دووەم کار بوو کە پێیی درا، بەمەش نفوزی لە شاری مەهاباد زیادی کرد[٦] .

ئەو لەو مەلایانە بوو توانایەکی باشی لە زانستی قورئاندا هەبوو، زۆرێک لە مەلاکانی کوردستان قورئانیان باش نەدەناسی بە دەستی دوو و سێ ئیسلامیان ناسیبوو، بەڵام ناوبراو ئاشنایەتییەکی تەواوی لەسەر سەرچاوەی یەکەمی ئاینیی ئیسلام هەبوو، بۆیە وەک زانایەکی گەورەو هەڵکەوتووتر و پێشەنگتر لە هەموویان

ناسرابوو. لە زۆر شتی مەزهەبیی دیدو بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەبوو، پێیوابوو ئایین لایەنێکی مەعنەویی و ڕۆحانیی هەیە، بڕوای وابوو دوو شت لە دەروونی مرۆڤدا بوونی هەیە، یەکێک سۆزو و ئەوی دیکە عەقڵ و لۆجیکە. لایەنی سۆزداری مرۆڤ بریتییە لە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودا، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ...هتد، هەندێک جاریش ئەو هەستە لەگەڵ خراپەدا ئالودە دەبێت، جاری وا هەیە مرۆڤ بەردێک دەپەرستێت، یاخود دەچێتە سەر گۆڕی شێخێک و پێیوایە ڕزگاری دەکات! ئەمەش هیچی ئایین نییە و لە هەستەوە سەرچاوەی گرتووە[٧] . بڕوای وابوو ئاینیی ئیسلام دەبێت لە تێڕوانینی سیاسیی و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا گۆڕانی بەسەردا بێت، دەکرێت زۆر شت لە ڕابردوودا زەمینە هەبوو بێت بۆ ئەنجامدانی، بەڵام ئێستا نییە، نابێت ئێمە وەکو ڕابردوو ڕەفتار بکەین.

ئەو لەو مەلایانە بوو، کە ئەوەندە بوێر بوو بڵێت دەبێت تێڕوانینمان بۆ ئیسلام بگۆڕێت و نوێ بکرێتەوە، نابێت ڕابردوو لەئێستادا وەک خۆی کۆپی بکرێتەوە، وتوویەتی ئایین لەهەر سەردەمێکدا کە هاتووە بۆ ئەوە بووە مرۆڤ ڕێنوێنی بکات. وەک شێخێک خاوەنی مورید نەبووەو دژی شێخایەتیی و خورافات بووە[٨] . ناوبراو ئەو زانستە ئیسلامیی و عەرەبییە کۆنانەی لەگەڵ بیروباوەڕی نوێ و پێشکەوتووخوازدا تێکەڵکرد، پێیوابوو ناکرێت مرۆڤ ئایین بکاتە ئامرازێک بۆ دەستبەسەرداگرتنی ژیانی خەڵک و دیاریکردنی چارەنوسی تاکەکان بەناوی خوداوە! بەڵکو بڕوای وابوو هەبوونی هێزی عەقڵ و مەعریفەت دەتوانێت خۆی بەڕێوەببات و کەس بۆی نیە بەناوی خوداوە حوکم بکات و ڕەوتی ژیانی مرۆڤ دیاریبکات. لەڕاستییدا ئەم خوێندنەوەیە لەوکاتەدا بۆ کەسایەتییەکی وەک ناوبراو پڕ بایەخبووە، چونکە لەلایەن مەلاکانی دیکەوە دژایەتی دەکرا. شێخ عیزەدین دەڵێت: "ئایین مەسەلەیەکی ڕۆحییە، ئێمە لایەنگری پرۆسەی پەرەسەندنین، هەموو مرۆڤێک بە کۆمەڵێک قۆناغدا تێدەپەڕێت تادەگاتە ئامانج، وەک منداڵێک کە لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات و پاشان ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆ تێدەپەڕێنێت و دوای ئەوە سەربەخۆ دەبێت و پێداویستییەکانی خۆی دابیندەکات، مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو وابووە، تەنانەت ئەو کاتەش، کە هیچ پەیامبەرێک نەبووە، پاش ئەوەی مرۆڤ گەشەیکردووە، ئینجا پەیامبەران و چاکسازان هاتوون[٩]" .

شێخ عیزەدین ئەو زۆرجار لەسەر بیروبۆچوونەکانی تەکفیر کراوە، چونکە وتنی ئەو قسانە ئازایەتی دەویست، بەڵام لەلایەن هەندێک لە هاوپیشەکانی ئەوە دەرچوون بوو لە ئایینی ئیسلام. زۆر بەڕاشکاوانە وتویەتی: "من بەهیچ

شێوەیەک بڕوام بە حکومەتی ئاینیی و مەزهەبیی نییە، نە لە ئێران نە لە هیچ جێگەیەکی دیکەی جیهان، حکومەتی ئاینیی ئەگەر سەردەمانێک بەکەڵک هاتبێت و ڕۆڵی هەبوو بێت، بەڵام لەدنیای ئێستادا ناتوانێت قازانجی هەبێت". شێخ عیزەدین هەر زوو دەرکی بەو ڕاستییە کردووە کە دەوڵەتی مەزهەبیی لەسەر یەک ڕێباز و یەک ڕەنگ، دەوڵەت دووچاری داخرانی سیاسیی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی دەکاتەوە.

**بۆچوونەکانی شێخ عزەدین حوسێنی سەبارەت بە ئایین، لە تێگەیشتنێکی تاک ڕەهەندی تێدەپەڕێت. ئەو ئایین بەتەنیا وەک بوارێکی پەرستنی تاکەکەسی وێنا ناکات**

دوابەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری خومەینی، تێزی (ویلایەتی فەقیهـ) وەك سیستەمێکی ئیسلامیی سیاسیی لەسەر بنەمای شیعەگەرایی کەوتە بەرباس. شێخ عیزەینی حوسەینی یەکێك بوو لەو کەسایەتییە دیارانەی کە پێیوابوو بەردی بناغەی ویلایەتی فەقیهـ لەسەر دیکتاتۆریی دامەزراوە، کۆماری ئیسلامیی ناتوانێت ئازادیی و دیموکراسی بۆ خەڵک دەستەبەر بکاتو مافی نەتەوەکان بەفەرمی بناسێنێت، بۆچوونی وابوو مەسەلە تەنیا ویلایەتی فەقیهـ نییە، بەڵکو دەبێت ئایین و حکومەت بە تەواوی لێکجیابن، ئەگەر نا ئایین دەبێتە بووکەڵەی دەستی دەسەڵاتداران و پیرۆزی خۆی لەدەست دەدات. بەواتایەکی دیکە، ناوبراو زۆر هۆشیارانە و ئازایانە وەستا لە دژی ئەوەی کە پیاوانی ڕۆحانی بەشداربن لە حوکمی سیاسیی و ئیداری[١٠].

شێخ عیزەدین بڕوای وابوو ئایین بەپێی قۆناغە جیاوازەکان ئەرک و ڕۆڵی دەگۆڕێت لەم بارەیەوە دەڵێت: "کاتێک ئادەمیزاد لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو تەنیا ئایین توانیویەتی کۆمەڵ ڕێکبخات و بەڕێوەیبەرێت، بەڵام لە ئێستادا ئایین جێگەی خۆی داوە بە زانست و زانیاریی سەردەم لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، دەبێت خەڵک کۆمەڵگەی خۆی بەڕێوەبەرێت و ڕێسا و یاسایی بۆ دابنێت، مافی هەڵبژاردنی سەرۆکی خۆی هەبێت، مەزهەب و ئایین ڕۆڵی نەبێت. ئایین دەبێت ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت، کە زانست ناتوانێت ئەو ڕۆڵەی هەبێت[١١] ". ئەو باوەڕی بە شەڕی ئاینزای (شیعە و سوننە) نەبوو، لە وتارێکدا لە زانکۆی (سەنعەتی شەریف) لە تاران بە ئامادەبوونی دەیان هەزار کەس وتی: "ئەو مەزهەبەی خەڵکی رووبەڕووی یەکتر کردۆتەوە ئاینیی خودا نییە، سانسۆر نموونەیەکە لە گەڕانەوەی کۆنەپەرستیی، لەهەر بەرگێکدا بێت ئێمە مەحکومی دەکەین. من داوا دەکەم

دەست لەنێو دەستی یەکتر ڕێگە نەدەین لەسەر بنەمای جیاوازی مەزهەبی بدرێن بەگژ یەکتردا، چونکە ئایین دەبێت بۆ ئاسوودەیی خەڵک بێت و لە خزمەتی خەڵکدا بێت و هەر جۆرە دەمارگیرییەکی ئایینی مەحکوم دەکەم[١٢] ".

**لەنێوان (دین و سیاسەت)دا**

بەهۆی ڕۆڵی بەرفراوانو گەورەی لە ڕووداوەکانی دەیەی هەشتاکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شێخ عیزەدینی حوسەینی، زیاتر وەك کەسایەتیەکی سیاسی دەناسرێ تاوەکو ئاینیی، لە بواری سیاسەتیشدا لە زۆر کەسی دی قوڵتر بیری دەکردەوە. خاوەن بیروبۆچوونێکی ڕۆشنبیرانە و کوردانە بوو، هەوڵیدا لە دید و بۆچوونیدا دەق و تێڕوانینە ئیسلامییەکان لەڕووی چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە لێك نزیکبکاتەوە، جەختی کردۆتەوە لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد، ناوبراو لەم بارەیەوە دەڵێت: "من هیچ جیاوازییەك نابینم لەنێوان ئابووریی سۆسیالیزم لەگەڵ ئابووریی ئیسلام، بۆیە قوتابخانەی ئابووریی سۆسیالیزمم قبوڵە، نەك قوتابخانە فەلسەفیەکەی، چونکە سۆسیالیزم لە هەندێك لایەنەوە لەگەڵ ئیسلام دا هاوڕایە، وەك نەبوونی چینایەتی توند و یەکسانی دەرفەتی ئابووریی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، نەمانی جیاوازی...هتد[١٣] ".

جگە لە بۆچوون و دیدە فکریی و ئاینییەکانی، ئەگەر ئاماژەیەك بە ژیانی سیاسی شێخ عیزەدینی حوسەینی بکەین، دەتوانین بڵێین: هەر لە دەورانی فەقێیەتیدا و لەساڵی ١٩٤٤ بەناوی نهێنی (هەوێن) پەیوەندی کردووە بەڕیزەکانی ڕێکخستنی (ژ.ك)ەوە. پاشان لە دەورانی فەرمانڕەوایی (د. موحەممەد موسەدیق) دا لایەنگری حکومەتەکەی ناوبراو و ڕیفۆرمە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی بووە، تەنانەت چاکسازییە لیبراڵییەکانی موسەدیق لەنێوان ساڵانی (١٩٥١_١٩٥٣) کەشوهەوایەکی لەباری بۆ هێز و چینە چەوساوەکان ڕەخساند، کە داوای ماف و ئازادی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن، کە پێشتر لێیان زەوتکرا بوو. کاتێك شێخ عیزەدینی حوسەینی لە گوندەکانی کانیە ڕەش، گۆڵێ و قارەوای موکریان مەلا بوو، بزووتنەوەی جوتیاران لەو ناوچەیەدا زۆر بەهێزبووەو ناوبراو پشتیوانی لە جوتیاران کردووە، بۆیە کەوتۆتە بەر هێرشی ئاغاو خاوەن موڵکەکانی ناوچەکەو بەو هۆیەشەوە ناچارکراوە ئەو ناوچانە بەجێبهێڵێت.

لەلایەکی دیکەوە، شێخ عیزەدینی حوسەینی چەند جارێك کەوتۆتە بەر هەڕەشەی دەزگای هەواڵگری ساواك، لەساڵی ١٩٦٨ لە شالاوە بەربڵاوەکەی ئەو دەزگایەدا بۆ سەر ئازادیخوازانی کورد گیراوە و پاش ماوەیەك ڕاگرتنی لە سەربازخانەی (جلدیان) ئازاد کراوە.

ئـەو یـەکـێـك بـوو لـەو مـەلایـانـەی لە کاتی وتـاری هـەینیدا ئـەگـەرچی لـەلایـەن دەسـەڵاتـدارانی ڕژێمی شاهەنشاهییەوە هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام هەرگیز بەزمانی کـوردیـی دۆعـای بـۆ شـا نـەدەکـرد[١٤]، زۆرکەم تێکەڵاوی دەوڵەت بوو، تەنانەت کاتێك بانگهێشت دەکـرا بـۆ مەراسیم و بۆنـەکان تـا ئـەو جێگەی بـۆی بکرایە نەدەچوو، لەبری خۆی مەلایەکی دەنارد. لەکاتی شـۆڕشی گـەلانی ئێرانیشـدا وەك ڕێـبـەری سـەرجـەم گـەلی کـورد لـە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕۆڵی بـەرچـاوی گێڕا. بـەتێڕوانـینی ئـەو کوردایـەتی بریتییە لە خـەبـات بـۆ ڕزگـاری میـللـەتی کـورد لە هەموو چەوساندنەوەیەك، لەسەرەتاوە چـەوسـانـدنـەوەی نـەتـەوەیـی پـاشـان چەوساندنەوەی چینایەتی و فەرهەنگی و ئــەدەبی و...هـتــد. ئـەو پێـیـوابـوو کـورد وەك میـللـەتێك هـەمـوو جـۆرە چەوسـانـدنـەوەیـەکی لـەسـەرە، ئـامـانجی ئـەوەیـە وەك نـەتـەوەیـەکی سـەربـەخـۆ بناسرێت، نەك بەناوی تـورك و فـارس و عـەرەب یـان هـەر مـەزهـەب و ئاینێکەوە مـافی نـەتـەوەبـوونی لێ بسـەنـدرێـتـەوە، هەرشتێك دژی جوڵانەوەی ڕزگاری کورد بێت ڕێگربێت لە بەدەستهێنانی مافەکانی گـەلی کورد ڕووبـەڕووی دەبیـنـەوە، با لە چوارچێوەی مـەزهـەبیشـدا بێـت، خـودا ئێـمـەی وەك خـەڵـك دروسـتـکـردووە، چـۆن ئـایـنی خـودا ڕێگە دەدات ئـەوان سـەربـەخـۆبـن، بــەڵام بـەکـورد ڕێگە نادات[١٥]!

شـێـخ عیزەدیــن تێڕوانـیـنێکی گـشـتگیری هـەبـوو بۆ نـەتـەوەی کـورد! لـەم بـارەیـەوە دەڵـێـت: "کاتێك قـسـەمـان لـە نـەتـەوەی کورد کرد، قسە لە هەموو کوردستان و میللەتی کورد دەکەین، ئەو کات میللەتی کـورد وەك میـللـەتی مـوسـوڵـمـان سـەیـر ناکەین، وەك میللەتێك سەیری دەکەین موسڵمانە، شیعەیە، سوننەیە، ئەهلی هەقە، ئێزدییە، کاکەییە، لائیکە...هتد، نـەتـەوەیـەکە هـەمـوو بیروبـاوەڕەکـان لە خـۆدەگـرێـت، ئـێمە بـاسی مـوسـڵمـان و ناموسڵمان ناکەین، دەڵێن کێ کوردە؟ کـێ خـەبـات و تـێکـۆشـان دەکـات بـۆ ڕزگـاری کـورد؟ ئـەوکاتـە هـەر کەسێك لـەو ڕیـزەدا بێـت، هـەر ئـایینو بـاوەڕێكو بیروبۆچوونێکی هەیە قبوڵی دەکەین".

**شێخ عیزەدینی حوسەینی خاوەن مێژوویەکی سیاسیی بەرجەستەیە، ئەو لەلایەک مەلا بوو، لەلایەکی دیکەوە کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراوو لایەنگری بزووتنەوەیەکی چەپ بوو لە کوردستان**

پێشی وابـوو پێویسـتـە کـورد لـەسـەر پێی خـۆی ڕاوەستێ، دەبێـت مـافی خـۆی بـــەدەستی خـۆی بـەدەستـهـێـنـێـت، بـۆ ئـەم مەبەستـەش لـەلایـەن هـەرکـەسو

لایەنێکەوە یارمەتیدرا قبوڵی بکات، نەك بەو مانایەی بەستراوە بێ بە لایەنێکەوە یاخود ببێتە نۆکەرو ژێردەستە، هەروەها زۆر هەوڵی بۆ یەکگرتووی کورد داوە.

یوسف ئەردەڵان سەبارەت بە کەسایەتی شێخ عیزەدین دەڵێت: "هەرگیز خواستی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی نەبووە، وتویەتی ئەگەر مەزهەب دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوکات شەریعەت جێگەی یاسا دەگرێتەوە". بە بیروباوەڕی ئازادیخوازانەو مرۆڤدۆستانەوە، وەك کەسایەتییەکی سیاسی لە مافی ڕەواو بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بەرگری کردووەو لەو ڕێگەیەدا تێکۆشاوە.

ئەو زۆری پێ خۆشبوو پەیوەندی هەبێت لەگەڵ هەرکەسێکدا، کە بۆ ڕزگاری میللەتی کورد خەبات دەکات، لە مەهاباد و دەوروبەری، یان لە هەربەشێکی دیکەی کوردستان بێت. بەبۆچوونی ئەو چۆن گەلی کورد لە ئێراندا دەبێت مافەکانی خۆی بەدەستبهێنێت، نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش هەمان مافیان هەیە. ئەحمەد ئەسکەندەری سەبارەت بە کەسایەتی شێخ عیزەدین دەڵێت: "ئەو وەك بیرمەندێك باسی مرۆڤ، ژیان، خودا، بەهەشت، کائینات‌و مافخوازی کردووە؛ کە قسەی دەکرد بەڵگەی دەهێنایەوە و بیری لەوە نەدەکردەوە ئایا ئەم دەربڕینە لەباری سیاسییەوە قازانجی لێدەکات یان نا، بیری لەوە دەکردەوە ئەوەی کە دەیڵێت چەندە لەڕاستییەوە نزیکە، تا چەند خزمەت بەخەڵك‌و ئامانجەکەی دەکات".

هەروەها شێخ عیزەدین دەیوت: "نابێت لە خەباتکردن ماندوو بین، ڕەنگە هەندێك دانیشن و دەستهەڵگرن، بەڵام کۆمەڵێکی تر دەستپێدەکەن، مەرج ئەوەیە شێوەی خەباتی خۆمان بگۆڕین و زیاتر بایەخ بە لایەنی سیاسی بدەین".

## ڕۆشنبیری و چاکسازیی کۆمەڵایەتی

شێخ عیزەدین، کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێنەر بوو، ئاگاداری ڕەوتی ڕووداوەکان بوو، هەم لە بواری ئایین و هەم لە دونیای سیاسەت‌و زانستی کۆمەڵایەتیدا. زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی زۆربە باشی زانیوە، جگە لە خوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکان زۆر حەزی بە خوێندنەوەی کتێبی (مێژوویی، فەلسەفی، کۆمەڵناسی، ئەدەبی، سیاسی) هەبووە[١٦]. ئەو پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکاندا هەبوو، ماڵ و حوجرەکەی ببووە شوێنی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد؛ لە شارەکانی دیکەوە هاتوونەتە ماڵی ناوبراو، سەبارەت بە هەموو مەسەلەیەکی مەزهەبی کەسانی سیکۆلار و نامەزهەبی مافی ئەوەیان هەبوو بە ڕاشکاوی قسە بکەن و بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن، جگە لەوەش هەڵاتوانی سیاسی دەبردە حوجرەی خۆی‌و وەك فەقێ وەریدەگرتن و وانەی پێدەگوتنەوە، بەمشێوەیە هەم لە چاوی دەوڵەت

دەیشاردنەوە هەم فێری خوێندنەوە دەبوونو تێڕوانینیان فراوان دەبوو.

ناوبراو لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ گۆڤاری بەربانگ دەڵێت: "کاتێك بووم بە مەلا زیاتر دەستم کرد بەخوێندنەوەی هەموو جۆرە کتێبێك، بەتایبەت کتێبەکانی (جەمالەدینی ئەفغانیی و شێخ موحەممەد عەبدە) و نووسەرەکانی دیکەی ئەو شێوە فیکرەی ئەو کاتە، ئەوانە زۆر کاریان تێدەکردم، لەکاتی وانەوتنەوەدا ئەو بیروڕا باشانەم ڕادەگەیاند، جگە لەوانە کتێبی دیکەشم دەخوێندەوە وەك کتێبە سیاسییەکان و کتێبە ئەدەبییەکان، هەموو کاریگەریی خۆیان هەبوو، دواتر وام لێهات بەهۆی خوێندنەوەی کتێبی نــوێترەوە، بگەمە ئەو بڕوایەی کە کتێبەکانی جەمالەدین و موحەممەد عەبدە لە سەردەمێکی دیاریکراوو پێشوودا نووسراوە، ئێستا گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژیان و کۆمەڵگەدا هاتووە و پێویستە بۆچوونی نوێیان بخرێتە سەر". یەکێك لەو کتێبانەی بەخوێندکارەکانی دەوتەوە کتێبی (رسالە التوحید)ی (موحەممەد عەبدە) بوو. ئەو فێرخوازانەی لای شێخ عیزەدین خوێندبوویان چ لە مەهاباد یان لە شارەکانی دیکە، خاوەنی بیری تایبەتی خۆیان بوون، لە فەقێی شوێنەکانی دیکە جیاواز بوون[١٧].

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەیەن کە شێخ عیزەدینی حوسێنی هاوڕێ و ئاشناکانی خۆی لەنێو ڕۆشنبیران و سیاسییەکان هەڵبژاردووە، بۆیە خەڵکانی سۆفی و ئیسلامیی سوننەتیی لە دژی بوون، کەسێکی بیرتەسك نەبوو، بەڵکو ئەو دیدو هۆشیاریەکی فراوانی هەبوو، خاوەن بیروبۆچوونی خۆی بوو[١٨].

ناوبراو دژ بە خوێندنو خوێندەواری نەبوو، بەڵکو یەکێك بوو لە خەباتکارانی ئەم ڕێگایە، بۆیە کاتێك بەرپرسی ئەنجومەنی شورای شاری مەهاباد بوو لە بەیاننامەیەکدا خەڵکی مەهابادی بانگهێشتکرد بۆ دامەزراندنی زانکۆی کوردستان، بەمەبەستی وەڵامدانەوەی پێداویستییە پزیشکیی و کشتوکاڵیی و پیشە ئابورییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە دەوڵەت کردبوو بودجەی پێویست تەرخان بکات.

**شێخ عیزەدین هەرزوو دەرکی بەو ڕاستییە کردووە کە دەوڵەتی مەزهەبیی لەسەر یەک ڕێبازو یەک ڕەنگ، دەوڵەت دووچاری داخرانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی دەکاتەوە**

شێخ عیزەدینی حوسەینی، لەبواری کۆمەڵایەتیشدا، وەك سەرجەم بوارەکانی دیکە جیاواز لە زۆربەی مامۆستایانی تری ئاینیی لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەبووە. مرۆڤێکی ئازادیخواز بوو

لایەنگری دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و دژی چەوساندنەوە بوو، داوای یەکسانی نێوان چینەکانی کردووە؛ لەگەڵ ئەوەدا نەبوو مرۆڤەکان ببنە دوو چین، چینێك ئاغا و خۆشگوزەران و سەردەست بێت، چینەکەی دیکەش هەژارو ژێردەستە بێت، بەڵکو پێیوابوو پێویستە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا یەکسان بن و خاوەنی مافەکانی خۆیان بن، هەر لە چینی جوتیار و کرێکار و خوێندەوار تا دەگاتە چینەکانی دیکە، پێویستە هەموو کەسێك بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتو بەپێی توانای خۆی پلەوپایەی پێ بدرێت، نەك جیاوازیی لە نێوانیاندا بکرێت. هەمیشە پشتگیری لە چینی جوتیاران کردووە، لەسەر ئەم هەڵوێستەی ڕووبەڕووی گرفتو نەهامەتی بۆتەوە[١٩]. ناوبراو وێڕای پشتگیریکردنی لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، بەردەوام هانی داون بۆ بڕوابەخۆبوون و بەرزکردنەوەی پلەوپایەیان، بەشێوەیەك وتوویەتی: "خەڵکینە جگە لە پێغەمبەر داودو سلێمان...هتد، زۆرێك لە پێغەمبەران لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە بوون چینی کارگەرو زەحمەتکێش بوون، دەبێت ئاگاتان لێ بێت چینی بژاردە ئێوەن، هەموو پیاوە گەورەکان لەنێو ئێوەدا دەرکەوتوون".

یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی شێخ عیزەدین قسەی لە بارەوە کردووە، یەکسانی ڕەگەزیی و نەبوونی جیاوازیی و جیاکاریی نێوان ژن و پیاوە. لە گۆشەنیگای ئەودا هیچ جیاوازییەك لەنێوان ژن و پیاودا نیە، لەڕووی مافەوە هەردووکیان یەکسانن، ژنێك دەبێت وەك پیاوێك ئەو مافەی هەبێت قۆناغەکانی گەشەسەندن ببڕێت، مافی ئەوەی هەبێت چارەنووسی خۆی دیاری بکات. تەنانەت بڕوای وابوو ژن مافی ئەوەی هەیە ببێتە سەرۆك کۆمار، ناوبراو دژی هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتیی وەك (ژن بە ژن، کچ بە زۆر بەشوودان، فرەژنی، گەورەو بچوك، مارەبەجاش...هتد) زۆر دیاردەی دیکە وەستایەوە، هەرگیز کچی لە تەمەنی منداڵی مارە نەدەکرد. پێی وابوو ژن بەشێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگەیە، بەو ئەندازەی کە نیوەی کۆمەڵگەیە دەبێت بەو ئەندازە لەنێو کۆمەڵگە لە هەموو شتێکی کەڵك وەربگرێت.

**شێخ عیزەینی حوسەینی یەکێك بوو لەو کەسایەتییە دیارانەی کە پێیوابوو بەردی بناغەی ویلایەتی فەقیه لەسەر دیکتاتۆریی دامەزراوە**

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین: شێخ عیزەدین مەلا بوو، بەڵام خاوەن فیکر و بیروبۆچوونێکی کراوە بوو، جیاوازتر لە هاوپیشەکانی خۆی بیری کردۆتەوە

و لێکدانەوەی مرۆڤدۆستانە و وردی هەبووە بۆ شتەکان و دژی چەقبەستوییو کۆنەپەرستییو خۆبەستنەوە بە خورافات بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بەتەواویی جەختیکردۆتەوە لە بابەتە نەتەوەییەکان، چونکە بۆخۆی نموونەی مامۆستای ئاینییو میللیو پێشکەوتن بوو، کە خەباتی نەتەوەییو خەباتی ئاینیی پێکەوە گرێدابوو، بگرە لە زۆر بابەتیشدا لایەنە نەتەوەییەکەی زاڵکردووە بەسەر لایەنە ئاینییەکەدا.

---

١. ژیاننامەی شێخ عیزەدینی حوسەینی: بەرنامەی بیوگرافیا، ئەرشیفی ڤیدۆیی کەناڵی ئاسمانی knn، (٢٠١٢/٢/٨)؛ عوسمان سەنگەسەری: بەشێك لە ژیانی سەرکردە نەمرەکانی کوردستان، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤٧؛ حەسەن بارام: ئینسکلۆپیدیای پارت و بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە جیهاندا، چ١، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٣١٣.

٢. دارا ڕەشید: شێخ عیزەدین دروشمی ئۆتۆنۆمی کۆن بووەو باوی نەماوە، بەربانگ، ژ٦٢ی ساڵی نۆیەم، سوید، ل٦١.

٣. کورتەیەك لە ژیاننامەی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی بە پێنوسی مامۆستا سەید جەلالی حوسەینی، تێکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ژمارەی تایبەت، ١٣٨٩، ل٣.

٤. کۆچی دوایی جەنابی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی، گۆڤاری k٢١ ، ژ١٠، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٥٤؛ مەنسور بلووری: بەیادی سێهەمین ساڵیادی کۆچی مامۆستای پایەبەرزو ڕێبەری دڵاو ڕوناكو زانای گەورەی ئاینییو خەباتکاری مافی کورد http://helwist.com/Mamosta/١٦٪٢٠٪٢٠٢٪٢٠٪٢٠٪٢٠ ١٤٪٢٠٪M.Blori.htm٢٠ .

٥. کاوە ئەمین: چاوپێکەوتن لەگەڵا شێخ عیزەدینی حوسەینی، https://www.facebook.com/photo.php?fbid=١٠ ١٠٠٠٠٠٠.set=t&١٢٠٤٧٧٥٨٨٠٨٧٣٦ theater&__&١=type&١٠٥٦٤٩٩٦٤ mref=message

٦. یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران (١٩٣٩-١٩٧٩) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦٠٧.

٧. شێخ عیزەدینی حوسەینی: مەسەلەی میللی، https://www.youtube.com/watch?v=HxckVxDI

٨. دیدگاهای فقهی ماموستا شیخ عزالدین، https://www.youtube.com/watch?v=OopcQxjtWsI

٩. شێخ عیزەدینی حوسەینی: باوەڕم بەجودای دین لە دەوڵەت هەیە تەواو دڵنیام ئیمڕۆ دین ناتوانێت حکومەت بەڕێوەبەرێت، چاودێر(ڕۆژنامە)، ژ٢٩٣،

دووشەمە ٢٠١١/١١/١٠.

١٠ . مامۆستاو بیروبۆچوونەکانی بۆ کۆنفرانسێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێران،بەرلین_ ئەڵمانیا، پاییزی ٢٠٠٥.

١١ . عینایەت فانی: (بە عبارت دیگر) گفتگو با شیخ عزالدین حسینی روحانی و فعال سیاسی سابق کرد، تەلەفزیون B.B.C))، ١٦ خرمانان ١٣٨٩، ٧ئەیلولی ٢٠١٠. https://www.youtube.com/watch?v=_o١vu٣jhe٥U

١٢ . عزیز ماملی: شیخ عزالدین در سیاست خردمند و در مژهب فرهیخته بود،

١٣ . اگلاعات، شماره١٥٩١٠، یکشنبه، ٣١ تیرماه ١٣٥٨.

١٤ . سەروەت عەبدوڵڵا: کاك ئەحمەدی موفتی زادە دەروازەیەك بۆ خەباتێکی نەناسراو، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٦١.

١٥ . شێخ عیزەدینی حوسەینی: مەسەلەی میللی، https://www.youtube.com/watch?v=HxckVxDI٧o٤

١٦ . مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینی لە دیمانەیەکی تایبەتدا، k٢١، ژ(٢،٣)، هەولێر، ٢٠٠٨ ، ل١٧١؛

١٧ . سیروان کاوسی: کوردستان لەسەردەمی ڕژێمی حەممە ڕەزا شای پەهلەویدا_ بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٣٢ ساڵا بە سەر ڕووخانی ڕژێمی حەممە ڕەزا شا لە ئێران، ب ش، ب س، ل٢٠.

١٨ . سەلاحی موهتەدی: لە ساڵیادی مەرگی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی،.https://www.google.٪as/?gws_rd=ssl#tbm=vid&q=٪D٨٪DB٪B٩٪AE+٪D٨٪٨E٪D٨٪DB٪B٤٨٪AF٪DB٪D٨٪٩٥٪DB٪B٢٪٨C٪D٨٨٪DB٪B٣٪AD٪D٨٪D٨٪+٨٦٪C٪D٩٨C٪DB٪٨٦٪E٪D٩

١٩. کورتەیەك لە ژیانی مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی: دوارۆژ (ڕۆژنامە)، ژ٤٧، ساڵی چوارەم ٢٠١١/٢/١٥.

# ئایین و ئایینزاکانی کوردستان

ئایینناسی

# کاروانی ئایینی مەسیحی لە کوردستاندا

## سەرهەڵدان، گەشەکردن، کارلێککردن لەگەڵ ئیسلام

د. یاسین تەها

**دەسپێك:**

کوردستانی مێژوویی خاوەنی سروشتێکی فرەچەشنی، فرەئایینی و فرەکولتووری بووە، لەنێو ئەم چەشنانەشدا ئایینی مەسیحییەت شوێنێکی دیاری هەبووە. ئەم ئایینە ئیبراهیمییە هەر لە سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژهەڵات، ڕێگەی خۆی بەرەو کوردستان دۆزیوەتەوە. لەو ناوچانەی کورد تێیدا ژیاون و چالاک بوون، چەندین کڵێسا و دێری مەسیحی دروستکراون و کەسایەتییە ئایینییە ناودارەکانیش ڕۆڵیان لە پەرەپێدانی ئایینەکەدا بینیوە.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچە کوردییەکان، مەسیحییەت چووە قۆناغێکی نوێوە کە بریتیبوو لە پێکەوەژیان و خۆگونجاندن. ئەم قۆناغەش هەڵکشان و داکشانی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە. ئەم بابەتەی بەردەست چەند تیشک خستنەسەرێکە لەسەر مێژووی مەسیحییەت لە کوردستان و تێکچڕژانی جۆراوجۆری ئایین و کولتوور و سیاسەت لە سەدەی یەکەمی زایینییەوە تا سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی لە پانتایی کوردیدا.

**ئایینی مەسیحی:**

یەکێك لە سێ ئایینە ئاسمانییە گەورەکەی دنیایە، لەسەر باوەڕبوون بە خودای تاك و تەنیا وەك هێنەرەبووی گەردوون و باوەڕبوون بەوەی یەسوع (مەسیح) بە وشە و فرمانی خود پەیدابووە، لە ڕێگای مردن و هەستانەوەشی جارێکی دی (القیامة) بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە خراپە نێردراوە. ژینگەی یەکەم و بنەڕەتی سەرهەڵدانی مەسیحییەت لە سەدەی یەکەمی زایینیدا فەلەستین و کۆمەڵگا جووەکانە، پاشان

لە سنووری قەڵەمڕەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بڵاوبووەتەوە، بەرە بەرەش بووەتە ئایینێکی جیهانی (McGrath، ٢٠١٥، pp. ١–٧)..

لاهوتی مەسیحی لەسەر سێ بنەما بنەڕەتە: الله (باوك)، کوڕ، روح القدس، ئەمەش پێیدەگوترێت عەقیدەی "ثالوث" (لە ئیسلامدا ئەمە وەك کوفر تەماشا دەکرێت). دەقی بنەڕەتیی ئایینەکەش کتێبی پیرۆزە؛ "العهد القديم" کە هاوبەشە لەگەڵ جوو، "العهد الجديد" کە نوسخەکانی ئینجیل و پەیامی نێردراوە بەراییەکانی مەسیحی لەخۆدەگرێت. بەهاکانی مەسیحییەت لەسەر چەند بنەمایەك بنەڕەتن: خۆشەویستی، لێبوردەیی، دادگەری، بەزەیی، ئەمەش لە ئامۆژگارییەکانی ئینجیلی مەتادا جەختی لێکراوەتەوە (Hastings، ٢٠٠٠، pp. ١٢٠–١٢٥)..

بەتێپەڕبوونی کات مەسیحییەکان بەسەر چەند جەمسەرێکدا دابەشبوون لەوانەش:

١- کڵێسای کاسۆلیکی، سەنتەرەکەی لە ڕۆمایە و بنکەی دەسەڵاتی پاپایە.

٢_ کلێسای ئەرسۆدۆکسی ڕۆژهەڵاتی کە پارێزگاری لە سرووتە نەریتییە دێرینەکان دەکات.

٣_ کڵێسای پرۆتستانتی کە لەسەردەی ١٦ لەگەڵ بزووتنەوەی چاکسازی ئایینیدا سەریهەڵداوە و جەخت لە دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز و ئازادی ئاینی دەکاتەوە (Fahlbusch، ٢٠٠٨، pp. ٢١٠–٢٢٠).

**سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی لە کوردستاندا:**

ئایینی مەسیحی موژدەدەر و بانگخوازییە (تەبشیر)، لە ئینجیلدا جەخت لەسەر پەیڕەوانی کراوەتەوە کە سەرجەم نەتەوەکان فێر بکەن. هەروەها مەسیح هاوەڵانی ڕاسپاردووە کە ڕێنمایی هەموو خەڵک بکەن (ئینجیلی مەتتا ٢٨:١٩؛ ئینجیلی لۆقا ٩: ١-١). لەسەر ئەم بنەمایەش، ئەم ئایینە بە ڕێژەی جۆراوجۆر لە سەرانسەری دنیادا بڵاوبووەتەوە.

سەبارەت بە کوردستان، مێژووی ئایینی مەسیحی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زایینی و پەیوەستە بە کارنامەی "مار ئەدی" کە یەکێک بووە لە هاوەڵ و قوتابییەکانی مەسیح (د.خ). باوەڕ وایە "مارئەدی" بە ڕاسپاردنی یەکێک لە نزیکترینەکانی مەسیح (تۆما)، لە دەوروبەری ساڵی ٢٩ی زایینیدا هاتبێتە شاری ڕوها لە هەرێمی جزیرە و پاشان بەرەو حەدیاب (ئەدیابین)، لەوێشەوە بەرەو کەرکووکی ئێستا (بێت گەرما) و سلێمانی چووە (عطو، ٢٠١١: ١٢٥؛ أبونا، ١٩٨٥: ١٥؛ أدي شير، ١٩١٢: ٢،٦). ناوبراو (مار ئەدای) کە یەکێک بووە لە حەفتا قوتابییە یەکەمینەکەی مەسیح، لە کاری موژدەدەریدا گەیشتووەتە نسێبین، ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر (حەدیاب: ئەدیابین)، کەرکووکی ئێستا

(بیت کرماي)، و شوێنکەوتووانیشی گەیشتوونەتە شارەزوور (أدي شير، ١٩١٢: ٢؛ سليمان، ١٨٩٩: ١-١؛ دائرة المعارف الإسلامية، د.ت: ١٣: ٤٢٠).

لە نێو ئەوانەشدا کە لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا بانگەشەیان بۆ مەسیحییەت کردووە، ناوی کەسێک هەیە بە ناوی "فقیذا، بقیذا" کە لە حەدیاب (ئەدیابین) بووەتە ئەسقۆف (أدي شير، ١٩١٣: ٢/ ٢-٥). ئەمەش بە واتای خۆماڵیبوونی ئایینەکە دێت لەم ناوچە کوردنشینانەدا. باوەڕشوایە هەر لە حەدیابەوە (هەولێری ئێستا)، مەسیحییەت لە ناوچەکانی دیکە تەشەنەی کردبێت (الخیون، ٢٠٠٥: ١٤٧)، بەجۆرێک کە لە سەدەی دووەمی زایینیدا مەسیحییەت لە ناوچەکەدا بوویێتە خاوەن پێگە و کڵێسا و دامەزراوەی بانگخوازی و کەسایەتی ناودار (بڕوانە: بابو اسحق، ١٩٤٨: ٧-٨). هەر لە هەولێرەوە بانگخوازە مەسیحییەکان بەرەو بەهدینانی ئێستا چوون (ابونا، ١٩٨٥: ١٩/١).

ئاینی مەسیحی موژدەدەر و بانگخوازییە (تەبشیر)، لە ئینجلیدا جەخت لە پەیڕەوانی کراوەتەوە، سەرجەم نەتەوەکان فێر بکەن، هەروەها مەسیح هاوەڵانی ڕاسپاردووە ڕێنمایی هەموو خەڵك بکەن (ئینجیلی متى ١٩:٢٨؛ ئینجیلی لۆقا: ٩: ١_١)، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم ئایینە لە سەرانسەری دنیادا بە ڕێژەی جۆراوجۆر بڵاوبووەتەوە.

## پێکهاتە و ڕیشەی مەسیحییەکانی کوردستان:

مەسیحییەکانی کوردستان لە ڕووی ئایینی و نەتەوەییشەوە فرەچەشنن، بەڵام ئەوانەیان لە دێرزەمانەوە لە کوردستاندا ژیاون زیاتر بە "نەستۆری" دەناسرێن (نیسکو، ٢٠٢٠: ١٦؛ بابو إسحاق، ١٩٤٨: ١٦٩٩). نەستۆری ڕێباوەڕێکی مەسیحییە کە بە کەسایەتی ئایینی نەستۆرەوە پەیوەستە (مردووە: ٤٥١ز) کە پاتریارکی قوستەنتینییە بووە لە سەدەی پێنجەمی زایینی. بیروباوەڕی ئەم ڕێچکەیە جیاکاری لەنێوان دوو جۆرە سروشتی مەسیحدا دەکات کە یەکەمیان خودایی و دووەمیان مرۆییە، بە ڕەوا نازانن بە "مەریەمی پاکیزە" بگوترێت "دایکی خواوەند" بەو پێیەی دایکی سروشتە مرۆییەکەی مەسیحە، لەسەر ئەمەش لە ساڵی ٤٣١ز لەلایەن مەجمەعی مەسکوونی مەسیحییەوە سەرکۆنەکراون، ئەمەش کەرتبوونی کڵێسای بەدواداهات، لایەنگرانی نەستۆر زیاتر ڕوویانکردە سنووری ئیمپراتۆریەتی ساسانی فارسی و بوونە ناوکی ئەوە تەرزە مەسیحییەی دواتر بە "کڵێسای ڕۆژهەڵاتی" ناسرا (Baum & Winkler، ٢٠٠٣، pp. ١٢–١٨).

نەستۆرییەکان لە کڵێسای کاسۆلیکی جیابوونەتەوە و بەوەش تۆمەتبارن کە دەستکاری ئینجیلیان کردووە. لەسەر ئەمەش ڕێنماییەکانیان قەدەغەکراوە و

بەرەو ناوچەکانی نێوان ڕۆم و فارس لە کوردستانی ئێستا هەڵاتوون (ابونا، ١٩٨٥: ٨٠؛ عطية، ٢٠٠٥: ٢٩١-٢٩٥). بەڵام دواتر ئەمانە زیاتر بە ئاسوری (ئاشووری) و کلدانی ناسران، چیرۆکی ناوەکەشیان مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، چونکە هەندێک لە توێژینەوە مەسیحییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە مەسیحییەکانی ئەم ناوچەیە ئارامی و سریانین نەک ئاشووری و کلدان، بەڵگەشیان بۆ ئەمە بەڵگەنامە و دەستنووسە کۆنەکانە بە زمانی جۆراوجۆر هەر لە سەدەی یەکەمی زایینییەوە تا مێژووی هاوچەرخ کە سەرجەمیان وەك ئارامی و سریانی ناویاندەبەن، بەم پێیەش مەسیحییەکانی میسۆپۆتامیا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای فورات سریانن نەک کلدانی و ئاشووری، ڕەچەڵەکیشیان دەگەڕێتەوە سەر هۆزەکانی بەنی ئیسرائیلی ڕاگوێزراو بۆ عێراق نەک دانیشتووانە کۆنەکانی عێراق (بڕوانە نیسکو، ٢٠٢٠: ١٦_٢٠). دەربارەی هۆکاری ئەم ناوگۆڕینەش، تۆمەتەکان ئاراستەی سیاسەتی ئیستیعماری و تائیفی دەکرێت، بەتایبەت کە سەرۆکی کڵێسای ئینگلیزی لە ڕێگەی تیمێکەوە (١٨٧٦ز) متمانەی بەم مەسیحییانە کردووە ناوی خۆیان بکەنە ئاشووری (١٨٧٦ز) بۆ ئەوەی پێگەی مێژوویان ناسراوتر بێت (بڕوانە: نیسکو، ٢٠٢٠: ١٩؛ سایکس، ٢٠٠٧: ٣٠؛ أدموندز، ١٩٧١: ٧).

سەرچاوە مەسیحییەکان باس لەوە دەکەن، پێکهاتەی مەسیحی لە میسۆپۆتامیا لە دێرزەمانەوە بە هاندانی فارسەکان چوونەتە سەر باوەڕەکانی نەستۆری، لەبەر ئەمەش بە کڵێساکەیان وتراوە فارسی و لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی زایینییەوە (٤٧٩ز)، دابڕاون لە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا. بەڵام لە سەدەی شازدەیەمەوە نێردە و گرووپە مزگەدەرەکان هانیانداون ناوی خۆیان بگۆڕن و لە شارستانییەتە کۆنەکانی عێراقدا ناونیشانیان بۆ دۆزیونەتەوە؛ ئەوانەیان کاسۆلیکبوون ناویان ناون کلدان و ئەوانەشیان نەستۆری کراون بە ئاشووری (نیسکو، ٢٠٢٠: ١٨). ئەم گۆڕانکارییەش کوردستان لێی بەدەر نییە چونکە بەشێک بووە لە نیشتمانی بڵاوبوونەوەی سریانەکان (بڕوانە نیسکو، ٢٠٢٠: ١٠).

لەبارەی ڕەچەڵەکی بنەڕەتیی ئەمانەشەوە بۆچوونێك هەیە پێیوایە کوردن و بوونەتە مەسیحی (مارک سایکس، ٢٠٠٧: ٣٠؛ زەند، ١٩٧١: ٦٢؛ زەکی بەگ، ١٩٦١: ١٢١)، بۆچوونێکی دیکەش هەیە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر هەمووشیان نەبێت، ئەوە هەندێکیان یان زۆرینەیان هەر کوردن (یوسف، ٢٠٠٢: ٢/ ٢٥٢؛ ئەحمەد، ١٩٨٤: ١٠١-١٠٢)، بە تایبەت کە پەیوەندییەکی مێژوویی قووڵ لە نێوان کڵێسا مەسیحییەکانی کوردستان و کورد یان میدییەکاندا هەیە. لە سەرچاوە

پیرۆزەکانی مەسیحییەکانیشدا ناوی میدییەکان هاتووە، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە ئاشووری و کلدانییەکان نییە (بڕوانە: نیسکو، ٢٠٢٠: ٦٣١-٦٣٢). لە تۆمارە مەسیحییەکانیشدا ئاماژەی ئەوە بەردەستە کە خەڵکی کورد لەسەر دەستی بانگخوازە مەسیحییەکان خوێندوویانە و سوودمەندبوون (مجهول، ٢٠١٠:٢/ ٨٧، ٩٥).

## ژینگەی یەکەم و بنەڕەتی سەرهەڵدانی مەسیحییەت لە سەدەی یەکەمی زایینیدا فەلەستین و کۆمەڵگا جووەکانە، پاشان لە سنووری قەڵەمڕەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بڵاوبووەتەوە

لە پەنا نەستۆرییەکانیشدا، ڕێژەیەک لە مەسیحییەکانی کوردستان، شوێنکەوتەی "یەعقوبی بورزوعانی" بە ڕەچەڵەک نسێبینی بوون کە خاوەن ڕێچکەی تایبەتی خۆیەتی لە مەسیحیایەتی و لە ٥٤٢ز بووەتە ئەسقفی قوستەنتینییە. ئەمانە باوەڕەکەیان ئەوەیە، مەسیح سروشتێکی ڕەبانی هەیە کە دوو جەوهەرن، یەکێکیان خودایی و ئەوی دیکە مرۆییە، ئەم کەسایەتییەش ڕۆڵی زۆری هەبووە لە ڕێکخستنەوەی کڵێسای سریانی ئەرسۆدۆکسی و زیندووکردنەوەی (بڕوانە: Britannica، ٢٠٢٥ ؛ عطیة، ٢٠٠٥: ٢٢١). ئەم یەعقوبییانە لە دەوروبەری موسڵ بڵاوبوون (مارکۆپۆلۆ، ٢٠٠٢: ١/ ٥٦) و لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا لە دیاربەکر زۆرینە بوون (مراد، ٢٠٠١: ٣٥٠)، بەڵام بەراورد بە نەستۆرییەکان کەمینە بوون (بابو اسحاق، ١٩٤٨: ١٦) بە تایبەت کە ساسانییەکان پشتیوانییان لە نەستۆرییەکان دەکرد لە دژی ڕۆمەکان (سیغال، ١٩٩٠: ٢٥٥؛ کامل و آخرون، ١٩٨٧: ١/).

## مەسیحییەکانی کوردستان لە دەمی لەشکرکێشییە ئیسلامییەکاندا

دابەشبوونی ناوچە کوردییەکان بەسەر هەردوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و بێزەنتیدا، لێکەوتەی کولتووری و سیاسیشی لەسەر دانیشتوانەکەی هەبووە، بەو پێیەی میحوەری ساسانی ناوچەی نفوز و باڵادەستی ئایینی زەردەشتی و میحوەری بێزەنتیش هی ئایینی مەسیحییە (بڕوانە: الیعقوبي، د.ت: ١/ ١٥٩)، هەرچی ڕۆمە بێزەنتییە مەسیحییەکانیشە لە دەوروبەری ٦٢٧ زایینی و لە سەردەمی "هەرقل"دا کۆنترۆڵی هەرێمی جزیرەیان کردبوو (الدینوري، ١٩٦٠: ١٠٧)، شتێکی سروشتی و ڕێتێچووشە لەو کاتەوە ئایین و بیروباوەڕی مەسیحییان لەو ناوچانە پەرەپێدابێت و ئەمەش لە بنیاتنانی کڵێساکان و شوێنەوارە مەسیحییەکان و مانەوەیان بۆ سەردەمی

ئیسلامی و دواتریشدا تا سەردەمی ئێستادا تا ڕادەیەك ڕوونە.

لە دەمی هەڵمەتە ئیسلامییەکاندا لە قۆڵی هەرێمی جزیرەی کوردنشین و باکوری شام و عێراقەوە، پەلاماری موسوڵمانەکان لە دەوروبەری ساڵانی ١٧_١٨ ك/ ٦٣٨_٦٣٩ ز لە پاش کۆنترۆڵکردنی شام و میسر دەستیپێکردووە. هەڵمەتەکەش بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خەلیفە "عومەری کوڕی خەتاب" و سەرکردایەتی "عیازی کوڕی غەنەمی ئەشعەری"، بە بەشداری هەشت هەزار جەنگاوەر ئەنجامدراوە (الواقدي، ١٩٨٩: ٢/ ٨٩). لەم پانتاییە فراوانەی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتدا شارە کوردنشینە سەرەکییەکان هەبوون، وەك: حەڕان، ڕوها، سەرێ کانی (رأس العين)، نسێبین، شەنگال (سنجار)، مێردین، ئامەد و موسڵ (الحموي، ١٩٩٥: ٢/ ١٣٤). لەم قۆڵەوە بەراورد بە دەڤەرەکانی بندەستی ساسانی و هەرێمی چیا، خەڵکەکە کەمتر بەرەنگاریان کردووە، لە بری ئەوەش ئاشتەوایی و ڕێککەوتنیان هەڵبژاردووە. لەم میانەیەشدا زانیارییە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن خەڵکی "جزیرە" لەگەڵ "عیازی کوڕی غەنەم" (م. ٢٠ك/٦٤١ز) کە لە هاوەڵانە، ڕێککەوتوون "جزیە و "خەراج" بدەن، لەبەر ئەوەش گوتراوە: جزیرە لە هەموو جێگەکانی دیکەی وەك عێراق و شام و وڵاتی فارس ئاسانتر لەگەڵ لەشکری موسوڵمانەکان پێکهاتووە لەسەر ئەوەی "جزیە" و "خەراج" بدەن و شەڕی لەشکری موسوڵمانەکان نەکەن (الحموي، ١٩٩٥: ١٣٥/٢).

نموونەی بنەڕەتی و ڕچەشکێن بۆ ڕێککەوتنەکانی "جزیە"و "خەراج" بەرامبەر مانەوە لەسەر ئایینی پێشوو کە زیاتر مەسیحییە، لە شاری "ڕوها" وە دەستیپێکردووە. بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان خەڵکی ئەم شارە خواردن و پۆشاك و پیتاکیان کردۆتەوە بۆ بەرگریکردن لە شورەی "ڕوها"، بەڵام کاتێك گوێبیستی تەکبیر (الله أكبر) و تەهلیلە (لا الا الە الله) ی لە شکری موسوڵمانەکان بوون ترساون و پێیانوابووە دەوروبەری بیست هەزار کەس دەبن، پاش نزیکەی دوو هەفتەش لە بەرەنگاری و خۆ مەڵاسدان، پاتریارکی مەسیحی شار (میطوس) یان ڕاسپاردووە گفتوگۆ لەگەڵ لەشکری هێرشبەر بکات، بۆ ئەوەی هاوشێوەی شاری ڕەقە ئەمانیش ڕێککەوتن بکەن، لەسەر ئەمەش "عیازی کوڕی غەنەم" گفتی پێداون و نامەی بۆ نووسیون (الكوفي، د.ت: ٢٥٢). دەقی نامەکەی "عیازی کوڕی غەنەم" بۆ خەڵکی "ڕوها" ئەوەیە کە ئەو دەستەبەری پاراستنی: گیان، ماڵ و منداڵ، ژنان، شار و تەنانەت ئاشەکانیان، ئەگەر بێت و "ئەو مافەی لەسەریانە بیدەن، پردەکان چاك بکەنەوە، ڕێگەیان پیشان بدەن"، لەسەر ئەمەش

"خـودا و فـریـشـتـەکان و مـوسـوڵـمـانـان شایەتبن" (البلاذري، ١٩٨٨: ١٧٥).

**سەبارەت بە کوردستان، مێژووی ئایینی مەسیحی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زاییني و پەیوەستە بە کارنامەی "مارئەدی" کە یەکێک بووە لە هاوەڵ و قوتابییەکانی مەسیح (د.خ)**

بە پێی گێڕانەوەکان، "عیازی کوڕی غەنەم" لە هەڵمەتەکانیدا چووەتە نێو قوڵایی نێوچە کوردییەکانەوە و ڕێککەوتنی سەرانەی "جزیە" و "خەراج"ی شاری "ڕوها"ی کردووە بە بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ دانیشتوانەکە، لەوانەش: خەڵکی "سمیساط" لە نزیك مەلەتێ و موشی ئێستا، هەروەها "سروج، ڕاسکیفا، تەلموزان، ئامەد، میافارقین، قەڵای کفرتوسا، نسێبین، ڕێگای زوزان، بەرزانییەکانی عابدین، قەڵای ماردین دارا، کردا (جزیرەی بۆتان) بازبدی، پاشان چووە تا بەدلیس و خەڵات تا گەیشتووەتە کانییە کبریتەکەی هەرێمی ئەرمینیا کە کوردنشین بووە (بڕوانە: البلاذري، ١٩٨٨: ١٧٦، ١٨٤؛ ابن الفقیە، ١٩٩٦: ١٧٩). لە شارێکی وەك میافارقینیش خەڵکەکە پاتریارکی شارەکە (فەتوس/ ئەسلاگۆرس) یان ڕاسپاردووە بە سێ هەزار دینار پارەی حازر ڕێککەوتنیان بۆ بکات (الکوفي، د.ت: ٢٥٩).

سەرجەم لە شکرکێشییەکانی جزیرە بە ڕێککەوتن کۆتاییندهاتووە بەڵکو شەڕ و بەرەنگاریشی تێکەوتووە، بۆ نموونە لە "سەرێ کانێ" دا خەڵکەکە هەندێك بەرگرییانکردووە، دەرگای شاریان داخستووە، هەندێك موسوڵمانیان کوشتووە، شەڕێکی قورسیشیان کردووە، بەڵام سەرەنجام ئەوانیش پاش تێکشکانیان، ملکەچی ڕێککەوتن بوون و چوونەتە نێو پرۆسی سەرانە و باجەوە، نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەش ئەوەیە زەوییەکانیان پێدراوەتەوە، هەروەها دەستەبەری پاراستنی ژن و منداڵیان کراوە، بەرامبەر بەمەش سەری هەر کەسێك چوار دینار "جزیە"یان لەسەر دانراوە (البلاذري، ١٩٨٨: ١٧٧). لەپاش کۆنترۆڵکردنی شارەکەش، عەرەبە موسوڵمانەکان ماوەی مانگێك لە شارەکە ماونەتەوە، کڵێسایەکی نەستۆری و چەند کڵێسایەکی دیکەیان کردووە بە مزگەوت، کەسێکیشیان بە ناوی "عەجرەفەی کوڕی مازن" کردووە بە والی لەسەری کانێ (رأس العین) (الواقدي، ١٩٩٧: ٢/ ١٤١). سەربارى شەڕەکانیش نامەگۆڕینەوە نێوخۆییەکانی مەسیحییەکان ئاماژە بەوە دەکات عەرەبە موسوڵمانەکان ڕێزیان لە ئایینەکەیان گرتووە، لەگەڵ قەشە و ڕاهیبەکاندا میهرەبان بوون و بۆ "پیاوانی خودا" و کڵێسا و دێرەکانیش

باش بوون (بڕوانە: اليوزبكي، ١٩٨٣: ٦٤). ئەم گێڕانەوەیەش ڕێتێچووە چونكە لە دەقێكی قورئاندا بە ڕوونی هاتووە: ئەو كەسانەی خۆیان بە مەسیحی زانیوە، پتر بڕوادارەكانیان خۆشویستووە. چونكە بڕێكیان ڕەبەن و قەشەن و خۆیان بەزل نازانن (المائدة: ٨٢).

**بڵاوبوونەوەی مەسیحییەكانی كوردستان لە سایەی هەژموونی ئیسلامیدا**

گێڕانەوەكانی سەدەی حەوتەمی زایینی ئاماژە بەوە دەكەن، مەسیحییەكانی كوردستان لە سەروبەندی دەركەوتن و بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا چەند دێر و كڵێسایەكیان لە چیاكانی هەكاری ڕۆژهەڵاتی موسڵ بنیاتناوە (العزاوي،١٩٩٥: ٨٣)، هەر لەم بارەیەشەوە مەسعودی (م. ٣٤٦ك/٩٥٧ز) باسی لەوەكردووە هۆزە كوردییەكانی یەعقوبی و گۆران (الجورقان) لە باكوری موسڵ لەسەر ئایینی مەسیحی بوون (المسعودي،١٤٠٩ هـ: ٢/ ١٠١). ئەم قسەیەی مەسعودیش لە زۆری ژمارەی كڵێسا و دێرە مەسیحییەكاندا لەو ناوچانە پاڵپشتی هەیە، هەندێك لەوانەش تا سەدەی ٧ك/١٣ز ئاوەدانبوون (بڕوانە: الحموي، ١٩٩٥: ٢/ ٥٣٠؛ الشابشتي، ١٩٥١: ١٩٦_ ١٩٩).

ئیبن ئەسیر (١٩٩٧: ٦/٣٦) لە ڕووداوەكانی ساڵی ٣١٥ك/٩٢٧ز دا باس لە هەڵگەڕانەوەی یەكێك لە سەركردە خێڵەكییەكانی كورد دەكات لە ئیسلام (ئیبن زوحاك) و پاشان پەیوەندی بە مەسیحییەكانەوە كردووە لە جزیرە، ئەوانیش لە بەرامبەردا پاداشتیانكردووە و فەرمانیانكردووە وەك فەرماندە بگەڕێتەوە بۆ قەڵاكەی، بەڵام لە ڕێگا كەوتووەتە كەمینی موسوڵمانەكان و كوژراوە. ئەم ڕووداوەش ئاماژەی ئاشنایەتی هەندێك كوردە بە ئایینی مەسیحی لەو سەردەمەی كە مەسعودی باسی لە هۆزە كوردییە مەسیحییەكان كردووە (٤ك/١٠ز)، هەمان شتیش لە گێڕانەوەكانی گەڕیدەی ئیتالی "ماركۆپۆلۆ" دا هاتووە (٢٠٠٢: ١/ ٥٦) كە سەدەی ٧ك/١٣ز بە ناوچەی موسڵدا گوزەری كردووە و لەوێ كوردانی مەسیحی بینیوە.

سەرباری ئەمانەی سەرەوەش هێشتا بە ڕێژەی زۆر كورد نەبوونەتە مەسیحی، ئەم ئایینە بەربڵاوەش زۆر لەناو كورددا تەشەنەی نەكردووە (بڕوانە: زكي بك،١٩٦١: ٢٨٨؛ Bedlian، ٦٠)، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی پێدراوە مێژووییەكان، مەسیحییەكان گەورەترین كۆمەڵی نا موسوڵمانی كوردستان بوون (زاكن، ٢٠١١: ٣١)، دەشێت بە دووەم پێكهاتەی ئایینی كوردستانیش لە قەڵەم بدرێن، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆری ژمارەی كڵێسا كەلەپورییەكان و شوێنەوارە مەسیحییەكانە لە جزیرە و دەوروبەری

موسڵ و باشیك و قەرەقۆش و بەرتەڵە كە تێكەڵەیەك لە كورد و عەرەب و پێكهاتەی دی لەخۆدەگرێت (بڕوانە: الحموي، ١٩٩٥: ٢/ ٣١٦، ٣٢٤_٣٢٥). مەسیحییەكانی كوردستان زیاتر لە هەرێمی جزیرە و دەوروبەری موسڵ كۆبوونەتەوە چونكە ئەم ناوچانە جێگە نفوز و درێژكراوەی حوكمڕانی بێزەنتی بوون، بەڵام لەو ناوچە كوردییانەی جێگی نفوزی ساسانی لە هەرێمی چیا (الجبال) زەردەشتییەكان زۆرینە بوون (بڕوانە: المقدسي، د.ت، ٨٤).

**سەرچاوە مەسیحییەكان باس لەوە دەكەن، پێكهاتەی مەسیحی لە میسۆپۆتامیا لە دێرزەمانەوە بە هاندانی فارسەكان چوونەتە سەر باوەڕەكانی نەستۆری**

بەناوبانگترین كڵێسا مەسیحییەكانی وڵاتی كوردیش لە شاری ڕوها بووە كە گەورەترین كڵێسای سنووری قەڵەمڕەوی عەباسییەكانی لەخۆگرتووە (الأطظخري، ٢٠١٠: ٥٤)، بە شێوەیەك كە لە دەمی خۆیدا بە یەكێك لە ناوچە جێگە سەرسوڕهێنەرەكانی دنیا ناوبراوە (المقدسي، د،ت: ١٤١). هەر لە جزیرەدا دەیان دێر و شوێنی خواپەرستی مەسیحی هەبوون، هەندێك لەوانەش تا ئێستا ماون (المقدسي،د،ت: ١٤١؛ شمیساني،١٩٨٧: ٣٥٥)، یەكێك لە كڵێسا گەورەكانی هەرێمەكەش لە شاری ئامەد (دیاربەكر) دا بووە كە بە زەخرەفە ڕازێنراوەتەوە و هەمووی لە بەردی گرانبەها بنیاتنراوە و دەربارەی بیناسازییەكەی گەڕیدە "ناسر خەسرەو" (١٩٩٣: ٥١) دەڵێت " هاوشێوەی لە دنیادا نەبووە". جگە لەمەش لە ئامەددا ١٢ كڵێسای دیكە هەبوون (بڕوانە: الدوسكي،٢٠١٢: ٢٢)، هەروەها لە نسێبین و حسن كێف، كڵێسا و دێری زۆر لە سەدەی ٤ك/١٠ز دا بینراون ( بڕوانە: الاصطخري، ٢٠١٠: ٥٢؛ المقدسي،د.ت: ١٤١)، ئەم كڵێسایانەش درێژبوونەتەوە بۆ شنكال (سنجار) و بەدرێژایی سەردەمی ئیسلامی چالاكی ئایینی مەسیحی تێدابووە (بڕوانە: شمیساني،١٩٨٧: ٢٥٣_٢٥٥).

هەرێمی جزیرە هێندە بۆ مەسیحییەكان لەباربووە، پاتریاركی سریانی مەغریبی لە ٤٢٥ك/١٠٣٤ز پەنای بۆ ئامەد هێناوە و پاشان لە نزیك ماردین بە یەكجاری نیشتەجێبووە (أبونا، ٢٠٠٢: ٢٢٧). لە كاتێكیشدا كە كڵێساكانی عێراق بەرەو دارمان و هەڵوەشان چوون بەهۆی شەڕ و شۆڕەوە، كڵێساكانی باكوری میزۆپۆتامیا وەكخۆیان ماونەتەوە (حداد، ١٩٩٤: ٢٦٨)، هەندێك لەو كڵێسایانەش لە جزیرەدا هەبوون لە تەنیشت مزگەوتەكاندا ڕازێنراوبوون بێئەوەی كەس پەلاماریانبدات (خسرو،١٩٩٣: ١٥١).

لە دەرەوەی جزیرە ئایینی مەسیحی لە

شـــارەزووردا شـوێـنـکـەوتـە و شــوێنی پەرستنی هەبووە (بولادیان،٢٠١٣:٧٨). لە هەرێمەکانی ئەرمینیە و ئازەربایجانیش گەورەترین پێکهاتەی نا ئیسلامی بوون چونکە دراوسێی ئەرمینیای مەسیحی بـوون، بـە تـایـبـەت لـە شـاری دویـن کە نیشتمانی یەکەمی ئەیوبییەکانە لەسەر سنووری ئەزەربیجان، لە هەرێمی چیاشدا چڕبوونەوەیان لە حەلوان و هەمەداندا بووە (بڕوانە: عدو، ٢٠١١: ٢٠١١ ٦١).

## ڕەوشی مەسیحییەکانی کوردستان لە سایەی دەسەڵات و میرنشینەکاندا

بـە شـێـوەیـەکی گـشتی سـەردەمـی عـەبـاسی لـە سـەدەکـانی نـاوەڕاستی ئیسلامـیـدا بـەڕوی مەسیحییەکاندا کـراوە بـووە و هـەنـدێك ڕۆڵـیـان پێدراوە (بـڕوانـە: بـابـو إسحـــاق،١٩٤٨: ٧٣؛ Ara Bedlian، ٥٩)، بـەڵام لـەگـەڵ ئـەوەشـدا ئـەم سـەردەمـە بێـبـەش نەبووە لە هەندێك ڕق و تۆڵەکردنەی گـرژیـە سیـاسیـەکان (فـیـیـە، ١٩٩٠: ٣٨٣)، بە تایبەت کە مەسیحییەکان خـۆیـان فـرە پێـکـهـاتـە و فـرەجـۆربـوون، بەهۆی نیشتەجێبوونیشیان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆم و دەوڵـەتی خـیلافــەت جـێـگـەی گـومـان بـوون (أبـونـا،٢٠٠٢: ٢٠٦)، هەندێکجار لە ناکۆکی نێوخۆیی خۆشیاندا یەکتریان بـە خـیـانـەت و پـاشکـۆیـەتی بـۆ ڕۆم تۆمەتبارکردووە کە لەشەڕدا بوون لەگەڵ موسوڵمانەکان، ئەمەش لە شاری ڕوهای جـزیـرە بـە کـردەیی ڕوویـداوە (٥٧١ك/ ١١٧٦ز) (فییە،١٩٩٠:٣٤٨).

پەیوەست بە میرنشینە کوردییەکانیش، ڕەوشەکە جیاوازی هەبووە و هەموو کات وەك یەك نەبووە، بۆ نموونە یەکێك لە ناسراوترین میرە کوردەکان "ئەبو ئەساوری کوری" لە میرنشینی شـەدادی (٤٤١ك/ ٤٥٩ز/ ١٠٤٩_١٠٦٦) کچی پادشای ئەرمەنی "ئەشود بەقراودی" خواستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی زبر و توند بووە بەرامبەر مەسیحییەکان چونکە بە گژ ئەرمەنەکاندا چووەتەوە و بەرپەرچی هەوڵەکانی ئەم دەوڵەتەی بۆ فراوانخوازی لە نێو میرنشینەکەی داوەتەوە (بڕوانە: مرجونة، ٢٠١٠: ٢٠٠؛ عدو، ٢٠١١: ١٣٨)، کەچی لە میرنشینی هەزبانیدا لە ئەزەربیجان کە دراوسێی شەدادییەکانە (٤٣٧_٥٤٣ك/ ١٠٤٦_١١٣٩ز)، مەسیحییەکان لە دۆخێکی باشدا ژیاون و میرەکان ڕێزیان لەو مەسیحییانە گرتووە کە لە هەندێك لە شارەکانی هەرێمەکەدا زۆرینەبوون (عدو، ٢٠١١:١٣٨).

سەبارەت بە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی مەروانییش لە جزیرە (٣٧١_٤٧٧ك/ ٩٨١_١٠٨٤ز)، ئەوە مەسیحییەکان گرنگی و پێگەی باشیان هەبووە و لە پۆستەکانی بەڕێوەبردنی میرنشینەکەدا هەڵکشاون، تا ڕادەی ئەوەی مێژوونووسێکی هاوچەرخ پێیوایە مەسحییەکان لەم میرنشینەدا بـاڵادەسـت و بـڕیـاربـەدەستـبـوون

(الـفـارقي،١٩٥٩: ٣٥٧). هـۆکاری ئەمەش دەگـەڕێـتـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەوان ئـەم پۆستانەیان لە میرنشینەکەدا هەبووە:

_ ئـیـدارەی ئـەوقـاف کـە سـپێردرابـوو بـە "ئـیبن شـەلیـتا" لـە ٤٢٥ك/١٠٣٤ز (الفارقي،١٩٥٩: ١٦٤).

## لە تۆمارە مەسیحییەکانیشدا ئاماژەی ئەوە بەردەستە کە خەڵکی کورد لەسەر دەستی بانگخوازە مەسیحییەکان خوێندوویانە و سوودمەندبوون

_ ئـیـدارەی کـاروبـاری پـایـتـەخـت (ئـەمـیـندارێتی گـشتی) سـپێردرابـوو بە پـزیشـکێکی مـەسـیحی بـە نـاوی "ئـەبـو سـالـم" (٤٧٢_٤٨٩ك/١٠٧٩_١٠٩٥ز) (الفارقي،١٩٥٩: ٢٠٦).

_ سـپاردنی کۆکـردنـەوەی بـاج و کاروبـاری دیکە بە مەسـیحییەکان (مـراد،٢٠٠١: ٣٥٧).

_ پێشـڕەوی مەسـیحییەکان لە کاروبـاری پـزیشـکی لـە سـەرانـسـەری میرنشـیـنـەکـە (یوسـف،٢٠٠٢: ٢/ ١٧١).

سـەبارەت بە شـاری هـەولێریش کە شێوە میرنشـینێکی بچووکبووە (٥٨٦_٦٣٠ك/ ١١٩٠_١٢٣٢ز)، پۆسـت و پێگەی زۆر بە مەسـیحییەکان دراون (الـصـقـار، ١٩٨٠: ١٧٦_١٧٧)، تا ڕادەی ئەوەی هەندێك لە شـاعیران ئەمەیان کردووەتە بابەتی توانج و تانە، لەوانەش شـاعیری هەزبانی "تەها بن ئیبراهیم هەزبانی" کە دەڵێت: خوا لە هەولێر نەکاتەوە کە خاچپەرستان حوکمی دەکـەن" (الـیـونـیني، ١٩٩٢: ١٢٤، ١٠). ئـەم شـارەش هێندە بۆ مەسـیحییەکان لەبار بـووە کە چـەند پۆسـت و پێگەیان تـێـدا وەرگـرتـووە و هـەنـدێـکـجـاریـش تـۆمـەتـبـارکـراون بـە چـەوسـانـدنـەوەی خـەڵـك (بـڕوانـە: ابـن الأثیر، ١٩٩٧: ٧/ ٤٩٢؛ فـیـیـە،١٩٩٠: ٢٥٦). ڕەنـگـە دوو دێڕ شیعری شـاعیری سریانی "الحاجری الأربلي" عیـسـا سـنـجـر (م. ٦٣٢ك/ ١٢٣٤ز) کە بۆ والی خـەلیفەی ناردووە و بـاس لـە چـۆڵی و بێـنـازی مزگـەوتـەکان و پۆشـتـەو پـەرداخی کڵێساکانی هـەولێر دەکـات بـاشـتـریـن گـوزارشتی ڕەوشی مەسیحییەکانی ئەم شـارە بێت (بـڕوانـە: صـالـح، ٢٠٠٩: ٢٠٨). کاربـەدەسـتـە مەسیحییەکانیش هێندە باڵادەستبـوون دەگوترێت کـۆنترۆڵی ئیدارەی هـەولێریـان کـردووە بە تایبـەت فرمانڕەوای شـارەکە موزەفەرەدین گۆگبوری (الصقار، ١٩٩٢: ١٧٦). جار واش هـەبـووە لـە دەمەنهوری میسـرەوە کەسایەتی مەسیحی پەنای بۆ هەولێر هێناوە (الصـقـار، ١٩٩٢: ١٧٧)، لە دەمی شاڵاوەکانی مەغۆلیشدا بۆسەر موسڵ مەسـیحییەکان هـەر هـەولێریـان بە قـەڵای قـایم زانیـوە و ڕوویانتێکردووە (سـەدەی ٧ك/١٣ز) (ابـن الـعـبري، ٢٨٢_٢٨٣).

**پێکدادانی کورد و مەسیحییەکان**

سەرباری ئەو نموونە ئەرێنیانەشی لەبارەی ڕەوشی مەسیحییەکان ئاماژەیانپێکرا لە سەردەمی ئیسلامیدا، هەندێك هەواڵ بەردەستن لەبارەی چڕژبوونی ڕەوشی پێکەوەژیان و پەیوەندییان لەگەڵ موسوڵمانەکان لە پانتایی کوردیدا، لەوانەش:

* هەراسانکردنی کوردە یەعقوبییە مەسیحییەکان و سەرانەسەندن لێیان لەلایەن فەرماندەی تورك "ئیبن کنداجق"ەوە لە ٢٦٦ك/٨٩٧ زایینی بەهۆی ئەوەی ئەوان لایەنگری ڕکابەری ئەم بوون (ابن الأثیر، ١٩٩٧: ٦/ ٢٨٩).

* داگیرکردنی دێرەکان لەلایەن هەندێك لەو هۆزە کوردییانەی لە هەڵمەتەکانی بوەیهی هەڵهاتبوون بە ٣٦٧ك/٩٧٧ز لە دەوروبەری شاری ئامێدی (٣٦٧ك/ ٩٧٧ز) (فییە، ١٩٩٠: ٢٤١ز).

* ڕووخاندنی کڵێسای ئەرمەنەکان لە میرنیشنی شەدادی و کوشتنی ئەوانەیان کە موسوڵمان نابن بەهۆی شەڕی میرنشینەکە و ئەرمەن و بێزەنتییەکانەوە (٤٤١ك/ ١٠٤٩ز) (مرجونة، ٢٠١٠: ٢٠٠).

* تاڵانکردنی ماڵی مەسیحییەکان لە میافارقین لە میانەی هێرشی سەلجوقیدا (٤٧٨ك/١٠٨٥ز) (مراد، ٢٠٠١، ٣٥٧).

* گۆڕینی یەکێك لە دێرەکان لە چیاکانی ماردین بۆ مزگەوت لەلایەن کورەکانەوە (٥٦٥ك/١١٧٠ز) پاش ئەوەی ڕاهیبەکەی بووەتە موسوڵمان (فییە، ١٩٩٠: ٣٤٨).

* بەشداریکردنی کورد لە هەڵمەتی بە کۆمەڵی مەلیك ساڵح لوءلوء دژی مەسیحییەکان لە دەمی هەڵمەتی مەغۆلدا لە نیوەی دووەمی سەدەی ٧ك/ ١٣ز (ابن العبري، ٢٨٣).

**نموونەی بنەڕەتی و ڕچەشکێن بۆ ڕێککەوتنەکانی "جزیە"و"خەراج" بەرامبەرمانەوە لەسەرئایینی پێشوو کە زیاتر مەسیحییە، لە شاری "ڕوها"وە دەستپێکردووە**

بەراوردکردنی ئەم ڕەوشەی مەسیحییەکانیش لەگەڵ نموونەکانی دیکەی پێکەوەژیان ڕاستییەك پیشاندەدات کە موسوڵمانەکان و مەسیحییەکان لە پانتایی کوردیدا تاوێك تەبا و پێکەوەبوون، تاوێکی دیکە لە ژێر کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکاندا دژبوون، بەڵام بەهۆی ئینتیمای ئایینییەوە بە دەگمەن چوونەتە نێو شەڕ و مەرافەی گەورەوە. ئەو گرژییانەشی لە نێوانیاندا هەبووە بەرەنجامی دۆخی سیاسی بووە کە موسوڵمان و مەسیحی وەك یەك باجیان تێدا داوە.

**کۆبەند**

**دەشێت لەبەرڕۆشنایی ئەوزانیارییانەی سەرەوە ئەم چەند دەرەنجامە گەڵاڵە**

**بکرێت:**

**مێژووی دێــرینی مـەسـیـحـییـەت لە کـوردسـتـان:** مێژووی مەسیحییەت لە کوردستـان دەگـەڕێـتـەوە بـۆ سـەدەی یـەکـەمی زایـینی و لـەلایـەن نێردراوە مەسیحییەکانەوە کەسانی دەوروبەری مەسیح بڵاوبـووەتـەوە. بەتایبەت لەم نـاوچـەیـەدا ڕەوەنـدێـک جـووی کـورد هەبوون کە زەمینەیەکی لەبار بوون بۆ وەرگرتنی ئایینی مەسیحی، چونکە بازنەی یەکەمی گرنگیدانی جووەکان بووە.

**نــاکــۆکـی لــەســەرڕەچــەڵــەکـی مەسیحییەکان:** مشـتومڕ و ناکۆکی لـەبـارەی ڕەچـەڵـەکی مەسیحییەکانی کوردستانەوە هەیە. لە ڕووی ئایینییەوە، زۆریـنـەیـان نـەسـتـۆریـن و پـاشـان یەعقوبین. لە بنەڕەتدا ئارامی-سریانی بـوون، پـاشـان لـەژێـر کاریـگـەریی و بە هاندانی نێردە ئەوروپییەکان گۆڕاون بۆ ئاشووری و کلدانی.

**کوردبوونی بەشێک لە مەسیحییەکان:** ڕێــژەیـەک لـە کــورد لـەسـەر ئـایـینی مـەسـیـحی بـوون و کەسایـەتی کـوردی ناودار لە بانگەوازی ئایینی مەسیحیدا دەرکەوتوون.

**پــێــکــەوەژیــان لــەگــەڵ ئیـــسلام:** مـەسـیـحـییـەکانی کـوردسـتـان دوای دەرکــەوتنی ئیـسلام لـەسـەر ئـایـینی خـۆیـان مـاونـەتـەوە. لـە سـەدەکانی نــاوەڕاستی ئیسلامیشـدا پەیوەندییان لـەگـەڵ موسڵمانەکانی چـواردەوریـان لە هەڵکشان و داکشاندابووە، بەڵام زۆر کەم لەسەر بنەمای ئایینی دووچاری شەڕ و ململانێ هاتوون.

**پـێـکـهـاتـەی یـەکـەمی نـامـوسـڵـمـان:** مەسـیحـیـیـەکانی کـوردسـتـان لـە ڕووی مێژوویـیــەوە یـەکـەم پێکهاتـەی ئـایـینی ناموسڵمانی کوردستان بوون.

**پێگەی دیاری مەسیحییەکان لە میرنشینە کوردییەکان:** مەسیحییەکان لـە سـایـەی میرنشینە کوردییەکاندا دەستکەوتی زۆریان هـەبووە، بە تایبەت لە میرنشـینی مەروانی لە جزیرە (٣٧١-٤٧٧ک / ٩٨١-١٠٨٤ز) و میرنشـینی هـەولێر (٥٨٦-٦٣٠هـ / ١١٩٠-١٢٣٢ز). لەم میرنشینانەدا پێگەی باشیان هـەبـووە وەک وەزیـر و خـاوەن دیـوان و تا ئاستی کۆنترۆڵکردنی میرنشینەکان ڕۆڵیان گێڕاوە.

---

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**

الاصطخري ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسي (ت ٣٤٠هـ/٩٥١م) (٢٠١٠) المسالك والممالك. القاهرة: الهيئة العامة لقصور الثقافة.

البلاذري احمد بن يحيى (ت ٢٧٩هـ/٨٩٢م) (١٩٨٨) فتوح البلدان. بيروت: دار ومكتبة الهلال.

الدينوري احمد بن داود ابو حنيفة (ت ٢٨٢هـ/٨٩٥م) (١٩٦٠) الاخبار الطوال. تحقيق عبد المنعم عامر مراجعة جمال الدين الشيال. القاهرة: وزارة الثقافة والارشاد القومي.

الفارقي احمد بن يوسف بن علي بن احمد

(ت ٥٧٢هـ/١١٧٦م) (١٩٥٩) تاريخ الفارقي. تحقيق بدوي عبداللطيف عوض. القاهرة: الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية.
الكوفي احمد بن اعثم (ت ٣١٤هـ/٩٢٦م) (د.ت) الفتوح. بيروت: دار الأضواء.
المقدسي ابو عبدالله شمس الدين محمد بن ابي بكر (ت ٣٧٨هـ/٩٨٨م) (د.ت) احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم. بيروت: دار صادر.
ماركوبولو (ت ٧٢٤هـ/١٣٢٤م) (٢٠٠٢) رحلات ماركوبولو. ترجمة عبدالعزيز جاويد. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.
ناصر خسرو العلوي (ت ٣٩٨هـ/١٠٠٨م) (١٩٩٣) سفرنامة. ترجمة يحيى الخشاب. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.
الواقدي محمد بن عمر (ت ٢٠٧هـ/٨٢٣م) (١٩٩٧) فتوح الشام. ضبطه وصححه عبد اللطيف عبد الرحمن. بيروت: دار الكتب العلمية.
اليعقوبي احمد بن اسحاق (ت ٢٩٢هـ/٩٠٥م) (د.ت) تاريخ اليعقوبي. بيروت: دار صادر.
الحموي ياقوت بن عبدالله (ت ٦٢٦هـ/١٢٢٨م) (١٩٩٥) معجم البلدان. بيروت: دار صادر.
مؤلف مجهول، (٢٠١٠) التاريخ السعردي، حققه أدي شير، السليمانية: سردم.


**سەرچاوە نوێیەکان:**

ابونا البير (٢٠٠٢) تاريخ الكنيسة السريانية الشرقية من مجيء الاسلام حتى نهاية العصر العباسي. ط٢. بيروت: دار المشرق.
احمد جمال رشيد (١٩٨٤) دراسات كردية في بلاد سوبارتو. بغداد: د.ن.
احمد عثمان امين (٢٠٠٩) اربيل مدينة الادب والعلم والحضارة. اربيل: دار ئاراس.
ادموندز سيسيل جون (١٩٧١) كرد وترك وعرب. ترجمة جرجيس فتح الله. بغداد: منشورات التآخي.
ادي شير (١٩١٢) تاريخ كلدو وآثور. بيروت: المطبعة الكاثوليكية.
اسحاق رافائيل بابو (١٩٤٨) تاريخ نصارى العراق. بغداد: مطبعة المنصور.
بولاديان ارشاك (٢٠١٣) الاكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين ١٠ و١١م. ترجمة الكسندر كشيشان. بيروت: دار الفارابي.
جمعة مراد محمود عبدالله (٢٠٠١) مدينة ميافارقين من القرن الثالث الهجري حتى القرن السابع الهجري: دراسة تاريخية حضارية. رسالة دكتوراه جامعة الزقازيق معهد الدراسات والبحوث الاسيوية.
زاكن مردخاي (٢٠١١) يهود كردستان ورؤساؤهم القبليون. ترجمة سعاد محمد خضر. السليمانية: مؤسسة ژين.
سايكس مارك (٢٠٠٧) القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية. ترجمة خليل علي مراد. دمشق: دار الزمان.
سيغال ج ب (١٩٨٨) الرها المدينة المباركة. ترجمة يوسف ابراهيم جبرا. حلب: دار الرها.
شميساني، حسن (١٩٨٣) مدينة سنجار من الفتح العربي الاسلامي حتى الفتح العثماني. بيروت: دار الافاق الجديدة.
شميساني، حسن (١٩٨٧) مدينة ماردين من الفتح العربي الى سنة ١٥١٥م/٩٢١هـ بيروت: عالم الكتب.
عدو بناز اسماعيل (٢٠١١) اهل الذمة في بلاد الكرد في العصر العباسي ١٣٢–٤٤٧هـ/٧٤٩–١٠٥٥م: دراسة تاريخية تحليلية. اربيل: مؤسسة موكرياني للبحوث

والنشر.
العزاوي عباس (١٩٩٨) العمادية في مختلف العصور. تحقيق حمدي السلفي وعبدالكريم فندي. كردستان: د.ن.
عطو، نوري بطرس تأريخ حدياب، مطبعة المنارة، أربيل، ٢٠١١، ص ١٢٥.
العطية عزيز سوريال (٢٠٠٥) تاريخ المسيحية الشرقية. ترجمة اسحاق عبيد. القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة.
عطية مرجونة ابراهيم محمد علي (٢٠١٠) تاريخ الاكراد: دراسة تاريخية حضارية في ظل الخلافة العباسية. الاسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة.
فييه جان موريس (١٩٩٠) احوال النصارى في خلافة بني العباس. ترجمة حسني زينة. بيروت: دار المشرق.
كامل مراد وآخرون (١٩٨٧) تاريخ الادب السرياني من نشأته الى العصر الحاضر. القاهرة: دار الثقافة للنشر والتوزيع.
محمد امين زكي (١٩٦١) خلاصة تاريخ الكرد وكردستان: من اقدم العصور التاريخية حتى الآن. ترجمة محمد علي عوني. ط٢. مصر: د.ن.
محمد محفوظ العباسي (١٩٦٩) امارة بهدينان العباسية. الموصل: مطبعة الجمهورية.
مراد بشار صالح سعدون الدوسكي (٢٠١٢) اهل الذمة في بلاد الكرد ٤٤٧-٦٥٦هـ/١٠٥٥-١٢٥٨م. رسالة ماجستير جامعة زاخو كلية العلوم الإنسانية.
موفق نيسكو (٢٠٢٠) اسمهم سريان لا اشوريون كلدان. بيروت: بيسان للنشر.
يوسف، عبدالرقيب (٢٠٠٢) الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى. اربيل: دار ئاراس.

**سەرچاوە بیانییەکان:**

Baum، W. & Winkler، D.W. (2003). The Church of the East: A Concise History. London: RoutledgeCurzon. pp. 12–18.
Bedlian، A. (2013) ‘Christians in Iraq: decreased numbers and immigration challenges’، in Minorities in Iraq. Baghdad: Masarat for Cultural and Media Development، p. 60.
Fahlbusch، E. (ed.) (2008). The Encyclopedia of Christianity، Vol. 1. Grand Rapids، MI: Eerdmans. pp. 210–220.
Hastings، A. (2000). A World History of Christianity. London: Cassell. pp. 120–125.
McGrath، A.E. (2015). Christianity: An Introduction. 3rd ed. Chichester: Wiley-Blackwell. pp. 1–7.
Britannica (2025) Jacob Baradaeus.: https://www.britannica.com/biography/Jacob-Baradaeus (Visit: 4 ربمتبس 2025).




# ڕانانی کتێب

ئاییناسی

# کتێبی ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦ - ١٩٩١

## ڕوانگەیەکی ئەکادیمی بۆ بابەتێکی گرنگ و هەستیاری مێژوویی

ڕانانی: د. فاروق عەبدول

پەرتوکی ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦ - ١٩٩١ لە نووسینی (ئیدریس سیوەیلی)یە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکی مێژووییە و پشتی بەستووە بە چەندین بەڵگەنامەی تایبەت بەو ڕەوت و پارتە سیاسییە ئیسلامییانەی کە لە قۆناغێکی مێژووی دیاریکراودا لە کوردستان چالاکبوون، نوسەری کتێبەکە لە سەرەتا بەڕوونی هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە دەخاتەڕوو، دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئاخۆ ئەم گرووپە ئیسلامییانە لە چ قۆناغێکی مێژوویی باشووری کوردستان سەریانهەڵداوە؟ سەرچاوەی فیکری و پەروەردەییان چییە؟ پێگەیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا چییە؟ دید و تێڕوانینیان لەمەڕ دۆزی نەتەوەی کورد چییە؟ نووسەر لێرەوە بەدوا ئەو وڵامانە دەچێت و دەیەوێت ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە کە وەکو خۆی لەسەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی پێدەکات، کە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا لە کوردستان فەرامۆش کراوە و دەزگایەکی زانستی، یان ناوەندێکی ئەکادیمی تایبەتمان نییە گرنگی بەم پرسە هەنوکەییانە بدات.

هەڵبەتە کارکردن و توێژینەوە لەسەر کایەی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، جگە لەوەی پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزاییەکی ورد هەیە، هاوکات کایەیەکی هەستیاریشە، بۆیە توێژەر ڕاشکاوانە و هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بەو ئاستەنگ و زەحمەتیانە دەدات کە لەم کارە زانستییەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە، توێژەر دەڵێت: گەورەترین گرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەیە نەبوونی ژێدەری پێویستە دەربارەی ڕەوتی ئیسلامی، هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی تایبەتی کوردستان لەو کاتەدا، کە بە قۆناغی شەڕ و پشێوی و ئاژاوە و ستەم و چەوساندنەوەی حکومەتی عێراقدا تێدەپەڕی، ئەمەش ئەوەی لە نەیارانی ئەو حکومەتە دەخواست کە زۆر نهێنی پارێزبن و زانیاری دەربارەی

خۆیان نەخەنەڕوو، ڕەوتی ئیسلامیش بەشێك بووە لەو حاڵەتە، لەلایەکی ترەوە بەشێکی سەرەکی ئەو ڕەوتەی ئێمە باسی لێوە دەکەین لەو قۆناغەدا سەرقاڵی کاری نهێنی بوو، ئەمەش هێندەی دی توێژینەوە دەربارەی ئەو قۆناغە قورس دەکات، هاوکات نەبوونی دەزگای ئەکادیمی تایبەت بە توێژینەوەی دیاردەی ئیسلامی لە باشووری کوردستان، گرفتێکی دیکەیە کە توێژەر باسی دەکات ئەمە جگە لەوەی کە خودی ئیسلامییەکانیش لەو ڕووەوە کەمتەرخەمن و تا ئێستا گرنگییان بە مێژووی خۆیان نەداوە و هەندێک لەو کەسانەی لە سەرەتای کاری ئیسلامییەوە لە باشووری کوردستان بەشداربوون، لە ژیاندا نەماون، یاخود لە هەندەران، یان لە شارەکانی تری کوردستان دەژین، ئەمەش تاڕادەیەك گرفت بۆ توێژەر دروست دەکات، لە پاڵ هەموو ئەم گرفتانەشدا سەرەنجام ئەو توێژینەوەیە هاتە بوون.

ئەم پەرتووکە لە پێنج بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم، تایبەتە بە مێژووی ڕەوتی ئیسلامی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٦ - ١٩٧١)، ئەم بەشە بەسەر چوار باسدا دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا باس لە بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان موسلمین لە عێراق کراوە، بە شێوەیەکی چڕ و پوخت باس لە سەرەتاکانی گەیشتنی بیری ئیخوان بە عێراق کراوە. لە باسی دووەمدا باس لەکار و چالاکی ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان لە سەردەمی پاشایەتیدا کراوە، هەر لەو باسەدا زانیاری ورد دەربارەی سەرەتاکانی گەیشتنی بیری ئیخوان بە کوردستان خراوەتەڕوو. باسی سێیەمیش تایبەتە بە کار و چالاکی ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان لە سەردەمی کۆماریدا، هەروەها بە وردی باس لە شێوازی کاری ڕەوتی ئیسلامی لەو قۆناغەدا کراوە. باسی چوارەمیش تایبەتە بە شەنوکەوکردن و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی سێ دەیەی کاری ئیخوان لە عێراق و باشووری کوردستان، دەبێت سەرنج لەوەش بدرێت کە لەو باسەدا تەنیا باس لە سلبیات کراوە، بە گشتی بەشی یەکەم گەلێك زانیاری وردی لەخۆگرتووە.

لەم بەشەدا کە نووسەر ناونیشانی مێژووی ڕەوتی ئیسلامی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٦ - ١٩٧١)، داوەتێ، لە سەرەتاوە بە دەروازەیەکی ناساندن ڕۆدەچێتە ناو وردەکاری باسەکەوە، کە ناساندنی چەمکی زاراوەی ڕەوتی ئیسلامییە، نووسەر دەڵێت، هەرچەندە ئەم توێژینەوەیە تایبەت نییە بە لێکۆڵینەوە دەربارەی چەمك و زاراوەی ڕەوتی ئیسلامی، بەڵکو تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە لایەنی مێژوویی ئەو دیاردەیە، لە کات و شوێنێکی دیاری کراودا، بۆیە ئامانج لە تەرخانکردنی ئەم باسە بۆ ناساندنی چەمکەکان، دیاریکردنی مەودای توێژینەوەکە و بەرچاو ڕۆشنییە لەسەر

ئەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکەین، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك وشەی (ئیسلامی) دەخەینە پاڵ ڕەوت، وشەی (ئیسلامی) دەبێتە ئاوەڵناو بۆ ڕەوت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو ڕەوتە هەڵگری ئایدۆلۆژیای ئیسلامە، هەر وەکو چۆن ئەگەر کەسێك هەڵگری ئایدۆلۆژیای مارکسیزم بێت پێی دەوترێت مارکسی.

دوای ناساندن و بەرچاوڕوونی بۆ چەمکەکان، نووسەر دەگەڕێتەوە سەر کرۆکی بابەتەکەی کە سەرهەڵدان و ڕیشەی مێژوویی ڕەوتی ئیسلامییە لە باشووری کوردستان، هەر لە دەسپێکدا دوو هۆکار دەستنیشان دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر ئەم سەرهەڵدانە هەبووە، یەکەمیان ئەوەیە، کە پێشەنگی ڕەوتی ئیسلامی هاوچەرخ، ئەو بزووتنەوە چاکسازیە ئایینییەیە کە جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٩ - ١٨٩٦ز) و موحەممەد عەبدە (١٨٤٩ - ١٩٠٥ز) و موحەممەد ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥-١٩٣٥ ز) ڕێبەرایەتی دەکەن و کاریگەری ئەو بیرمەندانە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم گەیشتووەتە کوردستان، (مەلای گەورەی کۆیە) کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەم بیرە نوێیانە و دووەمیان کاریگەری هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامییە لە (١٩٢٤)دا. هەر چەندە لەسەر شەرعیەتی خیلافەتی عوسمانی بۆچوونی جودا هەبووە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی بە گورزێکی کاریگەر ئەژمار دەکرێت، چونکە خیلافەت ڕەمزێکی ڕۆحی موسڵمانان بوو.

لە باسی یەکەم و دووەمی ئەم بەشەدا، نووسەر بەوردی تیشکدەخاتە سەر بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان موسلمین لە عێراق و کوردستان و ئاماژە بەوە دەکات کە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر ساڵی (١٩٢٨) لەسەر دەستی حەسەن بەننا (١٩٠٦ ـ ١٩٤٩)، کار و چالاکی ئەو ڕێکخراوە فراوان بوون و سەرەتای گەیشتنی بیری ئیخوان بە عێراق، لە ڕێگەی چەند مامۆستایەکی میسرییەوە بوو لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا.

سەبارەت بە ئاشنابوونی بیری ئیخوان موسلمین لە کوردستان وەکو بەشێکی سەرەکی ڕەوتی ئیسلامی، نووسەر دەیگەڕێنێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی کە سەرەتاکەی لە شاری موسڵەوە بووە و دواتر لە کەرکوك و هەولێر و سلێمانی، لەسەردەستی چەندین کەسایەتی دیاری ئیسلامی دەستیان بەچالاکی فراوان کردوە، دەشڵێت کە لە ساڵی (١٩٤٦ز) بەدواوە، دامەزراندنی کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی، بووە کەناڵێکی باش بۆ بڵاوبوونەوەی بیری ئیخوان لە زۆربەی شارەکانی عێراق و باشووری کوردستان. باسی سێیەمی ئەم بەشە، تەرخانکراوە بۆ قۆناغێکی گرنگ لەسەرهەڵدانی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان، ئەویش دوای ڕووخانی

دەسەڵاتی پاشایەتییە لە عێراق، کە یەکەم گۆڕانکارییە لە مێژووی دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە لە دوای ساڵی (١٩٥٨)، قۆناغێکی نوێ لە کاری ئیسلامی لە عێراق و کوردستان دەستپێکرد، ئەم قۆناغە لە خودی خۆیدا، هەندێکجار بەرەو لوتکە و هەندێکجاریش بەرەو نشێو و هەڵدێر ملی ناوە، ئەمەش دەرەنجامی بارودۆخی سیاسی ئەو دەمەی عێراق و ناوچەکەیە. لەبارەی کوردستانەوە نووسەر دەڵێت کە لە سەرەتای شەستەکاندا چالاکی ئیخوان لە دەڤەری شارەزوور و هەڵەبجە بەرفراوان بوو، بیری ئیخوان بەشێوەیەك بڵاوبووەوە مەلاکان بە ئاشکرا باسی ئەو بیرەیان دەکرد، تەنانەت لەهەندێک شوێن وێنەی حەسەن بەننا بەرزدەکرایەوە، لە دوای هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە (١٩٦٨)، شێخ عوسمان عەبدولعەزیز پێشنیازی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی بۆ بارزانی دەکات، هۆکاری دامەزراندنی ئەو یەکێتییە بۆ بەشداریکردن و بەدەمەوە چوونی شۆڕشی کورد و ڕووبەڕووبونەوەی شیوعییەکان بوو کە تەنگیان بە زانایانی ئیسلامی هەڵچنیبوو.

نووسەر لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ئاماژەیەکی ئاشکرا بە لاوازی ئیخوان موسلیمین دەکات لە کوردستان، دەڵێت، هەر چەندە لە دەیەی چوارەم، پێنجەم و شەشەمی سەدەی بیست ئیخوان چالاکترین باڵی ڕەوتی ئیسلامی بوو، بە درێژایی ئەو مێژووە لە باشووری کوردستان کاری کرد، بەڵام سەرکەوتنی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە و ڕێکخستنێکی بەرتەسکی هەبووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە دوو خاڵی سەرەکی، یەکەم شێوازی کارکردنی ئیخوان کە نەیانتوانیوە ڕێکخستنەکانیان بۆ ناو سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە شۆڕ بکەنەوە، کارەکەیان زیاتر لە توێژی زانای ئایینی و خوێندەواری زانکۆ گیردابوو، دوومیان، پشتگیری نەکردنی دۆزی کورد و گرنگی پێنەدانی. ئیخوان دەربارەی کێشەی کورد خەمسارد بوون، چەند ساڵ درێژەکێشانی شۆڕشی ئەیلول ڕاینەچڵەکاندن هەڵوێست لەمەڕ کێشەی کورد وەرگرن، دکتۆر تەها جابر ئەلعەلوانی، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی ئیسلامیی عێراقی و دەربارەی ئەو خەمساردییەی ئیخوان دەڵێت: "ئیخوان بڕیاری دابوو خۆی لە کاری سیاسی بەدوور بگرێت، جارجار لە ژێر فشاری ڕووداوەکاندا بەیانێکی سنوورداری دەردەکرد، ئەمەش زیاتر لە بۆچوونێکی فیقهی دەچوو، هەر بۆیە زۆرجار گلەییان دەهاتە سەر، تەنانەت لەلایەن سەرکردەکانی کورد گلەیی ئەوە دەکرا، ئیسلامییەکان هیچ شتێکیان ڕانەگەیاندووە خواستی کوردی تێدابێت، یاخود سەرزەنشتی ئەو ستەمە بکات، کە لەسەر کوردە".

بەشی دووەمی کتێبەکە کە بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە و تایبەتە بە قۆناغێکی نوێ لە کاری ئەو ڕەوتە، کە لە کاری تاکەکەسییەوە دەستپێدەکات بۆ ڕێکخراوبوون، لە باسی یەکەمدا باس لە کاری ئیسلامیی لە حەفتاکان و نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی بیست کراوە، شێوازی دەستپێکردنەوەی کاری ئیسلامیی لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا خراوەتەڕوو، لە باسی دووەمدا خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو قۆناغەی کاری ئیسلامیی خراوەتەڕوو، لە باسی سێیەمدا باس لە هۆکاری سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونی ڕەوتی ئیسلامی وەکو دیاردەیەکی مێژوویی کراوە، تێیدا هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەهەند گیراون و باسیان لێوەکراوە.

**لە دوای ساڵی (١٩٥٨)، قۆناغێکی نوێ لە کاری ئیسلامی لە عێراق و کوردستان دەستیپێکرد، ئەم قۆناغە لە خودی خۆیدا، هەندێکجار بەرەو لوتکە و هەندێکجاریش بەرەو نشێو و هەڵدێر ملی ناوە**

نووسەر لەباسی یەکەمدا، دەستنیشانی قۆناغێکی مێژوویی گرنگ لە کاری تاکە کەسی ئیسلامی دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی بە قۆناغی دوای ڕاوەستاندنی کاری ئیخوان و پچڕاندنی پەیوەندییە ئۆرگانییەکان، پۆلێنیان دەکات، لە سلێمانی، (حەسەن پێنجوێنی، ئەبوبەکر موحەممەد عەزیز، بورهان موحەممەد ئەمین) ڕۆڵیان هەبوو، لە کەرکووك، جگە لە کاری ژمارەیەك ئەندامی ئیخوان، شێخ نازم جموجۆڵێکی بەرفراوانی هەبوو. لە کەلار (مەلا موحەممەد هۆرێنی) ڕۆڵی هەبوو، لە دەڤەری بیتوێن و پشدەر، لە سەرەتای هەشتاکانەوە کۆمەڵێك کەسایەتی ڕۆڵیان هەبووە وەکو (عەلی باپیر، عەبدولقادر هەڵۆنەیی، مەغدید حسێن، مەلا عومەر تیماری)، لە هەڵەبجە، (ئیبراهیم ڕێشاوی، عومەر ڕێشاوی، موحەممەد فەرەج، هادی عەلی، حەسەن شەمێرانی، موحەممەد عەبدوڕڕەحیم) چالاکیان هەبووە، هەروەها (سدیق عەبدولعەزیز، موحەممەد ڕەئوف، مەولود باوەموراد، مەلا ئەحمەد شافعی) بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەوانی دیکە جموجۆڵیان هەبووە، لە سەیدسادق، (محێدین گەلاڵی، حەمەسەعید، هیوا میرزا سابیر)، لەپاڵ ئەمانیشدا کۆمەڵێك وتاربێژ لەو دەڤەرە ڕۆڵیان بینیوە لەوانە (شێخ موحەممەد بەرزنجی) لە شانەدەری، (مەلا عەلی بیارە و مەلا موحەممەد شارەزووری) لە سەیدسادق، لە شارۆچکەی سیروان، (حەبیب موحەممەد سەعید و ئەحمەد کاکە مەحمود). لە هەولێریش (موخلیس

یونس، سەید عیزەدین، ئەبوڕائید، حاجی فوئاد، موحسین جوامێر، دکتۆر عیسام ئەلڕاوی) جوڵە و چالاکییان هەبوو، لە دەڤەری بادینانیش حاجی تەها سنجاری ئەندامێکی دێرینی ئیخوان بوو، کۆمەڵێك لاوی کۆکردبووەوە و وانەی پێدەوتن، لەوانە (ئەبو شڤان، وەلید یونس ئەحمەد، جەمال ئەحمەد، موحەممەد تاهیر، زوهێر حجی، زەکی نورەدین).

لە سەرەتای هەشتاکانەوە کار و چالاکی کادیرانی ڕەوتی ئیسلامی بەرفراوان بوو، هێڵی سەلاحەددین موحەممەد هاتە مەیدان و دواتریش لە (١٩٨٥) مۆڵەتی ڕەسمی کارکردنی لە سەرکردایەتی ئیخوان وەرگرت، هەر لەو ساڵەشدا ئیخوانەکانی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق یەکیانگرتەوە، لە لایەکی ترەوە، لە ساڵانی هەشتا بزووتنەوەی پەیوەندی چووە قۆناغی ئاشکرا و کاری چەکداری، ئەمەش ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لێکەوتەوە.

سەبارەت بە خسڵەت و کاری ئیسلامی لەو قۆناغەدا، نووسەر لەباسی دووەمیدا و لەچەند خاڵێدا پۆلێنیان دەکات لەوانە، پەرتەوازەیی، گرووپبەندی و فرەمیحوەری، چاپکردنی کتێب و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی، زیادبوونی چالاکی لەنێو چینی گەنج و خویندکاراندا، دژایەتی بەعس و ملنەدان بۆ خۆاستەکانی. لەبارەی گرووپبەندی و فرەمیحوەریەوە نووسەر ئاماژە بە بابەتێکی گرنك دەدات و دەڵێت، ئەمە دەرگای بۆ چەندین شێوازی بیرکردنەوە و هاتنە ناوەوەی بیری نوێ واڵا کرد، لەو قۆناغەدا بیری جیهادی و چەکداری لە ناو ڕەوتی ئیسلامی بە تەواوی چەکەرەی کرد.

پاشان نووسەر دێتە سەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانەوەی ڕەوتی ئیسلامی، کە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دابەشی دەکات، ئەوانیش هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، لە هۆکارە ناوخۆییەکان، دەقە شەرعییەکان بەپلەی یەکەم دێت، کە ڕەوتی ئیسلامی بەر لە هەر شتێك شەرعییەتی خۆی لە دەقە شەرعییەکانی قورئان و سوننەتەوە وەردەگرێت، بوونی کۆمەڵێك دەق لە قورئان و سوننەتدا، کە باس لە دەسەڵاتی ئیسلامی و چەسپاندنی شەریعەت و خیلافەتی ئیسلامی دەکات. جگە لەوە، بوونی ڕیشە و پاشخانی بیری ئیخوان لە باشووری کوردستان و سەرهەڵدانی کۆمەڵێك وتاربێژ و نووسەری ئیسلامی، توندڕەوی پارتە عەلمانی و چەپەکانی کوردستان، سیاسەتی حکومەتی بەعس دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٥) لەو هۆکارە سەرەکییانە بوون کە برەویدا بە سەرهەڵدانی ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان. هەرچی سەبارەت بە هۆکارە دەرەکییەکانە نووسەر لە سێ خاڵدا کورتی دەکاتەوە لەوانە، ١. سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە (١٩٧٩)، ٢. سەرهەڵدانی جیهادی ئەفغانستان دژ

بە هێزەکانی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو،
٣ـ بڵاوبوونەوەی نووسینی ژمارەیەك بیرمەندی ئیسلامیی وەکو سەید قوتب و ئەبو ئەعلای مەودودی، بە زۆربەی جیهانی ئیسلامیدا.

**لە سەرەتای شەستەکاندا چالاکی ئیخوان لە دەڤەری شارەزوورو هەڵەبجە بەرفراوان بوو، بیری ئیخوان بەشێوەیەك بڵاوبووەوە مەلاکان بە ئاشکرا باسی ئەو بیرەیان دەکرد**

بەشی سێیەمی کتێبەکە لە سێ باس پێکهاتووە و تایبەتە بە ڕەوتی ئیخوان موسلمین لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩ -١٩٩١)، لە باسی یەکەمدا سەرهەڵدان و کار و چالاکی و دید و تێڕوانینی باڵی سدیق عەبدولعەزیز باسکراوە. لە باسی دووەمدا کار و چالاکی باڵی سەلاحەددین موحەممەد و هەوڵی ئەو باڵە بۆ دروستکردنی پارتێکی ئیسلامیی ئاشکرا خراوەتەڕوو. پاشان لە باسی سێیەمدا کار و چالاکی هەردوو باڵ لە دوای ساڵی (١٩٨٥) و یەکگرتنیان لەگەڵ ئیخوانەکانی عێراق و پاشان ئاشکرابوونی ڕێکخستن و هەڵاتنیان، دواتر کاری هەردوو باڵ لە ئێران خراوەتەڕوو، ئەم بەشە گەلێك زانیاری نوێ لەخۆدەگرێت کە لە ڕووی مێژووییەوە بەهایەکی گەورەی هەیە.

نووسەر سەرەتا لە باسی یەکەمدا بەوردی باس لە هێڵی سدیق عەبدولعەزیز دەکات کە چۆن لە هەڵەبجەوە یەکەم شانەی ڕێکخستنی ئیخوان دروست دەکات، سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم هێڵە بۆ ساڵی (١٩٧٩) دەگەڕێتەوە، بە یەکەم ڕێکخستنی ئیخوان لە باشووری کوردستان دادەنرێت. کە ڕەنگە دوورە دەستی هەڵەبجە لە سەنتەرەوە، ڕێگە خۆشکەر بووبێت بۆ جوڵەیەکی لەو شێوەیە. نووسەر دەڵێت: ئەم باڵە ڕووبەڕووی دوو گرفتی گەورە بووەوە، لەلایەکەوە بە مەبەستی خۆپاراستن لە دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس، پێویست بوو ئەوپەڕی نهێنی لە کارەکانیاندا پەیڕەو بکەن، لەلایەکی ترەوە بەرەنگاربوونەوەی هەڵوێستی ڕەق و چاودێری توندی ئیخوانە دێرینەکان، کە کاری ڕێکخراوەییان بە مەترسیدار دەزانی و بەردەوام بە بیانووی نەبوونی ڕەسمییەت، ئاستەنگیان بۆ هەرکەسێك دروست دەکرد، بەو ناوەوە کاری بکردایە، لەماوەی دوو ساڵدا چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵە لە سنوورێکی بەرتەسکی وەکو هەڵەبجە دەچوو، پەروەردەکردنی تاك، پێگەیەکی گرنگی لە ئەدەبیاتی ئەم باڵە و سەرجەم کاری ئیخواندا هەبوو، باشترین جێگەش قوتابخانە و حوجرە و زانکۆ و پەیمانگاکان بوو.

باسی دووەمی ئەم بەشە، تەرخانکراوە بۆ هێڵی سەلاحەددین موحەممەد بەهائەدین، کە نووسەر دیسانەوە بەدیقەت و سەلیقەیەکی وردەوە باس لە وردەکارییەکانی دەکات، سەرەتا بەباسکردنی دروستکردنی کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامی دەستپێدەکات و دەڵێت: لە مانگی (مایسی ١٩٨٢) نزیکەی (١٥ ـ ٢٠) کەس لە ئوتێلی (ئەلوەندرود) لە تاران کۆبونەوەیەك ئەنجام دەدەن، دوای وتووێژ و ڕاگۆڕینەوە، لەسەر ئەوە پێکدێن کە پارتێك دروست بکرێت و بەکۆی دەنگ ناوی کۆمەڵی ئەنساری ئیسلامی (جماعە الأنصار الإسلامیة) لێ دەنێن و ڕایدەگەیەنن کە ئەوان کۆمەڵێك ئەندامی ئیخوان موسلمینن و دژی بەعس کاردەکەن و داواش لە ئێران دەکەن پشتیوانیکردنی سیاسی و سەربازییان بکات و چەکی پێویستیان پێبدات. ئەم کۆمەڵە پەیڕەو و پرۆگرامیان بۆ پارتەکەیان دانا و لەناو ئاوارەکاندا کەوتنە کارکردن، ژمارەیەك گەنجیان لێ کۆبووەوە، هەر لەو ماوەشدا گۆڤاری (ئەنسار) وەکو زمانحاڵی پارت دەرچوو، بەڵام تەنیا بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام بوو. بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنسار زۆربەی دامەزرێنەرانی پەرتەوازە بوون، بەڵام دواتر ئەوانەی مابوونەوە لەناو ئاوارەکاندا درێژەیان بەکاردا و کەوتنە چالاکی و توانییان سەرلەنوێ ڕێکخستنی ئیخوان دروست بکەنەوە و ژمارەیەکی زۆر گەنج لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. ئەم باڵە توانییان شانەی ڕێکخستن لە باشووری کوردستان دروست بکەن، بەڵام بە کردەوە (فعلی) ئێران ببوە مەیدانی کارکردنیان. لە ساڵی (١٩٨٥)، سەلاحەددین موحەممەد دەچێتە وڵاتی ئیمارات و لەوێ چاوی بە ئیخوانە عێراقییە دێرینەکان دەکەوێت، ئەوان مۆڵەتی ڕەسمی کارکردنی پێدەدەن و دەیکەنە بەرپرسی یەکەمی ئیخوان لە ئێران.

باسی سێیەمی ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ چۆنێتی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی ئیخوان (سدیق عەبدولعەزیز و سەلاحەددین موحەممەد) لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥ – ١٩٩١، لەم بەشەدا نووسەر هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زانستییانە و دوور لە لایەنداری، واقیعی هەردوو باڵەکە و چۆنێتی یەکگرتنەوەیان بخاتەڕوو، نووسەر دەڵێت: سەرجەمی ئەو باڵانەی بە ناوی ئیخوانەوە لە باشووری کوردستان کاریان دەکرد، پێویستی مادی و مرۆیی تەواویان نەبوو، ئەمەش یەکگرتن و لێکنزیکبوونەوەی ئەو باڵانەی پێویست دەکرد. دوای یەکترناسین و دروستبوونی متمانە و ئاگاداربوون لە کاری یەکتر، دەشڵێت: لەساڵی ١٩٨٤دا دکتۆر عیسام ئەلڕاوی بە نهێنی چەند جارێك دێتە هەڵەبجە و کۆبوونەوە لەگەڵ سدیق عەبدولعەزیز و سەلاحەددین موحەممەد دەکات،

ئەنجامی ئەم سەردان و چاوپێکەوتنانە، ڕێککەوتنی نێوان باڵی سدیق عەبدولعەزیز و ئیخوانەکانی ناوەڕاستی عێراق لێکەوتەوە لە ساڵی (١٩٨٥)دا. دوای ئەم ڕێککەوتنە، باڵی سەلاحەددین موحەممەد، پەیوەندی بە ناوبراوەوە دەکەن، تا هەڵوێستی خۆی دەربارەی بەشداربکردن لەو یەکگرتنە دەربڕێت. ئەویش ئاگاداریان دەکات، کە باشتروایە کارەکان بکەن بە یەك. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە کاری کوردستان درایە دەست کوردەکان و سەرجەم ڕێکخستنەکانی ناوەڕاستیش درایە دەست ئیخوانە عەرەبەکان، لە کوردستان شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، کرایە بەرپرسی یەکەمی ئیخوان وەکو کەسایەتییەکی خوازراو لەناو هەردوو باڵەکەدا، بەڵام بە شێوەیەکی کردەیی سدیق عەبدولعەزیز هەڵسوڕێنەری کارەکان بوو.

## ئیخوان دەربارەی کێشەی کورد خەمسارد بوون، چەند ساڵ درێژەکێشانی شۆڕشی ئەیلول ڕاینەچڵەکاندن هەڵوێست لەمەڕ کێشەی کورد وەرگرن

نووسەر ئاماژە بەوەش دەکات کە دوای یەکگرتن، ڕێکخستن تێکەڵ کراو بەرنامەی کار دارێژرا، بەڵام مانگی هەنگوینی ئەم یەکگرتنە درێژەی نەکێشا، دوای ساڵێك و لە کۆتایی (١٩٨٦)دا، بە هۆی گیرانی دوو عەرەبەوە سەرەداوی ڕێکخستن ئاشکرابوون و زۆربەی سەرکردە کوردەکانی ئیخوان ئاوارەی ئێران بوون. دەشڵێت: هەر لەو ماوەدا و دوای چەند کۆبوونەوەیەك، بە بەشداری زۆرێك لە کادیرە ئاوارەکانی ئیخوان (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق) بە ڕابەرایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، وەکو بزووتنەوەیەکی چەکداری ڕاگەیەنرا، بەو پێیەی ڕابەری بزووتنەوە پێشتر بەرپرسی ئیخوانەکانی کوردستان بوو، چاوەڕێی ئەوە دەکرا، سەرجەم ئیخوانەکان لە دەوری بزووتنەوە کۆببنەوە و بەشداری کارا لە تۆکمەکردن و ڕاگیرکردنی ئەو پارتەدا بکەن، بەڵام ئەم خەونە نەهاتەدی و هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەدا، سەلاحەددین موحەممەد بەرپرسی ئیخوان لە ئێران، خۆی گەیاندە ئیماراتی عەرەبی و پەیوەندیکرد بە سەرانی ئیخوانەوە و نامەیەکی دکتۆر نوعمان عەبدوڕڕەزاق سامەڕائی بۆ ئیخوانەکان هێنا. بە وتەی سەلاحەددین موحەممەد ئەو نامەیە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ شێخ عوسمان کە بەو پێیەی خۆی بە برا دەزانێت و کەسایەتییەکی گەورەی برایانە، نابێ پێشەوای ئەو بزووتنەوە چەکدارییە بێ، نابێ فشار بخاتە سەر گەنجان بۆ چەکداری بەناوی جیهادەوە، چەکداری پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و ژینگە و کەشوهەوا و ئەحکامی خۆی هەیە و بەو شێوەیە و لەژێر ئەو بارودۆخەدا کە جەنگی ئێران و عێراق بوو، ڕەوا نییە. هەروەها تێیدا

هاتبوو کە پێمان باشە کاری پێشەوایەتی بدەیتە دەست مەلا عەلی عەبدولعەزیزی برات، چونکە برایان لە ئێران قەوارە و شەرعییەتی خۆی هەیە و دەبێت هەموو لایەك پابەند بن پێوەی. دەشڵێت: بە گەیشتنی نامەکە، ڕەوتی ئیخوان بوونە سێ پارچە:

أ. شێخ عوسمان و کۆمەڵێك کەسایەتی تر، بەرپەرچی بڕیارەکەیاندایەوە و لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیی درێژەیان بەکاردا.

ب ـ باڵی سەلاحەددین موحەممەد، تێکڕا پابەندی بڕیارەکەبوون و وێڕای هاوکاری نەکردنی بزووتنەوە کەوتنە دژایەتیکردنیشی.

ج ـ باڵی سدیق عەبدولعەزیز، لە نێوان بزووتنەوە و هێڵی سەلاحەددین موحەممەدا، هەڵوێستێکی لەرزۆکیان هەبوو. لە بزووتنەوە کشانەوە، بەڵام تێکەڵ بە باڵی سەلاحەددین موحەممەدیش نەبوون و بەناوی ئیخوانەوە سەربەخۆ کەوتنە کارکردن.

پەرتەوازەیی و یەکبوونی چەندبارەی باڵەکانی ئیخوان، یەکێك بوو لە گرفتە سەرەکییەکانی کارکردنی ڕەوتی ئیسلامی لە باشوری کوردستان، نووسەر لێرەدا جارێکی تر لەسەر یەکگرتنەوەی باڵەکانی ئیخوان ڕادەوەستێت و ئاماژە بەوە دەکات کە دوای هەڵوێستی سلبی سەرکردایەتی ئیخوان لە دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامی و کاری چەکداری، ئیخوان بوونە سێ پارچە. باڵی سەلاحەددین موحەممەد تۆکمەترین باڵ بوو، چونکە ئەوان بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو لەناو ئاوارەکاندا کاریان دەکرد و هاوکات ڕەسمیەتی کارکردنیان لە سەرکردایەتی ئیخوان وەرگرتبوو، لەپاڵ ئەوەشدا، لە هەڵمەتی دەستگیرکردنی سەرکردەکانی ئیخوان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە، لە چاو باڵەکەی تر، زیانی کەمتریان بەرکەوتبوو. هەموو ئەم هۆکارانە وایکردبوو، کە ئەو باڵە بێ گیروگرفت لەسەر هەمان ڕەوتی پێشووی بەشێوەیەکی چالاك لەکاردا بێت، ئەم بەهێزییەی باڵاکەی سەلاحەدین موحەمەد وادەکات جارێکی تر باڵی سدیق عەبدولعەزیز بە پشت بەستن بە ئامۆژگاری ئیخوانی دەرەوە دەستبەرداری پشتیوانی بزووتنەوە دەبن و دوای چەند کۆبوونەوەیەك لە (١٩٨٨/١١/٩)دا، ڕێککەوتنێك لە نێوان هەردوو باڵەکەدا واژۆ کرا و دواتر بە مەبەستی تێکەڵاوکردن و یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکان، هەڵبژاردنێك بۆ دەستنیشانکردنی شوورای نوێ کرا، لەو هەڵبژاردنەدا لە هێڵی سدیق عەبدولعەزیز تەنیا (سدیق عەبدولعەزیز و موحەممەد ڕەئوف) بۆ شوورا هەڵبژێردران. ئەندامانی هێڵەکەی تریش کە بوونە ئەندامی شوورا بریتی بوون لە: (عومەر ڕێشاوی، سەلاحەددین موحەممەد، ئەمین زەردۆیی، موحەممەد فەرەج، هادی عەلی، ئیبراهیم ڕێشاوی، سەید ئەحمەد، زوهێر خۆشناو). لە دوای ئەم ڕێککەوتنە، تا ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) ئیخوان بە گەرمی کارکردن بەردەوام بوو بەتایبەتی لەناو ئاوارەکان.

بەشی چوارەمی کتێبەکە، تایبەتە بە چەند پارت و ڕێکخراوێکی ئیسلامی، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨ - ١٩٩١) کار و چالاکیان هەبووە، لە باسی یەکەمدا دروستبوون و کار و چالاکی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی کوردستانی عێراق شیکراوەتەوە. لە باسی دووەمدا لەشکری ئیسلامیی کورد هەر لە دروستبوونییەوە پاشان کار و چالاکی و دید و تێڕوانین و هەڵوەشاندنەوەی خراوەتەڕوو. باسی سێیەم تایبەتە بە کۆمەڵی جیهاد و کۆمەڵەی ئیسلامی، باس لە چۆنێتی دروستبوونی ئەو دوو پارتە کراوە. باسی چوارەم تایبەتە بە پەیوەندی قوتابیانی موسڵمان لە کوردستان کە ڕێکخراوێکی پیشەییە و هەر لە دروستبوونییەوە تا ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەبوو، هەڵبەتە ئەم باسە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە بەوەی کە تایبەتە بە ڕێکخراوێکی پیشەییەوە، نەك ڕێکخراوی سیاسی، دیارە لەبەر چالاکبوونی ئەو ڕێکخراوە ئەو باسەی بۆ تەرخانکراوە. لەم بەشەدا بەشێوەی بەشەکانی پێشوو گەلێك زانیاری ورد خراوەتەڕوو، هاوکات ڕووداو و هەڵوێستەکان هەڵسەنگێنراون و بۆچوونی توێژەر لەو بارەوە خراوەتەڕوو.

نووسەر لە باسی یەکەم و لەسەر مێژووی درستبوونی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی کوردستانی عێراق چەندین بۆچوونی جیاواز دەخاتەڕوو، بەڵام لە دوای دامەزراندنی لە (١٩٧٨) بە نهێنی مایەوە، تا ژمارەیەك ئەندامیان چوونە شاخ و لە (١٩٨٤/٩/١٤) بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی کوردستانی عێراق، بە فەرمی ڕاگەیەنرا و شێخ موحەممەد بەرزنجی وەکو ڕابەر دەستنیشانکرا. ئەمە بە سەرەتای قۆناغی کاری ئاشکرا لە مێژووی ئەو پارتەدا دادەنرێت و تا دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە (١٩٨٧) بەردەوام بوو. ئەم پارتە باوەڕی بەکاری سەربازی هەبووە و بە وتەی (عەلی باپیر) ئەم پارتە هەر لە سەرەتای کاری ڕێکخراوەیدا بڕوای بە چەك هەبووە، پێیان وابووە هەر ڕێکخراوێکی ئیسلامی لە دژی بەعس کار بکات پێویستی بە هێز هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی کردەیی لە (١٩٨٥/٩/١٤) باڵی سەربازی ئەم پارتە پێکهێنرا، کە بە (لەشکری قورئان) ناوزەد دەکرێت و مەلا عەلی بیارە بەرپرسی ئەم باڵە سەربازییە بوو.

**نووسەر سەرەتا لە باسی یەکەمدا بەوردی باس لە هێڵی سدیق عەبدولعەزیز دەکات کە چۆن لە هەڵەبجەوە یەکەم شانەی ڕێکخستنی ئیخوان دروست دەکات**

باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ باسکردن لە لەشکری ئیسلامیی کورد وەکو یەکەم پارتی ئیسلامی ئاشکرای چەکدار لە باشووری کوردستان، دەربارەی ساڵی دامەزراندنی ئەم پارتە، نووسەر ئاماژە

بە دوو بۆچوون دەکات، یەکەمیان ساڵی (١٩٨٠ز) بە ساڵی دامەزراندنی ئەم پارتە دادەنێن، بەڵام بۆچوونی دووەم سەرەتای (شوباتی ١٩٨١) بە کاتی دامەزراندن دادەنێت، ئەم ڕێکخراوە بە کۆمەکی و بەرنامەی ئێران لە تاران ڕاگەیەنرا و دامەزرێنەرانی بریتیبوون لە (عەباس شەبەك، شێخ قادر سۆتکەیی، مەلا حسێن مارۆنسی)، کەسی یەکەمی ئەم پارتە (عەباس شەبەك) بوو، دوای ساڵێك لە دامەزراندنی، بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێران و تێکشکانی سەربازی لە بەرامبەر یەکێتی، بووە هۆکاری هەڵوەشاندنەوە و پووکانەوەی لەشکری ئیسلامی.

نووسەر هەر لەم بەشەدا، ئاماژە بە دوو ڕەوتی دیکە دەدات ئەوانیش کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق، کە بە وردی و بە پشتبەستن بە زانیاری و بەڵگەنامەی بەردەست باس لە دروستبوون و چۆنێتی هەڵوەشانەوەیان دەکات، لەباسی چوارەم و کۆتایی ئەم بەشەدا نووسەر ئاماژە بە ڕێکخراوی پەیوەندیی قوتابیانی موسڵمان لە کوردستان دەکات، کە سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێك هەڵسوڕاوی ڕەوتی ئیسلامی لە هەندەران، ئەم ڕێکخراوە لە (٢٠ حوزەیرانی ١٩٨٦) لەژێر ناوی (پەیوەندیی قوتابیانی موسڵمانی کورد لە دەرەوە) لە شاری تۆرینتۆی کەنەدا ڕاگەیەنرا. ئەم ڕێکخراوە زیاتر لەکاری خێرخوازیدا چالاك بووە و گۆڤارێکیشیان هەبووە بەناوی ئاڵای ئیسلام.

بەشی پێنجەم و کۆتایی کتێبەکە، بەتەواوی تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق، کە لە باسی یەکەمدا چۆنێتی ڕاگەیاندن و ڕەوشی ناوخۆی بزووتنەوە باسی لێوەکراوە. باسی دووەمیش تایبەتە بە پێگەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا، لە باسی سێیەمدا پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئاستی کوردستان و دەرەوەدا خراوەتەڕوو.

نووسەر لەم بەشەدا، بەدورووودرێژی چووەتە ناو باسەکەوە و هەوڵیداوە تێگەیشتنێکی قوڵ بدات بە خوێنەر لەبارەی بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستانەوە، کە لەماوەیەکی دیاریکراودا کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان، لە سەرەتادا ئاماژە بە سەرەتای دامەزراندنی ئەم پارتە دەکات و دەڵێت: لە (حوزەیرانی ١٩٨٧) لە شاری (سنە) کۆبوونەوەیەك کرا و تێیدا بڕیاری ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز درا، بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەیەکی (١٠) خاڵی ئامادەکرا و درا بە ئێران، لە یەکێك لە خاڵەکاندا داوا دەکەن کە بودجەیەکی ساڵانە بدرێت بە سەرکردایەتی بزووتنەوە و پێداویستی جەنگی بە شێوەیەکیش، کە لەگەڵ ئاستی جەنگاوەریدا حزبەکەدا بگونجێت پێی بدرێت. بزووتنەوە لە نێوان ساڵانی

(١٩٨٧ـ١٩٩٠) دوو کۆنگرە دەبەستێت، کۆنگرەی یەکەمیان کە بە کۆنگرەی چوارەم ناوزەد دەکرێت و لە ژێر دروشمی (سەرخستنی کارو چالاکی جیهادی) و کۆنگرەی پێنجەمیش لەحوزەیرانی ١٩٩٠ لە لە ژێر دروشمی (وجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ) بەسترا و تێیدا ئەنجومەنی شوورا هەڵبژێردرا. شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بە ڕابەری گشتی هەڵبژێردرا، هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی بزووتنەوەوە چەند باڵێك لەناو ئەو پارتەدا دروست بوو، ئەو باڵانە لەناو خۆیاندا لە ململانێدابوون.

لەبارەی ململانێی باڵەکانەوە نووسەر ئاماژەی بەوە کردووە کە شێخ عوسمان هەر چەندە زانایەکی لەخواترس و شارەزای زانستە شەرعییەکان و جێگەی ڕەزامەندی بوو، بەڵام لە بواری سیاسی و کاری ڕێکخراوەییدا کەمئەزموون بوو، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ کەسانێك لە دەوروبەری شێخ عوسمان و هەندێک ئەندامی باڵای بزووتنەوە، کە سوودی خراپ (سوء الاستفادة) لە پلە و پایەی ڕابەری گشتی و دارایی و پەیوەندییەکانی بزووتنەوە وەربگرن، لێرەوە تەکەتول دروستبوو، یاخود باڵی دژ بە دەستێوەردان لە کاروبارەکانی بزووتنەوە دروست بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو ناکۆکییە زەقتر دەبووەوە، سەرەنجام دوو باڵ لە ناو بزووتنەوە دەرکەوت، باڵی یەکەم خۆی لە کەسانی دەوروبەری ڕابەری گشتیدا دەبینییەوە، کە باڵی خاوەن بڕیاری ناو بزووتنەوە بوون، باڵی دووەم ئۆپۆزسیۆن، یاخود ڕیفۆرمخواز بوون. دەشڵێت: هەردوو هێزی حەمزە و شافعی لە نەیارانی باڵی ڕابەری گشتیی بزووتنەوە بوون، یەکەمیان لە لایەن عەلی باپیر و دووەمیان لە لایەن هەولێرییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا، هەر بۆیە لە لایەن ڕابەری گشتییەوە پەراوێز خراون. فاتح کرێکاریش وەکو باڵێکی سەربەخۆ کاری دەکرد، ناکۆکی کرێکار لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوە و بە تایبەتیش کەسانی دەوری شێخ عوسمان بە ڕێژەیەك پەرەی گرتووە، کە ناوبراو لە بزووتنەوە جیابووەوە و پارتێکی نوێی بە ناوی (کۆمەڵەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق) دروستکرد.

**لە ساڵی (١٩٨٥)، سەلاحەددین موحەممەد دەچێتە وڵاتی ئیمارات و لەوێ چاوی بە ئیخوانە عێراقییە دێرینەکان دەکەوێت، ئەوان مۆڵەتی ڕەسمی کارکردنی پێدەدەن و دەیکەنە بەرپرسی یەکەمی ئیخوان لە ئێران**

لەبارەی پێگەی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە، نووسەر ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات، کە هەر چەندە بزووتنەوەی ئیسلامی لە سەرەتای ڕاگەیاندنییەوە گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفتی ناوخۆیی بوو، بەڵام لە گەلێك بواردا چالاکانە هەڵدەسوڕا، لە ڕووی سیاسییەوە لە گۆڕەپانی کوردستاندا ڕۆڵ و کاریگەری هەبوو،

لـــەرووی ســەربـازیـشــەوە هێزەکـانـی بزووتنەوە لە چالاکی دژ بە ڕژێمی بەعس، شـێـوازی جـۆراوجـۆریـان دەگـرتـەبـەر، یەکێك لـەو شـێـوازانـە نـانـەوەی بۆسـە و دانـانی کـەمین و بۆمب بـوو لـەسـەر ڕێگـەی هێزە سـەربازییـەکانی حکومـەتی عێراق، لەدیارترین هێزەکانی بزوتنەوەش (حەمزە و سەرکەوتن و خالید، شافعی، سـەلاحـەددیــن) بــوون. ئـەمـە جگـە لە گرنگیدان بە بواری ڕۆشنبیری و هونەری کـە لـەو مـاوەیـەدا چـەنـدین بڵاوکــراوە دەرکراوە.

لە بـاسی سێیـەم و کۆتایی ئـەم بـەشـەدا، نـووسـەر لـەسـەر پـەیـوەنـدییـە دەرەکـی و نـاوخـۆییـەکانی بـزوتـنـەوەی ئـیسلامی ڕادەوەسـتێت، دەڵێت: هـەر لـەسـەرەتـاوە پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و ئیخوانـەکان بـاش نـەبـوو، لـەبـەرئـەوەی داوایان لە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز کـردبـوو دەسـتـبـەرداری کاری چـەکـداری بێت. هـەروەها ئیخوان بزووتنـەوەیان بە ڕکابەری خۆیان دەزانی و بە بوونی دڕدۆنگ بـوون، پێیـان وابـوو جـموجـۆڵی ئیسلامی تـەنیـا مـوڵکی خـۆیـانـە. لـەگـەڵ پارتـە کوردستانییەکانیش، بزوتنەوەی ئیسلامی بەشێـوەیـەکی گـشتی پـەیـوەنـدییـەکانی لەگـەڵ یـەکێتی و پارتی و سۆسیالیست باشـبوو، بـەڵام لـە سـاڵی (١٩٨٨) کاتێك لـە چـوارچێـوەی ئـاشـتبـوونـەوەی گـشتی لە نێوان پارتـە کوردستـانییـەکان بـەرەی کـوردسـتـانـی پـێـکـهـێنرا، بـزووتـنـەوەی ئیسلامی هـەرچـەنـدە ڕێککـەوتننـامـەی لـەگـەڵ ئـەو (٣) پـارتـەی نـاو بــەرەی کوردستـانی هـەبـوو، بـەڵام نـەچـووە نـاو بەرەکەوە، کە ئەمە بە هەڵەیەکی سیاسی بـزووتـنـەوە لـەقـەڵـەم دەدرێـت. لـەسـەر ئاستی دەرەوەش نووسـەر جەختدەکاتەوە کـە پـەیـوەنـدیـیـەکانی لـەگـەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پتەوبوو، بەو پێیەی ئێران هـاوکاری و کۆمـەکی مـادی و مـەعـنـەوی بـزووتـنـەوەی ئیسلامی دەکـرد، ڕێگـەیدا لەناو خاکەکەیدا بنکە و بارەگا دابنێ و مەشق بە پێشمەرگەکانی بکات و بە خاکی ئەودا بیانگوێزێتەوە و لەناو خاکی ئەوەوە چالاکی دژی ڕژێمی بەعس ئەنجام بدات.

لە کۆتاییدا دەکرێت بوترێت، کە پەرتوکی ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان ١٩٤٦ - ١٩٩١ ڕوانگەیەکی دەوڵەمەندە بۆ خستنەڕووی قۆناغێکی مێژوویی گرنگ و هـەسـتیـار لـە خـەباتی ڕەوتـی ئیسلامی لـە کـوردسـتـان، نـووسـەر هـەوڵـیـداوە بـەوپــەڕی بـێلایـەنی وەکــو تـوێـژەرێکی ئەکادیمی شـەنوکـەوی بابەتەکە بکات، بەبێ زیاد و کەم ئەوەی بەدەستیخستووە بەشێوەیەکی ورد و زانستی بە خوێنەرانی بگەیەنێت، کە ئەمەش ئەرکی توێژەری زیـاتـر قـورس و ئـاڵـۆز کـردووە، هـەروەکو خـۆی ئـامـاژەی پـێـداوە کـە بـەرهـەمـی مـانـدوبـوونی دوو سـاڵ کـارکـردن بـووە و سـەرچـاوەیـەکی ڕەسـەنیـشـە بـۆ هـەر توێژینەوەیەکی دیکە، کە دەربارەی ڕەوتی ئیسلامی، یاخود بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کورد لـەو قۆناغـەدا ئەنجام بدرێت.

# زاراوەناسی

ئایینناسی

# ئیسلامی سیاسی

ئامادەکردنی: ئایینناسی

هەردوو وشەی پێکهێنەری زاراوەی ئیسلامی سیاسی بە جیا مانایەکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە، بەڵام وەك زاراوە لەڕووی کاتی سەرهەڵدانەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، کە بە هۆی ڕووخانی خیلافەتی ئیسلامی لەلایەک و دروستبوون و دەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی عەلمانی لەلایەکی تر، بانگەوازی گێڕانەوەی خیلافەت و دەسەڵاتی ئیسلامی لای هەندێك گەڵاڵە بوو، یەکێك لە ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بریتی بوو لە تێکەڵکردنی ئیسلام بە سیاسەت و پاشان دەرکەوتنی پارت و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکان، بەم هۆکارەش ئایینی ئیسلام وەك ئایدیۆلۆژیایەك، یاخود بنەمایەك بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و خیلافەت بووە سیمای دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە لە مەیدانی سیاسەت.

بە گشتی مانای ئیسلامی سیاسی بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی پشتبەست بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام.

بەڵام هەر زوو لە وڵاتانی ئیسلامی و لەناو بیرمەندان دوو ئاڕاستە دروستبوون، یەکەمیان پاڵپشت بۆ ئەم زاراوەیە، کە بە ڕێگەی دروستی گەیشتن بە دەسەڵات و دواتر بەڕێوەبردنی دەزانن و بەلایانەوە دروستکردنی پارت و گرووپی ڕێکخراویش هۆکاری گەیشتن بەم ئامانجەن، هەرچی ئاڕاستەی دووەمە دژ و

پێچەوانەی ئاراستەی یەکەمن و ئایینی ئیسلام تەنیا وەك هۆکاری پەیوەندی تاك بە خوداوە سەیر دەکەن و بە دووری دەزانن لە هەموو تێکەڵبوونێك بە سیاسەت.

ئەوەی گرفتی بۆ ئەم بابەتە دروست کردووە ئەو ترازانەیە، کە ئیسلامییەکان تووشیبوون لەکاتی تێکەڵبوون بە سیاسەت، چونکە قۆناغ بە قۆناغ لە بنەما بنەڕەتییەکانی ئایین دوورکەوتنەوە و سیاسەتکردن بووە ئەمانج و کاری سەرەکییان.

هەروەها ئەم زاراوەیە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونیشی بە زاراوەکانی وەك ڕەوتە ئیسلامییەکان، یاخود کۆمەڵە و پارتە ئیسلامییەکان، یان بوژاندنەوە و بێداری ئیسلامی، جارێکی تر گرفتی ڕوونی مانا و ناوەڕۆکی تووشی پرسیار بوو، کە ئایا ئیسلامی سیاسی هەمان ئەم گرووپ و پارتانەیە؟ یاخود کام لەم ڕەوت و گرووپانە ئیسلامی سیاسین؟ ئایا پێوەریش بۆ ئەم بابەتە چییە؟

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

ئایینناسی

ئاییناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێڕان

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١،١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئاییناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.

١٤.یادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نموونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نموونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

گۆڤار و توێژینەوە

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

نموونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوە، سال چهارم، شمارە ١٠، ل (لاپەڕە).

ڕۆژنامە

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

ماڵپەڕ

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler، Katya(٢٠٢٠/٣/٢)، "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks"، https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤، (accessed: ٢٠٢٠/٣/١١).

نمونە: ئومێد ڕەفیق فتاح (٢٠٢٠/٣/٦)، "مەترسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).

نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقیقة اللاجئین أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).

نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد و مؤلفە¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی

ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS
Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی




























CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# ئایینناسی

ژمارە (١٢) ساڵی سێیەم، تشرینی دووەمی ٢٠٢٥